# نوێبوون

1

گۆڤارێکی سیاسی و ڕوناکبیری وەرزییە


| | |
|---|---|
| تیرۆر، چـەمك و مێـــژوو | کامەران محەمەد |
| مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بەعسیزم | هیوا عەزیز |
| کۆمەڵگەی مەدەنی<br>چەمك و رەگـەز و تـایبەتـمەندییەکانی | ڕێبوار کریم |
| ئەمریکاو ئێران<br>مێژوویەك لەململانێ و ئایندەیەکی مەترسیدار | سەلاحەدینی موهتەدی |
| فــــەلسەفــــەی سیاســی چــی یە؟ | ئەکرەمی میهرداد |
| الاشــتراكـــيـــة المــثالـــيـة | احسان عبدالهادي |



بەشی ڕوناکبیری مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی ( ی . ن . ك ) دەریدەکات

ژمارە یەک

پایزی 2007


nuêbwn

Govarêki Syasi u runakbri Warzyia

2007


هەواڵنامەی کێپر

# پەیامی نوێبوون

گۆڤاری (نوێبوون) کە دەیەوێت وەرزنامەیەکی ڕوناکبیری و سیاسی مۆدێرن بێت ،دەبێت ناوەکەی خۆی بە خۆیەوە بێت ، واتە پەیام و ناسنامەی سەردەمی کوردستانی هەبێت و لەم ڕوانگەیەوە بەشداربێت لە پرس و کێشە چارەنوس سازەکانی کۆمەڵگا و لە هەوڵی ڕێگاچارە و گۆڕانیشدا بێت بەرەو نوێبوونەوە .

گۆڤاری (نوێبوون) و دەستەی نوسین و راوێژکارانی لەسەر ئەوە ڕێکەوتووین و کۆبوینەتەوە ، کە بەڕاستی پەیام و ناسنامە و ڕێگای چارەسەری نوێ بگرینە بەر و لەوکاروانەدا ڕێوانێکی پەیامگیر و ڕووناکبیربین . هەر بۆیەش بڕیارمان داوە کە پرسە گرنگەکانی وڵات و کۆمەڵگا لە ڕێگای عەقلانیەت و فەرهەنگی مۆدێرن و ماف و ئازادییە ڕزگاریخوازەکانەوە بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە .

ڕەهەند و ئاستە گرنگەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن ، بە بڕوای ئێمە و بە پەیڕەوی لە پەیامی بیرمەند و ڕوناکبیرە مەزن و کاریگەرەکانی جیهان لە سێ ڕەهەند و ئاستا دێنە مەیدان و هەر لەو ڕەهەند و ئاستانەشدا داوای چارەسەر و گۆڕانکاری و نوێبوونەوە دەکەن . سیستەمی مۆدێرن و دیموکراسی کە لە کوردستانی باشوور سەرەتاکانی بەڕێوەن ، خاوەنی سێ ڕەهەند و تایبەتمەندی گرنگ و چارەنوس سازە ، کە ئەوانیش ، عەقلانیەت ، ناسنامە و فەرهەنگ و ، خواست و هیوای ئازادیە .

**<u>یەکەم</u>**

((عەقلانیەت)) یان دەسەڵاتی عەقڵ لە بەرهەم و ڕەهەندە گرنگەکانی سیستەمی مۆدێرن و دیموکراتییە . کە توانیویەتی سیستەمی نوێنەرایەتی و دانان و هەڵبژاردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرانەوە بکاتە پێوەر و ستانداریکی گشتی ، لە





بەرامبەر و لە دژی دەسەڵاتی بنەماڵە بەهێزەکان و ئاین و مەزهەبەکان . واتە پێش دەسەڵاتی دیموکراتی و مۆدێرن ، بناغەی ڕەوایی بۆ بوون و بەردەوام بوونی دەسەڵاتەکانیان یان بنەماڵەی دەسەڵاتدار،یان ئاین و مەزهەب بووە و سەرئەنجام ئەم دوانە لە ڕێگای هێز و داسەپاندنەوە خۆیان کردە دەسەڵاتی ڕەها بۆ ماوەی چەندین سەدە لە تەواوی جیهاندا. بەڵام دیدگاو بیر و تێڕامانی بیرمەندان و خەباتکارانی ڕێگای ڕۆشنگەری یەکەمین کەس بوون ، کە ئەو دەسەڵاتە نەریتی(سونەتی) یانە یان خستە بەرامبەر گومان و ڕەخنەی خەڵك و داوایان دەکرد کە دەسەڵاتی خەڵك و دیموکراسی (خەڵك سالاری) بکرێتە ئەڵتەرناتیف و جێگرەوەی دەسەڵاتی بنەماڵە و دین و هێز .

پەیامی ئەم بیرمەندانە کە بەسەرەتای ڕۆشنگەری دەژمێرێ ، دەبێتە پەیام و بیرێکی عەقلانی کە دەبێت دەسەلات بۆ خەڵك و نوێنەرانی خەڵك بێت . کە زاراوەکانی ((گەل)) ، ((نەتەوە)) ، ((نیشتمانی)) و ((هاولاتی)) بەرهەمی ئەم قۆناغە گرنگ و هەستیارەن لە مێژووی مرۆڤایەتی دا . لێرە بە دواوە سەرچاوەی ڕەوایی بوون و بەردەوام بوونی دەسەلات و سیستەمە سیاسیەکان دەبێتە دەسەڵاتی گشتی لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرانەوە. هەر بۆیەش ((سیستەمی نوێنەرایەتی)) دەبێتە یەکەمین پێگەی دیموکراسی و عەقلانیەت لە ڕێگای پەیمانی کۆمەلایەتی (ڕۆسۆ) و کردنی مرۆڤ بە بەرزترین ئامانج . واتە دەبێت مرۆڤ لە هۆکارەوە بکرێتە ئامانج (کانت) و لێرەشەوە ئیتر عەقلانیەت و سیستەمی نوێنەرایەتی دەبێتە یەکێك لە دەسکەوت و بەرهەمە گرنگەکانی عەقڵ و ڕۆشنگەری .

دەسەڵاتی عەقلانی و سیستەمی نوێنەرایەتی لە ڕێگای دەستور و یاساوە ، کەدیسان دەبێت هەمووان دەنگی خۆیانی بدەنێ ، دەتوانێ سەرچاوەی ڕەوایی یاسایی و مرۆڤ دۆستی خۆی پەیدابکات . سەروەری و سەربەخۆیی یاسا دەبێتە یەکێك لە بەرهەمەگرنگ و ڕەهەندە کاریگەریەکانی عەقلانیەت . دەسەلات و سەروەریی و سەربەخۆیی دەستوور و یاسا دەبێت لە ڕێگای یاسا گشتی و پێوەرە جیهانیەکانی ئەرك و مافەکانەوە ، ماف و ئازادی بە دەست بهێنێ و دەسەڵاتی زانست و بیری ڕۆشن و دامەزراوە مەدەنی و هاوچەرخەکان بکاتە هۆکارو



هەواڵنامەی کتێب

ئامانجی خۆی،بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵگا. ئێمەش لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە دەمانەوێ پەیمان و پەیامی عەقلانیەتی خۆمان بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگای کوردستان ، نوێ بکەینەوە .

دووەم

سیستەمی عەقلانی و دیموکراسی و خەڵك سالاری خاوەنی ناسنامە و فەرهەنگی خۆیەتی ، کە ئەم ناسنامە و فەرهەنگە پردێکە یان ڕەهەندێکی هاوبەشە لە نێوان دەسەڵات و سیستەمی سیاسی عەقلانیەت و ڕەهەندی سێ یەمی دیموکراسی کە دەسەڵاتی ئازادییە ، یان ماف و ئازادییەکانە بە پێی پێوەر و ستانداردی گشتی . ناسنامە و فەرهەنگی دیموکراسی ئێستا بووەتە ناسنامەی گشتی (هاووڵاتی بوون) کە بە ڕێگاکانی ناسنامە و فەرهەنگی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری دا تێپەڕیووە و ئێستا ئەم مەنزڵگایە کە هاوڵاتی بوونە بووەتە ئاکامێکی فراوانتر و ئازادی خوازترو ڕۆشن تر (شفاف) بۆ ناسنامە و فەرهەنگی گشتی دیموکراسی . بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای کوردستان بێبەشن لە وڵات و نیشتمانێکی ڕەسمی و دڵخواز ، بۆیە گرنگی دانی ئێمە بە فەرهەنگی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری دەبێتە ڕێگایەك بۆ بەدەست هێنانی سنوری نیشتمانێکی دڵخواز بۆ خەڵکی کوردستان لە عێراق و دەوڵەتانی دیکەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە .

ناسنامە و فەرهەنگی نیشتمانی و نەتەوایەتی کوردان ، کە ئێمە پەیڕەوی لێدەکەین ، ئەگەر بتوانێت خاوەن ڕەهەندی عەقلانی و ئازادیخواز بێت ، ڕێگر نابێت لە پێشکەوتن و مۆدێرنێتی و نوێبوونەوە . بەڵکو دەبێتە وڵات و نیشتمانێك بۆ دەسەڵاتی عەقلّ و ناسنامەی مۆدێرن و بەهرەمەندبوون لە ماف و ئازادیەکان . یەکێکی دیکە لە پەیام و ڕەهەندەکانی گۆڤاری (نوێبوون) نوێکردنەوەی ئەم ئەرك و پەیامەیە لەسەر ڕێگای بە دیهێنانی نیشتمان و وڵاتێك بۆ ئازادی و بەهرەمەندی مرۆڤی کوردستان و دانیشتوانی کوردستان .





سێهەم

ڕەهەندی سێهەمی دیموکراسی لەگەل عەقلانیەت و فەرهەنگدا ، ڕەهەندی ماف و ئازادیەکانە بۆ ئەو مرۆڤانەی لە سایەی سیستەمی عەقلانی و نیشتمانی هاوڵاتیدا دەژین . پێوەر و ستانداری گشتی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ ، ئەو فەرهەنگە گرنگەیە کە سیستەمی مۆدێرن و بیرکردنەوەی ڕۆشنەگەری هێناویانەتە دی و هەروەك کانت دەڵێت : ((لەم سەردەم وسیستەمەدا دەبێت مرۆڤ ئامانج بێت ، نەك هۆکار )) ئەمەش بەوە دەبێت کە مرۆڤەکان بەهرەمەند بن لە ژیانی شایستە و ئازاد لە وڵات و نیشتمانەکەیاندا .

کێشەی کورد لە عێراق و وڵاتانی دیکەدا ، دووپرس و کێشەی گرنگ و وابەستەن بەیەك . یەکەمیان پرسی بوونی نیشتمانێکی ڕەسمی و ئازاد بۆ کوردستان لەو وڵاتانەدا یان بەهۆی بوونی سیستەمی دیموکراسی لە کوردستان ، کە سنورەکانی بە دڵخوازی خەڵکی کوردستان بێت. دووەمیان ماف و ئازادیەکانی مرۆڤەکانی ناو ئەو وڵاتەیە کە ناوی کوردستانە . ڕزگاری بوونی نیشتمانی کوردستان بەبێ ماف و ئازادییەکانی ناتوانێت پەیامێکی مرۆڤ دۆستی و دیموکراتی و ئازادیخوازی هەبێت . شۆڕشەکانی کوردستانیش لە مێژوودا تەنها بۆ بوونی دەسەڵاتی کوردی نەبووە ، بەڵکو بۆ هەرسێ پەیامەکەی دیموکراسی بووە ، کە عەقلانیەت و ناسنامە و ئازادین .

گۆڤاری ((نوێبوون)) وا بیردەکاتەوە و هەوڵ و تێکۆشانیش بۆ ئەوە دەکات کە تەواوی ماف و ئازادییەکان دەبێت بۆ خەڵکی کوردستان بێتەدی و دەبینە یەکێك لەو سەنگەر و ڕەهەندانەی کە دەمانەوێت سیستەم و دەسەڵات و کۆمەڵگای کوردی لە ڕوانگەی ئەو ماف و ئازادیانەوە نوێ بکەینەوە . دیدگاو بیر و تێکۆشانی ئێمە لەم زەمینەیەدا چوونە ناو سەنگەری ماف و ئازادییەکانەو لەو ڕوانگەیەشەوە داوادەکەین و دەنوسین و ڕەخنەدەگرین بۆ بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکان بۆ هەموو تاکێکی وڵات و بەهرەمەند بوونی هەموان لە ئازادییە سیاسیەکان و مافی جیاوازی و ناسنامە و فەرهەنگی لێبووردن و خوێندنەوەی بەرامبەر دەکەینە مەرجی یەکەم بۆ دادپەروەری (ئیمانۆیل لیڤیناس) . لەم کاروانەدا دەبینە

رێوانێك بۆ داكۆكی كردن لە ماف و ئازادی و یەكسانی ژنان و پیاوان ، مافی لاوان و منالاَن و تەواوی مافە مەدەنیەكان . بەم جۆرە (نوێبوون) دروشمی سەرەكی خۆی دەكاتە ، عەقلانیەت ،فەرهەنگ و ئازادی و پێ بەپێی بیر و دەستكەوتەكانی دیموكراسی و مۆدێرنێتی لە كۆمەڵگای كوردستاندا تێدەكۆشێت بۆ پەیامێكی گرنگ و ئازادیخوازی و ماف و ئازادییەكان بۆ خەڵك ،كە هەوڵدان بۆ هێنانەدی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی و تێكۆشان بۆ كەمكردنەوەی جیاوازییە ئابووریەكان و داكۆكیكردن لە چینە هەژارەكان و رزگاركردنیان لە ئاستەنگی هەژاری و نەداری. هەموو ئەمانەش لەرێگای یاسا و خەباتی جەماوەریی و سەندیكایی و فەرامۆشكردنی لایەنی توندوتیژییەوە دەبێت .

**چوارەم**

سیستەمی مۆدێرن و دیموكراسی لەگەڵ سێ رەهەند و سێ دەسەڵاتی (عەقلانیەت ، فەرهەنگ ، ئازادی) توانیویەتی میكانیزمی (ساز و كار)ێكی وەها بهێنێتەدی كەدەسەڵات و كۆمەڵگای دیموكراسی بەرەو ئاشتی و لێك تێگەیشتن و خوێندنەوەی بەرامبەر بەرەو پێش بەرێت، كەئەوانیش : بەشداری سیاسی و راوێژكاری لایەنە جیاوازەكان و رەهەندی ئازادیخوازانەیە . واتە دیموكراسی كە ماناكەی دەبێتە دەسەڵاتی خەڵك و خەڵك سالاری تەنها لە و رێگایانەوە (بەشداری ، راوێژكاری ، ئازادیخوازی ) توانیویەتی و دەتوانێت درێژە بە كاروانی مانەوە و بەهرەمەندی و نوێبوونەوەی خۆی بدات . ئێمەش لە گۆڤاری (نوێبوون)دا ،داوا لە هەمووان دەكەین كە بەشدارمان بن ، راوێژكارمان بن و زیاتر بەرەو ئازادیمان بەرن و لەو رێگایەشەوە كۆمەڵگا و وڵات و سیستەم بەشدار تر و ئازاد تر و نوێتر بكەینەوە .

**پێنجەم**

شێوازی كاری ئێمە لە (نوێبوون) ، شێوازێكە بە ئیلهام وەرگرتن لە بیرمەندان و ناومان ناوە (پەیوەندی و كاریگەری) . واتە ئێمە لەگەڵ هەموو ئاراستە و جیاوازییەكان





پەیوەندارین و هەر چۆن ئەوان لەسەر ئێمە كاریگەرن ، ئێمەش دەبێت لە رێگای بیرو نوسین و تێكۆشانمانەوە لەسەر ئەوان كاریگەر بین . گۆڤاری (نوێبوون) نە لەگەڵ هیچ لایەنێكدا خاوەن (یەكێتی)یەو نە(دژایەتی) هیچ لایەنێكیش دەكات . بەڵكو لەگەڵ هەموولایەك (پەیوەندی و كاریگەری) هەیە و تەنانەت لەگەڵ (ی.ن.ك) یش .

نەخشی روناكبیر و گۆڤاری روناكبیر ئەوە نییە كە لەگەڵ دەسەڵاتدا یەك بێت یان دژ بێت ، لەگەڵ كۆمەڵگادا یەك بێت یان دژ بێت ، لە نێوان یەكتریدا یەك بین یان دژ بین . بەڵكو نەخشی عەقلانی و بیریاری و ئازادیخوازی روناكبیران لە رێگای بەشداری و راوێژكارییەوە دەبێتە (پەیوەندی كاریگەری) لەگەڵ هەمووان و لەو رێگایەشەوە دەمانەوێت پەیامی (نوێبوون)ی خۆمان بگەیەنین و ئاراستەی بكەین . سەر ئەنجام پەیام و دروشمەكانی ئەم گۆڤارە دەبێتە :

عەقلانیەت ، ناسنامە و فەرهەنگ ، ئازادی ، بەشداری ، راوێژكاری و پەیوەندی و كاریگەری بۆ نوێ كردنەوەی هەموو ئاست و رەهەند و لایەنەكانی كوردەواری .

دەستەی نووسەران



هەواڵنامەی كتێب

## سیاسەت


❖ تیرۆر چەمك مێژوو — كامەران محەمەد

❖ تیرۆر، هۆكار چارەسەر — بەرزان ئەحمەد كوردە

❖ مێژووی سەرهەڵدان گەشەكردنی بەعسیزم — هیوا عەزیز

❖ ژینگەو ئاسایشی نێودەوڵەتی — و.ئامانج عارف






# تیرۆر چەمك و مێژوو

كامەران محەمەد

### دەستپێك

وشەی تیرۆر واتای جیاوازو زۆرجار مەدلولی دژ بەیەك هەڵدەگرێت. ئەگەر هاوریێ لەگەڵ بەكارهێنانی ئەو گوزارشتەدا رۆیشتین، ئەوا دەتوانین لەسەر پلە جیاوەزاكانی هۆشیاری سیاسی لای گەلان و مەودای دەرككردنیان بەواقیعی كۆمەڵایەتی و سیاسیان بوەستین. بێگومان هەموو زمانێك سیفەتێكی جیاوازی نواندنێتی بۆ شارستانێتی هەڵدەگرێت، كەتێیدا سەریهەڵداوەو یارمەتی خەملاندن و پەرەسەندنی داوە.

لەبەرئەوە توێژینەوەی برگەكانی (المفردات) نواندنێتی لەو ژینەگە كۆمەڵایەتی و سیاسی رۆشنبیرییەی كە تێیداو لەماوەیەكی دیاریكراودا لەدایكبووە، گرنگیەكی گەورەی هەیە لەبواری مێژووی شارستانێتی و ئەنپرۆپۆلۆجیای رۆشنبیریدا.

ئێمە لەم كارەماندا بەهیچ شێوەیەك بانگەشەی ئەوە ناكەین بچینە نێو لایەنەكانی ئەو توێژینەوەیە، هەروەكو چۆن بانگەشەی ئەوەش ناكەین لەتەواوی ئاستەكانی هۆشیاری كۆمەڵایەتی-سیاسی لەتێكڕای قۆناغە جیاوازەكانی پەرەسەندنی هزرمان توێژیوەتەوە .

بۆیە ئامانجی راستەوخۆی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لەرونكردنەوەی ئەو واتە جیاوازانەی كە زاراوەی تیرۆر بەپێی پەرەسەندنی زمانەوانی لەخۆیگرتووە، ئەوەش بەمەبەستی دەرخستنی هەندێ رەگەزی بنەرەتی كە دەتوانێت یارمەتی ئاشكراكردنی تیرۆر لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بدات.



هەولێرنامەی کتێب

# چەمکی تیرۆر

چەمکی تیرۆر وەك هەر چەمکێکی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان ئاسان نییە پێناسەیەکی گشتگیرو دیاریکراوی بۆ بکرێت، چونکە بەپێی جیاوازی (دیاردە تیرۆرستییەکان)و (جیاوازی تیرۆرستەکان) (تاك بێت یان گروپێکی چەتەگەری یان رێکخراوێك یاخود دەوڵەت)و (جیاوازی ئامانجەکانیان)و (جیاوازی ئەو خوێندنەوانەی لەناوەندو دەزگا زانستیو ڕاگەیاندنو دەوڵەتیو نێودەوڵەتیەکان) بۆیاندەکرێت، پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ئەم چەمکە کراوە. لەبەرئەوە نامۆ نییە خۆمان لەبەردەم دەیەها پێناسەی جۆراوجۆری تیرۆردا ببینینەوە.

بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین پێناسەیەکی زانستیو گشتگیر بکەین، ئەوا هەوڵدەدەین گوزەرێك بەنێو بەشێکی ئەو پێناسە جیاوازانەدا بکەین، کە تائێستا بۆ ئەو وشەیە کراون، دواتر لەمیانەی دیاریکردنی ڕەگەزە پێکهێنەرو مەدلولیەکانیانەوە بتوانین باشتر تیرۆر لێکبدەینەوە. چونکە ڕونکردنەوەی تیرۆیزم لەزۆر ڕووەوە لەپێناسەکردنی ئاسانترە(١).

لەفەرهەنگی ئەکادیمی فەرەنسیدا کە لەساڵی (١٩٦٤) بڵاوکراوەتەوە بەم شێوەیە پێناسەی تیرۆرکراوە: "ترس، ترسێکی توند، تێکچونێکی توند کە لەدەروندا ڕودەدات بەهۆی وێنەی خراپی هەنوکە یاخود مەترسیەکی نزیك" نموونەش دێنێتەوە وەك: "دەوترێت ترس دەخاتە نێو دوژمنانەوە، بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقاندن بەهەموو شێوێنێکدا کە پێیدا تێدەپەرێت، چاندنی تۆقاندن لەهەموو شوێنێکدا، هەروەکو لەکاتی قسەکردنی دەربارەی میرێکی گەورە، یاخود داگیرکەرێك دەوترێت هەمووشتێکی بەناوە ترسناکەکەیەوە پرکردووە، ئەوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە ناوەکەی ترس لەهەموو شوێنێکدا دەچێنێت"(٢).





هەروەها بەهەمان واتا لەفەرهەنگەکانی (فارتیر-Faretiere) لەساڵی (١٧٠١ز) لەروتردامو لەفەرهەنگی (ریچلیە-Richelet) (١٧١٩ز) لە(لیون) هاتوە(٣).

(**ئینسایکلۆپیدیای ئینکارتا**-Encarta)ی ئەمریکی بەمشێوەیە پێناسەی تیرۆر دەکات: "بەکارهێنانی توندوتیژی، یاخود هەرەشەکردن بەبەکارهێنانی توندوتیژی، لەپێناو بەدیهێنانی کەشێکی ترس ئامێز لەنێو خەڵکانێکی دیاریکراودا، ئامانجی توندوتیژی تیرۆریزم کۆمەلی ئەتنی، یا ئاینیی یا حکومەتەکان یا رێکخراوی سیاسی یا کۆمپانیاکان یا دامەزراوە راگەیاندنیەکان دەگرێتەوە"(٤).

بەڵام (**کۆنگرێسی ئەمریکی**) پێیوایە تیرۆریزم: "توندوتیژییەکی مەبەستدارانەیە پاڵنەری سیاسی لەپشتییەوەیەتیو ئامانجی پێکانی رێکخراوە نیشتیمانییەکانە یا بەبەکرێگیراوە نهێنییەکانە یاخود کۆمەڵەیەکی ناجەنگاوەرە، بەگشتی مەبەستی کارکردنە لەبیسەرانو بینەران".(٥)

هەروەها (**دەزگای پشکنینی فیدراڵ-F.B.I**): دەربارەی چەمکی تیرۆریزم بەم شێوەیە دەدوێت: "بەکارهێنان یاخود (هەرەشەکردن بەبەکارهێنان)ی نامەشروعی توندوتیژییە دژ بەکەسەکان یان موڵکەکان بۆ ترساندنیان یاخود ناچارکردنی حکومەت یاخود مەدەنییەکانە بەگشتی یاخود هەندێکیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی".(٦)

ئەم پێناسانەی خستمانەڕوو ئەستەمی بوونی پێناسەیەکی دیاریکراو دەسەلێنێت بۆ چەمکی تیرۆر. تەنانەت دەزگاکانی نێو یەك حکومەت -کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە- دەسەوسان بووە لەوەدا لەسەر یەك پێناسەی دیاریکراو رێکبکەون.

(**گاری پۆتەر**)و (**مایکڵ لیمەن**)یش سەبارەت بەچەمکی تیرۆریزم دەڵێن: "لەبنەڕەتدا تیرۆریزم بریتییە لەکەڵك وەرگرتن لەتوندوتیژی بەشێوەیەکی نایاسایی یان هەرەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بەماڵو سامان یان خەڵك بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی ئامانجە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانیان .

تیرۆر بەئامانجی نانەوەی ترسو تۆقاندن یان ناچارکردنی حکومەتو گروپو کەسەکان بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتو سیاسەتەکانیان ئەنجامدەدرێ". (٧)

هەروەها بەلای **(برووس هۆفمان)**ەوە (تیرۆر): "بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی ترسو تۆقاندنە بەئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکاری سیاسی. هەموو کارێکی تیرۆرستی توندوتیژی یاخود هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی لەخۆدەگرێت. ئەم کردارە توندوتیژییەش لەلایەن ئەو کەسانەوە یان ئەو کۆمەڵە کەسانەوە ئەنجامدەدرێت، کە ناحکومینو بەشێك نین لەهێزی چەکداری دەوڵەت، یان دەزگاکانی سەپاندنی یاسا، یاخود هیچ دامودەزگایەکی حکومی". (٨)

**(ئینسایکلۆپیدیای روبیر)** پێناسەی تیرۆر دەکات کە: "کاری توندوتیژانەیە بۆ گەیشتن بەئامانجی سیاسی (بەدەستهێنان، پاراستنو مومارەسەکردنی دەسەلات). تایبەتمەندییەکەیشی بریتییە لەکۆمەڵێ کاروکردەوەی توندوتیژی بەشێوەی تاك یاخود کۆمەڵ کە کاریگەری لەسەر دانیشتوان دەبێتو باروودۆخێکی ئانارشیستیو نائارام دروستدەکات".(٩)

**(ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی)**یش لەپێناسەی چەمکی تیرۆردا نوسیویەتی: "بەکارهێنانی سیستماتیکیانەی ڕوتکردنەوە یان توندوتیژییە دژ بەحکومەتەکان، مرۆڤەکان ، بۆ گەیشتن بەئامانجێکی سیاسی".(١٠)

**(فەرهەنگی لاروس)** بەمشێوەیە پێناسەی تیرۆری کردووە: "تیرۆر بەکارهێنانی ڕێکخراوی ئامرازەکانی توندوتیژییە بۆ گەیشتن بەئامانجێکی سیاسی یاخود کۆمەڵە کارێکی توندوتیژی کەکۆمەڵە شۆڕشگێڕییەکان پێیی هەڵدەستن".(١١)

هەروەها **(فەرهەنگی زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان)** وایدەبینێت تیرۆر: "گوزارشتێکە دەربارەی ئەو ڕێگەیەی گروپێکی ڕێکخراو یاخود حزبێك لەڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەیگرێتەبەر".( ١٢)

گەورە بیرمەندی ئەمریکیش **(نعوم چۆمسکی)** سەبارەت بەپێناسەی تیرۆر دەڵێت: "چەمکی تۆقاندنی تیرۆر لەڕاستیدا دوو مانای هەیە یەکەم مانای (تۆقاندن)و دووەم مانای (قەلاچۆکردنی تۆقاندن). بۆ نمونە ئەگەر بڕوانیتە کتێبەکانی قوتابخانەی سەربازی ئەمریکی،





دەبینین پێناسەیەك بۆ تیرۆرو پێناسەیەك بۆ قەلاچۆکردنی تیرۆر هەیە. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە هەردوو پێناسەکە تا ئاستێك هاوبەشنو خەریکە وەك یەکیان لێدێت.

لەمەوە ڕووندەبێتەوە، تیرۆر خۆی بریتییە لەقەلاچۆکردنی تیرۆر. تاکە جیاوازی لەنێوانیاندا ئەوەیە ئەو کەسەی توندوتیژی ئەنجامدەدات پێیدەوترێت تیرۆرست. ئەگەر کەسێك بیکات خۆشمان دەوێت، کە ئەمە خۆشمان دەگرێتەوە ئەوا بریتییە لەقەلاچۆکردنی تیرۆر. ئیتر جگە لەم جیاوازییە، هەموو ئەو کارانەی لەهەردوو لاوە دەکرێت وەك یەکن.

جیاوازییەکی گرنگ هەیە لەنێوان تیرۆرو قەلاچۆکردنی تیرۆردا، ئەوەی ناودەنرێت (قەلاچۆکردنی تیرۆر) دەوڵەتان ئەنجامیدەدەن. واتە ئەو تیرۆرەی دەوڵەتان دەیکەن. دەوڵەتانیش هۆکارو ئامرازی وایان هەیە، کە بواریان دەدەن توندوتیژترو وێرانکەرترین لەتیرۆرستە تاکەکان. بۆیە ئەنجامەکەی ئەوەیە، توندوتیژی دەوڵەت بەشێوەیەکی پێوانە نەکراو بەسەر ئەو توندوتیژییەدا زاڵدەبێت، کە هەر گروپێکی تر ئەنجامی بدات".( ١٣)

ئەگەر لەتەواوی ئەو پێناسانە ڕامێنین، ئەوا زۆر بەڕونی لەسەرجەمیاندا سیفەتی (توندوتیژی)مان بەرچاودەکەوێت. چونکە تیرۆرو توندوتیژی ئاوێزانی یەکترن، بەلام لەیەکتریش جیاوازن. ئاوێزانن لەوەدا هەموو کارێکی تیرۆرستی توندوتیژە، بەلام هەموو توندوتیژییەك تیرۆر نییە. چونکە توندوتیژی بەکارهێنانی هێزە ماددییەکانە لەشوێنێکی ناشیاودا (واتە شوێنی خۆی نەبێت) بێ دیسپلینی یاسایی یاخود ئاکاری. کاتێکیش دەڵێین (شوێنی ناشیاو) دەکرێت بەڵگە هێنانەوەو قایلکردن بەووشەو پەیڤینێکی جوان لەبری ئەو شێوازە مەینەتهێنەرە بەکاربهێنرێت. باشترین چوارچێوە بۆ پێناسێکی دیاریکراوانەی تیرۆریزم، ئەو پێناسەوە خەسڵەتانەیەکە یاسا بۆ ناسینەوەی تیرۆر دەستنیشانی کردووە. لەوسەربەنەوە هەر کاروکردەوەیەك ئەم سێ ڕەگەزەی تێدا بێت، ئەوا لەڕووی یاسای سەرجەم وڵاتانەوە بەتیرۆریزم دەژمێدرێت:

١. بەکارهێنانی توندوتیژی یاخود بەکارهێنانی هەڕەشەی توندوتیژی .



هەواڵنامەی کتێب

٢. بەرنامەدانان بۆ دروستکردنی ترسو تۆقاندنی نائارامی، ئەگەرچی کۆمەڵگە یاخود گروپە جێمەبەستەکە ڕووبەڕووی ترسو نائارامیش نەبنەوە.

٣. دروستکردنی کەشێکی سیاسی گرژ لەڕێگەی ئاسایشی گشتییەوە.(١٤)

## ڕەگەزەکانی تیرۆر

ئێمە ناتوانین لەتیرۆر تێبگەین، ئەگەر لەو ڕەگەزانە تێنەگەین کەتیرۆر بەرهەمدێنن، واتە بۆ ئەوەی لەتیرۆر تێبگەین دەبێت ئەو ڕەگەزانە بناسین، کە لەدروستکردنی تیرۆردا پشکدارن. بەئەندازەی سەرکەوتنمان لەناسینی ئەو ڕەگەزانە، لەناسینی تیرۆردا سەرکەوتوو دەبین. گرنگترین ئەو ڕەگەزانەش بریتیین لە:

یەکەم: ڕەگەزە پێکهێنەرەنەکان .

دووەم: ڕەگەزە دەلالەتیەکان .

**یەکەم- ڕەگەزە پێکهێنەرەنەکان:** دەتوانین ئەم ڕەگەزانە بۆ چوار ڕەگەزی بنەڕەتی پۆلێن بکەین، ئەوانیش بریتین لە:

١. **بکەر (تیرۆریست)** .

٢. **ئامانج.**

٣. **ئامرازو شێوازەکان.**

٤. **پێکراو (قوربانی).**

**١. بکەر (تیرۆریست):** بۆ ئەوەی تیرۆرست بناسین دەبێت بزانین بکەرو ئەنجامدەری تیرۆر کێیە؟ هەڵگری چ ئایدۆلۆژیایەکە؟ پەیوەندارێتی سیاسیو تەرزە سیاسیەکانی چین؟ گەورەبووی





چ ژینگەیەکی سروشتیو کۆمەڵایەتییە؟ ئاستی بژێویو بارودۆخی ئابووری لەچ ئاستێکدایە؟ بەئەندازەی پەیبردن بەسایکۆلۆجیای زیاتر سەرکەتوو دەبین لەناساندنی کەسێتییەکەیدا.

بێگومان تیرۆرست تەنها تاکە کەسێك نییە. بەڵکو سەرەرای تاك هەندێ جار گروپی چەتەگەرو ڕێکخراوو حکومەتەکانیش پەنادەبەنە بەر ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی. بۆیە دەتوانین بەمشێوەیە (تیرۆرست) پۆلێن بکەین:

**أ- تاکەکان:** زۆرجار کاری تیرۆرستی لەسەر ئاستی تاك بەڕێوەدەچێت. ئەوەش لەئەنجامی بێئومێدبوونو مەینەتباریو سەرکوتکردنو بێبەشبوون، لەباتی ئەوەی خۆیان بکوژن یاخود لەسەر شێوازی بوزی لەگۆڕەپانە گشتییەکاندا خۆیان بسوتێنن، دێن بەهەندێ کاری خۆکوژی هەڵدەستنو هەندێ جار ناوی ئیستشهادی لێدەنێن.(١٥)

**ب- چەتەگەری:** چەتەو دزی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بەشێوەیەکی بەردەوام گەر زەمینەی دروستبوونی لەبار بوبێت، ئەوانیش هەبوون، چەتەگەری کاتێك پەرەدەسەنێت، کە یاسا سەروەری خۆی لەدەستدەداتو ئاسایش دەشێوێتو پاشاگەردانی باڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەکێشێت. ئەم دیاردەیەش لەتەواوی کۆمەڵگە مرۆڤییەکاندا لەکاتی جیاوازدا بوونی هەبووە. ئەگەر تادوێنێ لەدزیو ڕێگریو خەڵك ڕوتکردنەوەدا بەرجەستە بوویت، ئەوا ئێستاو لەسەردەمی تەکنەلۆجیادا شێوازی کارکردنی ئەمانیش گۆڕاوە. ئێستا بۆ نمونە لەعێراقدا چەندەها گروپی چەتەگەری ئەوتۆ پەیدابوون، کە هەڵدەستن بەفراندنی ئۆتۆمبیلو کوشتنی خاوەنەکەیو فڕاندنی خەڵکی بێتاوان لەبەرامبەر بڕێك پارەدا.

**ج- ڕێکخراوەکان:** لەسەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵە ڕێکخراوو بزوتنەوەیەکی سیاسی دەرکەوتن، تیرۆریان بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسییەکانیان بەکارهێنا. وەك بزوتنەوەی ئانارشیزمیو عەدەمییەکان کە هەردووکیان یەك بنەڕەتی هزرییان هەبوو، ئەویش لەڕەتکردنەوەی دەسەڵات، بەهەمووشێوەکانیەوە لەڕووخاندنی دامەزراوە سیاسیو ئابوورییەکانو بەرزڕاگرتنی ئازادی تاکدا بەرجەستەدەبوو. لەم چوارچێوەیەدا ڕێکخراوەکانی (**ئاڵای سور**) لەئیتاڵیاو (**کۆمەڵەی بادرماینهوف**) لەئەڵمانیا پۆلێن دەکرێنو شێوازی

تۆقاندنیان گرتبووەبەر(١٦). ئەمڕۆ ڕێکخراوی (**قاعیدە**) هەرچەندە لەبەرنامەدا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پێشوودا جیاوازی هەیە، بەڵام لەو بوارەدا بەترسناکترین ڕێکخراو دادەنرێت، چونکە سنوری وڵاتەکانی بەزاندووەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کردارە تیرۆرستییەکانی ئەنجامدەدات .

**د-دەوڵەتەکان:** تیرۆری دەوڵەتیشی پێدەوترێ، زۆرجار دەوڵەتێك لەرێگای دەزگا هەواڵگرییەکانیەوە پێی هەڵدەستێت، چونکە بەشێکی کاری دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتان کاری تیرۆرستین.

هەروەها ڕەنگە تیرۆر ئامرازێك بێت دەوڵەتان بۆ سەپاندنی سیاسەتیان بەسەر نەتەوەیەك لەنەتەوەکاندا بۆ بلاوکردنەوەی گیانی ڕوخانو خۆبەکەمزانینو خۆبەدەستەوەدان دەیگرنەبەر. یاخود بۆ زاڵبونی کەمینە بەسەر زۆرینەدا، هەروەك لەدەوڵەتی ئەفریقای باشور لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سپی پێستەکاندا سیاسەتی ئاپارتایت پیادەدەکرا کە سیاسەتێکی تیرۆرستیبوو. حکومەتی بەعسیش لەعێراق بۆ ماوەی سیو پێنج ساڵ فەرمانڕەوایەتی هەمان تیرۆری پەیڕەوکرد.

یاخود هەندێ دەوڵەت بەنهێنی کۆمەکی ڕێکخراوگەلێکی تیرۆرستی دەکاتو بەچەكو مەشق پێکردنو دارایی پێویست بەهێزیان دەکەن تا ئامادەباشبن بۆ ئەو کارە تیرۆرستیانەی دەیانەوێت ئەنجامی بدەن، ڕەنگە لەهەندێ ئامانجی نزیکدا خودی حکومەتەکەو ئەو ڕێکخراوانە یەکبگرنەوە، بەڵام حکومەتەکان ئامانجی دووری خۆیان هەیە، ڕەنگە ڕێکخراوەکان هەر پەییان پێنەبردبێت.

**٢. ئامانج:** هەموو کارێکی تیرۆرستی ئامانجێك لەپشتێوەیەتی، ئامانجەکان بەپێی گۆڕانی (کەسەکان– تیرۆرستەکان)و (بارودۆخەکان) دەگۆڕێن. تیرۆرست بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی بەپێی نەخشەیەکی کێشراو نەك لەخۆوە پێیوایە هێرشکردن باشترین ئامرازە بۆ بەرگری لەخۆکردن، لەپێناوی گەیشتن بەمەبەستەکەشی زۆرترین ڕێگا هەڵدەبژێرێت بۆ ئەنجامدانیو زۆرجار شێوازێك بەکاردێنێت کەبەبیری کەسدا گوزەری نەکردبێت.



بەگشتی تیرۆر ئامرازێکە لەئامرازەکانی فشار، هەوڵی بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراوی سیاسی یا ئایدۆلۆجی یا کۆمەڵایەتی یا ئایینی یاخود ئابووری دەدات.(١٧)

هاووڵاتیانی مەدەنی زۆرترین ڕێژە لەئامانجە تیرۆرستییەکان پێکدەهێنن، کەبۆتە مایەی دروستبوونی کەشێکی تۆقێنو ترسناك لەنێو کۆمەڵگەدا. هەندێ لەتیرۆرستان بەئەنقەست لەهێرشەکانیاندا ژمارەیەکی گەورە لەهاووڵاتیانی مەدەنی دەکەنە ئامانج.

ئامانجی تیرۆرستان تەنها بلاوکردنەوەی دڵەڕاوکێو ترسو تۆقان نییە، بەڵکو مەبەستیشیانە متمانەو باوەڕی هاوڵاتیان لەو وڵاتانەدا کە دەیکەنە ئامانج بەحکومەتو سەرکردە سیاسییەکان لاوازبکەن. پیادەکردنی تیرۆر لەبنەڕەتدا بۆ ئەوەیە باری سایکۆلۆجی ترسناکی بالادەست بێت، ئەمە سەرەڕای ئەو قوربانیانەی ڕاستەوخۆ لەکردارە تیرۆرستییەکە دەکەونەوە. تیرۆرستان مەبەستیانە گروپێکی بەرفراوان لەخەڵکی دووچاری پەشۆکاویو شپرزەی بکەن، جا ئەو خەڵکە گروپێکی ئایینی بن یا ڕەگەزی، یان سەرانسەریو وڵاتێك بەسەرکردە سیاسییەکانەوە، یاخود تێکڕای کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە.(١٩)

بەڵام زۆربەی هێرشە تیرۆرستەکان، کەسانی دیپلۆماسیو دەزگا دیپلۆماسییەکانی وەك باڵوێزخانەو فەرمانگەو بنکە سەربازییەکان بەئامانجی خۆیان هەڵدەبژێرن. جگە لەمانە دەزگا کارگێڕیو فەرمانگە هاریکارییەکانی وەك هۆکارەکانی گواستنەوە بەهێڵی ئاسمانیو فڕۆکەخانەو شەمەندەفەرو وێزگەکانیانو پاسو تونێلەکان دەگرێتەوەو لەم هێرشانە بێبەشنەبوون.(٢٠)

تیرۆرستان لەپێکانی ئامانجە نازیندووەکانی وەك باڵەخانەو شوێناکانی دیکە مەبەستێکیان هەیە، لەم کارانەیاندا زیاتر دەیانەوێت سەرنجی گشتی بۆ تیرۆرستانو کێشەکانیان ڕابکێشن لەوەی کەبەتەواوی وێرانکاری ئەنجامبدەن یاخود خەڵك بکوژن، هەرچەندە وێرانکاریو کوشتن دەرەنجامی دوای ئەم کارانەن.

لەگەڵ ئەوەی ژمارەی هێرشە تیرۆرستییەکان لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازن، بەڵام ڕاستییەك لەجیهانی تیرۆر بەچەسپاوی ماوەتەوە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تائێستا

هەواڵنامەی کتێب

بووەتە زۆرترین ئامانجی تیرۆرستان. لەساڵی (١٩٦٨)وە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمیشە لەپێشەوەی لیستی ئەو وڵاتانە بووە کە هاوڵاتیانی بەرەنگاری مەترسی کردە تیرۆرستییەکان بوونەتەوە.(٢١)

**ئامڕازو شێوازەکان:** تیرۆرستان لەپێناو گەیشتن بەمەبەستەکانیان شێوازو ئامڕازگەلی زۆرو جۆراوجۆر دەگرنەبەر، ئەوان لەو زەمینەو ڕێگایانە دەکۆڵنەوە، کە زۆرترین زەرەرو زیان بەبەرامبەرەکەیان دەگەیەنن.

لێرەدا جێی خۆیەتی گوزەرێك بەنێو هەندێك لەو ئامڕازو شێوازانەدا بکەین، لەوانە:

**(کوشتنی لەناکاو)**: ئەم شێوازە دژ بەسەرکردەو بەرپرسان بەکاردێت، ڕەنگە شوێنەواری دوورو گرنگ بەجێبهێڵێت، وەك ئەوەی ساڵی (١٩١٤)ز کاتێك وەلی عەهدی نەمساو خێزانەکەی لەسەرایێڤۆ کوژران، کە بووە هۆیەکی ڕاستەوخۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمو زیاتر لە(١٠) ملیۆن مرۆڤی تێدا کوژرا.(٢٢)

**(بارمتە گرتن)**: شێوازێکی دیکەی تیرۆرستانە، مەبەستیان لەم ڕێگایەی تیرۆر، دەستبەسەرداگرتنو دیلکردنی ئەو کەسانەیە، کە دەتوانرێ لەرێگەی ئەو کارەوە گوشار بخرێتە سەر لایەنێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارەی تیرۆرستان داوایانکردووە. گرنگترین جۆرەکانیشی بریتییە لەفڕاندنی دیپلۆماتو ڕۆژنامەنوسانو فڕۆکەکان.

**(تەقینەوەو خۆ تەقاندنەوە)**: یەکێکی دیکە لەترسناکترین شێوازەکانی کردەی تیرۆرستی، کە لەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیادیکردووە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی ئاسایش تیایدا بەرقەرار نییە، وەك فەلەستینو عیراقو ئەفغانستان ... هتد.

**(هەڕەشەو ترساندن)** شێوازێکی دیکەی کاری تیرۆرستانەو لەپێناو وەڵامدانەوەی خواستێکیاندا هەڕەشە لەبەرامبەرەکانیان دەکەن، گەر داواکەیان جێبەجێنەکرێت ئەوا کارێکی تیرۆرستی ئەنجامدەدەن.

**پێکراو یاخود قوربانی:** تیرۆرست لەپانتایی کارەکانیدا، (ئامانج)ێکی هەیە، کە بریتییە لەو کەسەی دەیکاتە (قوربانی) کارەکەی خۆی.(٢٣)





**دووەم – ڕەگەزە دەلالەتییەکان:** دەتوانین ڕەگەزە دەلالەتیەکانیش بەپێی دوو ئاراستەی بنەرەتی پۆلێن بکەین:

١. ئاراستەیەکی سایکۆلۆجی.
٢. ئاراستەیەکی سوسیۆلۆجی.

سەبارەت بەئاراستەی یەکەمیان وا لەتیرۆر دەگەین بەو پێیەی بارێکە دەروون تێیدا دەژی یاخود بارێکی توندو بێزارکەرە. ئەو تاکانە گوزارشتی لێدەکەن کەروبەرووی خراپەیەکی دیاریکراو یاخود مەترسیەکی چاوەڕوانکراو بوونەتەوە، جا کاتێك (میری گەورە) یاخود (داگیرکەر) دەبێتەهۆی تۆقاندنی دوژمنان یاخود خراپەکاران. دواتر کاتێك ترس لەدڵدا دەچێنن ئەوە بێگومان واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ترسو تۆقاندنە شوێنەوارێك لەوکەسانەدا بەجێدێڵێت کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە. ئەو فەرهەنگانە ئەو شوێنەوارانە بەگوزارەی (تیێکچونێکی توند)و (ترسێکی گەورە) دەربریوە. لێرەوە هەموو ئەو هەڵچونانە دەچێتە بواری سایکۆلۆجیەوە.

بەڵام سەبارەت بەبوارو ئاراستەی سوسیۆلۆجی دەتوانین تیرۆر فراوانبکەین بەوشێوەیەی سنوری تاك تێبپەڕێنێتو بچێتە چوارچێوەی کۆمەڵەوە. بۆیە تیرۆر تەنها لەچوارچێوەی تاکەکاندا -وەك تاك- قەتیس ناکرێت، بەڵکو دەتوانرێت باڵ بەسەر کۆمەڵە تاکێکدا بکێشێت کەپەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی وەبەرهاتووە لەبەشداریکردنێکی کۆمەڵیی پێکیانەوە ببەستێت کەبەچەند پێوەرێکی سوسیولۆجی دیاریدەکرێت(٢٤). جا لەڕوانگەی بکەرەکەشەوە داگیرکەر یاخود میر یا دادوەر چەند چەمکێکن ناوەڕۆکێکی سوسیۆلۆجی لەخۆدەگرن. ئەوە لەسەروبەنی پەیوەستبوونیان بەسیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوو هەموو چەمکێکیش شوێنو ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەیە لەبونیادی کۆمەڵایەتی یەك لەدوای یەکی، کە باڵ بەسەر قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەکێشێت.

هەروەها لەڕوانگەی کارتێکراوەکەوە چەمکی (دوژمنەکان) بەڵگەیە لەسەر بوونی کۆمەڵایەتی کەیەك پەیوەندی ڕەگەزەکانی بەیەکترەوە دەبەستێتەوەو چەند پەیوەندیەکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، چەندەها پێوەری کۆمەڵایەتیو سیاسی دیاریکراو دیاریاندەکات، لەو

هەوڵنامەی کتێب

سۆنگەیەوە تیرۆر دەبێتە بارێکی سایکۆلۆجی کۆمەڵێکی یەگرتوو تێیدا دەژیو بەشێوەیەکی بەکۆمەڵو تاکە رێگەیەك گوزارشتی لێدەکەن.

## مێژووی تیرۆر*

ئەگەر لەچەمكو ڕەگەزو تایبەتمەندیو هۆکارەکانی تیرۆر ڕابمێنین، بەو ڕاستیە ئاشنادەبین تیرۆر زادەی هزرو کاری تاکە کەسێك یا گروپێك یا ڕێکخراوێك یاخود حکومەتێك نییە بەتەنهاو بەهەمان شێوەش دەرەنجامی تاکە هۆکارێکی ئایدۆلۆجی یا سیاسی یاخود کۆمەلاّیەتی...هتد نییە. بەڵکو تیرۆر دیاردەیەکی مرۆییەو هەرکاتێك زەمینەی دەرکەوتنی بۆ سازبوبێت، ئەوا لەدایکبووە. بۆیە ئاسان نییە پەی بەدەسپێكو مێژووی ئەو دیاردەیە ببەین، چونکە ئەو مێژووە نوسراوەی مرۆڤایەتی کە لەبەردەستی ئێمەدایە چەند هەزارساڵێك تێناپەڕێنێت، ئەمە لەکاتێکدا مێژووی مرۆڤایەتی بەسەدان هەزارساڵ تێپەڕاندووە. بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لەسەروبەنی دەرکەوتنی چەمكو زاراوەکەیەوە بچینە نێو مێژووەکەیەوە.

ڕیشەی بەکارهێنانە مێژووییەکانی زاراوەی (Terrorism) لەڕۆشنبیری ڕۆژئاوادا هەندێك دەیگەڕێننەوە-وەك چەمكو زاراوە- بۆ سەردەمی گریكو ڕۆمانییەکان. زەینەفۆن (Yenophon ٤٣٠-٣٤٩پ.ز) مێژوونوسی گریکی دەربارەی شوێنەوارە دەروونییەکانی جەنگە بەربەرییەکانو تۆقاندنی خوێناوی لەسەر نەتەوەو گەلان لەوکاتەدا دواوەو باسی لێوەکردووە. هەروەها ئەوناوە بەسەر هەندێ فەرمانڕەوای ڕۆمانەکاندا بڕاوە وەك (تایبریوس-Tiberius ١٤-٣٧ز)و (کالیگولاCaligula ٤١-٣٧) ئەویش بەهۆی نواندنی شێوازی تۆقاندنو دڕندایەتی جۆراوجۆر لەلایەن ئەو دەسەلاّتدارانەوە. وەك توندوتیژی خوێناویو دەستبەسەرداگرتنی موڵكو لەسێدارەدان، ئەمەش وەك شێوازێك بۆ وەلاّمدانەوەو ملکەچکردنی بەرهەڵستکاران بۆ فەرمانڕەوایەتییەکەیان.( ٢٥)





بەلاّم (نیعمەت علی حسێن) مێژووی تیرۆر دەگێڕێتەوە بۆ چرکەساتی کوشتنی (یولیوس قەیسەر لەساڵی٤٤پ.ز)و ئەو کوشتنە دەکاتە نمونەیەك لەو نمونانەی لەسەردەمی نوێدا سەرۆکەکانی پێدەکوژرێت.(٢٦)

(برۆس هۆفمان)یش سەبارەت بەدەسپێکی تیرۆر دەڵێت (٢٠٠٠)ساڵ بەرلە ئێستا یەکەم کردە، کە ئێستا پێی دەڵێن تیرۆر لەلایەن خێڵی توندڕەوی (زیلۆتس-ZealotS) ئەنجامدرا کە لەماوەی سەدەی یەکەمی پێش زاین گروپێکی جولەکەی چالاك بوو، ئەم گروپە بەرهەڵستی یاساکانی ئیمپڕاتۆرێتی ڕۆمانی (فەلەستینی ئێستا)ی کرد. بەشێوازێکی تایبەتی کوشتنو تیرۆرکردن لەپێشەوەی هەموو کارەکانیانەوەبوو. جەنگاوەرانی زیلوتس بۆ هێرشکردنە سەر دوژمنەکانیان خەنجەرێکی سەرەتاییان بەکاردەهێنا کە (سیکا)یان پێدەگوت. بەزۆری لەشوێنە قەرەباڵغەکانی نێوبازاڕ، یاخود ڕۆژانی ئاهەنگو جەژنەکان، لەهەرشوێنێك کۆبونەوەی خەڵك هەبووایە، کاری توندوتیژییان ئەنجامدەدا. هەروەك تیرۆرستەکانی ئێستا مەبەستی زیلۆتس لەکارەکانی ئەوەبوو کە ژمارەیەکی فراوانتر لەجەماوەر بکاتە ئامانج، چی لەڕۆمانەکان یاخود ئەو جولەکانەی کەلەگەڵیان هاوپەیمانن.(٢٧)

لەماوەی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا (دادگاکانی پشکنین) ئەو ناوەبوو کە هەموو ئەو مرۆڤانەی دەتۆقاند ، گەر بەئاراستەیەکی پێچەوانەی تەعالیمەکانی کلێسەی کاسۆلیکەوە بیریان بکردایەتەوە یاخود هەنگاویان بنایە. هەربۆیە بڕیاری سوتاندنو لەناوبردنی چەندەها فەیلەسوفو زانایاندا. بەمشێوەیە بۆ ماوەی نزیکەی (دە) سەدە مرۆڤەکان لەنێوان بارودۆخێکدا ژیانیان دەگوزەراند، کە ترسو تۆقاندن لەدیارترین تایبەتمەندییەکانیان بوو.

بەهاتنی سەدەی شانزەهەم تیرۆر وشکانی بەجێهێشتو بەرەو نێو دەریاو زەریاکان ڕۆشت، چەتە لەیاسا دەرچووەکان دەستیان بەنواندنی کاری چەتەگەری کردو لەناکاو پەلاماری کەشتیی بازرگانیەکانیان دەداو سەرنشینەکانیان دەکوشتو کالاّو شتومەکەکانیان بەتالاّن دەبردن، سەرەڕای ئەوەی چەتەگەرێتی پێش هەموو شتێك بۆ تالاّنکردنی پارەو پولو شمەکەکان بوو، بەلاّم

هەندێجار وەك كارتێكی فشار دژ بەدەسەڵات بەكاردەهێنرا تاچەند داوایەكی سیاسی دیاریكراو بەدیبهێنن.(٢٨ )

## شۆڕشی فەرەنسی‌و تیرۆر

لەماوەی شۆڕشی مەزنی فەرەنسی (لەڕوانگەی ڕەگەزە بنەڕەتیەكانییەوە) هیچ گۆڕانێكی ڕیشەیی بەسەر گوزارشتی تیرۆردا نەهات، كە واتاكانی بەوپێیەی بارێكی دەروونی ژیان یاخود هەڵچوونێكە كە لەدەروونداا خراپەیەك یاخود مەترسییەكی دیاریكراو دەیوروژێنێت. لەڕاستیدا ئەو واتا سایكۆلۆژییە لەكاتی دەركەوتنی ئەو دەستەواژەیەوە تا ئەمڕۆ هیچ گۆڕانێكی بەسەردا نەهاتووە.

ئەگەر شۆڕشی فەڕەنسی ناوەرۆكە سایكۆلۆژییەكەی ئەو گوزارشتەی نەگۆڕیبێت ئەوا سەركەوتوبوو لەوەدا بەشێوەیەكی روون ئەو زاراوەیە بخاتە نێو ژیانی كۆمەڵایەتی-سیاسیەوە. ئەوەی ئەو شۆڕشە لەو بوارەدا پێشكەشیكرد لەسەر وەسفكردن‌و پێناسەكردنی تیرۆر ڕاناوەستێت، بەڵكو لەسەر پراكتیككردنی ناوەرۆك‌و مومارەسەكردنی ڕاوەستاوە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت دامەزرێنەرانی كۆمار سودیان لەتایبەتمەندییەكانی تیرۆر (تۆقاندن) وەرگرت، لەڕوانگەی كارتێكردنی لەخەڵك‌و پایەكەیان بۆ ئاستی ئامرازی فەرمانڕەوایەتی بەرزكردەوە. پاشانیش ئەوان ئەو ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەیان دەرخست كە ئەو گوزارشتە دەتوانێت هەڵی بگرێت‌و ڕۆڵێكی سیاسیان بۆ زیادكرد، لەئاكامدا بووەهۆی پەیدابوونی گوزارشتی تیرۆریزم .(Terrorism)

لە(٢١ ئەیلولی١٧٩٢) سیستمی حكومڕانیكردنی پاشایەتی هەڵوەشێنرایەوە، لە(١١كانوونی دووەمی١٧٩٣) پاشا بەتۆمەتی پیلانگێڕان دژ بەمیللەت‌و دەستێكەڵكردنی لەگەڵ وڵاتانی نەیاری فەرەنسا تۆمەتباركرا. لە(٢١كانونی دووەمی١٧٩٣) لەسێدارەدراو لەگەڵیدا هەزاران خەڵك بەبیانوی ئەوەی دژایەتی شۆڕش دەكەن، ڕاپێچكران بۆ بەردەم مەقسەڵەو سەریان لێكرایەوە.(٢٩)





هۆكاری سەرەكی تیرۆر مەترسی دەرەكی‌و پاشاگەردانی ناوخۆ بوو(٣٠)، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانە یەعقوبییەكان كەجڵەوی دەسەڵاتیان لەدەستدابوو، لەمیانەی پێكهێنانی دوولیژنە پەنایان بۆ پیادەكردنی سیاسەتی تیرۆر برد. (لیژنەی ئاسایشی گشتی) ئەركی بەرگریكردنبوو لەمەترسیە دەرەكیەكانی سەر نیشتیمان، (لیژنەی دادگای شۆڕش) تاوانباركردن‌و لەناوبردنی هەركەسێكی لەئەستۆدابوو كە گومانی پیلانگێرانی دژ بەشۆڕش‌و كۆمار لێبكرێت.(٣١)

لەوسەردەمەدا سەركردەكانی شۆرش لەنێوخۆیاندا بۆدوو بەش دابەشبوون، بەشی یەكەمیان (گیرۆندییەكان) بوون كەلایەنگری سیستمی پاشایەتی دەستوری بوون‌و دانیشتوانی لادێكانی فەرەنسا پشتگیرییەكی گەورەیان لێدەكردن، بەشی دووەمیان (یەعقوبیەكان) بوون كەلەپاریس بەهێزبوون، سەركردەكانیان (دانتۆن)و (ڕۆبسپیر)و (مارا)بوو. ئەم دووبەرەیە لەگەڵ یەكتردا چووبوونە ململانێیەكی خوێناوییەوەو كەوتبونە تۆمەتباركردنی یەكتر. هەركامیان زەفەری بەویتر بردایە، بەتوندی دەستی لێدەوەشاندو كوشت‌و كوشتاری لێدەكردن، هەریەكەیان بەدوای دەرفەت‌و هەلدا دەگەڕان لەلایەنگران‌و شوێنكەوتوانی بەرامبەرەكەی بگرن‌و دواجار لەناویان بەرن.(٣٠)

لە(٢حوزێرانی ساڵی١٧٩٣) ڕاوەدونان‌و لەناوبردنی گیرۆندییەكان دەستپێدەكات‌و زۆربەیان بەرەو مەقسەڵە ڕاپێچكراون‌و یەعقوبیەكان دەستیان بەسەر تەواوی دامەزراوەكانی دەوڵەتداگرت‌و (دادگای شۆرش) كاراكرا، بەڵام نەك بۆ چەسپاندنی داد، تەنانەت بۆ تاوانباركردنی پاشاو لایەنگرانیشی نا، بەڵكو فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ خەڵكانێك دەردەكرد نەدورو نەنزیك پەیوەندیان بەسیاسەتەوە نەبووە، هیچ تاوانێكیشیان ئەنجام نەدابوو، لەناویاندا خەڵكانی خوێنەوارو ڕۆشنبیرو زانای تێدابوو لەوانە زانای گەردونناس (بایی). هەرلەو سەردەمەدا شارەكانی (لیۆن)و (تۆلۆز) ڕووبەڕووی گەورەترین پڕۆسەی تیرۆرستی یەعقوبیەكان بوونەوە، بەبیانوی ئەوەی گوایە دانیشتوانەكەی بێزارییان بەرامبەر شۆڕشگێڕە دیكتاتۆرەكان دەربڕیوە. تەنانەت تیرۆر گەیشتە ئاستێك یەعقوبیەكان لەنێوخۆیاندا بۆسێ بەرە دابەشبوون‌و



هەواڵنامەی كتێب

بەشێوەیەکی دڕندانە پەیڕەوی تیرۆریان بەرامبەر بەیەکتری دەکرد. تا لەکۆتایدا (ڕۆبسپێر) بەسەر هەموویاندا زاڵدەبێتو قەسابخانەیەك دادەمەزرێنێت کە نزیکەی(١٨) هەژدە هەزارکەسی لەسێدارەداو هەزارانیشی خستە بەندینخانەکانەوەو حاڵەتی نائاسایی ڕاگەیاندو دەستوری بەهەڵپەسێراوی هێشتەوە، تەنانەت کوشتنو پەلاماردانەکانی هاوڕێ نزیکەکانیشی گرتەوە، ئەم سیاسەتەشی بەبێوێنە وەسفدەکرد، کەدەتوانێ (کۆن) ڕیشەکێش بکاتو (نوێ)یش سەقامگیربکات.(٣٣)

بەمشێوە شۆڕشی فەرەنسی بەناوی گەلەوەو دژ بەگەل بۆ زاڵبوون بەسەریدا مومارەسەی تیرۆری کرد. لەسایەی سیستمی فەرمانڕەوایەتی تاکدا، تیرۆر لەمیانەی دەزگاکانی دەوڵەتەوە دژ بەگەلو زەوتکردنی مافە بنەڕەتییەکانی تاکڕەویی لەدەسەڵاتداو تەحەکومکردن بەچارەنوسو ڕەتکردنەوەی هەموو شێوەیەك لەشێوەکانی ڕای بەرامبەر یاخود ڕێزگرتن لەفرەیی سیاسی پیادە دەکرێت. ئەمەش (بەهێز)دەکرێتو بەبیانوی بوونی مەترسی دەرەکیو ناوخۆییەوە. واتە لەناوبردنی تەواوی دامودەزگا دەستووریەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگاو بەرزکردنەوەی ڕۆڵی تاك لەکۆمەڵگەدا.(٣٤)

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاوەنێکی نوێی تیرۆربوو. لەوێدا چەندەها بزوتنەوەی ڕەگەزپەرستی دروستبوو کە ئامانجیان -بەشێوەیەکی گشتی- تۆقاندنی کۆیلەکانو هیندییەسورەکان بوو. ئەو بزوتنەوانەش لەو چالاکیانەدا بەرجەستەدەبوون کە ڕێکخراوی (کوکلاکس کلان)ی تیرۆرست مومارەسەیان دەکرد، کە جوتیارە باشورییەکان لەساڵی١٨٥٦دا دژ بەمافی شارستانێتی کۆیلەکان دایانمەزراند بوو (Lynch) یاخود خنکاندن بەسەر درەختەکانەوە لەیاساکانی ئەو ڕێکخراوەبوو.(٣٥)





## ئانارشیزمو تیرۆر

ئانارشیزم(Anarchism) بریتیە لەجیهانبینیەکی سیاسی کەهەوڵی ڕەتکردنەوەی دەوڵەتو دوورخستنەوەی هەموو ئەو دەسەڵاتانەی لەنێو کۆمەڵگەدا خاوەن مافێکی زۆرەملێین بەسەر تاکەوە، ئامانجی سەرەکیەتی.

بۆیە بزووتنەوەیەکی هزریو مومارەسەکردنێکە هەموو زۆرلێکردنێکی دەرەکی بەسەر مرۆڤەوە ڕەتدەکاتەوەو لەسەر بنەڕەتی ئیرادەی سەربەخۆی تاك هەوڵی بنیاتنانی ژیانێکی هاوبەش دەدات.(٣٦)

ئانارشیزم بنەڕەتگەلێکی فەلسەفی هەیە لە(تاکگەرایی)و (خودگەرێتی)و (ویستەگەرێتی)یدا بەرجەستەدەبێت. دەرکەوتنی ئانارشیزم بەچەند ناوێکی وەك (شمیتو شترنروو برۆدونو باکۆنینو ...هتد) گرێدراوەو لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەشێوەیەکی بەرفراوان لەفەرەنساو ئیتالیاو ئیسپانیادا بڵاوبووەوە.(٣٧)

هەڵوێستی بزوتنەوە ئانارشیزمەکان هەر چۆنێك بێت، ئەوا پەرەسەندنی تیرۆر لەدوو دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست گەیشتە لوتکە. بۆ نموونە لەفەرەنسا بزوتنەوەی ئانارشیستی (پارتیزانە رەشەکان) دامەزراو نزیکەی (٨٠٠) ئەندامی هەبوو. ئەمانە لەماوەی نێوان ساڵانی(١٨٨٢-١٨٨٤) هێرشیان دەکردە سەر کڵێسەو کۆمپانیاکان. دواتر تیرۆرستی بەناوبانگ (ڕاڤچوڵ- Ravchol) دەرکەوت کە لەنێوان ساڵانی(١٨٩٢-١٨٩٤) زنجیرە کارێکی تیرۆرستی ئەنجامدا. لەگەڵ ئەو توندوتیژیانەی کە ئەو بزوتنەوانە لەناوچە ئەوروپییەکاندا دەیانگرتەبەر، لەپێشەوەیان روسیاو فەرەنساو ئیتاڵیاو ئیسپانیا، دەستەوەستانبوونیان بوو لەبەدیهێنانی ئامانجەکانیان. هەندێك لەسەرکردەکانیان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی تاکە ڕێگەی بەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دادپەروەر، ئەنجامدانی توندوتیژییە بەرامبەر سەرۆکی دەوڵەت. لەو سەروبەندەوە لەو ماوەیەدا (دە) سەرۆك حکومەتو دەوڵەت تیرۆرکران، ئەوانیش بریتیبوون لە: سەرۆکی ئەمەریکی (جیمس ئەی فیلر-١٨٨١)، قەیسەری روسیا (ئەسکەندەری دووەم) لەهەمان ساڵدا، سەرۆك وەزیرانی ئیرلەندە (لۆرد فردریك کافندس-١٨٨٢)و سەرۆکی

فەرەنسی (سادی کارنۆ- ١٨٩٤)و سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا (ئەنتۆنیۆ كانوفاس دیك كاستیلۆ -١٨٩٧)، ئیمپراتۆری نەمساو هەنگاریا (ئەلیزابیپ-١٩٠١) سەرۆك وەزیرانی روسیا (بیترستولیین -١٩١١)و سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا (جوسكاتالیلس-١٩١٢).

هەروەها ئانارشیستەكان لەولاَتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەستان بەكاری ئاژاوەگێڕیو بلاوكردنەوەی پەشێویو تۆقاندن، هەندێكجار ئەم سەر پێچیانە بەهۆی كاری توندوتیژییەوە دەبوونە مایەی خوێنرشتن، ئاژاوەكەی مەیانی كافرۆشان لەشیكاگۆ، ساڵی (١٨٨٦) بەیەكێك لەناوداروترین ئەو ڕووداوانە دادەنرێت، كە ئانارشیستەكان ئەنجامیاندا. كاتێك بۆمبێك لەناوەراستی نزیكەی سێ هەزار لەكرێكارە مانگرتووەكانی كارگەو پشتیوانەكانیاندا تەقیەوە. دواتر خۆپیشاندەرانو هێزەكانی پۆلیس ڕووبەڕووی یەكتر بوونەوە، بەلایەنی كەمەوە حەوت پۆلیسو چوار خۆپیشاندەر كوژرانو (٦٠) شەستی دیكەش برینداربوون. هەرچەندە بەوردی ژمارەی مردووەكان نازانرێت.(٣٩)

سەرەرای تەواوی ئەو كارەتیرۆرستیانە گۆرانكاریەكی ریشەیی لەژیانی سیاسی یا ئابووری یاخود كۆمەلایەتی لەئەوروپا بەدینەهات، بەڵكو یارمەتی خەملاندنی ڕەوتی هەندێ گۆرانی گەورەیدا لەو قۆناغەدا، لەوانە جەنگی یەكەمی جیهانی بوو.

بۆ نموونە ئەڵمانیاو هاوپەیمانەكەی ئیمپراتۆری نەمسا—هەنگاریا هەڵی كوشتنی وەلی عەهدی نەمسا (فرانز فیردیناند)و ژنەكەی لەسەرایڤۆ لەسەر دەستی بكوژێكی سیاسی سربیا لە(٢٨/٦/١٩١٤) قۆزتەوە، تادوای دوومانگ جەنگێكی جیهانی بەدیهێنا كەچوار ساڵی خایاند.(٤٠)

ئەگەر بەوردی لەبزوتنەوە ئانارشیزمیەكان ڕابمێنین ، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت ئەو كەسانەی باوەریان بەتیرۆر هەبووە وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی گۆرانی سیاسیو كۆمەلایەتی، كاراترینو چالاكترین كەس نەبوون لەمومارەسەكردنی تیرۆرستاندا.

تیرۆرستی روسی رادیكاڵ (ئەسكەندەری سیرنوسوفیفج) لەساڵی (١٨٦٧)دا نوسیویەتی (هێز ناتوانێت خۆی بەدەستەوەبدات تەنها بەهێزنەبێت) بەوشێوەیەش دەبێت بەتوندوتیژی گەڵ



بەرەورووی توندوتیژی حكومەت ببینەوە. لەم ڕوانگەیەوە لەتوانای تیرۆردا هەیە كەبەشە پێویستیەكانی ئامرازی گۆرانكاری پرۆسەی كۆمەلایەتی لەروسیادا فەراهەمبێنێت. (٤١)

بەلاَم دەبێت ئەوە فەرامۆش نەكەین ئانارشیستەكان هەموویان باوەریان بەتیرۆرو توندوتیژی نەبووە. شوێنكەوتوانی (تۆلستۆی) لەهیچ بارودۆخێكدا دانیان بەتیرۆردا نەدەنا. كۆمەڵی (نمودوین)یش لەرێگەی پەیڤینو قایلبونەوە تەنها هەوڵی گۆرانكاریییان دەدا. (برۆدون)و هاوكارەكانیشی وایاندەبینی بلاوكردنەوەی ڕێكخراوە هاریكاریەكان بەشێوەیەكی ئاشتیانە تاكە رێگایە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانیان. بەلاَم (كروبۆتكن) بیرۆكەی توندرەوی یاخود تۆقاندنی تەنها لەدوا قۆناغدا پێباش بوو. چونكە ئەو پێیوابوو توندوتیژی دەبێت لەمیانەی شۆرشەكاندا روبدات. چونكە شۆرش قۆناغێكە لەپێشكەوتنی مرۆڤایەتیداو ناتوانین لێی دەستبەردار ببین.(٤٢)

بەكۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەكەم تیرۆر كۆتایی نەهات. بەڵكو ئانارشیزمی سەندیكایی دەركەوت، تا مژدەی شێوەیەكی نوێی كاری توندوتیژی بەباشووری ئەورووپاو ئیسپانیا بەتایبەتی بەخشی. لەو ناوچانەدا شەقامو كارگەكان جەنگو پێكدادهەلپژانی خوێناویو تیرۆركردنی بەرپرسان وەك سەرۆك وەزیران (ئیرواد وراتوو-١٩٢١) لێكەوتەوە. لەبیستەكانو سەرەتای سییەكاندا جەنگی شەقامو چەتە تیرۆریستەكان كۆتاییان بەو دیموكراسیە هێنا كەلە ئیتالیاو ئەڵمانیاو ئیسپانیادا مابووەوە. ئەو جێگیریە سیاسیە ڕێژییە كە كۆماری فەرەنسی سێیەم شانازی پێوەدەكرد كەوتە لەرزین.(٤٣)

هەرلەوماوەیەدا-ساڵانی بیستو سییەكانی سەدەی بیستەم- تیرۆر شێوازێكی دیكەی بەخۆوەگرت كە بریتیبوو لەستەمو سەركوتكردنی حكومەتە دیكتاتۆرەكان دەرهەق بەهاوولاَتیانی خۆیان، ئەمە لەبری پەیرەوكردنی توندوتیژی لەلایەن گروپە ناحكومییەكانەوە. لەم ماوەیەدا وشەی تیرۆر بۆ وەسفكردنی توندوتیژیو وەحشیگەریو تۆقاندن لەلایەن ڕژێمە سەركوتكەرەكانی نازیو فاشیو تۆتالیتارەكان بەكارهات، كە لەهەریەك لەولاَتانی ئەڵمانیاو ئیتالیاو سۆڤیەت هاتنە سەر دەسەلاَت. ئەم ڕژێمانە زۆر نامرۆڤانە كرداری لێدانو داپلۆسینو

ئازار و ئەشکەنجەو شێوازی دیکەی تۆقاندنیان ئەنجامدەدا، تائێستا هەندێ لەولآتان دژی هاوولآتیانی خۆیان پەیرەویدەکەن.(٤٤)

بەمشێوەیە هاتنە سەر تەختی دکتاتۆرگەلێکی راستڕەوو چەپڕەوی چەوسێنەر لەهەندێ دەوڵەتی ئەوروپی و لەبیستو سیەکانی سەدەی بیستەمدا، دیاردەی تیرۆری فراوانترکرد کە دەوڵەت مومارەسەی دەکرد، (تیرۆری دەوڵەت) گشتگیرو هەمیشەیی بوو، هەروەکو شاراوە بوو لەپشت ئایدیۆلۆجیاکانەوە، تەنانەت بەشێوەیەك هەندێکجار ئایدۆلۆجیا ببووە هاواتای تیرۆر.





## پەراوێزوسەرچاوەکان


١)گاری پۆتەرومایکل لیمەن: تیرۆریزم وەك تاوانێکی رێکخراو، (وەرگێرانی: ئەبوبەکر مەجیدی)، دەزگای چاپ وبلآوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، کوردستان هەولێر،٢٠٠٦، ل٩.

٢)أدونيس العكره:الارهاب السياسي- بحث في اصول الظاهرة وابعادها الانسانية، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٩٣، ل٢٨.

٣) هەمان سەرچاوەولاپەڕەی پێشوو.

٤)جعفر شيخ ادريس: الارهاب والاسلام (www.jaafaridris.com).

٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧) گاری پۆتەرومایکل لیمەن: سەرچاوەی پێشوو، ل ل٩-١٠.

٨) کۆمەڵێك نوسەر: تەنگژەکانی تیرۆریزم: (وەرگێرانی: هێمن غەنی ومەروان کاکل)، دەزگای چاپ وبلآوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، کوردستان-هەولێر،٢٠٠٦، ل٥.

٩) کارزان محەمەد: تیرۆرو تیرۆریزم(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریو مێژوویی وسیاسییە)، بەڕێوبەرێتی چاپ وبلآوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٥،ل٢٦.

١٠) هەمان سەرچاوەولاپەڕەی پێشوو.

١١) عباس الذهبيات: الارهاب والارهاب الدولي اهدافهم، وسائلهم، شرعيتهم، مجلة افاق،العدد الاول.

١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٣)نعوٚم چۆمسکی: ئیرهاب.. دیموکراسی.. پروپاگەندەورایگشتی، زنجیرەیەك گفتوگۆ، (ئامادەکردنی: هاوژین عومەر)، وەرگێرانی چەند وەرگێرێك، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤،ل٤٧.

١٤) کارزان محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

١٥) عباس الذهبيات: سەرچاوەی پێشوو.

١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٨) کۆمەڵێك نوسەر: تەنگژەکانی تیرۆریزم، ل١٧.

١٩) هەمان سەرچاوەولاپەڕەی پێشوو.

٢٠) هەمان سەرچاوەولاپەڕەی پێشوو.

٢١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨،١٧.

٢٢) عباس الذهبيات: سەرچاوەی پێشوو.

٢٣) کارزان محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

٢٤) أدونيس العكره: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

٢٥)فؤاد كاظم المقدادى: قضايا معاصرة، الطبعة الاولى، قم–ايران، ١٤٢٣هـ، ل٢٨٤.

٢٦) نعمه على حسين: مشكلة الارهاب الدولى (دراسة قانونية)، بغداد، ١٩٨٤، ل١٣.

٢٧) کۆمەڵێك نوسەر: تەنگژەکانی تیرۆریزم، ل٢٥.

٢٨) نعمه على حسين: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

٢٩) هەورامان وریا قانع: شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ هۆیەکانی
بەرپابوونی ودەستکەوتەکانی،
چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٠٩.

٣٠)ویل وئاریل دورانت: مێژووی شۆڕشی فەرەنسا،(وەرگێڕانی: دلاوەر عەبدوڵڵا)،
مەکتەبی
بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٢٧.

٣١) كارلتون هيز: التاريخ الاوربى الحديث،(ترجمة:فاضل حسين)، جامعة الموصل، ل ٣٩
ودواتر.

٣٢) هەورامان وریا قانع: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

٣٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠ودواتر.

٣٤) منذر الفضل: الاسلام السياسى والارهاب الدولى، مكتب الفكر والتوعية فى الاتحاد
الوطنى الكردستانى، سليمانية، ٢٠٠٤،ل٤٤.

٣٥) نعمه على حسين: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

٣٦) مجموعة الباحثين: موسوعة السياسة، الجزء الرابع، المؤسسة العربية للدراسات







والنشر، الطبة الثانية، ١٩٩٠،ل٦٣١.

٣٧) لجنة من العلماء والاكاديميين السوفياتيين(بأشراف م.روزنتال ى.يودين: الموسوعة
الفلسفية،(ترجمة: سمير كرم)، دار الطليعة للطباعة والنشر)، الطبة الثانية، ١٩٨٠، ل٣٥٧.

٣٨) نعمه على حسين: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

٣٩) کۆمەڵێك نوسەر: تەنگژەکانی تیرۆریزم، ل٢٧.

٤٠) نعمه على حسين: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥ودواتر.

٤١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

٤٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

٤٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

٤٤) کۆمەڵێك نوسەر: تەنگژەکانی تیرۆریزم، ل ٢٧ودواتر.

٤٥) نعمه على حسين: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.


* لێرەدا باسمان لەئیرهاب لەمێژووی ئیسلامدا نەکردووە، لەبەرئەوەی توێژینەوەیەکی تایبەتمان بۆ تەرخانکردووە. لەدەرفەتێکی نزیکدا پێشکەشی دەکەین.



هەواڵنامەی کتێب

# تیرۆر، هۆکارو چارەسەر

بەرزان ئەحمەد کوردە*

تیرۆر چەمکێکی فرە رەهەندەو زیاد لەپێناسەیەکی هەیە، بۆیە لەوانەیە نەکرێت لەم بابەتەدا بتوانین پێناسەیەك بۆ بابەتی فرە رەهەندی تیرۆر بکەین‌و شوناسێك بدەینە سەرجەم ئەو رەگەزو لایەنە ئالۆزو تێکچرژاوانەی وابەستەی ئەم دیاردە جیهانییە بون. بەڵکو تەنیا بەوەندە وازدەهێنین قسە لەسەر هەندێك لەهۆکارو چارەسەرەکانی بکەین.

لەم خوێندنەوە خێرایەدا بۆ هۆکارو چارەسەرەکانی تیرۆر، هەوڵدەدەین هاوکات لەگەڵ دیاریکردنی هەر هۆکارێکدا، راستەوخۆ ئەو رێگەچارانەش پێشنیازبکەین کە پێویستن بۆبەرەنگاربونەوەی تیرۆرو قەلاچۆکردنی. چونکە بێگومان وتووێژکردن لەمەڕ قەلاچۆکردنی تیرۆر بەبێ قسەکردن دەربارەی قەلاچۆی ئەو هۆکارو زەمینانە کە تیرۆریان بەرهەمهێناوە هیچ مانایەکی نییە، بەتایبەت ئەگەر بزانرێت تیرۆر بەرهەمی تاکە هۆکارێك‌و تەنیا یەکجۆر لەژینگەو یەك زەمەنی دیاریکراو نییە، بەڵکو دیاردەیەکە بەڕووە ئاسۆیی‌و ستونییەکانی کەلتورو ژیانی کۆمەڵگەدا پەلی هاویشتووەو کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز کار لەبەرهەمهێنانیدا دەکەن. رەنگە ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی بیرکارییانە راڤەیان بۆبکەین‌و چارەسەرەکانیش بەهەمانشێوە ریزبەندی بکەین، ئاساییە گرنگترینی ئەو هۆکارانە بەمشێوەیە بخەینەڕوو:..

## هۆکارە ئایینییەکان:

بەکارهێنانی ئایین وەك هۆکارو پاساو بۆئەنجامدانی تیرۆر مێژوییەکی دێرینی هەیە. واتە کردنی ئایین بەسەربەنی (منگلق)ی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی‌و لەئایینەوە پەیامە توندوتیژەکان وەردەگرن‌و ئەو کردە تیرۆرستانە کە بنەمای ئایینییان لەپشتەوەیە،





ئەنجامدەرەکانی زیاتر جەخت لەسەر ئەو نوسراوانە دەکەنەوە کە جیهان‌و کۆمەڵگە بۆ "ماڵی ئیسلام‌و ماڵی کوفر" دابەشدەکەن‌و ئەم گروپانە لەباتی خودا هاوڵاتیان بۆ (موسوڵمان)و (کافر) لەیەکتر جیادەکەنەوە. هەر خۆشیان موسڵمانەکان بەرەو "بەهەشت"و بێبڕوایان بەرەو "دۆزەخ" ڕەوانە دەکەن.. خوێندنەوەی ئەم گروپانە بۆ ئایین لەم روانگانەوە سەرچاوە دەگرێت:

١.بەشێوەیەکی روکەشیانە خوێندنەوە بۆ دەقە ئاینییەکان دەکەن، کە لە"مەبەست"ی دەقەکان تێناگەن‌و بڕیار لەرواڵەتی دەقەکانەوە وەردەگرن.

٢.تەواوی دەقەکان لەبەرچاوناگرن، شێوازی بەشەکی (جزئی) لەوەرگرتنی دەقەکاندا پیادەدەکەن، بەجۆرێك بەشێکی ئایەتێك لەئایەتێکداو ئایەتێك لەسورەتێك وەردەگرن‌و بابەتیانە (ئەو بەشانەی پێکەوە بابەتێك پێکدێنن) دەقەکان ناخوێننەوە، لەمەشدا هەمیشە ئەو دێڕو ڕستانە وەردەگرن کە لەگەڵ حەزو بەرژەوەندییەکانیاندا دێتەوە.

٣.خۆیان لەبەشێکی گەورەو گرنگی فەلسەفەی ئایین بواردووە، یان هەر لەبنەڕەتەوە لێی تێنەگەیشتون. ئەو بەشەی فەلسەفەی ئایینیش بریتییە لەلێبوردەیی‌و هاوکاریکردن‌و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی. بەپێچەوانەوە ئەم گروپانە ئایینیان کردۆتە ئامرازێك بۆ ژیانکوژی‌و لەناوبردنی مرۆڤ و شارستانییەتەکەی.

## قوڵ بونەوەو تێگەیشتن لەئاین

بۆچارەسەکردنی ئیشکالییەتەکانی پەیوەست بەئایین‌و ئەو کەلێنەنانەی رەوتەکانی تیرۆری جیهان خراپ سودی لێوەردەگرن، دەشێت وەك بنەڕەت کار لەسەر چەند لایەنێك بکرێت‌و خوێندنەوەی ئایینیش ئەم خەسڵەتانە لەخۆبگرێت:

١.خوێندنەوەیەکی قوڵ بۆ دەقە ئایینییەکان بکرێت‌و (مەبەست)ی دەقەکان رونبکرێتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

٢.خوێندنەوەی بابەتیانەی دەقەکانو جیاکردنەوەی لەو حەزانەی کە کەسێك یان گروپێك بۆ بەرژەوەندی خۆی خراپ سودی لێوەردەگرێت.

٣.بەڕونی فەلسەفەی ئاین لێکبدرێتەوە کە خۆی لەلێبوردەیی‌و هاوکاری‌و خزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا دەبینێتەوە.

٤.دەبێت زانایانی ئایینی‌و ڕۆشنبیرو مامۆستایانی زانکۆ هەڵمەتێکی بەرفراوانی هۆشیارکردنەوە دەستپێبکەن لەسەر بنەرەتی کارکردن لەبارەی ئەو سێ خاڵەی لەسەرەوە لێی دواین. مامۆستای ئایینی لەمزگەوت‌و وتاری ڕۆژی هەینیداو ڕۆشنبیران لەکۆڕو سیمیناری بەرفراوان‌و مامۆستایان لەهۆڵەکانی خوێندندا.

## هۆکاری سیاسی:

بێجگە لەهۆکارە ئایینییەکان، زۆرجار هۆکاری سیاسیش ڕۆڵی هەبووە لەرەخساندنی کەشوهەوای تیرۆرو ئەنجامدانی توندوتیژی‌و تۆقاندن، بەکورتی سیاسەت دەبێتە هۆکار بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی:

### ١.نەبون یاخود لاوازی وشیاریی سیاسی:

لەولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە زەمینەی دەرکەوتنی کاری تیرۆریستین، لەسەر ئاستە جیاوازەکانی (دەولەت، حیزب، جەماوەر) وشیاری سیاسی لەئاستی نەبون‌و لاوازیدایە. لەبەرئەوەی دامەزراوە دیموکراتییە لیبراڵیەکان نەبوونەتە پەیکەربەند یاخود ڕێکخستنێك کە بەرێگەیەکی داینامیکی ڕۆشنبیری بۆ چوارچێوەی دیکە بگوازنەوە، لەکاتێکدا گۆڕان‌و چەسپاندنی دیموکراسی کۆمەڵە بەهایەکی دەوێت هاوشێوەی باوەڕبون بەرۆڵی ژیری مرۆڤەکان‌و دیاریکردنی شێوەی پەیوەندیە سیاسی‌و کۆمەلاتییەکان‌و ڕێزگرتن لەماف‌و ئازادییەکانی تاك. بۆیە دەبێت وشیاری سیاسی لەسەر بنەرەتی بەها سیاسییەکان بنیاتبنرێت، نەك لەسەر فۆرم‌و شێوەبەندی دامەزراوەکان.





### ٢.کەلتوری نیگەتیڤی سیاسی:

بالادەستی کەلتوری نەگەتیڤانەی سیاسی لەم ولاتانەداو هەروەها زالبونی لۆجیکی هێزو توندوتیژیی‌و دژایەتیکردن‌و پەرتەوازەیی لەم ناوچانەدا، یەکلایی نەکردنەوەی تەواوی کێشەکانە بەلۆجیك.

### ٣.نەبونی دیموکراسی:

گۆڕەپانی سیاسی ئەم ناوچانە گۆڕەپانێکە بەشێوەیەکی گشتی‌و ڕێژەیی خاڵییە لەدیموکراسی، هەر لەدەولەتەوە تا حیزبەکان. واتا ئازادی‌و مافە سیاسییەکان سەرکوتدەکرێن، جەماوەر لەبەشداریکردنی پرۆسەی سیاسی ولات بێبەشدەکرێت، بەزۆر ملکەچی سیستەمێکی نادیموکراسی‌و نەخوازراویان دەکەن.

### ٤.نەبونی مرونەت لەمامەڵەکردندا:

مامەڵەکردن لەگەڵ خواستەکانی کۆمەڵگادا نەرمونیانی ئەوتۆی تێدا نییە. ولاتانی ناوچەکە لێوانلێون لەقەیران‌و تەنگژەی جۆراوجۆری سیاسی‌و ئابوریی. حکومەت‌و بزوتنەوە نیشتمانییەکانی ئەم ولاتانە دەستەوەستان‌و دامابون لەگۆڕینی دروشمەکانی شۆڕش‌و بەڵێنەکانی حکومەت بۆ بەرنامەیەکی سیاسی سەرکەوتوو. لەبەرامبەردا پەنابراوەتە بەر مامەڵەکردنی ئەمنیانەی داپلۆسێنەرانەو فەرامۆشکردنی کرانەوە بەسەر شارستانیەت‌و جەختکردنەوە لەسەر ڕاگەیاندنی چەواشەو شۆردنەوەی مێشکی جەماوەر.

### ٥.نەبونی ڕاشکاویی‌و شەفافییەت:

لەگرفتە گەورەکانی ئەزمونی سیاسی ئەم ولاتانە دیارینەکردنی کێشە خودییەکانە بەشێوەیەکی بابەتی‌و بوێرانە، هەروەها داننەنان بەو هەلانەدا بەئاشکراو لێنەپرسینەوەی ئەوانەی لێپرسراوێتیان لەئەستۆدایە.

لێرەدا قسە لەواقیعێك دەکەین کەخاوەن وشیارییەکی سیاسی پێگەیشتوو نییە، واقیعێك میراتێکی سەلبی سیاسەتی هەیەو لۆجیکی هێزو توندوتیژی‌و تۆلەسەندنەوە بەرێوەی دەبات، کە تیایدا دیموکراسی گەشەناکات‌و دیکتاتۆریێتی بالادەست دەبێت.

کاتێك فەوزای دیکتاتۆرییەت باڵ بەسەر واقیعێکی دیاریکراودا دەکێشێت، مامەڵەکردنی داپڵۆسێنەرانە لەگەڵ خواستەکانی جەماوەرو کۆمەڵگە ڕووبەڕوو دەبێتەوە. لەهەلومەرجی هاوشێوەدا ئازادییەکان پێشێلدەکرێن‌و شەفافییەت‌و راشکاوی لەمامەڵەکردنی نێوان دەسەڵات‌و جەماوەردا لەنێودەچێت، ئاکام جۆرەکانی تیرۆرو تۆقاندن زەمینەیان بۆ دەڕەخسێت‌و بچوکترین داواکاری هاوڵاتیان بەگەورەترین شالاوی توندوتیژی وەڵامدەدرێتەوە.

رەخساندنی کەش وهەوای لەباری سیاسی‌و گەشەسەندنی وشیاریی سیاسی لەلای تاك‌و لەلای کۆمەڵگە پێوەندی بەکۆمەڵێك لایەن‌و بوارەوە هەیە کە دەشێت رۆڵیان هەبێت لەپێگەیشتن‌و چەسپاندنیدا، لەوانە:

١.بڵاوکردنەوەی وشیاریی سیاسی لەناو جەماوەرو کۆمەڵگەدا، ئەمەش لەرێگەی گشت کەناڵە جیاوازەکانی پەروەردەو فێرکردن‌و خوێندنی باڵاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و راگەیاندن.

٢.هەوڵدان بۆ رەخنەگرتن‌و قسەکردن لەسەر ئەو کەلتورە سەلبییەی سیاسەت کە لەم ناوچانەدا باڵادەستەو بەخشینی واتایەکی دیکەی بەهێز کە ئەویش هێزی ژیرییە. واتا هێز بەژیریی لێکبدرێتەوە، نەك بەئازایەتی‌و بازوو، بەلێبوردەیی بزانرێ نەك بەتۆڵە سەندنەوەو..هتد

٣.پەرەپێدانی بنەماکانی کەلتوری دیموکراسی لەبەرامبەر نەهێشتن‌و ریشەکێشکردنی رەهەندە جیاوازەکانی دیکتاتۆریی، چ لەبیرو هۆشی تاك‌و چ لەهەڵسوکەتی دەسەڵاتدا، بەجۆرێك کەلتوری دیموکراسی ببێتە کەلتوری گشتی‌و هەموان پێوەی پابەندبن.

٤.نزیکبونەوەی دەسەڵات لەجەماوەرو گوێگرتن‌و جێبەجێکردنی خواستەکانی جەماوەر. هەوڵدان بۆتێگەیشتنی جەماوەرو رێزگرتن لەداواکارییەکانی‌و رەوینەوەی ئەو بەدگومانییەی کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەیخاتەپاڵ هاوڵاتیان‌و جەماوەر بەوەی "ناپاك‌و دەستی دوژمنیان لەپشتە".





٥.باوەڕهێنان بەوەی جەماوەر چاوگی هێزی دەسەڵاتەو دەسەڵات پێویستە لەخزمەتی جەماوەردا بێت نەك بەپێچەوانەوە. بوونی شەفافییەت‌و راشکاوی لەنێوان هەردوو جەمسەری هاوکێشەی دەسەڵات‌و جەماوەر.

جەماوەر لەزۆر لایەنەوە پەیوەستی دەسەڵات دەبێتەوە، کەم‌و کورتییەکانی دەبینێت، بۆیە دەبێت دان بەچاودێری جەماوەردا بنرێت‌و بەسنگێکی فراوانەوە گوێ لەرەخنەکانی بگیرێت. بەپێچەوانەوە ئەگەر هاتوو دەسەڵات تێڕوانینەکانی بۆ هاوڵاتیانی خۆی‌و بۆ جەماوەرەکەی لەگومان‌و بەکەم تەماشاکردن‌و دوژمنایەتییەوە سەرچاوەی گرت، ئەوکات کەشوهەوایەك دەڕەخسێت تیایدا مرۆڤی نەخۆش‌و تورەو توندوتیژو تیرۆریست بەرهەمدێت.

## هۆکاری کۆمەڵایەتی:

ئەم هۆکارە کاتێك بەشداریدەکات لەبەرهەمهێنانی تیرۆردا کە کۆمەڵگە بونیادێکی کۆمەڵایەتی شێواوی هەبێت. کاتێك بەها مرۆییە باڵاکان ئەوانەی لەلادانی دەپارێزن لەرزۆك بن. کاتێك درۆو ناپاکی‌و بێمتمانەیی دەبێتە بەشێك لەماك‌و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی ڕاستەوانە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگانە لەباردەبن بۆ ئەوەی لەپێناو چێژ وەرگرتنێك یاخود بەرژەوەندییەکی ماددیی ببنە ماڵی زیندوی تۆڕە تیرۆریستییەکان.

ئەو تاکانە یاخود ئەو خێزانانەی لەدابونەریتی تەندروستی چەسپاوی کۆمەڵگە لادەدەن، راستەوخۆ دەبنە ئەو زەمینە لەبارەی هەموو ئەو رەگەزو شتانە لەخۆدەگرن کە ناتەندروستن.

ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی بەهۆی بەردەوامبونی ململانێی ئایینی‌و مەزهەبی‌و سیاسییەوەو بونی قەوارەی سیاسی جیاوازو پەرتەوازەیی، هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەموو هێزەکان بەردەوام هەوڵی شێواندنی بەها کۆمەڵایەتییەکانی بەرامبەرەکانیان داوەو بەتێپەڕبوونی مێژوو بووەتە نەریتێکی سەلبی کەلتوری ئەم ناوچانەو لەزۆرباردا "جەنگ‌و کوشتار، راگواستن، داگیرکاریی، نائارامی" هۆکاری بنەڕەتی شێواندنی بونیادە کۆمەڵایەتیەکان بوون.

## چارەسەری لایەنە جیاوازەکان

تێکچونی شیرازەی کۆمەڵ لەڕووی دابونەریتو هەڵسوکەوتو بیروبۆچونی کۆمەڵایەتییەوە کارەکتەری سەرەکین لەتەشەنەسەندنی دیاردەیەکی وەك تیرۆردا. چارەسەرکردنو یەکلاکردنەوەی تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی، هەروەها کارێکی سانا نییەو پێش هەر شتێك پێویستی بەدیاریکردنو شیتەڵکردن هەیەو ئەوەش کارێکە بەکەسانی پسپۆڕو شارەزا دەکرێت. ئەو چارەسەرەش پێشنیاز دەکرێت، پێویستە هەموو لایەك پێوەی پابەندبنو کار بۆ سەرخستنی بکەن، چونکە بەرەنگاربونەوەی تیرۆر چەندە لایەنی ئایینیو سیاسی هەیە، ئەوەندەش پەیوەستە بەچارەسەرکردنی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

### هۆکاری دەرونی:

کاتێك تاك هەست بەمەحروم بوون دەکات لەلایەن خێزانییەوە یاخود کۆمەڵگەکەیەوە، ئەوا گرێی دەرونی لەلادروستدەبێتو لەباتی خۆشەویستی رقی لێیان دەبێتەوە. کاتێکیش هەست بەجیاکارییو نادادی دەکات، رق ئەستور دەبێتو نەفرەت لەخێزانو کۆمەڵگەکەش دەکاتو پابەندبونو دڵسۆزی بەرامبەریان لەدەستدەدات. هاوکات مرۆڤ ئەگەر هەستی بەشکست یاخود ناتەواویی یان فەرامۆشکراویی بکات، پەنا بۆ هەموو هێزو بونێك دەبات کە ئەو ناتەواوییەی بۆ پڕبکاتەوە، یاخود ئەو شکستەی لەکۆڵکاتەوە. بەمەش رێگە لەبەردەم ئەو هێزانەدا خۆشدەبێت کە دەیانەوێت کەسانێك بخەنە خزمەتی کارە دزێوەکانیان.

### ئاشکراکردنی ئەو کەلتورەی لەپشت تیرۆرەوەیە

پێویستە بەوردی لەدابونەریتەکانمان بکۆڵینەوەو لایەنە باشو خراپەکانی دیاریبکەین. باشەکانی گەشە پێبدەینو خراپەکان لەناوبەرین تا بوارو زەمینە بۆ ئەو هێزانە نەڕەخسێت کە لێوەی توانیویانە دزەبکەنە نێومانەوەو تۆی خراپەو تیرۆریان لەنێوماندا چاندوە. هەروەها دەبێت نەهێڵین تاکەکانمان هەست بەبێبەشبونو جیاکاریو شکستو ناتەواویی بکەن.

پێویستە دەرونێکی ئارامو ئاسودە بۆ تاکەکانو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی تەندروست بۆ خەڵکی دەستەبەربکەین.





### هۆکاری ئابوریی:

ئەم هۆکارە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دەرکەوتنو پەرەسەندنی تیرۆر، لەبەرئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەژیانو مەرگی مرۆڤەکانەوە. بەهۆی جەنگانی دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە لەنێوان یەکتراداو کێبرکێی هەڵمەتی داگیرکارییانو فراوانکردنی قەڵەمڕەوییانو روبەروبونەوەو تێکۆشانی گەلانی خاکداگیرکراوی ئەم ناوچەیە بۆ وەدەستهێنانی ئازادیو سەربەستیو سەربەخۆیی خۆیان. پاشانیش ئەو دەوڵەتانەی کەهاتونەتە ئاراوە لەبەرئەوەی شەرعییەتی جەماوەرییان نەبووە، تەنیا لەخەمی پاراستنی دەسەڵاتەکەی خۆیاندا بونو گرنگییەکی ئەوتۆیان بەباشکردنی گوزەرانی جەماوەر نەداوە. بەمشێوەیە ئەم ناوچانە دوچاری نەزیفی ئابوریی بونەتەوەو، ژێرخانی ئابوریی لەم وڵاتانەدا ژێرخانێکی داتەپیوەو مرۆڤ بەدەست نەبونیو هەژارییەوە دەناڵێنێت.

کاتێك (باری ئابوریی) راستەوخۆ هەڕەشە لەژیانی بکاتو نەتوانێت بژێویو پێداویستییەکانی ژیانی خۆیو گشت ئەندامانی خێزانەکەی دابین بکات، یان نەتوانێت خەرجی چارەسەری نەخۆشی بدات، ئەوا لەدوو رێگەوە بەئاسانی فریودەدرێت:

١.لایەنێك بانگەشەی باشکردنی باری ئابورییو نەهێشتنی هەژاری دەکات، ئەم تێکەڵیان دەبێتو دەبێتە بەشێك لێیان، ئەوەی ئەوان داوای لێبکەن یان هانیبدەن بۆی، ئەنجامیدەدات.

٢.یاخود ئامادەدەبێت لەپێناو برێك پارەی کەمدا هەموو کارێك جێبەجێبکات، بێئەوەی بیر لەسروشتی کارەکەو ئاکامەکەی بکاتەوە. بزوتنەوە توندڕەوەکانیش زۆر بەباشی لەم راستییە گەیشتون، برێکی زۆری کارەکانیان لەم رێگەیەوە ئەنجامدەدەن.

### پوختە

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر لەبارودۆخی ژیانی هەر تاکێك لەوانەی ئەمڕۆ لەنێو گروپە تیرۆریستییەکاندا کاردەکەن، بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رۆشنبیری ئایینیو سیاسییان تەواو لاوازەو لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە شێواونو توشی گرێی دەرونی بونو سەر بەتوێژێکی هەژاری نێو کۆمەڵگەن.

بۆیە دەبێت لەسەر ئاستێکی فراوان کاربکرێت، ئەمکارەش تەنیا بەحکومەتو دانانی دەستور جێبەجێناکرێت، بەڵکو دەبێت تەواوی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەت کاری تێدا بکەن.

لەکۆتاییدا دەبێت ئەوە فەرامۆش نەکەین کە دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەماکانی سیستمی عەلمانیەت ، زامنی قەڵاچۆکردنی تیرۆر دەکات، چونکە لەدەوڵەتی عەلمانیدا ڕێگە بەپەرگیریو دەمارگیری ئاینیو نەتەوەییو سیاسی تەنانەت ڕۆشنبیریش نادرێت، بەڵکو کەشێك دەسازێت کەتەواوی گروپو کۆمەڵ ئایدۆلۆجیو نەتەوەییو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان بتوانن گوزارشت لەخۆیان بکەنو تێڕوانینو جوانیەکانی خۆیان بخەنەڕوو، بەلاَم هەموو فشارو سەپاندنێك ڕەتدەکرێتەوە.

بەمشێوەیە ئەگەر مافە نەتەوەییو سیاسیو کەلتوریو..هتد لەدەوڵەتدا پارێزراو بن، ئەوا پەنابردنە بەر تیرۆر لاواز دەبێتو بەرەو نەمان دەچێت، دیارە پاراستنی ئەو مافانەش لەدەوڵەتی عەلمانیدا بەرجەستە دەبێت.

*لێپرسراوی
مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی





## مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بەعسیزم

هیوا عەزیز

### یەکەم-هەلومەرجی دروستبوونو گەشەکردنی حزبی بەعس لەسوریا:

جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەری خراپو دیاری هەبوو لەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست، چونکە لەئەنجامی ململانێی هێزە ئیمپریالیستەکان کۆمەڵێك تەنگژەو قەیران لەبارودۆخی دەوڵەتو نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە سەریهەڵدا. بەسەپاندنی سیستمی ماندات بەسەر زۆر ولاَتانی ئەم ناوچەیە بارودۆخ ناهەموارتربوو، دەرەنجامی ئەم کەشو هەوا نالەبارەش بزوتنەوە ڕزگاریخوازیەکان سەریانهەڵدا.

بەم شێوەیە لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا ولاَتانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەشکرابوونو هەر دەوڵەتێکیش بەجۆرێك بەدەوڵەتە ئیمپریالیزمەکانەوە بەسترابووەو لەژێر سیستمی مانداتداو لەڕووی ئابوورییەوە پاشکۆبوو بۆی.

سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) جارێکی تر پەشێوی خستەوە ولاَتانی ئەم ناوچەیە، بەتایبەتی کاتێك هێزە سەنتەرو گەورەکان کەوتنە فراوانکردنی پێگەو دەسەلاَتی خۆیانو لەهەوڵی مسۆگەرکردنی زۆرترین بەرژەوەندی خۆیاندابوون.

سوریا وەك یەکێك لەولاَتە عەرەبیەکانو هاوکات یەکێکیش لەولاَتانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست، لەڕووی باری سیاسییەوە دوای جەنگی یەکەمی جیهان کەوتە ژێر ماندانی فەرەنساوە، ئەم ژێر دەستەییەی سوریا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیشدا بەردەوامبوو، لەبەرئەوە باری سیاسی سوریا زیاتر ڕووەو خراپی چوو، چونکە نوێنەری بالاَی فەرەنسی (گابریل

پیو) لەو پەیمانە پەشیمان بووبووە کە پێشتر لە(١/٣/١٩٣٦) لەگەڵ نیشتمانپەروەرە سوریەکان مۆریکردبوو[١].

پاشان کاتێك ئەڵمانیای نازی توانی فەرەنسا داگیربکات، بارودۆخ شپرزەیی تێکەوت، چونکە لەسوریا ڕاڕایی هەبوو لەوەدا کە پاڵپشتی کام لەو حکومەتە بکەن کە دروستبوون (حکومەتی مەنفا یان ئەو حکومەتەی کە سەر بەئەڵمانیا بوو لەفەرەنسا)[٢].

هەروەها ئەنجامی ئەم بارودۆخە سیاسییە نائارامو ناجێگیرە لەسوریادا چەندین ڕاپەڕینو خۆپیشاندان لەماوەی نێوان شوبات-ئازاری ساڵی (١٩٤١)دا بەرپابوو گشت شارو ناوچە جیاجیاکانی سوریای گرتەوە[٣].

لە (١٧ی ئابی١٩٤٣)دا پەرلەمانی سوریا هەڵبژێردراو (شوکری قوتەلی) بووە سەرۆکی کۆمارو (سەعدوڵلا جابری)یش بووە سەرۆك وەزیرانو (فارس خوری) کرایە سەرۆکی پەرلەمان، ئەم دەسەڵاتە نوێیە لەسوریادا وەك دەسەڵاتێکی نیشتمانی دەستیکرد بەکارکردنو سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی سوریا، ئەوە بوو لە(١٧)ی نیسانی (١٩٤٦)دا سوریا بەتەواوی بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ[٤].

دوابەدوای سەربەخۆیی، پێویست بوو حکومەتی سوری (کە خۆی لەدەستەی نیشتمانپەروەران —الکتلة الوطنیة-دا دەبینییەوە بەسەرۆکایەتی-شوکری القوتلی). هەوڵبدات شوێنەواری ئیمپریالیزم لەوڵاتدا بسڕێتەوەو کار لەسەر بەدیهێنانی خواستو ئامانجەکانی بکات، بەڵام لەم کاتەدا بەرەی نیشتمانی توشی ناکۆکی ناوخۆیی هاتو دەرەنجام دوو پارتی سیاسی دروستبوون، کە (پارتی نیشتمانی-الحزب الوطني)و (پارتی گەل-حزب الشعب) بوون، یەکەمیان لەدەسەڵاتدا مایەوەو دوەمیشیان بووە نەیار —معارچە- کە دیارترین ئەندامەکانی (رِۆشید کیخیاء ناظم قودسی )بوون[٥].

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەی عەرەبی بەگشتیو سوریا بەتایبەتی کۆمەڵگەیەکی ناکامڵو شپرزە بوو، چونکە ژێر دەستەبوونو کاریگەری هێرشەکانی مەغۆلو دواتر هاتنی عوسمانییەکانو ئەو ستەمو تاڵانیەی لەکۆمەڵگەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا بەئەنجامیان





گەیاند شوێنەواری نێگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی هەبوو. دواتر بەهاتنی هێزو سەپاندنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لەناوچەکانی ڕۆژهەڵات ئەم شپرزەییە زیاتر بوو، چونکە بوونە لەمپەر لەبەردەم بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە لەڕووی ڕۆشنبیریو کەلتورییەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا کۆمەڵگەی عەرەبی وەك ئەوەی لەچوارچێوەی وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهاندایەو گەشەکردنو پێگەیشتنی چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئاسایی نییەو سستمی دەرەبەگی کاریگەریو ڕەگو ڕیشەکانی بەقوڵایی لەکۆمەڵگەو تاکەکاندا داکوتاوەو بووەتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگەی عەرەبیو سەرهەڵدانی چەندین بیرۆکەو باڵی جۆراوجۆر کە لەڕووی سیاسیو هۆشیاری نەتەوەییەوە پڕکەمو کوڕیو لەبواری بیرو ئایدیاوە کاڵو لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەیان لەکۆمەڵگەی ترەوە خواسترابوونو لەهەوڵی بەکرداری کردنیاندا بوونو جۆرێك لەلێڵیو تەمو مژی پێوە دیاربوو[٦].

لەڕووی ئابووریەوە، وڵاتانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی لەقەیرانێکی ئابووریدا گوزەریان دەکرد، چونکە بنەمای ئابووریان زیاتر لەسەر کشتوکاڵ بەندبوو. هاوکات لەئەنجامی دواکەوتوویی هۆیەکانی بەرهەمهێنانو کەمی دەستی کارو زۆری ئەو باجو سەرانەیەی لەلایەن دەرەبەگ لەلایەكو حکومەتی دەسەڵاتدار لەلایەکی ترەوە (کەلە سەرەتادا دەوڵەتی عوسمانیو دواتر ئیمپریالیزم بوو) بووبووە هۆی خراپیو کەمی بەرهەم. لەگەڵ هاتنی ئیمپریالیزم بۆ ناوچەکە لەمپەرێکی تریش دروستبوو، ئەوەش بوون بەبازاڕی ئەم وڵاتانە بوو بۆ ساغکردنەوەی شمەکی بێگانەو قۆرخبوونی سەرمایەی وڵات لەدەست بیانیەکاندا، سوریا وەك وڵاتێکی عەرەبی هەمان گرفتی هەبوو، بەتایبەتی لەسەرەتای چلەکاندا کەبایەخی نەوت زیادیکرد دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان لەپێناو قۆرخکردنی کانە نەوتەکان وەك مادەیەکی خاو بەهەموو جۆرێك لەڕێگای کۆمپانیاکانیانەوە هەوڵیاندا دەستکەوتی دەرهێنانی نەوتی وڵاتانی عەرەبی بەدەستبهێنن، ئەم ململانێیەش زیاتر بووە هۆی ئەوەی باری ئابووری وڵات توشی ئاستەنگو تەگەرەبێت[٧].



هەواڵنامەی کتێب

بەمجۆرە بارودۆخی ناوخۆی وڵاتانی عەرەب بەگشتی بەدەست چەندین کێشەوە دەیناڵاند، هاوکاتو لەئەنجامی لاوازی هەستی نەتەوایەتیو هۆشیاری نەتەوەیی لەناوخۆدا دابەشکراوو هەوڵەکانیان پچڕپچڕو لەئاڕاستەدا پێچەوانەی یەکتری بوون.

سەبارەت بەسیاسەتی نێودەوڵەتی لەناوچەکەدا کەزیاتر خۆی لەکارە ئامادە باشییەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا دەبینییەوە، ناوچە عەرەبییەکان بوبوونە گۆڕەپانێکی گرنگ بۆ ململانێی سەربازیو سیاسی هەردوو بەرەی هاوپەیمانو وڵاتانی سەنتەر، گرنگترین هۆکاریش بریتی بوو لەسەرهەڵدانی بایەخی نەوت لەجیهانداو ناوچەکانی عێراقو دووڕگەی عەرەبیو کەنارەکانی کەنداوی عەرەب، وەك پشکنرابوو بڕێکی زۆری نەوتی خاوی تێدا دۆزرابووەوە، ئەمە وایکردبوو کەهەردوو بەرەی جەنگی جیهانی لەهەوڵی بەهێزکردنی ناوچەی خۆیاندابن.

لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگەوە بەرەی سەنتەر هەوڵیدا لەرێگەی بزوتنەوە نەتەوەییو ڕەگەزیو ئایینیو ئەو بزوتنەوە هەرێمیانەی کەئایدۆلۆجیاو ڕێکخستنێکی هەڵگۆزراوی فاشیانەیان هەبوو دژ بەداگیرکارە ڕۆژئاواییەکان (بەرەی هاوپەیمان)، بێتە ناوچەکەو پێگەی خۆی بەهێزبکات. ئەوەبوو لەدەرەنجامی ئەم هەوڵانەدا دوو ڕوداوی گرنگ لەنیشتمانی عەرەبیدا سەریهەڵدا، یەکەمیان لەساڵی(١٩٤١)و لەعێراق بەسەرۆکایەتی (ڕەشید عالی گەیلانی)و چەندان ئەفسەری تر، کە پەیوەندی بەهێزیان بەئەڵمانەکانەوە هەبوو، دووەمیان لەمیسرو بەسەرکردایەتی (عەزیز میسری)و چەند ئەفسەرێك کە هاوسۆزو ئاڕاستەی بزوتنەوەی (١٩٤١) بوون لەعێراق. ئەم تەوژمو ئاڕاستەیەی فاشیزمو بەرەی سەنتەر هەربەردەوام نەبوو، بەڵکو لەئەنجامی ئەو شکستانەی لەڕووی سەربازییەوەو لەبەرەکانی جەنگ توشیان هات، وردە وردە دەسەڵاتو پێگە سیاسیەکانیانی بەرەو تەسکبوونەوە برد، لەم چوارچێوەیەداو لەکۆتایی ساڵی (١٩٤٣)دا کاریگەری بەرەی سەنتەر لەسەر عەرەبییەکانیش ڕوو لەکەمبوونەوە بوو[٨].

لەلایەکی ترەوە هەریەك لەفەرەنساو بەریتانیا لەهەوڵی بەردەوامدابوون بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، لەکاتی دەستپێکردنی جەنگدا بەریتانیا ڕاستەوخۆ هەریەك





لەفەلەستینو ڕۆژهەڵاتی ئەردەنو کوێتو بەحرەینو ناوچەکانی کەنداوی عەرەبو عێراقو میسرو سعودیەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[٩].

ناوچەکانی سوریاو لوبنانو نیشتمانی عەرەبیش کەوتە ژێردەستی فەڕەنسا، هەروەها لەساڵی (١٩٤٣)دا ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوپای خۆی لەمەغریب دابەزاندو چەند بنکەیەکی ئاسمانیو دەریایی لەلیبیاو سعودیە دامەزراند[١٠].

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا کێشەی فەلەستینو بەهێزبوونی پێگەی جولەکە لەناوچەکە گرفتێکی تری نەتەوەی عەرەب بوو، کە گشت وڵاتە عەرەبییەکانو بەتایبەتی سوریاو لوبنانو میسر مەترسیان لێی هەبوو وەك پێگەیەکی ئیمپریالیزم سەیری ناوچەکانی جولەکەیان دەکرد[١١].

ئەم بارودۆخەی ئاماژەی بۆکرا ڕەنگدانەوەیەکی دیاری هەبوو لەسەر ئاڕاستەی فیکری کۆمەڵگەی عەرەبی، لەبەرئەوە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری بکەین دەبینین چەند پارتو ڕێکخراوی جۆراوجۆر لەڕووی بونیادی کۆمەڵایەتیو ئاڕاستەی فیکری بونیان هەبووە، لەوانە:

### ١- ئاڕاستەی ئایینی:

ئایینی ئیسلام بەو پێودانگەی بەزمانی عەرەبی و لەناو عەرەب هاتۆتە خوارەوە، کاریگەری دیاری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو کەلتوری عەرەب هەبووەو بووەتە شوناسێکی نەتەوەیی لەسەردەمە جیاوازەکاندا. بەڵام لەئەنجامی پوکانەوەو لەناوچونی دەسەڵاتە ئیسلامییەکانو نەمانی خەلیفەو خەلافەت وەك دوو سومبولی پیرۆز، کاریگەری زۆری کردە سەر عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدانی بیرۆکەی نوێ لەجیهاندا وەك (سۆسیالیزمو ناسۆنالیزمو لیبرالیزم و...)و پاشان گوازرانەوەی ئەم بیرۆکانە بۆ ناو کۆمەڵگەی عەرەبیو پەرەسەندنی لەناو تاکەکاندا، بووەهۆی ئەوەی تاکی عەرەبی هەریەك لەئاستی خۆیەوە بەپێی تێڕوانینی کەسی،یەکێك لەم بیرۆکانە بکاتە بنەما بۆ پێکهێنانی پارتو ڕێکخراوی سیاسیو گرفتەکانی پێ چارەسەربکات. بەمەش ئیسلام وەك ئایدۆلۆژیاو ڕێبازی فیکری ڕۆڵێکی ئەو تۆی نەماو خرایە کونجی مزگەوتو شوێنە ئاینییەکانەوە.

بۆ گۆڕینی ئەم ئاڕاستەیەو بەئیسلامی کردنی چارەسەرەکانو گێڕانەوەی سەرهەڵدانی گرفتو قەیرانەکان بۆ پیادە نەکردنی ئیسلامو بنەماکانی، چەندین کەسو گروپو لەژێر سایەی ئیسلامدا، پارتو ڕێکخراوی جۆراو جۆریان دروستکرد، وەك کۆمەڵەی (لاوانی موسڵمان) کە مەڵبەندی لەعێراقو سوریاو فەلەستین هەبوو، هەروەها (برایانی موسوڵمان-الإخوان المسلمین) لەمیسرو بزوتنەوەی مارۆنیەکانو ڕێکخراوی (نەجادەت) لەلوبنان[١٢].

## ٢- ئاڕاستەی ناسیۆنالیستی:

سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی عەرەب دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم، هەروەك سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن دیارترین کەسانی ئەم مەیدانە (ناصیف الیازجي-بطرس البستاني) بوون[١٣].

ڕەوتی نەتەوەیی عەرەب بەمجۆرەو گشت ناوچە عەرەبییەکانی گرتەوە، ئەم ئاڕاستەیە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیو بەڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەكو پارچەپارچەکردنی نیشتمانی عەرەبیو دەستبەسەراگرتنی لەلایەن ئیمپریالیزم لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ ئەمانەداو بەهێزبوونی مەترسی زایۆنیزم لەسەر ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەکی ترەوە زیاتر بەهێزبوو، بووە ئایدۆلۆجیای چەندین پارتو ڕێکخراوی عەرەبی کەئامانجیان پێکهێنانی کیانێکی نەتەوەییو لادانی بەربەستە دەستکردەکانو تیۆریزەکردنی بیرۆکەی نەتەوەی عەرەب بوو بەجۆرێك لەچوارچێوەیدا هەمووشتەکان بەعەرەب بکرێن[١٤].

دیاریترین نمونەی ئەم لایەنەش: کۆمەڵەی کاری نەتەوەیی (عصبة العمل القومي) سوریاو یانەی موسەننا لەعێراق بوو[١٥].

## ٣- ئاڕاستەی سۆسیالیستی:

دوابەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسی(١٩١٧)و پیادە بوونی یەکەم ئەزمونی سۆسیالیستی لەدەسەڵاتدا، بووەهۆی ئەوەی گەلانی ژێردەستو چەوساوەو هەژار چاوبکەنە ئەم ئەزمونە، نەتەوەی عەرەبیش وەك یەکێك لەو نەتەوانە کەلەئەنجامی سیاسەتی چەوسێنەرانەی دەوڵەتی





عوسمانیو دواکەوتوویی وولات لەڕووی ئابووریو هەژاریو برسێتی خەڵکەکەی، ناوەندێکی لەباربوو بۆ چەکەرەکردنو گەشەکردنی بیری مارکسیزم لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا[١٦].

بەو جۆرە لەیەکەم بانگەشەی سۆسیالیزمەوە بۆ ماوەی زیاتر لەنیو سەدە شیوعیەت لەناو عەرەبداو لەدژی ئیمپریالیزم بەردەوامبوو. چەندین گروپو پارتیان لەسەر بنەمای ئەم ئایدۆلۆجیایە پێکهێنا، لەوانە (جماعة الأهالي) لەعێراق (١٩٣١)، کۆمەڵەی عەبدولڕەحمان شەهیدو ئیبراهیم حەدادو عەبدولاّ عەلایلی لەسوریاو لوبنان لەسیەکاندا و هەندێك باڵی پارتی(وفد) لەمیسر، هەروها حزبی شیوعی سوری-لوبنانی (١٩٢٤)و حزبی شیوعی جەزائیر (١٩٣٠)[١٧].

## ٤- ئاڕاستەی هەرێمگەرایی:

ئەم ئاڕاستەیە جیاواز لەناسیۆنالیستەکان، سۆزو ئینتمایەکی نەتەوەییان نەدەخوێندەوەو لەچوارچێوەو هەرێمێکی دیاریکراوداو پەیوەست بەو هەرێمە کاریان دەکردو بڕوایان بەبوونی چەند نەتەوەیەکی عەرەب هەبوو، لەوانە: بزوتنەوەی فیرعەونیەکان لەمیسرو بزوتنەوەی فینیقیەکان لەلوبنانو پارتی نەتەوەیی سوریا(١٩٣٢)[١٨].

## ٥- ئاڕاستەی لیبرالیزم:

ئەم ئاڕاستەیە ئەو گروپو لایەنانەی دەگرتەوە کە کەوتبونە بەر کاریگەری شۆڕشی فەرەنسیو بنەماکانیو ئەو سیستمو ڕەوتە یاساییو ئازادییەی لەڕۆژئاوادا سەریهەڵدابوو، کە بەشێوەیەکی گشتی بورژواکانی دەگرتەوە. لەوانە پارتی (وفد) لەمیسرو دەستەی نیشتمانی سوریاو پارتی ڕاپەڕینی نیشتمانیو پارتی ئازادی عێراق لەعێراقو بزوتنەوەی نیشتمانی لەسودان(١٩٣٦)[١٩].

بەمجۆرە دەبینین بارودۆخی نیشتمانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتیو لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوەو لەپێشو کاتی جەنگی جیهاندا تووشی قەیرانو ئاستەنگ بووبوو، ئەمەش دەرەنجامی هاوتانەبوونی نێوان دیاردەی ئیمپریالیزم بوو بەهەموو بوونێکی سەربازیو پێگەکانی لەنیشتمانی عەرەبداو ئەو هەیمەنە ئابووریو سیاسیەی هەیبوو، لەگەڵ بزوتنەوەی



هەواڵنامەی کتێب

ڕزگاریخوازی‌و نەتەوەیی عەرەبدا کە تازە پێگەیشتبوو پڕکەموکوڕی بوو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەڕووی فیکری‌و ئایدۆلۆجیەوە پارچەپارچەو کەلێنی گەورە لەبونیادی ئایدۆلۆجی‌و گوتاری نەتەوەییدا هەبوو[٢٠]. لەم بارودۆخەداو وەك سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن بیرۆکەی دروستکردنی پارتێك بەناوی (بەعس) گەڵاڵە بوو.

سەبارەت بەسەرەتاو چۆنیەتی دروستبوون‌و کەسانی دامەزرێنەرو هۆکارو هاندەرەکانی دامەزراندنی ئەم حزبە جیاوازی هەیە. بەڵام ئەوەی جێگەی گومان نییە ئەوەیە ئەم پارتە دوای گەڕانەوەی هەردوو کەسایەتی دیاری ناو ئەم پارتە (میشیل عەفلەق)و (سەلاحەدین بەیتار) لەڕۆژئاوا بۆ سوریا لەسیەکانی سەدەی بیستەمدا، دروستبووە، ئەمەش هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی سەرەتای دروستبوونی حزبی بەعس بۆ سیەکانی سەدەی بیست بگێڕنەوەو بەدرێژکراوەی (کۆمەڵەی کاری نەتەوەیی-عصبە العمل القومی) دابنێن کە لە لوبنان (١٩٣٣) دروستبووبوو، دیارترین دروشمەکانیشی بریتی بوو لە(کێشەی عەرەب کێشەیەکی یەکگرتووەو پارچەپارچە ناکرێت)، (عەرەب هەمووی یەك نەتەوەیە)[٢١].

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، هەندێکی تر سەرەتای دامەزراندنی حزبی بەعس دەگێڕنەوە بۆ سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم، کاتێك یەکەم ڕوونکردنەوە لەلایەن چەند کەسێکەوە بڵاوکرایەوە کە ژمارەیان لە(١٠)کەس کەمتربوو خۆیان ناونابوو (بزوتنەوەی ژیاندنەوەی عەرەبی-حرکە البعث العربیە) ئەم بڵاوکراوە وەك پرۆگرامی ئەم بزوتنەوەیە وابوو[٢٢].

سەبارەت بەدامەزرێنەرانی حزبی بەعس بەهەمان شێوە جیاوازی هەیە، هەندێك پێیانوایە (زەکی ئەرسوزی) دامەزرێنەری سەرەکی ئەم پارتەیە، هاوکات کۆمەڵێکی تر پێیانوایە (میشیل عەفلەق) دامەزرێنەری حزبی بەعسە[٢٣].

ئەم جیاوازییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەبناغەوە (بەعس) لەدووباڵ پێکهاتووە، باڵێکیان (میشیل عەفلەق‌و سەلاحەدین بەیتار) سەرپەرشتیان کردووەو باڵەکەی تری (زەکی ئەرسوزی)[٢٤]. بەڵام کاتێك (زەکی ئەرسوزی) لەساڵی (١٩٩٤)دا دەست لەسیاسەت





دەکێشێتەوە، هەردوو باڵەکەی ئەم پارتە دەبنەوە بەیەك‌و دەچنە ژێر سەرپەرشتی (میشیل عەفلەق)ەوە[٢٥].

بەعس وەك بزوتنەوەیەکی پەرەسەندوو بنکەیەکی فراوانی نەبوو لەناو تاکەکانی کۆمەڵ، بەڵکو بەشێکی کەم لەخوێندکارو ڕۆشنبیران لەدەوری کۆبوونەوە. بەڵام لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٤٧)دا ئەم بنکەیە تارادەیەك فراوان بوو، هەروەها لەسەرەتای مانگی تەمموزی (١٩٤٦)دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (بەعس)یان دەرکرد کە ئۆرگانی ڕاستەوخۆی حزب بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئامانج‌و بانگەشەکردن بۆ دروشمەکانی[٢٦].

حزبی بەعس بەجۆرە لەقۆناغی گەڵاڵە بووندابوو تاوەکو ڕۆژانی (٤-٦)ی نیسانی ساڵی (١٩٤٧) یەکەم کۆنگرەی خۆی گرێدا، کە بەکۆنگرەی دامەزراندن ناودەبرێت‌و لەمیانەیدا پەیڕەوپرۆگرامی حزب ئامادەکراو (میشیل عەفلەق) بەسکرتێرو ڕاگری حزب دانراو دەزگایەکی جێبەجێکردن پێکهێنرا کە لەسێ ئەندام پێکهاتبوو[٢٧].

لەساڵی (١٩٥٣)دا (حزبی بەعسی عەرەبی) لەگەڵ (حزبی سۆسیالیستی عەرەبی) کە لەلایەن (ئەکرەم حورانی) دروستکرابوو یەکیان گرت‌و ناوی حزب بوو بە(حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی- حزب البعث العربی الأشتراکی)[٢٨].

بەجۆرە حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی هاتە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی‌و خۆی وەك حزبێکی جیاواز لەحزبەکانی تری بزوتنەوەی عەرەبی ناساند، لەوەدا کە توانیویەتی چوارچێوەیەکی هەمەلایەن بەشۆڕشی عەرەبی ببەخشێت لەهەردوو بواری تیۆرو پراکتیکداو ئەمەشی لەهەرسێ دروشمی (ئازادی‌و سۆسیالیستی‌و یەکبون)دا بەرجەستەکردووە. لێرەوە بەعس خۆی بەئەو مامانە لەقەڵەمدا کەئایدۆلۆجیای شۆڕشگێڕی هێنایە دنیای ڕزگاریخوازی عەرەبییەوە[٢٩].

بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر سەیری ئەو واقیع‌و بارودۆخە ناهەموارە بکەین کەحزبی بەعسی تێدا لەدایکبوو، هاوکات بەراوردی بکەین بەبنەماو ئامانج‌و پرۆگرامەی لەیەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی (نیسانی١٩٤٧)دا بڕیاری لەسەردرا، زۆر لایەنی شاراوەو مەرامی شۆفێنی ئەم

حزبەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کەهەوڵیداوە لەڕێگەی دروشمو بانگەشەی مرۆڤ دۆستانەوە خەڵکی پێ فریوبداتو پێگەی جەماوەری بۆ خۆی بەهێزبکات.

ئەگەر سەرنجێکی ووردی ئەو پرۆگرامە بدەین کە لەیەکەمین کۆنگرەی دامەزراندیدا گەڵاڵەکراوە، ئەتوانین ئەو لایەنە شۆفێنییە بەدیبکەین کە لەیەکەم هەنگاوی دەستپێكو سەرەتای بەعسدا خۆی حەشارداوە:

جەختکردن لەسەر یەکێتی خاكو نەتەوەی عەرەب، بەجۆرێك نیشتمانی عەرەب یەکەیەکی سیاسیو ئابوری لێکدانەبڕاوەو یەکەیەکی فەرهەنگی ڕۆشنبیرییە لەهەمان کاتدا، هەر جیاکاریو سنورێکی نێوانیشیان، بونێکی کاتی هەیەو لەگەڵ زیندوبوونەوەی ویژدانی تاکی عەرەبیو زیادبوونی هۆشیاری نەتەوەیی، ئەم سنورانە بوونیان نامێنێت[٣٠].

هەروەها داکۆکی لەوە دەکات داهاتو بەروبوومی ئەم نیشتمانەو قۆرخکردنو بەڕێوەبردنی تەنها بۆ نەتەوەی عەرەبە. بەمجۆرە لەڕووی هەڵوێستی بەعس لەبەرامبەر ئەو کەمەنەتەوانەی لەنیشتیمانی عەرەبدا دەژین مافێکی تایبەتیان بۆ دیاری ناکات، بگرە هەوڵی تواندنەوەیان دەداتو ئاماژە دەکات کە "کەمەنەتەوە ناعەرەبەکان کە ناتوانرێ لەکۆمەڵی عەرەبدا بتوێنرێنەوەو بەشێوەیەکی تەواو بەعەرەب بکرێن، دەخرێنە ژێر یاسای تایبەتییەوە کەئەرکو مافەکانیان بەشێوەیەکی وادیاری دەکات نەتوانن زیان بە بەرژەوەندییەکانی عەرەب بگەیەننو هەر بەبێگانەش دادەنرێن. مافی دەوڵەتی عەرەبیشە هەرکاتێ بیەوێ ئەوانەی زیان بەبەرژەوەندییەکانی دەگەیەنن، دەریان بکاتو دروستکردنی قوتابخانەو دامەزراندنی ڕێکخراوو ڕۆژنامە بەزمانەکانیانو بانگەوازی نەتەوایەتیشیان لێ قەدەغەبکات"[٣١]. لێرەوە بەناوی دژایەتیکردنی دیاردەی مەزهەبگەریو عەشیرەتگەریو هەرێمچێتی، ئەو مافە بەخۆیان دەدەن کە گشت کەمەنەتەوەکان لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبدا لەقاڵب بدرێت[٣٢].

سەبارەت بەدروشمی (أمة عربية واحدة ذات رسالة خالدة) لەگەڵ ئەوەی بانگەشەیەکی دیاری شێوە نازییە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو (پەیامە نەمرە) لەلایەن بەعسەوە ڕوونەکراوەتەوە، کاتێك ئاماژە بەوە دەکەن کەئەم پەیامە بۆ داهاتوو ئیستاو ڕابردووی عەرەبەو چارەسەرێکی





ئەفسوناوی کێشە نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو ئابوریەکانی لەخۆگرتووە. باس لەوەش ناکات ئەم پەیامە لەسەر چ کەلتورو مێژویەکی عەرەب بونیاتنراوە، چونکە بەعسیەکان هەم مێژووی ئیسلامیو ئەو مێژووەش کە ئەوانی تێدا هاتنەبوون ڕەتدەکەنەوە ... ئەوەش کە تاڕادەیەك شیاوی تێگەیشتن بێت، بریتییە لەڕەخنەگرتن لەواقیعو دیاریکردنی کەمو کوڕیو لاوازیەکان، چارەسەری هەموو ئەولایەنو خالانەش بە(وحدە)و (حریە)و (اشتراکیە) چارەسەردەکات. لەکاتێکدا هەریەك لەم چەمکانە ماناو گوزارشتێکی هەیە لەدیدی بەعسدا کە گەلێك جیاوازە لەو مانا گشتییەی کە لەنێوەندی جیهاندا باسی لێوەدەکرێت، واتە گشت چەمكو زاراوەکان لەفیکری بەعسدا پێناسەی تایبەتیان هەیەو بەعسێنراون بەو جۆرەی لەگەڵ خواستو مەبەستەکانی بەعسیزم بگونجێت، ئەگەرچی ئەو چەمکانە مانا ڕەسەنەکانی خۆیان لەدەستبدەن.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی مێژووی دواتری بەعسیەکان ئەوەی سەلماند هیچ کام لەم دروشمانەی بۆ نەهاتە گۆڕەپانی کارو لەکۆمەڵدا پیادەنەبوو. بگرە بەکرداری دژی هەندێك لەدروشمەکانی خۆیان وەستانەوەو یەکێتییەکیان دەویست کەخۆیان دەسەلاتداربن تێیدا. یان ڕوونبوەوە کەتەنها خەڵك بۆ ستایشی بەعس ئازادەو لەدەرەوەی ئەو سنورە زیندانەکانو سێدارە دەبووە چارەنوسی هەموو کەسێك کەتەنها لەشوێنێکی گومانلێکراوەوە گوزەری بکردایە.

سەرچاوەی دەسەلات لەدیدی بەعسیزمدا هەروەك لەکۆنگرەی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کراوە (گەل)ە، واتە گەل شێوازی دەسەلاتو کەسی دەسەلاتدار هەڵدەبژێرێت[٣٣]، بەلام ئەم لایەنە تەنها دروشمێکی دیماگۆجیانەی فاشیانە بوو بۆ فریودانی خەڵك، چونکە دوای ئەوەی چونە دەسەلات تەنها شێوازێکی کارتۆنیانەیان لەهەڵبژاردنو لایەنە دیموکراسیەکان پەیڕەودەکردو دیکتاتۆریانە بڕیارەکانی خۆیان جێبەجێدەکرد، سادەترین سەرپێچی یان ناڕەزایی گەلیش بەتۆپو تانكو لولەی تفەنگەکان وەلام دەدرایەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەیری هەمان ئەدەبیات بکەین کەباس لەسەرچاوەی بەدەسەلات بوونی گەل دەکات، پرەنسیپێکی تر هەیە کەباسی کودەتا (انقلاب) دەکات. کودەتاش بەمانای لەڕیشە دەرهێنانی گشت گرفتو دیاردە ناپەسەندەکانو سستەمو دابو نەریتە کۆمەڵایەتییە

نارەواکان[٣٤]، هاوکات پشتبەستنی بەعس بەکودەتا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە (کودەتا) ڕێگایەکی خێرایە بۆ چونە دەسەلات، چونکە ڕێگای چاکسازی لەیەکە بچوکەکانی کۆمەڵ ڕێگایەکی هێواشو درێژخایەنەو ئەمەش لەدیدی بەعسدا هەلی ڕەخساو لەباردەبات. لێرەوە کودەتاو چونە دەسەلاتو چاکسازی لەسەرەوە بۆ خوارەوە گونجاوترین شێوازی لەدەستگرتنی دەسەلاتە لەدیدی بەعسیزمدا.

بەمجۆرەو لەم خاڵەدا ئەوگەلەی سەرچاوەی دەسەلاتە هیچ بوونو مانایەکی لۆجیکی نامێنێتو خواستی دکتاتۆریەت وەك سیمایەکی بەعس خۆی ڕووندەکاتەوەو لەسەر هەموو چەمکە دیموکراسیو بەناومرۆییەکان خۆی زاڵدەکات .

ئەم لایەنانەو چەندین لایەنی تری ئەم دەستورەی بەعس کەلەکۆنگرەی دامەزراندنی حزبدا بڕیاری لەسەردرا، مەبەست پێی پەروەردەکردنی کۆمەڵێك بوو کەتوانای قبوڵکردنی سستمی (نفذ ثم ناقش)ی هەبێتو هاوشێوەی ئەو کەسانەی لێدەربچێت کە تا ئەوپەڕی شۆڤێنیو لەترۆپکی ڕەگەز پەرستیدا بێت. بەجۆرێك لەهیچ چوارچێوەیەکدا بەرامبەری قبول نەبێت کە باس لەنەتەوەی خۆی بکات، بەڵکو بەعسیزم ببێتە ئەو ڕەمزە پیرۆزەی کەهیچ کات نەتوانێت باس لەکەمو کوڕیو هەڵەکانی بکات، بەپێچەوانەوە بڕوای بەپاکو بێگەردیو ڕەهایی ڕاستی ئەم ڕێبازە هەبێتو بڵێت:

**أمنت بالبعث رباً لاشريك له          وبالعروبة ديناً ماله ثان**

یان بڵێت:

**البعث ديني والعروبة مذهبي[٣٥].**

شۆڤێنیو تاکڕەوی بەعس ئەوەندە بێئەندازە بوو کە نەك نەتەوە ناعەرەبەکان ڕەتبکاتەوەو هەموو شتەکان بەعەرەب بکات، بەڵکو بڕوای بەهیچ پارتو ڕێکخراوێکی عەرەبی تر نەبوو بەڕاستو چەپیەوەو خۆی بەئیلهام بەخشی ڕوحی شۆڕشگێڕیو نەتەوەیی عەرەب دەزانیو هەموو تاکێکی ڕیزەکانی خۆیان وافێردەکرد کە بەعسیزم ڕێبازی ڕاستەقینەی نەتەوەییو شۆڕشگێڕی





عەرەبەو بێجگە لەم ڕێبازە گشت باڵو ڕێبازەکان ناڕاستو دروستکراوی دەستی بێگانەنو توانای خوێندنەوەو تێگەیشتنی کێشەکانی عەرەبو چارەسەری ئەم کێشانەیان نییە.

هەروەك چۆن خۆیان بەو داهێنەرە لەقەڵەمدا کە توانیویەتی ڕێبازی سۆسیالیزم لەگەڵ نەتەوایەتی عەرەب ئاوێتە بکاتو بیخاتە خزمەت شۆڕشی ڕزگاریخوازی عەرەبی[٣٦]، لەکاتێکدا ئەم بانگەشەیە هەر لەڕووپەڕی پرۆگرامەکەیاندا مایەوەو واقیعی بەخۆیەوە نەبینی.

## دووەم-پەڕینەوەی بەعسیزم بۆ عێراق:

دوابەدوای گرێدانی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی بەعس لەنیسانی ساڵی (١٩٤٧)، بڕیاردرا بۆ گەشەپێدانو گشتگیرکردنی ئایدۆلۆجیای بەعسیزم لەو وڵاتو هەرێمە عەرەبییەکانی تردا دەستبەکار بکرێتو شانەی ڕێکخستن دروستبکرێت[٣٧].

عێراق وەك یەکێك لەهەرێمە عەرەبییەکان، بەو پێیەی هاوسێی نزیکی سوریابوو پەیوەندی هاتوچۆ لەنێوانیاندا ئاسان بوو، لەڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابووریشەوە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ سووریادا نەبوو، هەمان ئەو گرفتو قەیرانەی لەوڵاتانی عەرەبی بەدیدەکرا بەگشتی لەعێراقیش هەبوو. هاوکات و لەگەڵ ئەمانەدا، نسکۆی عەرەب لەبەرامبەر ئیسرائیل لەساڵی (١٩٤٨)دا بارودۆخی سیاسی وڵاتانی عەرەبی نالەبارتر کرد. هەروەها مۆرکردنی پەیماننامەی (پۆرتسمۆس) لەکانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨)دا ناڕەزاییەکی جەماوەری لەعێراق دژی ڕژێمی پاشایەتی هێنایە بوون[٣٨].

لەم بارودۆخەدا تۆوی بەعسیزم لەعێراق لەلایەن (فائز ئیسماعیل) خوێندکاری کۆلێجی مافو (وەسفی غانم) خوێندکاری خانەی باڵای مامۆستایانو (سلێمان عیسا)ی[٣٩] شاعیرو (ئەدهەم مستەفا)و (شبلي العيسمي) چێنراو گەشەی پێدرا[٤٠].

لەلایەکی ترەوە، ئەو خوێندکارە عێراقیانەی لەسووریاو لوبنان بوون کەوتبوونە ژێر کاریگەری (حزبی بەعس)ەوە نامیلکەو بڵاوکراوەکانی بەعسیان دەنار بۆ عێراقو لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێکخستنەدا بوون. بۆ نمونە (سەعدون حەمادی) کە لەبێروت دەیخوێندو شانەیەکی حزبی لەساڵی (١٩٤٨) لەشاری (کەربەلا) پێکهێنا[٤١].

دەستەی (فائز ئیسماعیل)یش لەم ماوەیەدا توانیان سێ (فیرقە) لەناوچەکانی (کەرادەو ئەعزەمیەو کەرخ) بنیات بنێن[٤٢].

بەمجۆرە بەیەکگرتنی هەردوو باڵەکەی ڕێکخستن، سەرەتای دروستبوونو خەملینی ئایدۆلۆجیای بەعس لەعێراق بەرجەستە دەبێتو ئاراستە وەردەگرێت. لەیەکەم هەنگاوەوە (فائیز ئیسماعیل) سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام دوای تەواوکردنی خوێندن (فائیز ئیسماعیل) لەساڵی (١٩٥٠)دا گەڕایەوە بۆ سووریا. لەبەرئەوە (عبدالرحمان زامن) بووە جێگری (فائیز)، بەڵام پاش ماوەیەكو لەساڵی(١٩٥١)دا دەستی لەکار کێشایەوەو (فوئاد رکابی) کە ماوەی ساڵێك بوو پەیوەندی بەبەعسەوە کردبوو، کرا بەلێپرسراوی ڕێکخستنەکان[٤٣].

ڕێکخستنەکانی بەعس لەفراوان بووندابوو بەجۆرێك لەساڵی (١٩٥٢)دا لەلایەن (سەرکردایەتی نەتەوەیی – القیادة القومیة)وە وەك باڵێکی سەربەخۆو هەر بەناوی (حزبی بەعسی عەرەب)ەوە دانی پێدانرا، لەم کاتەدا ژمارەی ئەندامانی (٢٨٩) ئەندام بووە[٤٤].

لێرەوە ئەم ڕێکخستنە وەك حزبێکی سیاسیو نەتەوەیی نهێنی هاتە مەیدانو باڵێك بوو لەحزبی بەعسی سووریاو بە(لقی هەرێمی عێراق) ناسرابوو، بەرپرسەکەی ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی بوو.

یەکەم چالاکیو جووڵەی حزبی بەعس لەعێراق بەشداری کردنیان بوو لەڕاپەڕینی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٢).لەم ڕاپەڕینەدا خوێندکارانی کۆلیجی دەرمانسازیو ئادابو ئەندازیاریو خانەی باڵای مامۆستایان لەدژی ڕێکەوتننامەی نەوتی ساڵی (١٩٥٢) هاتنە سەرشەقامەکانو هانی خەڵکیان دەدا ڕاپەڕین لەدژی ئەم ڕێکەوتنە بەرپابکەن. لەم ڕاپەڕینەدا لە(١٦ی تشرینی دووەمی١٩٥٢)دا بەعسیەکان بانگەوازێکی نارەزاییو هاندانی جەماوەرییان بلاوکردەوەو ئەم ڕێکەوتنەیان بەپیلانێکی داگیرکاریو دژ بەبەرژەوەندیەکانی گەل خستە بەرچاوی خەڵك[٤٥].

ئەم خۆئاشکراکردنو هەڵوێستەی بەعس بەناوی (بەعس)ەوە نەبوو، بەڵکو لەژێر چەندین ناوی جۆراوجۆردا بوو. وەك (لاوانی عەرەب–شباب العربی، عەرەبە سۆسیالیستەکان –





الأشتراکیون العرب)[٤٦]، بەڵام لە(٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٥٢)داو لەژمارە (٣٦٢٦)ی ساڵی (١٤)یەمداو لەلاپەڕە(٢)ی ڕۆژنامەی (الاخبار)ی بەغدادیدا ،بۆ یەکەمجار ڕایگەیاند ڕێکخستنێکی نهێنی بەناوی (حزبی بەعسی عەرەب) لەعێراق دامەزراوە[٤٧].

حزبی بەعس توانی لەدوای ڕاپەڕینی تشرینی دووەم تارادەیەك خۆی لەناو جەماوەردا بناسێنێت. هەروەها توانی ناکۆکیو دابەشبوونی حزبی شیوعی بقۆزێتەوەو کاتێك بەشێك لەشیوعیەکان تووشی گرتن بوونو بواری کارکردنیان لێ تەسك کرایەوە، زیاتر بووە هۆی لەباربوونی بارودۆخەکە بۆ جموجوڵی بەعسیەکان.

یەکگرتنی هەردوو حزبی بەعسی عەرەبیو حزبی سۆسیالیستی عەرەب لەساڵی (١٩٥٣)دا، کاریگەری دیاری هەبوو لەسەر گشت لقو باڵەکانی حزب لەناوچە جیاجیاکانی نیشتمانی عەرەب. چونکە ئەم هەنگاوە کردنەوەی دەرگایەکی تر بوو بەڕووی چەپو سۆسیالیستەکانداو بەمەش بەشێکی تری تاکەکانی کۆمەڵگەیان لەخۆیان کۆکردەوە، ئەم کاریگەریە ئەگەرچی کەمیش بووبێت لەعێراقدا ڕەنگیدایەوە[٤٨].

لەساڵی (١٩٥٤)دا یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی (حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب – هەرێمی عێراق) بەسترا، ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە (١٨–٢٠) ئەندام بوو. لەمیانەیدا (فوئاد رکابی) وەك (ئەمیندار-امین السر)و (شەمسەدین کازم)و (فەیسەڵ حبیب خەیزەران)و (جەعفەر قاسم حەمودی) وەك ئەندامانی سەرکردایەتی هەڵبژێردران[٤٩].

هەروەها بەبیانووی نەبوونی هەڵوێست لەسەر هێرشە سێ قۆڵیەکەی سەر (میسر) لەساڵی (١٩٥٦)دا بەعسیەکان بەشداری ڕاپەڕینێکیان لەدژی ڕژێمی پاشایەتی کرد[٥٠]، هەر لەم ماوەیەدا تێکەڵبوونو جەمبوونەوەی نێوان هەردوو بەعسو جەماوەری (عبدالناصر) دروستبوو، بەتایبەتی لەموسڵو ڕومادیو کەرخو ئەعزەمیە، ئەم لێك نزیکبوونەوەیە زیاتربوو، لەمیانەیدا بەعس توانی بەشێك لەو جەماوەرە بۆخۆی ڕێکبخات[٥١].



هەواڵنامەی کتێب

لەکۆتایی شوباتی ساڵی (١٩٥٧)دا حزبی بەعس بەشداری لەبەرەی یەکێتی نیشتمانی)دا کرد کە لەچوار پارتی ئۆپۆزسیۆن پێکهاتبوو: (حزبی شیوعی عێراق‌و حزبی ئیستقلالی عێراق‌و حزبی وەتەنی دیموکراتی‌و حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب)[٥٢].

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٦–١٩٥٧) سەردەمی ناجێگیری بارودۆخی عێراق بوو، لەبەرامبەرداو دارودەستەی پاشایەتی لەڕێگەی هەڵمەتەکانی گرتن‌و بەندکردنەوە ڕووبەڕووی ئەندام‌و لایەنگرانی هەر دیاردەیەکی نارەزایی‌و کارێکی ئۆپۆزسیۆن دەبوونەوە[٥٣].

لەم ماوەیەداو لەئەنجامی پەشێوی وڵات‌و خراپی بارودرخی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی، بیرۆکەی سازدانی کودەتای سەربازی، لەلایەن کۆمەڵێك ئەفسەری سوپا کەخۆیان لەچوارچێوەی ڕێکخستنێکدا بەناوی (ضباط الأحرار) دروستکردبوو، سەریهەڵدا.

حزبی بەعس ئەگەرچی تا ئەو کاتە وەك حزبێکی نهێنی کاریدەکردو جەماوەرێکی فراوانی نەبوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت توانی هەواڵی ئەم ڕێکخستنەو مەبەستەکانیان شارەزابێت‌و لەڕێگەی ئەو ئەفسەرە بەعسیانەی لەپێکهاتەی (ضباط الأحرار)دا هەبوون پەیوەندی بەم پرۆژەیەوە بکات. دیارترین ئەو ئەفسەرانەش (سەرۆك ڕوکن ساڵح مەهدی عەماش‌و سەرۆك ڕوکن حەسەن مستەفا نەقیب) بوون، ئەمە سەرەڕای ئەو پەیوەندیەی لەنێوان (عەبدولسەلام محەمەد عارف‌و فوئاد رکابی)دا هەبوو[٥٤]، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەفسەرە بەعسیەکان پلەیەکی وایان نەبوو لەئاستی سەرکردایەتی بزوتنەوەکە، یان پلان دارشتن بێت بۆ شۆڕش[٥٥].

لەمیانەی ئەم پەیوەندیانەداو دواجار لەڕۆژی هەینی (١١)ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨) (مولازم عەلا جنابی)، (حزبی بەعس)ی ئاگادارکردەوە، کاتی دیاریکراوی شۆڕش بەرەبەیانی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) دەبێت. نیشانەش بۆ دەستپێکردن تێپەڕبوونی لیوای (٢٠)ە بەناو شاری (بەغداد)دا، هەروەها داوای لێکردن دام‌و دەزگاو ئەندامانی حزب لەباری ئاگاداری‌و ئامادەباشیدا بن بۆ هاوکاری‌و پاڵپشتی (ضباط الأحرار)[٥٦].

لەبەر ئەوە لەم کاتەدا (سەرکردایەتی هەرێمی – قيادة القطري) کۆبوونەوەیەکی نائاسایی‌و خێرای بۆ دیاریکردنی هەڵوێست لەمەڕ ڕووداوەکان بەست، لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا





هاوکاری‌و پاڵپشتی ئەم کودەتایە بکرێت‌و بەشداری یەکەمین حکومەتی ئەم شۆڕشە بکەن. شیاوی باسە هەروەك ئەندامانی بزوتنەوەی (ضباط الأحرار) ئاماژەی بۆ دەکەن ناوی (فوئاد رکابی) ئەمینداری بەعس لەڕیزبەندی ناوی وەزیرەکانی ئەم شۆڕشەدا پێشنیارکرابوو[٥٧].

لەڕۆژی دووشەممە (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨)دا شۆڕش کلپەی سەندو دەرەنجام ڕژێمی پاشایەتی عێراق کۆتایی هات‌و (عەبدولکەریم قاسم) بووە یەکەمین سەرۆك وەزیرانی سیستمی کۆماری وڵات، (عەقید عەبدولسەلام عارف)یش بوو بەجێگری[٥٨].

سەبارەت بەڕۆڵی بەعس، لەگەڵ ئەوەی بەعسیەکان مێژوویەکیان بۆ خۆیان دروستکردووەو ڕۆڵێکی دیاریان بۆ خۆیان دروستکردووە. بگرە زۆرجار خۆیان وەك خاوەن بیرۆکەو پلانی شۆڕشەکە دەرخستووە، بەڵام لەم لایەنەدا (هانی فەکیکی) کەخۆی وەك بەعسیەك لەنزیکەوە ئاگای لەڕووداوەکان بووە دەنوسێت: "ئەوەی هەندێك نووسەر ئاماژەی بۆ دەکەن لەبەشداریکردنی حزب لەم شۆڕشە لەڕووی چەك‌و سەربازیەوە ڕاست نییە، ئەگەرچی سەرکردایەتی بەعس زانیاری تەواوی لەبارەی ئەم شۆڕشەوە هەبوو"[٥٩].

یەکێك لەو یۆتۆپیایانەی بەعس خەوی پێوە دەبینی بریتی بوو لەیەکگرتنی خێرای عێراق لەگەڵ (کۆماری عەرەبی یەکگگرتوو)دا، پاڵپشتی‌و پیاهەڵدانی شۆڕشی (١٤)ی تەمموز پیرۆزیەکەی لەدیدی بەعسدا لەم لایەنەوە بوو، کە شۆڕش کلیلی کردنەوەی دەرگای یەکگرتنە. لەکۆتایی هاوینی ساڵی (١٩٥٨)دا بارودۆخ وای لێهات کەس گومانی لەوە نەبوو (عەبدولکەریم قاسم) خۆی داوەتە پاڵ ئاراستەی هەرێمگەری‌و خۆی لەبیرۆکەی یەکگرتنی عێراق لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لادا[٦٠]، لەبەرامبەردا شیوعیەکان لەهەوڵی ڕەخنەگرتن‌و دەرخستنی کەم‌و کوڕیەکانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا کاریاندەکرد[٦١].

لێرەوەو دوابەدوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموز بەعس ڕووبەڕووی فشارو مەترسی شیوعیەکان بووەوە، بەهێزی شیوعیەکان‌و فراوانی جەماوەرەکەی بەجۆرێك کاریگەری خستەسەر بەعسیەکان کە بواری کاری بەعس زۆر تەسك بووەوەو ڕێکخستنەکانی بەرەو لاوازی برد. لەم ماوەیەداو تا

کودەتای(١٩٦٣) بەعس، شیوعیەکان توانیان هەیمەنە لەسەر شەقامو گۆڕەپانی سیاسی بەغداد بکەن[٦٢].

بەعسیەکان، لەدوای (١٤)ی تەموز بەتایبەتی کاتێك شیوعیەکان فشاریان ختەسەر هێزو پارتە نەتەوەییەکان، بڕیاریاندا کەلایەنگریو پاڵپشتی کەسایەتی دووەمی شۆڕش بکەن، واتە (عەبدولسەلام محەمەد عارف)و لێرەوە دروشمی یەکگرتنی عێراق لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەرزبکەنەوەو بانگەشەی بۆ بکەنو لەژێر سایەی عەبدولسەلام عارفدا کاری خۆیان ئەنجامبدەن[٦٣].

ناکۆکیو ململانێی نێوان حزبی بەعسو شیوعیەکان لەبرەودابوو، بەجۆرێك چەندجار پێکدادان لەنێوانیاندا ڕوویدا، هەروەها ئەم ناکۆکیانە چەند دەرەنجامێکی لێکەوتەوە کەدیارترینیان شکستهێنانی ناسیۆنالیستەکان بوو، بەتایبەتی کاتێك (عەبدولسەلام عارف) لەچوارچێوەی ناکۆکیو ململانێی لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسم)داو لەپلانی کوشتنی قاسمدا شکستیخوارد. لە(١٢)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٥٨)دا لەفەرماندەیی باڵای هێزە چەکدارەکان لابراو گشت پلەو پایە حکومیەکانی لێسەنرایەوە. ئەمە سەرەڕای داخستنی ئۆرگانو بڵاوکراوەکانی بەعسی قەدەغەکردو ئەندامانو لایەنگرانی تووشی بەندکردنو ڕاوەدونان هاتن[٦٤].

لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتای شۆڕشەوە جۆرێك لەئازادیو دیموکراسی هەبوو بۆ ڕێگەدان بەچالاکی پارتو ڕێکخراوەکانو ئازادی ڕۆژنامەگەری، بەڵام بۆ مسۆگەرکردنی دەسەڵاتی خۆی دەستیکرد بەچاندنی تۆوی دووبەرەکیو ناکۆکی لەنێوان حزبەکانداو لایەنگری لایەکی دەکرد لەدژی لایەکی ترو ناکۆکیو ململانێی لەناو ئەندامانی یەك حزبدا دروستدەکرد[٦٥].

دیکتاتۆریەتی قاسمو تاکڕەوی لەدەسەڵاتدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ڕووندەبووەوەو چەمکی (زعیم الأوحد) لەدروشمو ڕاگەیاندنەکاندا زیاتر تۆخکرایەوەو (ماکو زعیم إلاّ کریم) کە(عەبدولسولام عارف) لەبەرامبەر (قاسم)داو لەسەرەتای شۆڕشدا دەری بڕی، کرایە دروشمێك لەسەر زمانی شیوعیەکانو جەماوەر دەوترایەوە[٦٦].





لەئەنجامی هاتنەکایەی دیاردەو پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لەلایەن (قاسم)ەوە، ململانێی نێو گۆڕەپانی سیاسی بۆ دووبەرە دابەشبوو. بەرەیەکیان بەعسو ناسیونالیستەکان بوون کە بانگەشەی یەکگرتنیان دەکرد، بەرەکەی تر شیوعیەکانو داروەدەستەی حکومەت بوو کە چاویان لەیەکێتی سۆڤیەت بڕیبوو، ئەم بارودۆخە زیاتر کەوتبووە ژێرکاریگەری هەردوو بلۆکی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتو نمونەیەکی بچوککراوەی جەنگی سارد بوو[٦٧].

لێرەوەو لەماوەی فەرمانڕەوایی (قاسم)دا، بەپلەی یەکەم حزبی بەعس لەدژایەتیکردنی (عەبدولکەریم قاسم)دا بوو، چونکە بەگەورەترین کۆسپو لەمپەری بەردەم وەدیهێنانی یەکێتی عەرەب لەقەڵەمدرا[٦٨].

لەکۆتایی ساڵی (١٩٥٨)دا ئەمینداری هەرێمی حزبی بەعس (فوئاد رکابی) بڕیاریدا بۆ پڕکردنەوەی جێگەی ئەو ئەندامە سەرکردایەتیانەی لەدەرەنجامی گیرانو هەڵاتنو دەست لەکارکێشانەوە وازیان هێنابوو، بەئەندامی نوێ ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوەو لەوانە (ئەیاد سەعید سابتو مەدحەت ئیبراهیم جومعەو تاڵب شبیب) کران بەئەندامی سەرکردایەتی)، تاڵب شەبیب دەڵێت: لەم کاتەدا زانیمان کە (عەقید عەبدولوەهاب شەواف) خۆی بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێك لەموسڵ ئامادە دەکات، ئەفسەرە نەتەوەییەکان لەسەروویانەوە (ڕەفعەت حاجی سریو عەبدولکەریم فەرحانو نازم تەبقجلی) پاڵپشتی دەکەن[٦٩].

ئەوەبوو لەبەرەبەیانی (٨)ی ئازاری (١٩٥٩)دا شۆڕش لەدژی دەسەڵاتی (قاسم)و شیوعیەکان کلپەی سەند، بەڵام توانرا زوو ڕووبەڕووی ببنەوەو ئەم شۆڕشە بەرەو لەناوچوون بەرنو سەرکردەکانی لەسێدارە بدەن[٧٠].

هەروەها خۆپیشاندانو ڕاپەڕینی کەرکوك لە(١٤)ی تەموزی (١٩٥٩) ڕوویداو پێکدادانی کوردو تورکمانەکانی تێدا بەرجەستەبوو، ئەمەش دواجار هەڵوێستی توندڕەوانەی شیوعیەکانو کوشتنو گرتنی خەڵکی لێکەوتەوە[٧١].

سەرەڕای ئەوەی (بەعس) هیچ ڕۆڵو کاریگەریەکی لەسەر ئەم ڕووداوانەو لەڕوودانیاندا نەبوو[٧٢]، بەڵام هەڵوێستی شیوعیەکانو قاسم بەشێوەیەکی گشتیو چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی

جەماوەر کە توندوتیژترین هۆکاریان گرتبووە بەر، گوڕوتینێکی تری بەحزبی بەعس بەخشی بۆ بانگەشەی نەتەوایەتیو ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات[٧٣]. ئەشێت هەندێك لەبەعسیەکانی موسڵ بەشداریان هەبوبێت[٧٤]، بەڵام ئەم بەشداریە وەك هەڵوێستێکی کەسی بووە نەك حزبی.

دەرەنجامی شکستی هەوڵەکانی (شەواف)، وەزیرە ناسیونالیستەکان لەحکومەتەکەی قاسم کشانەوە، هەروەها لەکارەساتی کەرکوکیشەوە (قاسم) هەوڵیدا سنورێك بۆ چالاکیو فراوانی شیوعیەکان دابنێتو مەودای کارکردنی تەسککردنەوەو دەستیکرد بەگرتنو بەندکردنیان[٧٥].

دوای شکستی (شەواف) بەعسیەکان لەناوبردنو کوشتنی (عەبدولکەریم قاسم)یان کردە گرنگترین هەنگاو خاڵی دەسپێك. بۆ ئەم مەبەستە دەستیانکرد بەچاودێری کردنی (قاسم)و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی، لەم پێناوەدا چەندجار هەروەك (تاڵب شبیب) ئاماژەی بۆ دەکات بۆسەیان بۆ دانا بۆ تیرۆرکردنی، بەڵام هیچیان لەو پلانانە جێبەجێ نەبوون. دواجار لەئێوارەی (٧)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٩)و لەشەقامی ڕەشید لەنزیك (ڕەئس ئەلقەریە) بۆسەیەکیان بۆدانا لەکاتێکدا کە قاسم ڕووەو بارەگای باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا دەچوو دایانە بەر دەستڕێژی گوللە، بەڵام (قاسم) بەبریندارى ڕزگاری بوو[٧٦].

لە (٢٦)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٥٩) دادگایی کردنی ئەو کەسانە دەستپێکرد کە بەتۆمەتی بەشداریکردن لەبۆسەی کوشتنی (قاسم) بەندکرابوون. لەمیانەی دادگایی کردندا تاوانبارکراوەکان دانیان بەتاوانەکانی خۆیاندا ناو چاونەترسانە بەرگریان لەخۆیان کرد. لەگەڵ ئەوەی دادگا فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندن، بەڵام (قاسم) جێبەجێکردنەکەی دواخست تاوەکو لە(٨)ی شوباتدا بەتەواوی ڕزگاریان بوو[٧٧].

شکستی ئەم هەوڵەی بەعسیەکان کاردانەوەی دیاری لێکەوتەوە، لەلایەك بووە هۆی ئەوەی لەکۆنگرەی چوارەمدا لەئابی (١٩٦٠) (فوئاد رکابی) بگۆردرێت، هەروەها ئەم شکستە وایکرد (بەعس) واز لەکاری تیرۆرو پچرپچڕ بهێنێتو پلانی بەرپاکردنی کودەتایەکی سەربازی دەستپێبکات کە دواتر لەکودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) ڕەنگیدایەوە[٧٨].





## ١- کودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣):

لەدوای شکستی بەعس لەساڵی (١٩٥٩)، بەعس دەستیکرد بەخۆڕێکخستنو سازدانی کودەتایەك بۆ لابردنی (عەبدولکەریم قاسم) لەدەسەڵات[٧٩].

شکستی هەوڵی تیرۆرکردنی (قاسم)و هەوڵدانی (سەرکردایەتی نەتەوەیی) بۆ سەلماندنی بێئاگایی خۆی لەم هەوڵەو هاوکات دروستبوونی دەنگی ناڕەزایی لەناو ریزەکانی ڕێکخستنی (بەعس). بووەهۆی ئەوەی لە(٢٩)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٩) سەرکردایەتی هەرێمی (قيادة القطري) هەڵوەشێنرێتو کابینەیەکی کاتی بۆ ئەم سەرکردایەتییە پێکبهێنرێت کە (تاڵب شبیب) سەرکردایەتی بکات. یەکەم کاری ئەم سەرکردایەتییە نوێیە کاتیە بریتی بوو لەدابڕانی (فوئاد رکابی) لەحزبی بەعس[٨٠].

پاش ماوەیەك سەرکردایەتی هەرێمی بەعس درا بە(عەلی ساڵح سەعدی) کە لەبەهاری ساڵی (١٩٦٠) گەڕایەوە بەغداد، هەرچۆن بێت عەلی ساڵح سەعدی توانی بەعس لەپەراوێزیو پارچەپارچەییەوە کۆبکاتەوەو لەسەرەتای ساڵی (١٩٦١)دا چالاکی بەعس دەستپێبکردەوە، لیژنەیەکی سەربازی پێکهێنرا بۆ ڕێکخستنی کاروباری سەربازیو سەرپەرشتی جەنگی ناوخۆیی[٨١].

لەساڵی (١٩٦١)دا دوو خۆپیشاندان ڕوویدا، یەکێکیان لەلایەن شۆفێرە خاوەن ئۆتۆمبیلەکان لەدژی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین، دووەمیان لەلایەن کارگوزارانی کارگەی جگەرەوە بوو، حزبی بەعس بەشداری هەبوو لەسازدانی ئەم خۆپیشاندانانەو هاندانی خەڵکدا[٨٢].

هەروەها لەساڵی (١٩٦٢)و لەدەرەنجامی کارە دزێوەکانی (کوڕی مەهداوی) سەرۆکی دادگای گەل لە(٢٧)ی کانوونی یەکەمدا خۆپیشاندان سازدرا، ئەمە جگە لەو خۆپیشاندانەی بۆ پاڵپشتی شۆڕشی یەمەن لە(٤/١٠/١٩٦٢)دا سازدراو لەم خۆپیشاندانانەدا بەعس ڕۆڵی خۆی بینی[٨٣].

هەروەها جگە لەم بارودۆخە، چەند هۆکارێکی تریش ڕۆڵی هەبوو لەخۆشکردنی بارودۆخ بۆ بەرپابوونی کودەتای (٨)ی شوبات، دیکتاتۆریەتی قاسمو تاکڕەوی لەدەسەڵاتدا بەجۆرێك نەك هەر ناسیونالیستو ناسریەکانی کردە نەیاری خۆی، بەڵکو شیوعیەکانیشی گرتەوەو توشی چەندین هەڵمەتی گرتنو بەندکردن بوون، هاوکات باری ئابووری وڵاتیش کە داتەپاوبوو کاریگەری هەبوو لەسەر ئەم لایەنە.

لەدرێژەی ئامادە باشیەکانی بەعس بۆ سازدانی کودەتایەکی سەربازی لەدژی (عەبدولکەریم قاسم)، وەك سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن لەنێوان (٥ — ٩) هەوڵو نەخشە هەبووە. بەڵام هەر یەکێکیانو لەبەر چەندین هۆکاری خۆییو بابەتی جێبەجێ نەبووە تادواجار لەبەرەبەیانی ڕۆژی هەینی (٨)ی شوباتی (١٩٦٣)و لە(١٤)ی مانگی ڕەمەزاندا سەریگرت[٨٤].

سەرەتای ئامادە باشی بەعس بۆ ئەم کودەتایە لەپێکهێنانی دەزگایەکی سەربازیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ناویان لێنابوو (پاسەوانی نەتەوەیی — الحرس القومی) کە لەساڵی (١٩٦٢)دا وەك باڵی سەربازی بەعس هاتە مەیدان، دیارترین ئەندامانی ئەم دەزگایە (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو ساڵح مەهدی عەماشو حەردان تکریتیو زیاب ئەلعەلکاویو مونزیر ئەلوەنداوی) بوون[٨٥].

لێرەوە بەعس هەوڵیدا لەڕێگەی ئەندامە سەربازەکانیەوە پەیوەندی بکات بەڕیزەکانی لەشکری عێراقو ئەفسەرە نەتەوەییەکانو ئەوانەش کەدژی ڕژێمی قاسم بوون بیێنێتە ناو چوارچێوەی ڕێکخستنە سەربازیەکانی خۆیەوە. بەم شێوەیە ژمارەی ئەندامانی باڵی سەربازی بەعس تاوەکو مانگی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) لەنێوان (١٠٠ بۆ ١٢٠) ئەفسەربوو، کە پلەی سەربازیان جۆراوجۆر بوو[٨٦]، ئەگەرچی ژمارەی ئەم ئەفسەرانە کەمە، بەڵام هەموویان پلەی سەربازییان بەرزبوو لەبوارە جۆربەجۆرەکانی کاری سەربازیشدا بەشداریان هەبوو.

لەناوەڕاستی ساڵی (١٩٦٢)دا، بەعسیەکان زۆرترو جدیتر دەستیانکرد بەهەوڵدانو زیاتر بایەخیان بەکەتیبەی چواری تانکەکانو هێزی ئاسمانی لەئەبوغرێب دەدا، بەتایبەتی بنکەی (حەببانیە)ی نزیك بەغداد کە (٢٠کم) لەبەغدادەوە دووربوو[٨٧]. هەروەها هەوڵیاندا چەکو تەقەمەنی بۆ ناو شار بگوازنەوەو بەسەر خێزانی بەعسیەکاندا دابەشیبکەن[٨٨].





لە(٥/٢/١٩٦٣)دا سەرکردایەتی هەرێمی لەماڵی (تاڵب شبیب) کۆبوونەوەو باسیان لەچۆنیەتی دەستپێکردنو نەخشەکانیان کرد، دوای یەك کاتژمێر لەکۆبوونەوە پیاوانی قاسم گەمارۆی ماڵی (شبیب)یان داو لەئەنجامدا (بەهادین شبیبو عیماد شبیبو کەریم شنتاقو عەلی صالح سەعدیو ئەدیبە شبیب) دەستگیرکران. بەڵام (حازم جواد) کە لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداریکردبوو بەهۆی ئەوەی پەیوەندی بەلقی بەغداوە بکات دوای کۆبوونەوەکە ڕۆشتبوو لەم بۆسەیە ڕزگاری بووبوو، هەروەها (تاڵب شبیب)یش بۆ کڕینی خواردەمەنی هاتبووە دەرەوە دەستگیرنەکرا[٨٩].

هەرچۆن بێت تاڵب شبیبو ئەندامەکانی تر توانیان پەیوەندی بەئەفسەرەکانەوە بکەنو دوای دابەشکردنی هێزەکانو چەسپاندنی یەکەم هەنگاوی دەسپێكو بەستنی چەند کۆنگرەیەکی تر لەڕۆژانی (٦و٧)ی شوبات، توانرا کاتژمێری (سفر) کە بەرەبەیانی(٨) شوباتو ڕۆژی هەینی بوو بەپاڵپشتی سێ فڕۆکەی جەنگی کە دوانیان لەجۆری (هنتر هوکر)و ئەوی تر لەجۆری (میك)بوو بەسەرکردایەتی نەقیبی فڕۆکەوان (مونزیر تۆفیق وەنداوی)و چەند فڕۆکەوانێکی تر کودەتا دەستپێکردو یەکەم ڕاگەیاندن لەئێزگەی ئەبوغرێب لەلایەن (تاڵب شبیبو حازم جواد) پەخشکرا[٩٠].

بەمجۆرە کودەتای ساڵی (١٩٦٣) سەریگرتو توانرا دوای چەند ڕۆژێك دەستبەسەر ڕژێمی قاسمدا بگیرێت، لەڕۆژی (٢٩/٢/١٩٦٣)دا عەبدولکەریم قاسمو چەند کەسێکی تر) دوای دادگایی کردنێکی کارتۆنی فەرمانی لەسێدارەدانیان دراو لەناوبران[٩١].

لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا جەماوەری قاسمو شیوعیەکان هەوڵی زۆریان خستەکار بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کودەتای (١٩٦٣)، بەڵام دواجار شکستیانهێناو سەرنەکەوتن.

دوابەدوای بڵاو کردنەوەی چەند ڕاگەیاندنێك، پێکهاتەی وەزارەتو حکومەتی بەعسیەکان بەمجۆرە ئاشکرا کرا:[٩٢]

| | |
|---|---|
| عەبدولسەلام عارف | سەرۆك کۆمار. |
| ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر | سەرۆکی وەزیران. |



هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| عەلی سالح سەعدی | جێگری سەرەك وەزیران‌و وەزیری ناوخۆ. |
| مقدم سالم مەهدی عەمماش | وەزیری بەرگری. |
| تالب حسین شبیب | وەزیری دەرەوە. |
| موقەدەم عەبدولستار عەبدول لەتیف | وەزیری گەیاندن. |
| دکتۆر عیزەت مستەفا | وەزیری تەندروستی. |
| مەهی دولعی | وەزیری داد. |
| محمود شیخ خەتتاب | وەزیری شارەوانی. |
| باباعەلی | وەزیری کشتوکاڵ. |
| دکتۆر عەبدولعەزیز وتاری | وەزیری نەوت. |
| دکتۆر ئەحمەد عەبدولستار جواری | وەزیری پەروەردەو فێرکردن. |
| سالح کوبە | وەزیری دارایی. |
| عەبدولستار حسین | وەزیری فریاگوزاری. |
| شوکری سالح زەکی | وەزیری بازرگانی. |
| دکتۆر سەعدون حەمادی | وەزیری چاکسازی کشتوکاڵی. |
| حەمید شلخاو | وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی. |
| دکتۆر مسارع راوی | وەزیری ئیرشاد. |
| دکتۆر عەبدولکەریم ئەلعەلی | وەزیری نەخشەکێشان. |
| ناجی تالب | وەزیری پیشەسازی. |
| فوئاد عارف | وەزیری دەوڵەت. |
| حازم جواد | وەزیری دەوڵەت. |

بەم شێوازە یەکەم ئەزمونی دەسەڵاتداری حزبی بەعس دەستپێکرد. ئەم کودەتایە لەلایەنی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) بەڕێوەچوو کە لەسەرەتاوە هەر هەمان ئەندامانی (لیژنەی راوێژکاری)بوون. بیرۆکەو پلانی شۆڕشەکەیان دارشتو لە(عەلی سالح سەعدی‌و حازم جواد‌و





تالب حسین شبیب‌و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو سالح مەهدی عەمماش‌و عەبدولستار عەبدوللەتیف‌و حەردان تکریتی‌و مونزیر وەنداوی) پێکهاتبوو. بەڵام دواتر عەبدولسەلام عارف‌و تاهیر یەحیاو عەبدولکەریم نوسرەت‌و زیاب عەلکاوی)‌و دواتریش (خالد مەککی هاشمی) بۆ زیاد کرا (ئەنوەر حەدیس)یش کرایە سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش[٩٣].

سەبارەت بەهۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم کودەتایە، ئەتوانرێت چەندین هۆکاری خۆیی‌و بابەتی دەستنیشان بکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج‌و تێبینیە بریتییە لەوتەیەکی (عەلی سالح سەعدی) کاتێك دەڵێت: "ئێمە بەشەمەندەفەری ئەنگلۆ – ئەمریکی گەشتین بەدەسەڵات"[٩٤].

هەروەها (محمد حەسەنین هەیکەل) لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (مەلیك حسین)دا لە(٢٧/٩/١٩٦٣)داو لەڕۆژنامەی (ئەهرام)دا کە لەقاهیرە دەرچووە ئاماژە بۆ لێدوانێکی (مەلیك حسین) دەکات‌و نوسیویەتی "ڕێگەم بدە پێت بڵێم ئەو ڕووداوانەی لە(٨)ی شوباتدا لەعێراق ڕوویاندا پاڵپشتی‌و هاوکاری دەزگای هەواڵگری ئەمریکی لەپشتیەوە بوو، ئەوانەی ئەمڕۆ فەرمانڕەوای عێراق دەکەن ئەم زانیاریانە نازانن، بەڵام من ئەم ڕاستیە باش دەزانم، چەندین کۆبوونەوە لەنێوان حزبی بەعس‌و (CIA)دا بەستراوە، گرنگترینیان لە(کوەیت) بوو"[٩٥].

یەکێك لەو هاوکاریانەی (CIA) بۆ بەعس بریتی بوو لەئاشکراکردنی ناوی ئەندامانی حزبی شیوعی‌و بەعسیەکان، لەڕوانگەی ئەمەوە هەڵیان کوتایە سەریان‌و لەماڵەکانیان هێناویانەتە دەرەوەو لەناویان بردوون[٩٦].

هەروەها (فکیکی) لەنوسینەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە "لەناوەڕاستی مانگی شوباتی١٩٦٣دا لیژنەیەك لەموقەدەم محمد یوسف تەهاو جەعفەر قاسم حەمودی‌و موقەدەم علی عەریم پێکهات، بۆ جەرد کردنی کەل‌و پەلی شوێنی عەبدولکەریم قاسم‌و پۆلێن کردنی بەڵگەنامەو هاوپێچەکانی. من (هانی فەکیکی) لەگەڵ عەلی سالح سەعدی لەنوسینگەی وەزارەتی ناوخۆ بووین کاتێك جەعفەر قاسم بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردین پێی ڕاگەیاندین کە



هەواڵنامەی کتێب

مەلەفێکی تایبەت بە(دکتۆر ئیلیا زغیب) کە مامۆستایەکی لوبنانییەو لەزانکۆی بەغدا دەرسی دەوتەوە دۆزراوەتەوە. ئەم مامۆستایە لەسەر پشتگیریکردنی (میشیل عەفلەق) کردبوومان بەبازنەی پەیوەندی نێوان ئێمەو سەرکردایەتی نەتەوەیی لەسووریاو چەندین نامەی بۆ هێنابووین یان پێماندا ناردبوو، کاتێك سەیری ئەم مەلەفەمان کرد ڕاپۆرتێکی زۆری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتیی‌و هەواڵگری سەربازی تێدابوو کە ئاماژە بەپەیوەندی (زەغیب) بە(CIA)و هاوکاریکردنی لەگەڵ بەعسدا دەکات‌و داوا لەقاسم دەکەن دەستگیری بکەن‌و لەعێراق دووری بخەنەوە"[٩٧].

لەگەڵ سەرکەوتنی کودەتای (١٩٦٣)و هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعسیەکان لەعێراق، (میشیل عەفلەق) لەنامەیەکی پیرۆزباییدا بۆ کودەتاچیەکان، کودەتای (٨)ی شوباتی بەزادەی شۆڕشی (١٤)ی تەمووز ناوبردو نوسی: "ئێمە بەسەرسامی‌و بەگەرمی خوازیاری بەردەوامی ئەم شۆڕشە سۆسیالیستە عەرەبییەین، هەنووکە سەردەمی هاوکاری‌و خەباتی هاوبەشی نێوان (حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب)و جەماوەری شۆڕشگێڕە لەپێناو بەدیهێنان‌و بەرجەستەکردنی هەرسێ بنەمای یەکێتی‌و ئازادی‌و سۆسیالیزم"[٩٨].

لێرەوە قۆناغێکی نوێ لەژیان‌و مومارەسەی کاری بەعسیەکان دەستپێدەکات، بەجۆرێك ئەگەر پێشتر وەك پارتێکی ئۆپۆزسیۆن کاریاندەکرد، ئێستا چوونەتە دەسەڵات‌و کاتی پیادەکردنی دروشم‌و بنەماکانیان هاتۆتەپێش. بەڵام (تالب شبیب) دەڵێت: "بەعسیەکان کاتێك چوونە دەسەڵاتەوە هەروەك ئەو حزبە کاریاندەکرد کە ئۆپۆزسیۆن بووەو هەمان گوتارو هەڵوێست‌و ئەدەبیاتیان هەبوو، نەك وەك پارتێکی دەسەڵاتدار جڵەوی دەوڵەتێکی لەدەستبێت"[٩٩].

ئەم لایەنە وایکرد ماوەی (٩) مانگ فەرمانڕەوایی (بەعس) لەعێراق ئەزمونێکی تاڵ‌و ترسناك لەعێراق جێبهێڵێت‌و گەلی عێراق تووشی قەیران‌و چەرمەسەری بکات. هاوکات وێنەیەکی ناشرینی بەعس بەعێراق‌و هەموو دونیا ببەخشێت‌و دەرەنجام توانای ژیانیان لەدەسەڵات بەجۆرێك کەمبکاتەوە کە لە(٩) مانگدا خۆی ببینێتەوە.





کەم‌و کوڕی‌و سلبیاتەکانی بەعس‌و ئەو ئایدۆلۆژیا یۆتۆپیاییەی هەیبوو هێندە ناواقیعی‌و نەشیاوبوو کە هەر ئەندامێکی بەعس بدوێنیت بڵێت: "دەرەنجامی لۆجیکی بریتیە لەوە حزبی بەعس هەر لەیەك لایەنەوە ناتەواوو کەموکوڕی نەبووە، بەڵکو حزب لەسەرەتاوەو لەهەموو بوارەکاندا بەم کەموکوڕیە دەستپێکرد"[١٠٠].

لەبەرئەوە دەبینین کاتێك بەعسیەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست بەرنامەیەکیان نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات‌و شێوازی فەرمانڕەواییکردن، لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتی نەتەوەیی بە(٣) مانگ پێش کودەتا لەهەوڵی دانانی بەرنامەدا بووە بۆ دەسەڵات، بەڵام دانەنراوە، تەنانەت (مونیف ڕەززاز) دەڵێت: "دوای ئەوەی جارێکی تر لە(١٣)ی شوبات کۆبووینەوە بەرنامەکە هەر دانەنرابوو، لەبەرئەوە (من‌و عەبدوڵڵا عەبدولدائم) یان دیاریکرد بۆ داڕشتنی" بەجۆرە ئاماژە بەوە دەکات لەماوەی (٣) ڕۆژدا بەرنامەیەك داڕێژراو بردمان بۆ بەغداد، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "بڕواناکەم یەکێ لەبەعسیەکان سەیریان کردبێت"[١٠١].

بۆیە دەبینین حکومەتی (٨)ی شوبات هیچ بەرنامەیەکی کاتیی یان چەسپاوی لەبەردەستدانەبوو بۆ پێشکەشکردنی، هیچ میکانیزمێکی پیادەکردنی دەسەڵاتی دیاری نەکردبوو بۆ ئەوەی ئەگەر شکستی خوارد بڵێت بارودۆخەکە بەهێزتربوو لەتوانای جێبەجێکردنی. بەڵکو تەنها درێژەی بەدام‌و دەزگا بەجێماوەکانی سەردەمی قاسمدا، یان بۆ هەر ڕووداوو گۆڕانکاریەك هەڵوێستێکی پەرچەکرداریانەو کارێکی بەپەلە دەبوە یاساو دەستوور بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، تەنها چەند گۆڕانکاریەکی لەکارمەندو ئەو فەرمانبەرانەدا کرد کە لایەنگری قاسم بوون‌و هەندێك پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گۆڕی‌و گۆڕانکاری لەئەفسەرانی سوپادا کردو ئەوەی شیوعی یان لایەنگری قاسم بووبێت لابران، بەجۆرێك زیاتر لەهەزار ئەفسەر دەرکران لەسوپا[١٠٢].

لێرەوە هیچ بنەمایەك نەبوو بۆ بەدیهێنانی خەونی (سەردەمی هاوکاری‌و خەباتی هاوبەشی نێوان بەعس‌و جەماوەر). بۆیە دواتر گشت هەوڵەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی

یەکێتیو ئازادیو سۆسیالیزم نەك هەر شکستدەهێنن، بەڵکو دژیان دەوەستنەوەو پێچەوانەکانیان پراکتیزە دەکرێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنەو سەرنجدان لەپێکهاتەو گۆڕانکاریەکانی بارودۆخی سەردەمی یەکەم دەسەڵاتی بەعسیەکان، هەوڵئەدەین لەچەند خاڵێکدا دیاترین سیماکانی ئەم بارودۆخەو هەڵوێستی بەعس لەدەسەڵاتداو لەبەرامبەر لایەنە جۆراوجۆرەکان دیاریبکەین.

### ١. بەعسو شیوعیەکان:

بەعسیەکان لەسەرەتاوە کودەتای (٨)ی شوبات یان بە(شۆڕشی١٤ی ڕەمەزان) ناوزەدکردو بەرگێکی (ئایینی)یان کردەبەر[١٠٣]. ئەم کارەی بەعسیەکان دوولایەن بوو، لەلایەك هەوڵیاندا هەستو سۆزی ئایینی خەڵك بوروژێننو بەرەو خۆیان کێشی بکەنو خەڵکی پێ فریوبدەن، لەلایەکی ترەوە بۆ بەرگرتن بوو لەبڵاوبوونەوەو سنووردارکردنی چالاکی شیوعیەکانو لێرەوە لەهەوڵی لێدانی شیوعیەکاندا بوونو بەناوی دینو دژی کوفر کاری توندوتیژو نامرۆڤانەیان لەبەرامبەر شیوعیەکان پەیڕەوکرد[١٠٤].

هاوکات لەبەیاننامەی ژمارە (١٣)دا کوشتنو بڕینی هەر شیوعیەك بەڕەوا دەبینێت، هەوڵیاندا لەم ڕێگەیەوەو بەبەکارهێنانی کوشتنو لەسێدارەدانی ئەندامو لایەنگرانی حزبی شیوعی، هەندێکیان بەبیانووی ئەوەی لەدژی شۆڕشی (٨)ی شوبات پاڵپشتی قاسمی کردووەو هەندێکی تر بەناوی کوفرو بێبڕوایی، هەروەها لەدرەنجامی گرتنو سەرکوتکردنی شیوعیەکان کە لە(٣)ی تەمموزی(١٩٦٣) لەسەربازگەی (ڕەشید) ویستیان شۆڕشێك بەرپابکەن، ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەناوچوونو کوژران. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەڕەسمیو لەماوەی نۆ مانگی فەرمانڕەوایی بەعسیەکان (١٤٩) شیوعی لەسێدارەدران[١٠٥].

### ٢. تاککڕەویو دیکتاتۆریەت:

دوای چوونە سەر دەسەڵاتو گۆڕینی (عەلی ساڵح سەعدی) لەوەزیری (ئیرشاد)ەوە بۆ وەزیری (ناوخۆ). بڕیاری تەسککردنەوەی سنووری ئازادی ڕۆژنامەگەری دەرکردو ئاگاداری گشت خاوەن ڕۆژنامەکانی کردەوە سەر لەنوێ داوا پێشکەش بکەن بۆ مۆڵەتی ڕۆژنامەکانیان. دوای





داواکاریەکان عەلی ساڵح سەعدی تەنها مۆڵەتی سێ ڕۆژنامەیدا کە دوانیان حکومەت دەری دەکردوو ئەوی تر (هانی فکیکی) دەری دەکرد، کە لەلایەن حکومەتەوە یارمەتی دەدرا، هەروەها (یاسین حافزو سەلاح جەدید)یش هەمان ئەو کەسانەبوون بانگەشەی ئاشکرای دیکتاتۆریەتو تاککڕەویان دەکرد[١٠٦].

هەروەها ناکۆکی لەنێوان حزبو دەسەڵات دروستبوو، ئەمەش زیاتر خۆی لەدەستەی سەربازەکاندا دەبینیەوە بەتایبەتی (پاسەوانی نەتەوەیی) کە وەك دەزگایەکی سەربەخۆ کاریاندەکرد، بێئەوەی چاوەڕێی فەرمانو ڕاوێژکاری حزب بن، هەروەها جیاوازی لەسەر یاسای باری کەسیو هەڵوێست لەبەرامبەر شیوعیەکان زیاتر دەرکەوت، تەنانەت هیچ جۆرە گوێڕایەڵیەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان نەدەکرد[١٠٧].

تەنانەت (تاڵب شبیب) ئاماژە بەوە دەکاتو دەڵێت: "وتم عێراق دەستووری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێوەی دەبات کە تائێستا دەزگایەکی نهێنیو ئەندامەکانی دیارنینو سەرکردەکانی حزبیش کەحزب بەڕێوە دەبەن نەناسراونو لەگەڵ ئەوەدا هەندێك لەکادران داوا لەئەنجومەنی شۆڕش دەکەن یاسای نهێنیو تابەت دەربکات. هیچ نەماوە ئەوە نەبێت خێمەیەك بهێنین عێراقی پێ داپۆشینو وڵات بەیەکجارو لەهەموو لایەنەکانیەوە بکەینە نهێنی"[١٠٨].

بەجۆرە بەعسیەکان لەسەرەتاوە نەك بنەما دیموکراتیەکانیان پیادە نەکرد، بەڵکو لەڕێگەی سیخوڕو دامو دەزگا هەواڵگریو سەربازیەکانیانەوە کەوتنە چەوساندنەوەو تۆقاندنی خەڵکیو تاماوەیەکی زۆر لەدوای کودەتاکە هاتووچوون لەنزیکی خۆرئاوابوون قەدەغەبوو تا کاتی ڕۆژبوونەوە، هەرکەسو لایەنێك بەهەر شێوازێك نارەزایی دەربڕیبێت ئەوا ڕووبەرووی زیندانو سێدارە بۆتەوە.

### ٣. بەعسو یەکگرتن:

یەکگرتنی عەرەب لەیەك بۆتەی سیاسیدا، یەکێك بوو لەبنەماکانی حزبی بەعس، بەڵام لەمیانەی یەکەم بەیاننامەی حکومەتی بەعسیەکاندا هیچ پابەندیەك بەیەکێتی عەرەب ڕانەگەیەنرا. بەڵکو تەنها (قاسم)یان بەجوداخواز لەقەڵەمدا، تادواتر (تاڵب شبیب) وەزیری



هەواڵنامەی کتێب

دەرەوە ڕایگەیاند کەئامادەن هاوکاری بەدیهێنانی یەکێتی بکەن لەگەڵ هەر دەوڵەتێك کە ئامانجەکانی لەگەڵ عێراقدا هاوبەش بێت[١٠٩]. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی (٨) ئازاری ساڵی (١٩٦٣)ی سوریاو هەوڵدان بۆ هاوکاری کردنی یەکتری، لە(١٧)ی نیسانی (١٩٦٣) پەیماننامەی یەکێتی سێ قۆڵی نێوان (میسرو عێراق‌و سوریا) دەستپێکرد[١١٠]. بەڵام نەتوانرا بگەنە شێوازو میکانیزمێکی گونجاو بۆ ئەم یەکێتیەو ناکۆکی‌و ململانێی توندوتیژ لەمیانەی کۆبوونەوەکاندا سەریهەڵدا، تا دواجار لەئەنجامی هەوڵێکی شکستخواردوی باڵی ناسریەکان لەسوریا لە(١٨)ی تەموزی ساڵی (١٩٦٣) بۆ ئەنجامدانی کودەتا ئەم یەکێتیە بەتەواوی لێکهەڵوەشا[١١١].

دواتر هەوڵی یەکێتی نێوان (عێراق—سوریا) دەستپێکردو لەمانگی (ئەیلول—تشرینی یەکەم)دا ڕێکەوتنێکی ئابووری‌و سەربازی مۆرکراو وەزیری بەرگری عێراقی بووە فەرماندەی گشتی سوپای یەکگرتوو کە بارەگاکەی (دیمەشق)بوو.هەروەها هێزێکی سەربازی سوریا هاتە عێراق بۆ بەشداری لەکارە دژکاریەکانی کورد[١١٢]. بەڵام دیارە ئەم ڕەوتە هەر بەردەوام نەبوو، بەڵکو هەڵگەڕانەوەی (١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣) بووە بنبەست بۆ ئەم هەوڵانە.

لەمیانەی هەڵسەنگاندنی بەعسیەکان بۆ شکستی ئەم هەوڵانە، هۆکاری (هەرێمچێتی) بەیەکێك لەو هۆکارانە دائەنێن‌و پێیانوایە ئەگەرچی لەڕوکاردا باس لەیەکبوون‌و یەکگرتن کراوە، بەڵام لەناوەڕۆکدا تەنها مەبەستیان مسۆگەرکردنی هەرێمێك بووە نەك نەتەوەیەك بەناوی عەرەب[١١٣].

### ٤. بەعس‌و دروستبوونی ناکۆکی ناو حزب:

لەگەڵ ئەوەی ناکۆکی ئەفسەرەکانی نێودەسەڵات‌و حزب لەبرەودا بوو، هاوکات لەئەنجامی کشانەوەی (جەمال عەبدولناسر) لەپرۆژەی یەکگرتنی (١٧ی نیسانی١٩٦٣) بووەهۆی لەیەکتر دوورکەوتنەوەی جەماوەرو باڵی ناسری لەحزبی بەعس، ئەمەش بووەهۆی دروستبوونی کێشەو گرفت بۆ بەعسیەکان، چونکە لایەنگرانی ناسر لەزۆر بواردا هاوکارو پاڵپشتێکی باشی بەعسیەکان بوون.





بەڵام ئەوەی بووە لەمپەری گەورەی بەردەم کارەکانی بەعس‌و بووە هۆی دوورخستنەوەی بەعس لەدەسەڵات، سەرهەڵدان‌و تەقینەوەی ململانێی دەستەگەری‌و ناکۆکی ناوخۆی حزب بوو. ئەم ململانێیە لەسێ ئاراستە (یاخود سێ باڵ پێکهاتبوو) باڵی ڕاستڕەوەکان کە (تالب شبیب) سەرپەرشتیدەکرد، هەریەك لە(حازم جوادو حەردان تکریتی‌و تاهیر یەحیاو عەبدولستار عەبدوللەتیف) لایەنگری بوون، ئەمانە پێیانوابوو پێویستە بەعس هاوکاری لەگەڵ ئەو ڕەگەزە نابەعسیانەشدا بکرێت کە لەسوپادا بوونیان هەیە، بۆ ئەوەی ئەفسەرە عەسکەرتارەکان نەتوانن بەتەواوی بەسەر سوپادا زاڵبن‌و ڕۆڵیان لەناو حزب کەمدەکاتەوەو پایەی حزب بەهێز دەبێت لەوڵاتدا. هەروەها پێیانوابوو پرەنسیپە ڕادیکاڵەکان‌و پیادەکردنیان بەتایبەتی سۆسیالیزم دوابخرێت، تا کاتی گونجاوی بۆ دەڕەخسێت.

باڵی چەپڕەو کە (عەلی ساڵح سەعدی) سەرپەرشتیدەکردو (موحسین شێخ ڕازی‌و حەمدی عەبدولمەجیدو هانی فکیکی‌و ئەبوتالب هاشمی‌و حەمید خەڵخاڵ) لایەنگری بوون، جەختیان لەسەر پراکتیزەکردنی سۆسیالیزم دەکرد بەبیانووی ئەوەی پاڵپشتی‌و لایەنگری جەماوەرو نەوەی نوێ مسۆگەر دەکەن. هەروەها بەچاوی گومانەوە سەیری ئەفسەرە نەتەوەییەکانی ناو سوپایان دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی هاوکاری سیستمی بەعسی دەسەڵاتداریان کردووە.

لەگەڵ ئەم دووباڵەدا (ئەحمەد حسەن ئەلبەکرو ساڵح مەهدی عەمماش) زیاتر تێڕوانینێکی عەسکەرتاریانەو خۆیان جیابینیوە لەهەردوو باڵەکەی تر[١١٤].

ئەم دەستەگەریە بەجۆرێك پەرەیسەند کە ناکۆکی نێوان عەلی ساڵح سەعدی‌و تالب شبیب‌و حازم جواد لەسەر دەسەڵات دروستبوو، دواجار حازم جوادو تالب شبیب دەستیان لەکارکێشایەوە، بەڵام دواتر لەئەنجامی داوای لایەنگرەکانیان پەشیمان بوونەوە[١١٥].

ئەم ناکۆکیە لەکۆنگرەی هەرێمی (١٣ی ئەیلولی١٩٦٣)دا باسکراو (عەفلەق) لەم کۆنگرەیەدا ئامادەبوو، دواجار بەیەك دەنگ جەخت لەسەر بنەماکانی حزب کرایەوە، عەفلەق لەڕێگەی بەکارهێنانی نفوزی خۆیەوە توانی ناکۆکیەکە یەکلابکاتەوە لەبەرژەوەندی ڕاستڕەوەکان‌و (عەلی ساڵح سەعدی) نفوزی خۆی لەوەزارەت لەدەستدا. بەڵام (سەعدی) توانی



هەواڵنامەی کتێب

لەکۆنگرەی نەتەوەیی شەشەم لایەنگر بۆ ڕێبازەکەی زۆر بکاتو (تالب شبیبو حازم جواد) لەسەرکردایەتی نەتەوەیی دوور بخاتەوە[١١٦].

بەمجۆرە بەعس تووشی یەکێك لەهەرە کێشە دژوارەکان هاتبوو کە ململانێو ناکۆکی ناوخۆییەو ئەم لایەنە پاشان کاریگەری زۆر بوو لەسەر شکستی (١٨ی تشرینی دووەم).

## ٥. بەعسو کێشەی کورد:

بەعسیەکان لەپێش کودەتای (٨)ی شوباتو لەکاتی ئامادەباشیەکانیاندا لەهەوڵی مسۆگەرکردنی پاڵپشتی کوردەکاندا بوون، هاوکات کوردەکانیش کاتێك نیشانەکانی لاوازی سیستمی قاسمو دوا هەناسەکانیان بۆ ڕونبوەوە لەهەوڵی ئەوەدابوون پێش وەخت پەیوەندی بکەن بەو کەسانەی جڵەوی دەسەڵات لەدەستدەگرنو باسی مەسەلەی کوردیان لەگەڵدا بکەن تاوەکو لەپاشاندا ببێتە ڕێخۆشکەر بۆ چارەسەری کێشەکەیان. لەم ناوەندەدا پەیوەندی لەنێوان (ئیبراهیم ئەحمەد)و (تاهیر یەحیا)دا دروستبوو[١١٧]. هەروەها کاتێك (پارتی دیموکراتی کوردستان) دوو ئەندامی لیژنە مەرکەزی کە لە(ساڵح یوسفیو شەوکەت عەقراوی) پێکهاتبوو نارد بۆ بەغدا، دوای ئەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی ئیستیقلال کۆبووەوە، یوسفی لەڕێگەی (فوئاد عارف)ەوە توانی (عەلی ساڵح سەعدی) سکرتێری حزبی بەعس ببینێتو (سەعدی)ش بۆ هەمان مەبەستی مسۆگەر کردنی پاڵپشتی کوردەکان هەوڵیئەدا[١١٨].

ئەوەی جێگەی سەرنجە بریتییە لەوە، بەعسیەکان لەم چاوپێکەوتنو دانیشتنانەدا هیچ جۆرە دانپێنانێکی ڕەسمیو بەڵگەنامەییان مۆرنەکردووەو ئامادەش نەبوون مۆری بکەن. چونکە هەمیشە بەچاوی گومانو دوو دڵییەوە سەیری کێشەی کوردیان کردووە، بۆیە دەبینین یەکێکی وەك (عەلی ساڵح سەعدی) لەدوای کودەتای (٨)ی شوبات نەك هەر ئامادە نییە باسی مافەکانی کورد بکات، بەڵکو نکوڵی بوونی هەر پەیوەندیەکی خۆی یان بەعس دەکات بەکوردەوە لەپێش ئەنجامدانی کودەتاکە[١١٩].





تەنانەت لەکاتی بڵاوبونەوەی یەکەم بەیاننامەی بەعسیەکاندا لەدەسپێکی کودەتاکە هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بۆ کورد یاخود چارەسەری کێشەکەی تێدا نەبوو، تەنها کاتی پێکهێنانی حکومەت دوو کورد پایەی وەزیریان پێدرا ئەوانیش (فوئاد عارف وشێخ باباعلی) بوون[١٢٠].

هەروەها لەدوای کودەتاکەش سەرەڕای ئەوەی نوێنەرانی کورد کە (جەلال تاڵەبانیو ساڵح یوسفی) بوون سەردانی بەغدادیان کرد بۆ باسکردنی ئۆتۆنۆمیو شێوازو میکانیزمی جێبەجێکردنی، بەعسیەکان بیانووی جۆراوجۆریان دروستدەکرد بۆ لەمپەرخستنە بەردەم پرۆسەکە، وەك ئەوەی پێویستە ئەم کێشەیە لەناو کۆبوونەوەیەکی فراوانو زۆرتر باسی لێوە بکرێت، یان ئەیانویست کە (جەمال عەبدولناسر)یش ئاگادار بکەن هەر لەبەرئەوە بوو داوایان لە(جەلال تاڵەبانی) کرد بەشداری نوێنەرایەتی عێراق بکات بۆ سەردانی (عەبدولناسر)، بەڵام لەکاتی کۆبوونەوەی نوێنەران لەگەل (ناسر)دا بەشێوەیەکی سەرەکیو ڕەسمی باسی کێشەی کورد نەکرا[١٢١].

لەماوەی یەکەم دەسەڵاتی بەعسیەکاندا هیچ هەنگاوێکی گرنگو کاریگەر بەرامبەر کورد دیاری نەکرابوو، کوردیش لەوە تێگەیشت بەعسیەکان لەسستمەکانی پێش خۆیان شتێکی زیاتریان پێ نیە. لێرەوە کێشەی کورد وەك مەترسیەکی گەورەو کاریگەر لەسەر بەعس مایەوە کە هەندێك لەبەعسیەکان بەهۆکارێکی گرنگی شکستی ئەم دەسەڵاتەی لەقەڵەمدەدەن[١٢٢].

لەگەڵ ئەم دیاردانەدا، کەم تەمەنیو لاوازی بەعسیەکان لەشێوازو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتو پێش خستنی بەرژەوەندیەکانی حزبو زاڵکردنی بەجۆرێك هەموو بەرژەوەندیەکانی خاكو گەلی عێراق لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی حزبی بەعسدا دەسوڕێتەوە لەلایەك، نەیتوانی جێبەجێکردنی ئامانجو دروشمەکانی حزب لەئەنجامی جیاوازی واقیع لەگەل لۆجیکی ئامانجەکان لەلایەکی ترەوە، ئەو کۆمەڵە هۆکارو فاکتەرانە بوون، کە هەلو مەرجی لەباری هێنایە ئاراوە بۆ ئەوەی (عەبدولسەلام عارف) بەهاوکاری هەندێك لەئەفسەرانی سوپاو هەندێك ئەندامی بەعس، بەعسیەکان لەدەسەڵات دووربخاتەوەو لە(١٨)ی تشرینی دووەم)دا کۆتایی بەتەمەنی (٩) مانگی یەکەم دەسەڵاتی بەعسیەکان بهێنێت.

## ٢- کودەتای (١٧- ٣٠) ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ :

دوای ئەوەی عەبدولسەلام عارف توانی لە(١٨)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٣) بەشێوەیەکی گشتی بەعسیەکان لەبازنەی دەسەڵات بکات دەرەوە، بەهاوکاریو هاوپەیمانێتی سەربازی لەگەل عارفیەکانو ناسریەکانو چەند رەگەزێکی بەعسی حوکومەتی نوێی پێکهێنا[١٢٣].

(عەبدولسەلام) بۆئەوەی پاڵپشتیو پشتگیری بۆ جەماوەرەکەی مسۆگەربکات، جوڵانەوەکەی بەچاکسازی دایە قەلەم بەوە گوزارشتی لێکرد کە ئەم پارتە دژی هیچ پارتو رێکخراوێکی دیاریکراو نیە، تەنیا دژی رەگەزە توندوتیژو زیادەرەوەکانە، بەتایبەتی (پاسەوانی کۆماری )[١٢٤].

بەمجۆرە (عەبدول سەلام عارف) توانی هەریەك لەچینو توێژەکانی کۆمەڵگەو پارتو رێکخراوە سیاسیەکان دەسەڵاتی خۆی مسۆگەربکاتو حکومەتێکی هاوبەش لەنوێنەرایەتی ناسریەکانو کوردو بێلایەنەکانو چەند کەسانێکی بەعسی (ئەحمەد حەسەن بەکر)و (ساڵح مەهدی عەمماش) پێکهێنا[١٢٥].

بەشێوەیەکی گشتی ماوەی دەسەڵاتدارێتی (عەبدول سەلام عارف) لە(١٨) تشرینی دووەمی (١٩٦٣) تاوەکو (١٣نیسانی ١٩٦٦) زیاتر جێگیری سیاسی دەبینرێت لەسەردەمی (عەبدول رەحمان عارف) کە دوای مردنی براکەی بووە دەسەڵاتداری عێراق .

سەردەمی دەسەڵاتدارێتی (عەبدول رەحمان عارف)، بەجۆرێك باس دەکرێت کە پەشێویو ناجێگیری سیاسی هاتە ولاتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەش لاوازی کەسێتی (عەبدول رەحمان) بوو، هەروەها ماوەی پێکهێنانی وەزارەتەکان کورتو کەم تەمەن بوونو (عەبدول رەحمان) زۆرتر لەهەوڵی نزیککردنەوەی خزمەکانیدا بوو لەخۆیو دەسەڵات[١٢٦].

ئەم هۆکارانەو چەندانی تر بوونە هۆی ئەوەی دەسەلات لەلایەن خەڵکی بێزارو بەخراپە سەیری بکرێت[١٢٧]، خەڵکیش کەمتر بایەخیان بەگۆرانکاریەکانی ناو دەسەڵات دەدا، لەبەرئەوەی دواتر لەکاتی بەرپابوونی کودەتای (١٧-٣٠)ی تەموزی (١٩٦٨) جەماوەر هەڵوێستێکی دیارو بایەخدار دەرنابڕن. سەبارەت بەبارودۆخی (بەعس) لەماوەی ساڵانی (١٨تشرینی





دووەمی١٩٦٣)ەوە تاکو کودەتای (١٧-٣٠) تەموزی، دەبینین (بەعس) بەبارودۆخێکی زۆرناهەموارو نالەباردا گوزەر دەکات بەجۆرێك (د. ئیلیاس فەرەح) بەقۆناغی شکستەکانی ناو دەبات، چونکە هەردوو دەسەڵاتی بەدەستهاتوو (عێراقو سوریا) یان لەدەستچوو، هەروەها شکستی حوزەیرانی (١٩٦٧)ی عەرەب لەبەرامبەر ئسرائیلو بێ هیوابوونی لەپرۆژەی (یەکگرتنی سێقۆلی نێوان عێراقو سوریاو کۆماری عەرەبی یەکگرتوو)، هەروەها لەسەر ئاستی بارودۆخی ناوخۆی حزبیش، ململانێو ناکۆکی بەهێز سەریهەڵدا. بەجۆرێك کۆنگرەی نەتەوەیی حەوتی شوبات (١٩٦٤) لەئەنجامی ئەو شپرزەییو ناکۆکیەی لەسەر، کێبڕکێی دەسەڵات سەریهەڵدا نەیتوانی هیچ پاساوو خوێندنەوەیەك بۆ شکستی دەسەڵاتیان بکەن لەعێراق[١٢٨].

ئەم ڕاستییە لەکۆنگرەی (هەشتەمی هەرێمی)دا زیاتر روونکراوەتەوەو نوسراوە "دوای هەردوو شکستی (١٨)ی ترینی دووەمی (١٩٦٣)ی عێراقو (٢٣)ی شوباتی (١٩٦٦)ی سوریا کەرتبوونو دابەشبوونێکی ترسناك لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆییو ستوونی خراپ دروستبوو بووەهۆی وروژاندنی ئاژاوەو ململانێی رێکخستنو فیکریو بارێکی پرمەترسی هێنایە ئاراوە" ئەم کاریگەریە لەسەر لقی هەرێمی عێراق زیاتربوو[١٢٩].

هەروەها ململانێی هەردوو باڵی چەپرەوو ڕاستڕەوی بەعس بەجۆرێك پەرەیسەند، لە(٢٤)ی شوباتی (١٩٦٤)داو دوای کۆنگرەی حەوتەمی نەتەوەیی، سەرکردایەتی نەتەوەیی بریاری لابردنی دەستەی (عەلی ساڵح سەعدی) دەرکرد لەسەرکردایەتی هەرێمی حزب لەعێراق[١٣٠].

بەمشێوە حزبی بەعس دووچاری چەندین گرفتو کێشەی مەترسیداربوو، لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوەی حزب کاریگەری هەبوو کەبەعسی توشی قەیرانو وەستان کرد[١٣١].

لێرەوە بەعس خۆی لەدوریانێکەوە بینییەوە کە پێویستبوو لایەکیان هەڵبژێرێت یان لەباربردنی بیرۆکەی لەدەستگرتنی دەسەڵاتو دانانی پرۆژەیەك بۆ خەباتکردن بۆ قۆناغێکی درێژخایەنو گریمانەی تێپەڕبونی سەرلەنوێ بەقۆناغی دامەزراندن، یان گەڕان بەدوای میکانیزمی نوێ بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕیو لەدەستگرتنەوەی جڵەوی



هەولێرنامەی کتێب

دەسەڵات[١٣٢]. ئەوەبوو بەعسی عێراق ڕێگەی دووەمی هەڵبژارد. سەبارەت بەهۆکاری هەڵبژاردنی ڕێگەی دووەم‌و پشتبەستن بەکاری سەربازی‌و کودەتا بۆ چونە ناو دەسەڵات، ئەتوانین چەند هۆکارێك دیاریبکەین:

١-لاوازی متمانەی بەعس بەپاڵپشتیکردنی جەماوەر بۆ شۆڕشێکی جەماوەری کەبەعسی قبووڵ بێت‌و دژ بەدەسەڵات بێت. بگرە جەماوەر توشی بێزاریەك هاتبوو لەچاودێریکردنی گۆرانکارییە سیاسی‌و حکومەتیەکان، چونکە چەندین وەزارەت‌و دەسەڵاتی جۆراوجۆری عێراق لەمیانەی دەسەڵاتداریاندا نەیانتوانیوە شتێکی نوێ‌و خزمەت بەخەڵك بکەن، خەڵکیش دواجار بەخۆیان‌و گوزەرانی ڕۆژانەوە سەرقاڵ بوون[١٣٣].

٢-ئەزمونی یەکەمی بەعس لەدەسەڵات لە(٨)ی شوباتی (١٩٦٣)تا (١٨)ی تشرینی دووەم‌و بەیانی ژمارە (١٣)ی دژ بەشیوعیەکان‌و هەڵوێست‌و کردارەکانی پاسەوانی نەتەوەیی – حرس القومی- مێژویەکی پر رق‌و کینەی لەلای خەڵك دروستکرد کە هەمیشە ترسێکیان هەبێت لەبەعس.

بەعس کەوتە هەوڵی خۆسازدان‌و قۆستنەوەی بارودۆخی نالەبارو لاوازی حکومەت لەڕووی سیاسی‌و ئابووری بۆ سازدانی کودەتایەکی سەربازی، تا لەمیانەیدا سەر لەنوێ بکەوێتەوە پراکتیزەکردنی بیرو ئایدیای بەعسیزم.

کودەتای (٧٠-٣٠) تەموزی (١٩٦٨) کە دواجار بووە ئەو کەشتیەی بەعسیەکانی پەراندەوە بۆ دەسەڵات، کودەتایەك نەبوو بەعسیەکان وەك تەنها پارت‌و هێزێکی سیاسی ئەوکاتی عێراق بەرپاییبکەن، بەڵکو ئەم کودەتایە بەرهەمی ململانێی سیاسی نێوان هێزە جۆراوجۆرەکانی سەر گۆرەپانی سیاسی عێراق‌و دەسەڵاتی عارفی بوو هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. لەگەڵ ئەوەی جۆرێك جیاوازی‌و تێکەڵی هەیە لەچۆنیەتی دەستپێکردن‌و نەخشەکێشانی ئەم کودەتایە، بەشێوەیەك بەعسیەکان خۆیان بەدارێژەرو بکەری سەرەکی کودەتای (١٧)ی تەموز دەزانن‌و بەشداریکردنی هەریەك لە(عبدولڕەزاق نایيف)و (ئیبراهیم داود) وەك تاکتیکێکی حزب باسدەکەن، دواتر لە(٣٠) تەموزدا بژاردەکرێن‌و لەناودەبرێن[١٣٤].





هاوکات دەستەی (عبدلڕەزاق نایف) باس لەوە دەکەن (نایف‌و ئیبراهیم داودو سەعدون غەیدان )پاڵپشتی جوڵێنەری (١٧)ی تەموز بوون، بەتایبەتی (ابراهیم داود) سەرکردەی هێزەکانی (پاسەوانی کۆماری)بوو، کارێکی لەو جۆرەش بێ پاڵپشتی پاسەوانی کۆماری کارێکی دژوارو سەخت بوو[١٣٥].

هەرچۆن بێت پێش دەستپێکردنی کودەتای (١٧)ی تەموزی (١٩٦٨)، هەردوو دەستەی(نایف-داود)و (بکر-عماش) ئاگاداری یەکتری بوون‌و خواستێك هەبووە بۆ هاوکاری‌و یەکگرتن لەبەرامبەر مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا. ئەوەی بەعسیەکان ئاماژەی بۆ دەکەن بریتیە لەوەی بەعس نەویستووە کە(نايیف) ئاگاداری چۆنێتی کاتی کودەتاکە بێت، بەڵام بۆ (ابراهیم داود ) لەبەرئەوەی سەرکردەی پاسەوانی کۆماری بوو کارەکەی ئاسانتر دەکردو بەعس هەوڵیدا هاوکاری‌و پەیوەندی لەگەڵ بکات[١٣٦].

سەرکردایەتی بەعسی عێراقی لەبەرە بەیانی(١٦)ی تەموزی (١٩٦٨)دا لەماڵی (ئەحمەد حەسەن بەکر) کۆبونەوە، بۆدانانی دوا نەخشەی کودەتای(١٧)ی تەموزو دابەشکردنی ئەرك‌و لێپرسراوێتیەکانی کودەتاو لەم کاتەدا (نايیف) نامەیەکی نارد بۆ بەعسیەکان کەتیایدا ئامادەیی خۆی بۆ بەداشداریکردنی کودەتا خستبووەڕوو. (نايیف) کاتی ئەم کۆبونەوەیەو وردەکاریەکانی لە(ئیبراهیم داود)ەوە پێگەیشتبوو، بۆیە بەعسیەکان بەناچاری‌و بۆ ئاشکرانەبوونی کارەکانیان ملیان بۆ داواکاریەکانی (نايیف) کەچکردو بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دیاریانکرد[١٣٧].

لێرەوە بەپێی پلانە دارێژراوەکانی بەعس بەهاوکاری دەستەی سەربازی (نايیف-داود) لەکاتژمێری (٣)ی بەرەبەیانی (١٧ی تەموزی١٩٦٨)دا کودەتا دەستپێکردو توانرا چۆك بەحوکمەتەکەی (عبدالرحمن عارف) دابدرێت، بەمەش جارێکی تر بەعس بچێتەوە دەسەڵات[١٣٨].

دوای پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران، لەکۆی (٢٦)کورسی (٨)کورسی بۆ بەعسیەکان‌و (٨)ی تر بۆ سەربازەکان کەبە(کۆمەڵەی ئەفسەرانی کۆشك) ناودەبران. هەروەها دوان بۆ



هەواڵنامەی کتێب

(ئەفسەرانی ئازادیخواز)و سێ کورسیش بۆ پارێزگارەکانو چوار کورسی بۆ کوردەکانو یەك کورسیش بۆ ئیخوان مسلمین[١٣٩].

بەشداریکردنی (نایف) لەکودەتاو دواتر دانانی لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، گۆڕانکاریەك بوو بەشێکی بەعسیەکانی سەرسامکردو هەستی نارەزایی تیا دروستکردن[١٤٠]. هاوکات بڕیاری پێشینەی بەعسیەکان هەر لەدوای (١٧)ی تەموز بریتی بوو لەڕزگاربوون لەدەستەی (نایف-داود)و دورخستنەوەیان لەدەسەلات، چونکە بەعس هەمیشە تیۆری تاکڕەویو تاك حزبی هەبووە لەدەسەلاتدا. لەبەرئەوە دەبینین لە(٣٠) تەمووزی (١٩٦٨)دا دوای دانانی نەخشەیەکی دارێژراو توانیان، لەڕێگەی لیژنەیەکی دیاریکراوی بەعسیەکان بەسەرکردایەتی (سەدام حسێن)، (نایف)و لایەنگرانی لەدەسەلات دووربخەنەوەو لەهەمان ڕۆژ بەیانی سەرکردایەتی شۆڕش کەلەلایەن (سەدام) دارێژرابوو بەدەنگی (ئەحمەد حسەن بەکر) خوێندرایەوە. تیایدا (ئەحمەد حسن بکر) بەسەرۆك کۆمارو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ڕاگەیەنراو (نایف)و لایەنگرانی بەلەمپەرو دوژمنی حزبی بەعسو عێراق لەقەڵەمدران[١٤١].

بەعسیەکان هەوڵیاندا لەسەرەتاوە پێناسێکی حزبی بۆ کودەتای (٣٠)ی تەموز نەنوێنن، بەجۆرێك ڕۆژنامەی (الجمهوریە) هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ حزبی بەعس تێدا نییە، کودەتاکەش بەشۆڕشێکی عەرەبی دەناسێنێت بۆ گەلی عێراق.هەروەها بەردەوام جەختیان لەسەر دووبارە نەکردنەوەی هەڵەکانی یەکەمین ئەزمونی دەسەلاتداریتی (١٩٦٣) دەکردەوە، ئەم هەوڵانەیان لەسەرەتاوە بوەمایەی سەرنج ڕاکێشانی چەندان کەسی ڕۆژنامەنوسو سیاسی[١٤٢].

هەروەها زیاتر لەهەوڵی بەنهێنی هێشتنەوەی حزبو سەرکردەکانی شۆڕشو حزبدابوون[١٤٣]، ئەم کارەش بۆئەوەی پرسیاری لەسەر دروستنەبێت، بیانوی پاراستنی شۆڕش لەدوژمنانو کودەتاچیانی بۆ دەهێنرایەوە. لەهەمان کاتدا سروشتی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی هەرێمیو دەسەلات فۆرمێکی دیاریکراوی نەبوو، زۆر داکۆکی لەجیاکاری نێوان ئەم دوو لایەنەدەکرا[١٤٤].

ئەو جیاوکانەی بەعسیەکانی (١٩٦٨)ی پێ جیادەکرێتەوە، زیاتر لەوەدا دەبینرێت، سەرکردایەتیەکی نوێ پێکهاتبوو زۆر بەتوانابوو لەمەیدانی کێبڕکێو ململانێ، لەمیانەیدا





هەڵوێستو کردارەکانی زۆر توندوتیژ بوو، سەرەڕای ئەوەی زۆرمکوڕ بوو لەسەر گەیشتن بەدەسەلاتو مانەوە تیایداو قۆرخکردنی[١٤٥].

لەم پێناوەدا دەستیکرد بەسەرکوتکردنی هێزە نەیارو ئۆپۆزسیۆنەکان، هاوکات هەوڵی بەهێزکردنی حزبی دەدا بەجۆرێك بتوانێت هەیمەنە بەسەر گشت دامو دەزگاکانی دەوڵەت بکات .

لەلایەکی ترەوە لەهەوڵی یەکلاکردنەوەو چارەسەرکردنی ململانێو ناکۆکیە ناوخۆییەکاندا بوو، دواجار بەزاڵبوونی باڵی مەدەنیەکان بەسەر سوپادا کۆتایی هات، کە بوەهۆی ئەوەی تارادەیەك بتوانن بەر بەو نەخشەو پلانە سەربازیانە بگرن کەبەمەبەستی گۆڕینی دەسەلات ئەنجامدەدرا، لێرەوە ماوەی دووەم فەرمانڕەوایی بەعسیەکان جۆرێك لەئارامیو چەسپاوی بەخۆوەگرت، بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە بریتیە لەوەی بەعس لەگشت هەنگاوێکیدا ئامادەبوو توندو تیژترین میکانیزم بەکاربهێنێت بۆ جێبەجێکردنی نەخشەو کارەکانی. هەروەها هەوڵیدا زۆرتر گەلی عێراق فێری ئەوە بکات تەنها لەگەڵ یەك حزبی سەرکردە (حزب القائد)دا مامەڵەبکاتو لەم پێناوەدا دەبینین لەسەرەتاوە لەڕێگەی (بەرەی پێشکەوتوخواز)ەوە کۆمەڵێك لەپارتە چەپو نەتەوەییەکانی ئەو کاتی لەخۆی کۆکردەوەو جەماوەرێکی بۆخۆی مسۆگەرکرد[١٤٦].

یەکێکی تر لەگرفتەکانی بەردەم دەسەلاتی بەعسیەکان بەدرێژایی ماوەی دەسەلاتیان کێشەی کوردبوو، تەنانەت بەیەکێك لەهۆکاری شکستی (١٩٦٣)ی لەقەڵەمدەدەن. بەلام لەدووەم ئەزمونی دەسەلاتداریدا سەرەتا لەڕێگەی بەیانی ئازاری (١٩٧٠)و ئەو دەستورە کاتیەی لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری لێدرا، هەندێك لەمافە نەتەوەییەکانی بۆ کورد تێدا دابینکراوە. بەلام زیاتر ئەم بڕیارانە هەر لەتیۆرو دووتوێی نوسینەکاندا مایەوە، بگرە کەوتنە لێدانو لەناوبردنی کورد لەعێراق.

هەرلەمیانەی بەهێز کردنی پێگەی جەماوەریو لەلایەن بەعسیەکانەوە، هەوڵیاندا زۆربەی کادیرو ئەندامە چالاکەکانی حزب هەوڵبدەن بۆ چونە ناو ڕیزەکانی سوپاو مەشق پێکردنیان بۆ

بەخشینی پلەو پایەی جۆراو جۆر پێیان، ئەم کارەش ئەوەندەی ترس بوو لەسوپا هەوڵێك بوو بۆ بنیاتنانی سوپایەکی بەعسی، تاکو لەمیانەیداو لەداهاتوو کارەکانی بەهێز جێبەجێبکات، هاوکات لەگەڵ ئەم کارانەدا لەڕێگەی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی دەرکردو هەوڵی دیاریکردنی نرخی بازاڕو کرێی کرێکار ...هتد، توانیان تارادەیەك لەنێو کرێکارو جوتیاراندا جێی خۆیان بکەنەوە[١٤٧].

بەم شێوازەو تا ئەو ساتەی (سەدام حسێن) جڵەوی دەسەلات دەگرێتە دەست، بەعس هەوڵدەدات هەیمەنەی خۆی لەگشت بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانو لەچوارچێوەی حکومەتی عیراقدا بچەسپێنێت.

چونە ناو لوتکەی (سەدام) بۆ دەسەلاتداریتی حزبو دەوڵەت، خاڵێکی وەچەرخانی ترە لەمێژووی عێراقی هاوچەرخدا، چونکە تائەم ساتە ئەگەر دەزگایەکی نهێنی یان حزبی سەرکردە فەرمانڕەوایی دەکرد، ئەوا لەم خاڵەوە فۆرمی دەسەلات دەگۆڕێتو گشت دەسەلاتەکانو گشت بڕیارەکان لەتەنها کەسێکدا کۆدەبێتەوەو چارەنوسی داهاتوی ولاتێکی چەند ملیۆنی دەکەوێتە دەست تەنها کەسێك. ئەم ئەزانێت چی بۆ گەلو ولات باشە تا بڕیاری لێبدات، لەبەرئەوە پێویستە هەربڕیارێك لەسەرۆکی فەرماندەوە دەربچێت گەل پشگیری لێبکاتو بیرۆکەی هەرکاتێك (سەدام ووتی، ئەوە گەلی عێراق دەڵێت) دەستپێکرا.

سەرەتای دەرکەوتنی (سەدام) لەنێوەندی سیاسی عێراقدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵە تیرۆریستانەیەی لەساڵی (١٩٥٩)دا بۆ (عەبدولکەریم قاسم)درا، کەلەمیانەیدا (سەدام) بریندار دەبێتو پاشان دەچێتە سوریا. لێرەوە تاکودەتای (١٧-٣٠)ی تەمووزی (١٩٦٨)و دووەم دەسەلاتداریتی بەعس لەعێراق، ڕۆڵێکی دیارو وەك سەرکردەیەکی مەیدانی یان سەربازی یان وەك کادرێکی چالاکی حزب نابینرێتو ناوی نییە. بەڵکو (سەدام) زیاتر لەکاتی چالاکی (٣٠)تەموزەوە دێتە نێو ڕوداوەکان ، کاتێك دەبێتە لێپرسراوو سەرپەرشتیاری ئەو دەستەیەی بۆ دەستبەسەرداگرتنی (نایف-داود) پێکهاتبوو.





لێرەوە (سەدام) سەرەتای هەنگاونانو هەوڵی جڵەوگیری دەسەلاتی دەستپێکرد.دوای ئەوەی ململانێی ناو خۆیی حزب لەنێوان باڵی مەدەنیو باڵی سەربازی حزب، زاڵبونی مەدەنیەکانی لێکەوتەوەو ساڵح مەهدی عماش کەوەزیری ناوخۆو کەسێکی دیاری حزب بوو دورخرایەوە بۆ (کوەیت)[١٤٨].

ئەم بارودۆخە زیاتر دەرفەتی ڕەخسان لەبەردەم هاتنە پێشەوەی (سەدام)، بەتایبەتی یەکێك لەو کەسایەتیانە (عماش) لەڕێگەیدا نەمابوو، ئەنجام ناکۆکی گوێزرایەوە بۆ نێوان (سەدام)و(عەبدولخالق سامەرائی).

عەبدولخالق سامەرائی کەسایەتییەکی تری بەعس بوو، کەلە هەوڵی بەستنی کۆنگرەی(٨)ی هەرێمیدا بوو بۆ ئەوەی بتوانێت لەمیانەی کۆنگرەدا بەسەر(سەدام)دا زاڵبێو دووری بخەنەوە. بەڵام (سەدام) توانی بەهۆی دەستبەسەراگرتنی ئەو هەوڵە کودەتایەی (ناظم گزار*)ی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیو بەهاوکاری چەند کەسایەتیەکی وەك(حەماد شەهابو سەعدون غەیدانو عەدنان شەریفو...) پێی هەستانو بەتایبەتی کاتێك (سامەرائی) کەلەڕێگەی (عەبدولسەلوم)ەوە لەوەزارەتی ڕاگەیاندندا بالادەست بوو، ناوی بخاتە لیستی هاوکارانی (گزار) تاوەکو بتوانێت لەم ڕێگەیەوە لەسێدارە بدرێت، بەڵام دەنگی ناڕەزایی لەناوخۆو دەرەوەی حزبو عێراق وایکرد بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەربکرێت[١٤٩].

(سەدام) توانی خۆی لەبەربەستێکی گەورە ڕزگاربکات لەمیانەی کۆنگرەی هەرێمی هەشتەم کەپێشتر (سەدام) ڕێگربوو لەبەردەم بەستنیو لەساڵی (١٩٧٤)دا بووە سەرۆکی حزب[١٥٠].

هاوکاتو لەمیانەی (نوسینگەی پەیوەندیە گشتیەکان)ەوە کەدەزگایەك بوو بەناوی (حزب)ەوە کاریدەکردو بالاترین دەسەلاتی دەوڵەت بوو. (سەدام) توانی زۆر لەنەیارانو ئەو کەسایاتیانە لەناوبەرێ کەبەمەترسی دەزانین بۆ سەرپێگەو دەسەلاتی خۆی، بگرە نزیکی لە(ئەحمەد حەسەن بەکر)و لاوازی (بەکر) وایکردبوو (سەدام) زۆرجار مامەڵەی سەرۆکی حکومەت بکات[١٥١].



هەواڵنامەی کتێب

هەوڵەکانی (سەدام) بۆ دەستبەسەرداگرتنی حزبو دەوڵەت هەر بەردەوام بوو تادواجارو لە(٢٦/٧/١٩٧٩)دا (ئەحمەد حەسەن بەکر)دەست لەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاندو (سەدام)ی بەجێگری خۆی دیاریکرد[١٥٢].

دوای دوو هەفتە لەسەرۆکایەتی سەدام، (سەدام) پلانێکی ئاشکراکرد کەدژی دارێژراوەو چەند کەسایەتیەکی سەرکردایەتی هەرێمی بەشداری تێداکردووە، لەوانە (محێدین عەبدولحسەین، محەمەد عایش، عەدنان حسەین حەمدانی، محەمەد مەحجوب، غانم عەبدولجەلیل ..هتد)، لەبەرئەوە فەرمانی مردنی بەسەر (٢٢) کەسایەتی دیاری ناو حزبو حکومەت سەپاند[١٥٣].

بەمشێوە (سەدام) بووە ئەو کەسەی لەیەك کاتدا گشت دەسەڵاتەکانی لەخۆی کۆکردەوە، بەهاتنە سەرتەختی فەرمانڕەوایی عێراق لەلایەن (سەدام حسین)ەوە عێراق قۆناغێکی جیاواز لەقۆناغەکانی پێشتر بەخۆیەوەدەبینێت، زۆر گۆرانکاری لەبوارە جیاجیاکاندا دێتەبوون، کە ئەکرێ هەندێ لەو گۆرانکاریو دیاردانەی هاتنە بەرهەم لەچەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە :

١. لەم قۆناغەدا زیاترکار لەسەر کەسی سەرکردە کراوە کەوەك پاڵەوانێکی نەتەوەییو نیشتمانپەروەر لەنێو تاکەکانی گەلی عێراق بناسرێتو چەمکی (سەرۆکی فەرماندە) کرایە دروشمی سەر گشت زارێك. لێرەوە (سەدام) کرابووە ئەو کەسە پیرۆزەی کەلە هەموو سوچێکی عێراقدا بوونی هەبێتو هیچ کارێکی ئیجابیش لەغەیری (سەدام)ەوە دەرناچێت.

٢. پرۆسەی پاکسازی نەیارو ئۆپۆزسیۆن لەناوخۆو دەرەوەی حزبو لەناو ژینگەیەکی پڕ ململانێو فێڵو تەڵەکە بازیدا، بووە هۆی هاتنە کایەی بارودۆخێکی توندوتیژو ڕقو بەسەنتەرکردنی دەسەڵات. دواجار بووەهۆی ئەوەی زیاتر لەوەی پەیوەندی ئۆرگانی باوی بێت، پەیوەندی خێڵەکی کەسیو خزمایەتی هەیمەنەی کردو پەرەیسەند .

٣. لەسەر دەمی (سەدام)دا (حزبی بەعسی سۆسیالستی عەرەب) بووە تەنها میکانیزمێك بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی تاکەکەسیو بوونێکی ئایدۆلۆجی نەما، بگرە





لەئەنجامی دەسەڵاتی تاکەکەس سیستەمێك هاتەبوون کەبووە خۆرکە بۆ حزبو بوارێکی جوڵەی بۆ نەهێشتەوە، ئینتمای حزبی لاوازبوو ئینتمای خێڵەکیو خزمایەتی شوێنی گرتەوە.

٤. لەم ماوەیەدا لەدەرئەنجامی هاتنە سەر دەسەڵاتی (سەدام)ەوە،عێراق دووچاری دوو جەنگی مەترسیدارو درێژخایەن بوو لەگەڵ ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)و جەنگی کەنداوو داگیرکردنی کوەیت (١٩٩٠-١٩٩١)، کەزیانێکی زۆری گیانیو مادیو سیاسیو دەرئەنجامێکی دەرونی خراپی لەسەر گەلی عێراق بەجێهێشت. ئەمە لەکاتێکدا هیچ جۆرە بەرژەوەندیەکی ستراتیژیو سیاسیو نەتەوەیی پەیوەست بەم جەنگانەوە نەبوو، بەڵکو تەنها حەزو خواستی فەرماندەو سەرۆکی عێراقی ڕۆڵی هەبوو لەهەڵگیرساندنیدا.

٥. لەسەر ئاستی ناوخۆو بەرامبەر بەدانیشتوان، عێراق بووە ماڵو خاوەنەکەی بووە چەند کەسێکی خێڵەکیو سەر بەخێزانێك. لەبەرئەوە توندو تیژترینو نامرۆیی ترین میکانیزم وەڵامی هەردەنگێکی نارەزاییو دژی دەسەڵاتو سەربەخۆییخواز بوو. بەکارهێنانی چەکی بەکۆمەڵ کوژو ئەنفال بۆ کوردو ڕاگواستنیان لەشوێنی خۆیان، هاوکات وێرانکردنو لێدانی شیعەو شیوعیەکانو لایەنە نەتەوەییەکانی عەرەب، بارودۆخێکی نائارامی لەسنوری عێراقیدا دروستکرد کەحکومەت لەڕێگەی سەربازیو قەدەغەکردنی هاتوچۆو بنیاتنانی مۆڵگەی سەربازییەوە، هەوڵیدا سیستەمێکی سەربازی تۆتالیتار پەیڕەوبکات بۆ بەرگرتن لەهەر سەرپێچیو هەڵگەڕانەوەیەك.

٦. لەئەنجامی ئەو جەنگانەو خەرجکردنی داهاتی وڵات لەکەلو پەلو خزمەتی سەربازو هێزە چەکدارە جۆراو جۆرەکانی وەك (ئاسایشو پۆلیسو بەرگری میللیو جاش)، عێراق تووشی قەیرانێکی ئابووری سەختبوو کەقەرزێکی زۆری وڵاتانی هاتە سەرو دەربازبوون لێی کارێکی سەختو ماوەیەکی دوورو درێژی پێویستە.



هەواڵنامەی کتێب

ئەمە جگە لەپێشێلکردنی دیموکراتیو مافەکامی مرۆڤ و وێرانکردنی گوندەکانی عێراق.ئەم بارودۆخو دیاردانە بوونەهۆی

لاوازکردنی ڕژێمی عێراقو شکستهێنانی لەمەیدانی دەسەڵاتداریدا .

.........................................





## پەراوێزەکان

[١] جاسم محمد العدل وآخرون: تاريخ الوطن العربي المعاصر، جامعة الموصل، ١٩٨٦، ص ١٥٨و ما بعدها.

٢ م،ن، ص ١٦٤-١٦٥.

٣ م،ن، ص ١٦٥.

٤ د.محمد مظفر الأدهمي وآخرون: التأريخ الحديث والمعاصر للوطن العربي، ط٢، بغداد ، ١٩٨٢، ص ٢٥٢-٢٥٣.

٥ م،ن، ص ١٧٣.

٦ د. إلياس فرح: مقدمة في الدراسة المجتمع العربي والحضارة العربية، جامعة بغداد ، ١٩٧٩، ص ١٦٥ومابعدها.

٧ د. خاشع المعاضيديء آخرون: دراسات في المجتمع العربي، ط١ ،جامعة بغداد ،١٩٨٩،ص ٥٣ومابعدها.

٨ د. إلياس فرح: مقدمة في الدراسة المجتمع العربيء الحضارة العربية، جامعة بغداد ، ١٩٧٩، ص ١٩٢-١٩٣.

٩ د. خاشع المعاضيدي: دراسات في المجتمع العربي...، ص ٢١٤وآخرون.

١٠ د. إلياس فرح: مقدمة في الدراسة...، ص ١٨٨.

١١ د. خاشع المعاضيديء آخرون: دراسات في المجتمع العربي، ص ١٨٤.

١٢ د. شفيق عبدالرزاق السامرائي: المشرف العربي، القسم الأول، جامعة الموصل، ١٩٨٠، ص ٨٥، د. خاشع المعاضيديء آخرون: دراسات في المجتمع العربي، ص ٩٦.

١٣ أحمد حسين يعقوب: طبيعة الأحزاب السياسية العربية، بيروت، طبعة جديدةمصححتو منقحة،١٩٧٧، ص ٦٥.

١٤ لجنة في المؤسسة الثقافة العمالية: دراسات في الوطن العربي، ط١ ،بغداد ،١٩٧٩،ص ٩٤-٩٥.

١٥ د. شفيق عبدالرزاق: المشرف العربي، ص ٨٥.



هەواڵنامەی کتێب

١٦ لجنة في المؤسسة الثقافة: دراسات في الوطن العربي، ص ٩٦-٩٧.

١٧ د. شفيق عبدالرزاق: المشرف العربي، ص ٨٥.

١٨ د. إلياس فرح: مقدمة في الدراسة، ص ١٨٣، د. خاشع المعاضيديء آخرون: دراسات في

المجتمع العربي، ص ٩٨.

١٩ د. إلياس فرح: مقدمة في الدراسة، ص ١٨٢-١٨٣.

٢٠ م.ن، ص ١٨٤.

٢١ حسن السعيد: نواطير الغرب، مؤسسة المنار رقم، ١٩٩٤، ص ٤٣-٤٤.

٢٢ سمير الخليل: جمهورية الخوف (عراق صدام)، ط١، القاهرة،ص ٢٥، لجنة في مؤسسة الثقافة: دراسات

فى الوطن العربى، ص ٩٩.

٢٣ حسن السعيد: نواطير الغرب، ص ٤٣-٤٤، ابراهيم سيعيدى: سورية، ض١٣٧٥،٢،ص ١٠٦.

٢٤ حسن السعيد: نواطير الغرب، ص ٤١-٤٢.

٢٥ م.ن، ص ٤٢.

٢٦ عبدالرزاق الحسني: تأريخ الأحزاب السياسية العراقية (١٩٨١-١٩٥٨)، ط ١،

بيروت،١٩٩٠، ص ٢٨١.

٢٧ م.ن، ص ٢٨١-٢٨٢.

٢٨ حسن السعيد: نواطير الغرب، ص ٤٦، ابراهيم سيعيدي: سورية، ص ١٠٦.

٢٩ على عباس مراد: الطبقاتء الصراع الطبقى، بغداد، ١٩٨٤، ص ٥٨-٦١.

٣٠ د. توفيق سلطان اليوزبكيء آخرون: دراسات في الوطن العربي الحركات الثوريتو السياسية، ط ٤، جامعة الموصل، ١٩٧٥، ص ٣١٦.

٣١ ئةمين قادر مينة (ضيا): ئةمنى ستراتيجى عيَراقو سيَكوضكةى بةعسيان (تترحيل-تعريب-تةبعيس)، س.ل.س.ك، ض٢، ١٩٩٩، ل ٦٩.

٣٢ اللجنة في المؤسسة الثقافة العالمية: دراسات في الوطن العربي، ص ١٠٣.

٣٣ د. خاشع المعاضيديء آخرون: دراسات في المجتمع العربي، ص ١١٤.

٣٤ د. توفيق سلطان اليوزبكي: دراسات في الوطن العربي الحركات الثوريتو السياسية،





ص ٣١٠-٣١١.

٣٥ حسن السعيد: نواطير الغرب، ص ٣٧.

[٣٦] د. توفيق سلطان اليوزبكي: دراسات في الوطن العربي الحركات الثوريتو السياسية، ص ٣١٠.

[٣٧] عبدالرزاق الحسني: تأريخ الأحزاب لاسياسية العراقية، ص ٣٠٤، سمير خليل: جمهورية

الخوف،ص ٢٥.

[٣٨] حسن سعيد: نواطير الغرب، ص ٨٢ - ٨٣.

[٣٩] ئةم سآ كةسة بقرِةضةلَةك خةلَكى ئةسكةندةرية بوون.

[٤٠] حنّا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث( الشيويعيونء البعثيونء ظباط الأحرار)، ت، عفيف رزّاز، ط ١، بيروت، ١٩٩٢، ض ٤٧ - ٤٨، الحزب الديموقراطي الكردستانى: موقف الأحزاب السياسية العراقية من قضية الكوردية( ١٩٤٦ — ١٩٧٠)، ط١، اربيل، ص ٥٧

[٤١] عبدالرزاق الحسني:تأريخ الأحزاب السياسية، ص ٢٩٧،ليث عبدالحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط ٢، بغداد، ١٩٨١ ،ص ٦٧.

[٤٢] د. محمد مظفر الأدهميو آخرون: تأريخ الحديثو المعاصر للوطن العربي،ص ٢٧٧.

[٤٣] حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ٤٨، حسن السعيد، نواطير الغرب، ص ٨٣ — ٨٤.

[٤٤] حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ٤٨، عبدالرزاق الحسني: تأريخ الأحزاب السياسية، ص ٢٨٢.

[٤٥] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة (تجربتي فى حزب البعث العراقي)، قم، ١٩٩٢، ص٩٣، د. محمد مظفر الأدهميو آخرون: تأريخ الحديثو المعاصر للوطن العربي،ص ٢٧٧

[٤٦] حسن سعيد: نواطير الغرب،ص ٨٥، الحسني، تأريخ الأحزاب السياسيةالعراقية،ص٨٣ - ٨٣.

[٤٧] برِوانة (حسن السعيد نواطير الغرب، ص ٩٥، ليث عبدالحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨،ص ٦٨).

[٤٨] د. سعد ناجى جواد: العراقو المسألة الكردية(١٩٥٨ — ١٩٧٠)، لندن، ١٩٩٠، ص ١٤٥.



هەواڵنامەی کێتێ

[٤٩] حسن سعيد: نواطير الغرب، ص ٨٧.

[٥٠] د. محمد مظفر الأدهميء آخرون: تأريخ الحديثء المعاصر للوطن العربي،ص ٢٧٧.

[٥١] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٦٨ – ٦٩.

[٥٢] د. مجيد الخدوري: العراق الجمهوري، ط ١، إيران، ١٤١٨ هـ، ص ١٦٣، الحزب الديموقراطي الكوردستاني: موقف الأحزاب السياسية....، ص ٦١.

[٥٣] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٨٤ - ٨٥.

[٥٤] ليث عبدالحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨،ص ١٤٦ – ١٤٧، د. نورى عبدالحميد العانيء آخرون: تأريخ الوزارات العراقية في عهد الجمهوري، ج١(١٤ تموز ١٩٥٨ – ٧ شباط ١٩٥٩)، بيت الحكمة – بغداد، ط ١، ٢٠٠٠، ص ١٢.

[٥٥] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٨٦.

[٥٦] ليث عبدالحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨،ص ٢٠٣، د. نوري عبدالحميد العانيء آخرون: تأريخ الوزارات العراقية في....، ص ١٢.

[٥٧] حسن سعيد: نواطير الغرب، ص ١٠٣.

[٥٨] د. سعد ناجى جواد: العراقء المسألة الكردية...، ص ٣٥.

[٥٩] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٨٥.

[٦٠] نبيل ياسين: تأريخ المحرم/ ط ١،لندن، ١٩٩٨، ص ١٠٢، حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ١٣٠.

[٦١] شبلي العيسمي: حزب البعث العربي الأشتراكي...،ص ٤٥، كمال غمبار: أشكالية ثورة ١٤ تموز عام ١٩٥٨ في ضوء جدلية نتائجها، مجلة (طولآن العربي)، عدد(٥٠)، ٣١ تموز ٢٠٠٠، سنة الخامسة، ص ٦٣.

[٦٢] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٨٨ – ٨٩.

[٦٣] حسن العلوي: العراق دولة... ص ٢١.

[٦٤] م. ن، ص ٢١، حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ١٤٢.

[٦٥] محمد صالح ئاكرةيى: مقتل عبدالكريم قاسم، ماذا جنينا منه حتى نبكى عليه؟، مجلة (طولآن العربي)، عدد(٥٠)، ص ٤٧ – ٤٨.





[٦٦] هانى الفكيكي: اوكار الهزيمة، ص ٩٤ – ٩٥، شبلي العيسمي: حزب البعث العربي الأشتراكي...،ص ٢٢٤ – ٢٢٦، د. عبدالفتاح على بوتاني: كيف برزت ظاهرة (الزعيم الأوحد)؟ مجلة (طولآن العربي)، عدد(٥٠)، ص ٤٧ – ٤٨.

[٦٧] نبيل ياسين: تأريخ المحرم، ص ١٠٢ – ١٠٣.

[٦٨] د. سعد ناجى جواد: العراقء المسألة الكردية...، ص ١٤٧.

[٦٩] د. علي كريم سعيد: عراق (٨) شباط ١٩٦٣ (من الحوار المفاهيم الى حوار الدم)، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، ط١، دار الكنوز الأدبية، بيروت – لبنان، ١٩٩٩، ص ٢٣.

[٧٠] حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ١٧٩و ما بعدها.

[٧١] م. ن، ص ٢٢٣ وما بعدها، زكي خيري: صدى شيوعي عراقي مخضرم، بدون سنةومكان الطبع، ٢٠٧.

[٧٢] هانى الفكيكي: اوكار الهزيمة، ص ٩٤.

[٧٣] حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ٢٤٤، سمير الخليل: جمهورية الخوف(ترجمة كاملة)، قاهرة – مصر، ١٩٩١، ص ٣٥٧.

[٧٤] سمير الخليل: جمهورية الخوف(ترجمة كاملة)، قاهرة – مصر، ١٩٩١، ص ٣٥٧.

[٧٥] د. رحيم عجينة: الختبار المتجدد(ذكريات شخصيتو صفحات من مسيرة حزب الشيوعي العراقي)، ط ١، بيروت – لبنان، ١٩٩٨، ص ٦٧ – ٦٨، زكي خيري: صدى سنين في ذاكرة....، ص ٢٠٨.

[٧٦] مذكرات العميد الركن المتقاعد جاسم كاظم العزاوي: ثورة (١٤) تموز(أسرارها، أحداثها، رجالها) حتى نهاية عبدالكريم قاسم، بغداد، ١٩٩١، ص ٢٤٠، مجيد الخدوري: العراق الجمهورى، ص ١٧٧.

[٧٧] مجيد الخدوري: العراق الجمهورى، ص ١٨١.

[٧٨] م.ن، ص ٢٥٩.

[٧٩] مذكرات العميد الركن المتقاعد جاسم كاظم العزاوي: ثورة (١٤) تموز(أسرارها، أحداثها، رجالها) حتى نهاية عبدالكريم قاسم، بغداد، ١٩٩١، ص ٢٦٤.

[٨٠] حسن السعيد: نواطر الغرب، ص ١١١-١١٢.

[٨١] م.ن، ص ١١٢.

[٨٢] د.رحيم عجينة: الإختبار المتجدد، ص ٧١، زكى الخيرى: صدى السنين...، ص ٢٤٠.

[83] علی خیون: دبابات رمضان (قصة ثورة ١٤ رمضان ١٩٦٣ في العراق، ط ١، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص ٨٤.

[84] م.ن، ص ٩٢-٩٣.

[85] حسن السعيد: نواطر الغرب، ص ١٢٢، هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٢١٩.

[86] حسن السعيد: نواطر الغرب، ص ١٢٢.

[87] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٢٢٠-٢٢١.

[88] م.ن، ص ٢٢٠.

[89] د.على كريم سعيد: عراق (٨) شباط ١٩٦٣...، ص.

[90] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ضۆنیەتی نەخشتو ئامادە باشیەکانی ئەم کودەتایە بروانە: د.على كريم سعيد: عراق (٨) شباط ١٩٦٣ ، هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٢١٣و دواتر مجيد الخدورى: العراق الجمهورى، ص ٢٦٠و دواتر.

[91] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٢٤٧.

[92] يونس البحري: ثورة (١٤) رمضان المبارك (أسرارو حقائق ووثائق عن الوثيقة العراقو زوال الطغيان القاسمى...)، ط ١،دار الأندلس، ١٥ شباط ١٩٦٣، بيروت، ص ٨٠-٨١.

[93] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٢٦٨.

[94] حسن السعيد: نواطر الغرب، ص ١٢٥.

[95] حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ٣٠٠.

[96] م.ن، ص ٣٠٠-٣٠١، حسن السعيد: نواطر الغرب، ص ١٢٥-١٢٦.

[97] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٢٦٩.

[98] د.مجيد الخدورى: العراق الجمهورى، ص ٢٧٢.

[99] د.على كريم سعيد: عراق (٨) شباط ١٩٦٣...، ص ١٤٠-١٤٣.

[100] د. إلياس فرح: تطور الأيدولوجية العربية الثورية، ص ٢٦٤.

[101] حسن السعيد: نواطر الغرب، ص ١٣٥.

[102] د.على كريم سعيد: عراق (٨) شباط ١٩٦٣...، ص ١٥٢-١٥٣.

[103] حسن السعيد: نواطر الغرب، ص ١٢٦.





[104] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٢٧٥.

[105] سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص ٦٩و ٢٣٨، حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ٣٠١.

[106] د.على كريم سعيد: عراق (٨) شباط ١٩٦٣...، ص ١٣٠-١٣١، يونس بحرى: ثورة(١٤) رمضان...، ص ١١٢.

[107] هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٢٧٥و ما بعدها، يونس بحرى: ثورة(١٤) رمضان...، ص ١١٧، سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص ٧٠\.

[108] د.على كريم سعيد: عراق (٨) شباط ١٩٦٣...، ص ١٢٩.

[109] د.مجيد الخدورى: العراق الجمهورى، ص ٢٧٦-٢٧٧.

[110] د. سعد ناجى الجواد: العراقء المسألة الكردية، ص ٨٣-٨٤.

[111] د.مجيد الخدورى: العراق الجمهورى، ص ٢٧٨.

[112] م.ن، ص ٢٧٨-٢٧٩.

[113] د. إلياس فرح: تطور الأيدولوجية العربية الثورية، ص ٢٥٦-٢٥٧، زكى خيرى: صدى السنين، ص ١٩٠، هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص ٢٨٨و ما بعدها.

[114] حسن السعيد: نواطر الغرب، ص ١٤٠-١٤٢.

[115] د.مجيد الخدورى: العراق الجمهورى، ص ٢٨٢.

[116] م.ن، ص ٢٨٢-٢٨٣.

[117] د. سعد ناجى الجواد: العراقء المسألة الكردية، ص ٧٥-٧٦.

[118] م.ن، ص ٧٦-٧٧.

[119] م.ن، ص ٧٧.

[120] يونس بحرى: ثورة(١٤) رمضان...، ص ٨٠-٨١، حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ٣١٨.

[121] د. سعد ناجى الجواد: العراقء المسألة الكردية، ص ٧٨و ما بعدها.

[122] د. إلياس فرح: تطور الأيدولوجية العربية الثورية، ص ٢٤٠، حسن السعيد: نواطر

الغرب، ص ١٣٧.

[123]حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ٣٤١ .

[124]حسن سعيد: نواطير الغرب، ص ١٦٧ .

[125]حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ٣٤١-٣٤٨ .

[126]م . ن، ص ٣٧٧ -٣٨٠

[127]م.ن، ص ٣٨١.

[128]م . إلياس فرح: طوار الايديولوجية العربية الثورية ...، ص٢٢٩ .

[129]التقرير السياسى الصادر عن مؤتمر القطري الثامن الحزب البعث العزى الاشتراكي – القطرالعراقي: ثورة ١٧ تموز التجربة وألافاق، كانون الثانى ١٩٧٤، ص ٩-١٠ .

[130]محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب، الحركات القومية العربية، ص ٣٨٢ .

[131]بروانة (المؤتمر القطري الثامن: ثورة ١٧ تموز ...، ص ١٠-١٤ .)

[132]م.ن، ص١٦-١٧

[133]حسن السعيد: نواطير الغرب، ص ٣٨١، شمران المعجلى : الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، ط١، ٢٠٠٠، دارالحكمة – لندن، ص ٦٠

[134]المؤتمر القطري الثامن لحزب البعث –العيراق: ثورة ١٧ تموز ... ص ٢٤و دواتر: سمير عبدالكريم: أضواء على الحركة شيوعية في العيراق، ج ٥ ١٧/٣ تموز ١٩٦٨-٧٨/١٩٧٩، دارا المرصاد – بيروت، ص ١٣-١٥

[135]حسن سعيد: نواطر الغرب ...، ص ٣٦١ -٣٦٢

[136]شمران العجلي: الخريطة السياسية ....، ص ٥٧-٥٩: المؤتمر القطري الثامن: ثورة (١٧)تموز ....، ص ٢١ .

[137]سمير عبدالكريم: أضواء على الحركة ....، ص١٤: شمران العجلى: الخريطة السياسية ...، ص ٥٨ .

[138]بۆزياتر زانيارى لةبارةى لةبارةى وردةكاريةكانى ضۆنيةتى دةستشيَكردنى ئةم كودةتاية بروانة: حسن السعيد: نواطر الغرب، ص ٤٤٨و ما بعدها:حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ٣٨٩و بعدها .

[139]حنا بطاطو ك العراق الكتاب الثالث، ص ٣٩٢ .





[140]محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية ...، ص ٣٥٨

[141]د. أمير أسكندر: صدام حسين مناضلاً ومفكراً وانساناً، ١٩٨٠، ص ١١١و مابعدها، حسن السعيد: نواطير الغرب، ص ٤٦٥-٤٦٦

[142]حسن السعيد: نواطر الغرب، ص ٤٦٦-٤٦٧ .

[143]حسن العلوى: العراق دولة متظمة ...، ص ٣٤ .

[144]محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية، ج١، ص ٣٨٦

[145]د. عبدالوهاب حميد رشيد: العراق المعاصر، دارالمدى، سوريا، ٢٠٠٢، ص ١٦٥-١٦٦

[146]سمير الخليل: جمهورية الخوف (الكاملة)، ص ٣٥٤: محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية ...، ج١، ص ٣٨٧-٣٨٨

[147]حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث، ص ٤٠٩-٤١٠

[148]محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية ...، ج١، ص ٣٨٧-٣٨٨ .

*سةرضاوة هةية ئاماذة بةوة دةكات كة ئةم كودةتية بونيَكى نةبوو، بةلَكو بةكرو سةددام كرديانة بيانو بؤ لةناوبردنى دورخستنةوةى هةنديَك كةساية‌تى كةسةرةبستو نةيارى خؤيان دةزانى . (حسن العلوي: العراق دولة المنظمة السرية، ص١٥٠-١٥١) .

[149]حسن العلوي: العراق دولة المنظمة السرية، ص ١٧٧-١٧٨: د. عبدالوهاب مجيد رشيد: العراق المعاصر، ص ١٦٩

[150]محمد جمال باروت وآخرون: الاحزاب والحركات القومية ...، ج١، ص٣٨٨.

[151]م.ن، ص ٣٨٩

[152]د. عبدالوهاب مجيد رشيد: العراق المعاصر، ص ١٦٩-١٧٠ .

[153]م.ن، ص ١٧٠

# ژینگەو ئاسایشی نێودەوڵەتی

و: ئامانج عارف

گۆڕانکارییەکان گرنگییەکەیان لە سیستەمی پێشینەی ژیانەوە بەدەست ئەهێنن تا هەڵکەن وبگونجێن لەگەڵ ئەو ژیانە ، ئەو گۆڕانە چۆن ئەبێت ئەگەر ئەو پانتاییەبێت کە ژیان لە چوارچێوەیدا چالاکی ئەکات بۆ بنیات نانی زیندەوەرو سەرجەم بونەوەرەوەکانی تر.خودای گەورە لەچوارچێوەیەکی تەواو کارو گونجاودا کە خاوەن سروشتێکی پشت بەخۆبەستە بەتوانایەکی دیار دروستی کردوە . ئەو پانتاییەش بریتییە لە ژینگە ، لەبەر ئەوە بەبێ ژینگە کە سەرچاوەکانی مانەوەی لە خوگرتوە زۆر مەحاڵە ژیان بەردەوام بێت . لێرەدا گرنگی لێکۆڵینەوەی ژینگەو کاریگەریەکانی لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی سەرهەڵدەدات . مروڤ کاتێك پێویستی بەسەرچاوەکانی مانەوە ئەبێت هەست بەپێویست بونی ئاسایش ئەکات تا ژیان بەردەوام بێت ، لێرەدا شێوەی لێکۆڵینەوەکە سەرهەڵدەدات کەلەم پرسیارانەدا خۆی ئەبینێتەوە :

ئایا گرفتەکانی ژینگە کاریگەری هەیە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی ؟ لەم گریمانەیەوە ئەچین بوئەوەی کە گرفتەکانی ژینگە کاریگەری سلبیان هەیە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی . بۆ وەلاٚمدانەوەی ئیشکالیەتەکانی ئەم لێکولێنەوەیە کە پشتی بەستوە بە مەنهەجیەتێکی شیکاری وەسفی ، لە دیاریکردنی گرفتەکانی ژینگەدا . ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەش دەکرێت بۆ سێ تەوەر سەرەڕای پێشەکیەك و کۆتاییەك ، سەرچاوەکانیش بریتین لە تەوەری یەکەمدا :

چوارچێوەی واتای ژینگە ، ئاسایشی نێودەوڵەتی ، ئاسایشی ژینگەیی ، تەوەری دووەم باس لە هەندێ لە گیروگرفتەکانی ژینگە دەکات بە پێی راپورتێك ، لە تەوەری سێهەمدا باس





لە کاریگەری ژینگە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات ، وەکوتاییدا کومەڵێك دەرەنجامی لەخۆگرتووە .

## چواچێوەیەکی واتایی :

پێش ئەوەی بچینە ناو لێکولێنەوەو شیکاری کاریگەرییەکانی ژینگە لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەرخستنی پەیوەندی کۆبونەوەی ئەو دوو گۆرینە پێویستە واتای ژینگە و واتای ئاسایشی نێودەوڵەتی و واتای ئاسایشی ژینگەیی دیاری بکەین . کەبەشێك پێك دەهێنن بو ئاسایشی نێودەوڵەتی .

### • ژینگە :

بۆئەوەی بتوانین پەی بەگرنگی ژینگە لەبەرامبەر ئاسایشی نێودەوڵەتی بەرین ، پێویستە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ژینگە بکەین ، ( یەکەم کەس کە ووشەی ئایکۆلۆجیای دارشت زانا (هنری ترو) بوو ساڵی ١٨٥٨ بەلاٚم نەچوەناو مەوداکانییەوە ) ، بەلاٚم زانای ئەڵمانی (ارنست هیجل) لەساڵی ١٨٦٦ دا ووشەی ئایکۆلۆجیای داناو پێناسەی ئامانجەکانی کرد بە دراسەکردنی پەیوەندی نێوان بونەوەرێکی زیندو لەگەڵ ئەو شوێنگەی تێیدا ئەژی . جگە لەوەی کە ئەو شوێنگەیە مەرجی مانەوەمان و ئەو ماددانەی کە نویٚ نین و کۆتاییان هەیە بۆ دیاری دەکات ، هەروەك چۆن مادە نویٚ کانی ژینگە کۆتاییان هەیە ئەگەر مروڤ بەباشی بەکاریان نەهێنێت . بەواتای پارێزگاریکردن لە ژینگە بەشێکی بنەرەتیە لە مسۆگەرکردنی بەردەوامی ژیان کەبەسەری ئەبەین و زەیان لێدانی بەواتای زیان لێدانی ئاسایشی ئەو ژیانەی تێیداین کە مەترسیدارە ، هەروەها کێشەی ژینگە و گرفتەکانی بەیەکێك لەکێشە بنەرەتیەکان ئەژمێردرێت کە تەحەکوم بەسیاسەتی نێودەوڵەتیەوە ئەکات ، جا لەڕووی دەست گرتن بەسەر مادەکاندا بێت یان مسۆگەر کردنی شوێنگەیەکی ئارام بۆ ژیانی ئادەمەکان بێت . وە ئەمە وای کردبوو کە گرفتەکانی ژینگە لە کۆتدا لەو گرفتانە بێت کە نێوخۆییانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرابێت ، بەلاٚم بەهۆی بچرانی پەیوەندی نێوان یەکەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی کە هەوڵیان ئەدا بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین بڕی توانا لە دەست کەوت لەسەر حسابی یەکەکانی تر بووە هۆی

ئەوەی کە تەنگژەکان زۆر قورس و ئالۆزبوون . وەئەم گرنگییەی ژینگە لە پەیوەست بونی نێوان ژینگەو ئاسایشی نێودەوڵەتیدا دەردەکەوێت ، لەبەر ئەوە گوتاری خەڵك لەسەر ژینگە یەکێکە لەکێشە بنەرەتیەکان لە چوارچێوەی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا .

## • ئاسایشی نێودەوڵەتی:

تایبەتمەندی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەئەنجام گەیاندنیەتی لەچوارچێوەیەکی نێودەوڵەتیدا . کە تیایدا شێوەیەکە لەو چوارچێوەیە تابتوانرێت پارێزگاری لێبکرێت ، تەنها لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵیدا کە هەموو ئەو لایەنانە لەخۆدەگرێت و بە چوارچێوەیدا ئەژین لەو چوارچێوەیەدا و بەبێ هەوڵێکی کومەڵی ئاسایشی ژینگەیی نایەتەدی . کە چوارچێوەیەکی گونجاو بەرهەم دێنێت بۆ وەدەست هێنانی ئاسایشی نێودەوڵەتی یان تا ئاستێکی بەرز لەئاسایشی نێودەوڵەتی . بەدەست هێنانی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی رەها حاڵەتێکی میسالیە و قورسە بەدەست هێنانی لە چوارچێوەیەکی کومەڵیدا بەوە ئەناسرێتەوە کە بەرژەوەندییەکان ئەپچڕێن و بەریەك دەکەون .

## • ئاسایشی ژینگەیی :

ئاسایشی ژینگەیی واتایەکی نوێیە و لەماوەی حەفتاکاندا دروست بوە لەلایەن دەوڵەتانی باکوری پێشکەوتووەوە لەنمونەی ولاتەیەکگرتوەکان و دەوڵەتانی ئەسکەندنافی یەوە ، لەوکاتەدا زورێك لەدەوڵەتانی باشور واتایەکی دیاری کراویان دانەنا بوو بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی . ئەگەر چی لەوکاتەدا دەوڵەتەکانیان لە هەوڵدابون بۆ بەکارهێنانی زاراوەی ئاسایشی نێودەوڵەتی ، بونمونە (چین) پشتی بەستبوو بەئاسایشی ژینگەیی لە ژێر سێبەری پاسەوانی ژینگەدا ، هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ئەو لیژنانەی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکانن تائێستا واتایەکی دیاریکراوی ئاسایشی ژینگەییان بۆ روون نەبوتەوە . تا ساڵی ١٩٩٤ کەبەرنامەی بوژانەوەی نەتەوەیەکگرتوەکان ئاماژەی کورتی پێدا لە راپورتێکی ساڵانەیدا لەسەر بەرەو پێشبردنی رەوشی مروڤایەتی ، لەلاپەرە (٢٨) دا ئاماژەی داوە بەگرفتەکانی ژینگە کەرووبەڕوی





کیشوەرەکان دەبێتەوە کە تێکەڵەیەکە لە بەلاَی نێوخویی و جیهانی . وەجەختی کردوتەوە لەسەر ئەوەی پارێزگاری لە ئاسایشی نێودەوڵەتی بکرێت بەبێ بەدیهێنانی ئاسایشی ژینگەیی .

بۆیە ئەبینین هەوڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و دەوڵەتان لەسەر دانانی پێناسەیەکی دیاریکراوە بۆ ئاسایشی ژینگەیی . بۆیە چەند پێناسەیەکیان دانا، گرنگترینیان ئەوەیە کە ژینگە وا پێناسە دەکات بەوەی (( ئاسایشی ژینگەیی پەیوەستە بە ئارامی جیهانەوە بو خەڵك لە دەرکەوتەی ئەو مەترسیانەی کاری سروشتی و ئەو کارانەی کە مروڤ پێی هەڵساوە لە دەرەنجامی گوێ نەدان یان رووداو یان خراپ بەرێوەبردن)) ، سەرەرای ئەوەی کە تێبینی لەسەر ئەم پێناسەیە هەیە بەوەی پارێزگاری ژینگەی فەرامۆش کردووە کە پەیوەستە بە نەوەی نوێ وە و ئایندەی مروڤایەتی .

وە روونی ئەکاتەوە کە هەر گۆڕانێك کاریگەری هەیە لەسەر سەلامەتی گشتی کەلە داهاتودا بنەمایەك دەبێت بۆ ژینگە ، ئەوان گرنگییەکی زۆر ئەدەن بە ئاسایشی ژینگە بۆ خەڵك نەك ئاسایشی ژینگە بۆ ژینگە خۆی ، ناتەواوی ئەم پێناسەیە وای کرد کە چەند پێناسەیەکی تر بۆ ئاسایشی ژینگەیی سەر هەڵبدات لەوانە (( گەڕاندنەوەو ئامادەکردنی ژینگە کە لە جەنگدا وێران ببون و چارەسەرکردنی مەترسیە بایۆلۆجیەکانی کە پێ ئەچێ بەرەو ماڵوێرانیەکی بەکومەڵ سەر بکێشێ ))

کە ئەمە پێناسەیەکی زۆر باشەو لایەنێکی گرنگی ئاسایشی ژینگەی گرتۆتەوە کە هەندێك پێناسەی دەکەن بە (( ڕۆڵ پێدانی ماددە سروشتیەکان بو بەرهەمەکان لەوێوە بۆ پاشماوەکان ، دواتر بۆ ماددە سروشتیەکان )) هەندێکی تر ئاسایشی ژینگە وادەبینن کە (( پارێزگاریکردنە لە شوێنگەیەکی فیزیایی بۆ کۆمەڵگە و دابینکردنی پێداویستیەکانیەتی بەبێ کاریگەری دانان لەسەر کۆکراوە سروشتیەکان )) .

## • کێشەکانی ژینگە :

ئەم چەند ساڵەی کوتایی لەسەدەی بیستەمی تێپەریوو ژینگەی سروشتی توشی بەلاَیەکی ترسناك بوو کە تا ئێستاش ڕوژانە بەردەوامە ، لەهەر ڕوژێکی نوێ لەڕوژانی ساڵدا هەوا زیاتر

پیس ئەبێت بە تۆزو دوکەڵ و گازە ژەهراوییەکان ، هەموو ڕۆژێك دەریاکان و دەریاچەکان و ڕووبارەکان پیس ئەبن و پلەی گەرما بەرز ئەبێتەوەو قەرەباڵغی زیاد ئەکات و ماددە سروشتیەکان لەکەمبونەوەدان و ڕێژەی بڕینەوەی نەمامی دارستانەکان لەزیاد بوندایە و پانتایی بەبیابان ( ڕووتەن بوون) زیاد ئەکات .

لە ڕاستیدا ئەم گیروگرفتانەی و ژینگە لە جیاکردنەوەی ئەو ڕووبەڕووبونەوەیەوە وەردەگیرێت کە پەیوەستە بە بەردەوامیێتی ژیانەوە وە بەهۆی گرنگی ئەم گیروگرفتانەوە گفتوگۆیەکی گرنگ ئەکەین کە ژینگە وەلآمی هەندێکی ئەداتەوە بەهۆی زۆری و فراوانیان و ئەوەندەی پەیوەستە بە ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە .

- **بیابانی بون ( ڕووتەنی ):**

وەك ناسراوە بە بیابان بون یان ( ڕووتەن بون ) بریتی یە لە ووشك بونەوەی زەوی لەهەندێك ناوچەدا ، دەرەنجامی کومەڵێك هۆکار لەوانە گۆڕانی ئاووهەواو چالاکی مرۆڤایەتی ، لەبەر ئەوە پسپۆڕەکان پێناسەی بەبیابان بونیان بونیان زۆر بە ووردی کردووە بەوەی (( کشانی ژینگەی بیابانیە بەسەر زەویە سەوزەکاندا و لەدەست دانی ئاوی سەر زەوی و ڕووەکەکان بەهۆی هۆکاری ئاووهەوا و زەوی ، یان کرداری مرۆڤەوە )).

لەڕاستیدا بیابان بون گورانی سلبی دروست ئەکات لە تایبەتمەندییەکانی ژینگە بە جۆرێك بارودۆخێك ئەخولقێنێ وای لێدەکات نزیك بێت لە ژینگەی بیابانەوە ، کە بەچەند دیاردیەك ئەناسرێتەوە ، لە گرنگترینیان :

١_نەمانی بەرگی ڕووەکی.

٢_چالاکی گردبونەوەی لم (دروست بون گردێك لە لم).

٣_خزینی خاك .

٤_سوێربوونی خاك و بێ پیت بوونی.

٥_زیاد بوونی پڕ تەپوتۆزی گیرخواردوو لە هەوادا.



وەدیاردەی بەبیابان بون لە دەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و مرۆڤایەتی لە دایك دەبێت کە دیارترینیان بریتیە لە :

زیادبونی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچە ووشکەکاندا کە ئەمە سەر ئەکێشێ بۆ زیادبونی دەرهێنانی مەوارێدەکانی ژینگە یان پەلەکردن لە بڕینی دارستانەکان بۆ مەبەستی ووزەو بازرگانی و بەرفراوانبوون دروستکردنی خانوی نیشتەجێبون . بەلآم هۆکارە سروشتییەکان بریتییە لە بەرزبونەوەی پلەی گەرما لەسەر ئاستی جیهان و گۆڕانی دابەشبونی باران کەهەڕەشە لە ناوچە ووشکەکان دەکات بۆ بەبیابان بون .

ئەوەی وادەکات کە دیاردەی بەبیابانی بوون گرنگی پێبدەین بریتییە لەوەی کە لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا ئەڕوات بۆ گۆڕانی ٧٠٪ لەکۆی زەویە ووشکەکان کە بەرزئەبێتەوە بو ٣,٦بلیون هەکتار ، واتە چواریەکی سەرزەوی وەبەهەند وەرگرتنی گرنگی ئەم دیاردەیە لە باشوری جیهاندایە کە لە هەموو ساڵێکدا (٢) ملیون هەکتار زەوی بەتاڵ ئەبێتەوە لەوەی کە هیچ بەرهەم و واریداتێکی هەبێت . بەرهەمی خۆراك یان بەرهەمی بەروبومی بازرگانی یان بەرهەمهێنانی گۆشت بون . کە تیایدا زۆرێك لە زەوییە کشتوکاڵیەکان لە دەست دران کە ئەگونجان بو کشتوکاڵ ، هەروەها پێنج دارستانی باراناوی هێڵی ئیستوا و نزیکەی دەیان هەزار لە جۆرەکانی زیندەوەران فەوتان.

- **نەمان و ڕاماڵینی دارستانەکان :**

داپۆشینی زەوی گرنگییەکی گەورەی هەیە لەڕووی ژینگەییەوە ، بەوەی پارێزگاری لە مانەوەی خاك و هایدرۆجینی خاك و توانای پرۆتینات لەنێوان خاك و ڕووەکدا ئەکات . بەلآم دارستانەکان دادەنرێن بە سود بەخشێك بۆ زۆرێك لە ڕووەك و گیانەوەران ، وە گرنگی دارستانە ئابورییەکان تەنها کورت ناکرێتەوە لەسەر تەختە ، بەڵکو بۆ ئەو ڕووەکانەی کە لە پزیشکیدا بەکاردێن و سودێکی زۆر بە مرۆڤ دەگەیەنن . هەروەك چۆن ڕۆڵێك دەگێرێت بۆ کردنەدەرەوەی گازی کاربۆن لە بەرگی هەواداو یارمەتیدانی لە نزمکردنەوەی پلەی گەرمای جیهان . جگە لەوەی ئەم مادە سروشتیە گرنگە، بەشێکی بنەڕەتی پێك دەهێنێت لە بەرهەمهێنانی گازی

ئۆکسجین لە ژیانی سروشتیدا ، بەلاّم بەهۆی ئەم ڕامالّین و نەمانەوە توشی ترسناکیەك بوە .
لەساڵی ١٩٧٠ دا پانتایی زەویە دارستانییەکان لەجیهاندا (١١٠٩)کم چوارگۆشەبوو بۆ هەر (١٠٠٠) کەسێك لە دانیشتیوان ، بەلاّم لە ساڵی ١٩٩٨دا دابەزی بو (٧٠٣)کم چوارگۆشە بۆ هەر (١٠٠٠) کەسێك .

ئەم کەمبونەوەیەی پانتایی دارستانە سروشتیەکان دەرەنجامی چەند هۆکارێکی سروشتی و مرۆڤ کردە، لەجیهانی باشوردا زۆر بە وردی وەرگیراوە لەهەموو ساڵێکدا لە ئەمریکای لاتین و ناوچەی کاریبی (٤) ملیۆن هکتار زەوی لە دەست ئەدرێت . وە لە چوارچێوەی جیهاندا تەنها هێکتارێك ناگەرێتەوە بەرامبەر بە (٦) هێکتار لە دارستانەکان . وەئەم کەمبونەوەیەی پانتایی دارستانەکان لە دەرەنجامی پەرەسەندنی دروستکردنی خانوی نیشتەجێ و کشتوکاڵی بێ بەرنامەوە هاتوە ، سەرەرای بڕینەوەی دار بو ئامانجی پیشەسازی وەك پیشەسازی تەختەو هتد.... ، وە هۆکارێکی تر بریتیە لە کاریگەری ئاگر کەوتنەوە کە هۆکەی کەمتەر خەمی مروڤ و وشکە ساڵیە ، لەڕاستیدا ئاگر دەستی بەسەر ملیونان هێکتار زەویدا گرتووە بونمونە لە دارستانەکانی ئەندۆنیسیا ساڵی ١٩٧٢ .

ئەم کەمبونەوەی پانتایی دارستانەکان دەرەنجامی زیادبونی داواکاری جیهانیە لەسەر تەختە ، کەلەو باوەرەدان کەبەکارهێنانی بەرزبوێتەوە بۆ ٢٠٪بۆ هەموو دەساڵێك ، ئەمە سەرەڕای کەمبونەوەی پانتایی ئەو زەویانەی ئەشێن بۆ کشتوکاڵ کە ئەبوایە پشت ببەسترایە بە زەوی گژوگیایی ، هەروەها فراوان بونی چوارچێوەی دیاردەی بە بیابان بون .

ئەم کەمبونەوەیەی دارستانەکان دەرەنجامەکانی لەکاتی ڕامالّینی خاك و لافاو و باو بۆران و گۆرانکاری لە ئاووهەوای جیهاندا دەردەکەوێت ، بۆنمونە ڕامالینی دارستانەکانی دۆلّی ئەمازۆن هۆکاربون بۆ نزمبونەوەی شێی هەوای ناوچەکە و وە لە ١٢,٥لە بەرهەمی جیهانی ئۆکسجین .





- **قەتیس بونی گەرما ( بەرگی کەونی ) :**

دیاردەی قەتیس بونی گەرما یەکێکە لە گرنگترین دیاردەکان کە پەیوەستە بە خراپ بونی ژینگەوە . ئەو گازانەی کە پارێزگاری لەگەرمی هەوا دەکەن و ئەیهێڵنەوە و تەرکیزیان زیادئەکات ، ئەوە بەهۆی چالاکی مرۆڤەوەیە . وە ئەمە ئەوەیە کە پێی دەوترێت ماڵی شوشەیی ، ئەو گەرمییە ئەهێڵدرێتەوە بەهۆی گازە قەتیس بووەکانەوەیە کە بەرگەی تیشکی خۆر دەگرێت ، وەك میسان و ئوکسیدی کاربۆن لەگەڵ دەرکەوتنی تیشکەکە بە پێچەوانەی ڕووی زەویەوە ، ئەو کارەی کە ڕوو ئەدات لە بەرزبونەوەی پلەی گەرما بۆ ڕێژەیەکی بەرزتر لە پانتایی هەوادا ، ئەویش بەهۆی قەتیس بونی گەرماوەیە . چاوەڕوان کراوە کەپلەی گەرمای زەوی لە ماوەی ١٠٠ ساڵی داهاتودا بەرزبێتەوە لە نێوان (١-٦) پلەی سەدی لە (١٩٩٠-٢٠٩٠) ئەم بەرزبونەوەیە لەماوەی دەهەزار ساڵی رابردودا نەبوە .

- **فرێدراوە ژەهراویەکان :**

فرێدراوە ژەهراویەکان وا پێناسە دەکرێت کە مادده یان شتومەکن کەخۆیان لێ دەرباز دەکرێت ، وە ٩٠٪ی فرێدراوە ژەهریەکان هی وولاّتانی باکورە . لە ساڵی ١٩٨٤ دا بەتەنها ١٣٢-٣٧٥ ملیۆن تەن لە فرێدراوەکان دروست بووە کەلەسەر ئاستی جیهان ئەکاتە نزیکەی (٥) ملیۆن تەن . کە هی ناوچە تازە دروست بوەکان و دەوڵەتە دواکەوتوەکانە .

ئەم فرێدراوانە لەسەر شێوەی هەڵم و گازن ، یان لە شێوەی ڕەقین یان شلین ، ترسناکیەکەیان لەوەدایە کە بەر ژینگە دەکەون ، بەهۆی ئەوەی کە چارەسەر ناکرێت ئەم دەرئەنجامە سلبییەی لێ دەکەوێتەوە کە و ناگۆردرێت بۆ شێوەیەك کە زەرەر لە ژینگە نەدات ، وە لەدیارترین کاریگەرە سلبییەکانی کەڵەکەبونیەتی لەبەرگی ئۆزۆندا ، وەژەهراوی بونی ئاوی ڕوبارو دەریاو دەریاچەکان .

هەرچی پەیوەندی بە بەرگی ئۆزۆنەوەهەیە ، سەرەڕای ئەوەی کە بەرگی ئۆزۆن ئەگۆڕێت بەبێ ئەوەی پلەی گەرمای زەوی بێتە خوارەوە لەبەر ئەوەی ٢٠٪ ی تیشکی گەرمای زەوی پێك دەهێنێت وە ئەگۆڕێت بەبێ ئەوەی تیشکی سەرو وەنەوشەیی بێتە ژورەوە . بەلاّم ڕووبەڕوی

کێشەی ترسناك ئەبێتەوە لەوانە ئەو فرۆکانەی کە بەئاسماندا ئەفڕن کە تیژ ڕەویان لەسەرو هێزی دەنگەوەیەو بەکارهێنانی نایترۆجین و بلاوبونەوەی ئەو گازانەی بەهۆی پێکانی ئۆتۆمبیلەوە دروست ئەبێت و تاقیکردنەوەکانی تەقاندنەوەی نەوەوی لە بەرزایی زۆردا .

لەڕاستیدا ترسناکی کون بونی چینی ئۆزۆن لەگەیشتنی تیشکە سەرو وەنەوشەییە وە بۆ سەر زەوی . ئەو کارەی ئاگادارمان ئەکاتەوە لە کێشەی ترسناك کە هەڕەشە لە ژیانی هەموو ئەو زیندەوەرانە ئەکات کە لەسەر زەوی ئەژین ، سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی دروستی دەکات لە ئاووهەوا خاکدا .

بەلاَم پیس بونی ڕووبارو دەریاکان کە نزیکەی ٧١٪ ی گۆی زەوی پێك دەهێنن ، مەبەست لێیان بریتییە لە(( ئەگەر هاتوو لەسەر ئاستی توانایەکی بەرز بەرامبەر ئاستی بەکارهێنانی مرۆڤایەتی نەبێت لەئێستادا بێت یان لە داهاتودا )) وەتێبینی ئەوەکراوە لەسەر پیس بونی ئاوەکان کە زۆربەی بە دەستی مرۆڤ خۆی ڕوویداوە بەهۆی ئەو پاشماوانەی کە شارە پیشەسازییەکان جیای دەکەنەوە و فڕێی دەدەنە ناو ژیانی ڕۆژانەو دەریاچەکانەوە ،سەرەڕای ڕژانی گوازەرەوە نەوتیەکان .

پیس بونی ئاو کاریگەری لەسەر دانیشتوانی تەواوی جیهان هەیە ، بەلاَم زۆرترین کاریگەری لەسەر جیهانی باشورە، بەوەی کە ٣٠٪ی دانیشتوانی باشور ئاوێکی تەندروستیان دەست ئەکەوێت و ٦٠ ٪ی لە هەژارییەکی تەندروستیدا ئەژین . لەم کاتەدا ئەم ڕێژەیە لە دابەزیندایە لە وولاَتانی باکوردا کە تیایدا خاوەنی کارگەیەکی گەورەن لە دروستکردنیدا .

### • کاریگەری ژینگە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی :

لە ڕاستیدا ئاشکرایە کێشەی ژینگەو گەشەپێدان کە ڕووبەڕوی جیهان بۆتەوە ، زۆر لەوە ئالۆزترە کە ئەبینرێت . کێشەی ژینگە لە ڕووی نێوخۆییەوە ئیشی لەسەر ئەکرا ، بەلاَم کتوپڕ گۆڕا بۆ تەنگەژەیەکی گەورە و پێویستی بەوەکرد کە چارەسەری گشتگیرو خێرای بۆ بدۆزرێتەوە . زۆری ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتیانەی کە لەسەر ژینگە بەسترا گرنگی ژینگە دەرئەخات لە پارێزگاری کردن لە ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی ، لەڕووی نێودەوڵەتیەوە





نزیکەی ٣٠٠ ڕێکەوتن و پرۆتۆکۆلی فرەلایەن هەیە . سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕێکەوتنانە لەلایەن چەندین دەوڵەتەوە واژۆکراوە ، بەلاَم ئەمانە بە کۆی گشتیان نەگۆڕاونەتە سەر ڕێسایەکی نیشتمانی چالاك .جگە لەوەی ئەوەی تێبینی ئەکرێت کە ئەم کونگرەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیانە کێشەی ژینگەیان گۆڕیوەتە کێشەیەکی هاوچەرخ لە گۆڕەپانێکی نوێ بۆململانێی نێوان باکور و باشور کە کاریگەری سلبی هەیە لەسەر ئاسایش و جێگیری نێودەوڵەتی . باشوری زەوی باکور بەوە تۆمەت بار دەکات کە ئەو بەرپرسە لەو بەلاَ جیهانیە ، وەداوا ئەکات کە بەپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرێت و سنورێك دابنێت بۆ دەرهێنانی مەواریدە سروشتیەکان . لە بەرامبەر ئەمەدا ، باکور داوا لەباشور ئەکات کە سنورێك دابنێت بۆ زیادبونی ژمارەی دانیشتوان کە ئەبێتە هۆی زیادبونی فشار لەسەر مەواریدەکانی ژیان .

واتە جیاوازی نێوان باکور و باشور لەسەر کێشەی ژینگە بەوردی لەسەر دەرهێنانی مواریدەکان و ، گەشەی دانیشتوان و هەژاری و ، جەنگەکان و ، ئەم خالانە کێشەی سەرەکی دڵەراوکێی نێوان باکور و باشوررە و نێوان باکور لەگەڵ _ باکورە کە هەڕەشە لە ئاسایش و ئاشتی جیهان دەکات .

### • دەرهێنانی ماددەکان :

دەرهێنانی ماددەکان لەڕووی جیهانییەوە پێداگرییە لەسەر دوو ئاست کە ئەوانیش : دەرهێنانێك لە ئەنجامی زۆری و دەوڵەمەندییەوە و دەرهێنانێك لە ئەنجامی کەمی و هەژارییەوە .

ئاستی یەکەم بریتییە لە ئەنجامێکی سروشتی بۆ فراوانکردنی چوارچێوەی دروستکردن لەئاستی ئەو ولاَتانی باکوردا ، لەبەر ئەوەی ڕەورەوەی دروستکردنی پیشەسازی لەم وولاَتانەدا پشت دەبەستێت بە سەرچاوە سەرەتایی و یەکەمینەکان لە وولاَتە دواکەوتوەکاندا . ووزە (نەوت) کە بازنەی پێشبڕکێی لە نێوان وولاَتانی باکوردا زیاد کردووە پاڵی پێوەدەنێت بۆ لە خۆگرتنی زۆرترین توانای سەرچاوە سەرەتاییەکان و ڕەگەزەکانی ووزە بۆ دەستەبەرکردنی دوارۆژیان . لەڕاستیدا هەوڵ ئەدەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە لەڕێگەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی

بێگانەوە کە ئاراستەی وولاَتانی باشور دەکرێت بۆ ڕزگاربون لەبەربەستەکانی پارێزگاری ژینگە کە لە وولاَتانی خۆیاندا سەپێنراوە بۆ گواستنەوەی بۆدەوڵەتێك کە هیچ جۆرە بەربەستێك ناسەپێنێ . بەتایبەت گواستنەوەی پیشەسازی کۆن کە ژینگە پیس دەکات لەبەرامبەر تەرکیز کردن لەسەر پیشەسازی پێشکەوتوو لە وولاَتانی باکوردا . ئەو کاریگەرییەی کە وەبەرهێنانی بێگانە جێی دەهێڵێ لە ئاستی دووەمدا بریتیە لە دەرهێنانی ماددەکان لە دەرەنجامی هەژارییەوە، لەبەر ئەوەی ئازاد کردنی وەبەرهێنان ، فراوانبونی بۆشاییەك دروست ئەكات لە نێوان هاتنە ژورەوەوبۆ ناو دەوڵەتێکی هەژاردا ، کە ئەمە سەر ئەکێشێ بۆ خراپبونی ژینگە لە دوو ڕووەوە : ناچاربونی هەژاران کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ژینگە ئەویش لەکاتی هەوڵدانە بەردەوامەکانیان بۆبەدەست هێنانی پێداویستیەکانیان ، یان بەتەنها لە پێناو مانەوەیان لە ژیاندا . ڕەخنەگرێکی گاڵتەجاری ئەڵمانی ئەڵێت : (( لەڕاستیدا تەنها هەژاران دەبنە تاوانبارانی ژینگە )) لە کاتێکدا خاوەن داهاتە بەرزەکان ڕوودەکەنە بەکارهێنانی شێوازێك کە ئالۆزیەکەی کەمترە لەسەر ژینگە . ئەم هەستە کە لە دایك بووە لای وولاَتانی باشور ، ئەوە قوربانیدانی باکوری پیشەسازیە کە پەیڕەوی پرۆگرامێکی پراگماتیان کردوەو ئامانجی یەکەمی ئاشتبونەوەیە بە چاوپۆشین لەو دەرەنجامانەی ئەم ئاراستەیە هەیەتی لەسەر وولاَتانی باشور و کاریگەری لەسەر ژینگە . ئەو کارەی لەباری دایە نائارامی دروست بکات بەهۆی پچڕانی ئاشتی و بەرژەوەندی نێوان باکورو باشور . بە پێچەوانەوە کاریگەری سلبی ئەبێت لەسەر ئاشتی و ئارامی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئاسایشی دەوڵەت پشت ئەبەستێت بە خۆشگوزەرانی ئابوری لەڕێگەی دابینکردنی ماددەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە . وەك چۆن خراپبونی ژینگە هەموو لایەنە بنەڕەتیەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەخاتە مەترسیەوە ، سەرەڕای ئەوەی ناجێگیری ژینگە ئاسایشی دەوڵەت ئەخاتە مەترسیەوە کە بەشێکە لە ئاسایشی نێودەوڵەتی واتە ئاسایشی نێودەوڵەتی لە مەترسیدایە.





- **گەشەی دانیشتوان :**

کێشەی گەشەکردنی دانیشتوان خۆی دەنوێنێت لە پاڵەپەستۆخستنە سەر ئەو ژینگەیەی کە دەبێتە هۆی زیادبونی خواست لەسەر خواردن و دروستکردنی تەنگەژە لە ووزەدا . هەروەها دەبێتە هۆی قەرەباڵغی لەشارەکاندا کەوا پاڵی پێوەدەنێت کەبەرەوفراوانبون لەسەر حسابی زەویە کشتوکاڵیەکان ، لە ڕاپۆرتێکی گەشەکردنی مرۆییدا هاتوە کە دانیشتوانی جیهان لە زیادبوندایە ئاماژە بەوە ئەدات کە دەگاتە (٧)ملیار تا ساڵی ٢٠١٥.

خاڵی جیاوازی و سەرەکی کەوا بابەتی گەشەی دانیشتوانە لە نێوان باکورو باشوردا بەرجەستە کراوە ،ئەوەیە کە باکور باشور تاوانبار دەکات بەگەشەکردنێکی بێ بەرنامەی دانیشتوان . کەوا پاڵەپەستۆی خستۆتەسەر سەرچاوە سروشتیەکان ، لەکاتێکدا باشور وای دەبینێت کە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم پاڵەپەستۆ ژینگەییە بریتیە لە دەوڵەمەندی باکور ، کەوا کاریگەری هەیە لەسەر سێ یەکی داهاتەکانی جیهان بەرامبەر بە سێ یەکی دانیشتوانی باشور. ئەو کارەی کە هەژاری هێناوەتە کایەوە بۆتە هۆی پاڵەپەستۆ خستنەسەر سەرچاوە ژینگەییەکان . وە ئەمەش دەبێتە هۆی ناجێگیری جیهان باشوری هەژار لە داهاتودا بەهۆی ئەم هەژاریەوە داوای پێوەری دابەشکردنی دادوەری دەکەن لەبەرامبەر ئەو هاوکارییەی کەباکور پێشکەشی باشوری کردووە ، وەدەبێتە هۆی دەستەبەر نەکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی .

- **جەنگ لەسەر سەرچاوەکان :**

بەهێزترین مەترسی کە ڕووبەڕووی ژینگە دەبێتەوە لە دۆسیەکانی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا لە چەند لایەنێکی دیاریکراوەوەیە ، کە کاریگەری ڕاستەو خۆی هەیە و بریتیە لە هەڵگیرساندنی جەنگی ئەتۆمی یان ناکۆکیە سەربازییەکان . تێکۆشانی ژینگەیی بریتیە لە هۆکارو ئەنجام پێکەوە بۆ ناکۆکی سیاسی و سەربازی ، زۆرجار نەتەوەکان بەرەنگاری یەکتر دەبنەوە بۆخۆسەپاندن یان بەرگریکردن لە دەست گرتن بەسەر سەرچاوە سەرەتاییەکاندا ، وزە ، زەوی ، بەنداوی ئاو ، هتد...، لەسەرچاوە ژینگەییە سەرەکیەکان ، وەجەنگەکان بە نزیکەیی یەك ستراتیژی سەرەکیان هەیە . کە بریتیە لە تێکدانی بنچینەکانی پشتیوانی ژیان بۆ چۆك دادانی

گەل و سوپاکان . ئەو کارەی کە دوو جۆر تێکدانمان بۆ دەست نیشان دەکات چاکسازیکردنیان گرانترە ، ئەو زیانەی دەبێتە پاشکۆی ژینگەی سروشتی وە ئەو زیانەی دەبێتە هۆی پێکهاتەی کۆمەلاَیەتی بۆ دانیشتوانە زیان لێکەوتوەکان ، ئەنجامی جەنگەکان بەڕوونی ئەوە دەرئەخەن لە یەکەم جەنگدا بۆ کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەراگرتنی ئەو وزەیەی کە وولاَتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لە جەنگی کەنداودا سەرۆکایەتی دەکرد بۆ دەست گرتن بەسەر سەرچاوەکانی نەوتدا . وەبە بەهۆی سوتانی بیرە نەوتەکانی کوێت کە بوبوە هۆی دروستکردنێکی هەورێکی ڕەش کە ئاسمانی عێراقی داپۆشی . ئەمە سەرەڕای کاریگەریەکانی چەکە یۆرانیۆمەکان و پاشماوەکانیان ، ئەمە لە ڕووی پەیوەندیان بە ژینگەوە . بەلاَم کاریگەری ئەم جەنگە لەڕووی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە سیستەمێکی نوێی دروستکردوە کە پەیوەستە بە ئاشتی ئەمریکاوە وەك خالَی بنچینەیی بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی و لە ژێرسێبەری سیستەمێکی جەمسەرگیری تاك ڕەودا ، لە چوارچێوەی ئەو جیهانەدا کە تێیدا ئەژین و جیادەکرێتەوە لە خێرایی جوڵەو تێکچونی گۆڕانەکان .ژینگەی سروشتی کەوتۆتە ژێر پاڵەپەستۆیەکی مرۆیی زۆر گەورەوە کە دەرەنجامێکی خراپی لێکەوتۆتەوە ، وەك بێ بەرنامەیی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ژیان و خۆشکردن و ئاسانکردنی لەڕێگەی پیشەدارکردنی گۆڕانکارییە تەکنەلۆجیەکانەوە لە سەرجەم لایەنەکانی ژیاندا ، بە شێوەیەك کەوا زنجیرەی سروشتی بازنەی ژیان دەخاتە مەترسیەوە لە چوارچێوەی پاککردنەوەی سەرچاوەکان و فرێدانی گازەکان و پاشەڕۆ مەترسی دارەکان و فرێدانیان بەبێ چارەسەرکردن ، تا ئەو ڕادەیەی کەڵەکە دەبن و دەبنە مەترسی . وە ئەمەش پالَی نا بەنەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە بۆ بە ستنی چەند کۆنگرەیەك کە ئەنجامێکی باشی لێکەوتەوە و زۆربەی وولاَتان پێوەی پەیوەست بون لە هاوشێوەی وولاَتەیەکگرتوەکان ، هەندێك لەو بڕیارانە ڕەتکرایەوە کە لە کۆنگرەکەدا بڕیاری لەسەر درابوو ،

وەئەمەش بوە هۆی دروستکردنی بۆشایی نێوان باکورو باشور . بەوپێیەی کە باکور قورسایی باشوری کەوتۆتە سەر بەهۆی پەیوەست بونیان بە ژینگەوە ، لە کاتێکدا باشور





توانایەکی ئەوتۆی نەبوە بۆ ڕووبەڕوبونەوە کەوا پیس بونی ژینگەی دروستی کردووە . بەهەمان شێوە بەشداری نەکرد کە باکور بەشداری کرد لە پیس بونی ژینگەدا ، کە دەیانناڵاند لەژێر تۆپەڵکردنی سەرچاوە سروشتیەکاندا کە بوو بەهۆی دروستکردنی پێشبڕکێ لە نێوان وولاَتانی باکورو باشوردا بۆ دەستگرتن بەسەر سەرچاوە کانی ووزەدا. وەئەمەش بەشێوەیەکی خراپ کاریگەری هەبوە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی . وە لە نێوان باڵەکانیدا ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی سەرچاوەکانی لە خۆ گرتوە کە یەکەمیان جەنگی یەکەمی کەنداو بوو لەسالَی ١٩٩٠دا کە سیستەمێکی نوێی بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە .



هەواڵنامەی کتێب

## المصادر


- احمد رشيد : علم البيئة ، وعهد الانماء العربي ، بيروت ، ١٩٨١ .
- عامر محمود طراف : اخطار البيئة والنظام الدولي ، ط١ ، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر ، بيروت ، ١٩٩٨ .
- هشام حمدان ( الضوابط البيئية واثرها في التنمية الوطنية في الوطن العربي ) مجلة المستقبل العربي ، عدد ١٨٥ تموز ١٩٩٤ .
- عبدالقادر محمد فهمي ( في مفهوم الامن القومي والامن القومي العربي ) مجلة الامن القومي ، عدد ٣ ، بغداد ١٩٩٨ .
- ضرغام عبدالله الباغ : قضايا الامن القومي والقرار السياسي ، ط١ ، بغداد ١٩٨٦ .
- محمد جاسم النداوي ( الامن الدولي والمنطقة العربية ) افاق عربية ، مج ٣ ١٩٨٥ .
- مثنى عبدالرزاق العمر : التلوث البيئي ، ط١ ، دار وائل للنشر ، عمان ٢٠٠٠ .
- بول كندي : الاستعداد للقرن الحادي والعشرين ، ترجمة محمد عبدالقادر وغازي مسعود ، دار الشروق للنشر والتوزيع ، عمان ١٩٩٣ .
- دخول القرن ٢١ ، تقرير عن التنمية في العالم ، البنك الدولي نيبورك ٢٠٠٠.
- مصطفى كمال طبلة : انقاذ كوكبنا ، التحديات والامال ، ط٢ ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت تموز ١٩٩٥ .
- اللجنة العالمية للبيئة والتنمية : مستقبلنا المشترك ، سلسلة عام المعرفة ، الكويت تشرين الاول







١٩٨٩ .

- محمد احمد عويض و د. حيدر المجيد المومنى ( الاوزن ) المجلة الثقافية ، عدد ٢١ الموسسة العربية للنشر والتوزيع ، عمان ١٩٩٠ .
- احمد عبدالوهاب : تلوث المياه العذبة ، ط١ ، الدار العربية للنشر والتوزيع ، القاهرة ، ٢٠٠١ .
- عبدالهادي محمد العشري ( نحو استراتيجية موحدة الامن البيئى ) مجلة الامن والحياة ، عدد ١٧٢ ، الرياض ١٩٩٧ ز
- جلال امين : العولمة والتنمية العربية ، ط١ ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، سبتمبر ، ١٩٩٩.
- اورليش بك : ماهي العوامة : ترجمة ابو العيد دودو ، مطبعة كؤلؤنيا ، ١٩٩٩ .
- مصادر من شبكة الانترنيَت .

# کۆمەڵگەی مەدەنی

❖ **کۆمەڵگەی مەدەنی... چەمك و ڕەگەز و تایبە تمەندییەکانی**
ڕێبوار کریم

❖ **پارت و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی دیموکراسیدا**
ئەکرەمی میهرداد





## کۆمەڵگەی مەدەنی....
## چەمك و ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی

ڕێبوار کریم

**چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی مێژوویەکی فراوانی هەیە و بەشی زۆری بیرمەند و فەیلەسوفەکان بۆچوونی تایبەتی و زانستیان لە بارەیەوە پێشکەش کردووە ، ئەم باسکردنە ڕێگە خۆشکەرێك بووە بە ئاراستەی ئەنجامدانی چەندین لیکۆڵینەوەی تیۆری-زانستی لەبارەی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی ، بەجۆرێك ئەم لیکۆڵینەوانە لە دەرەنجامدا فرەبۆچونیەکی لەبارەی ئەم چەمکەوە بەدیهێناوە.

لە گرنگترین ئەو بۆچونانەش:

(ئەرستۆ) دەڵێت: (کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیە لە کۆمەڵێکی سیاسی کە مل کەچی کۆمەڵێك یاسان).

ئەم بۆچونەی (ئەرستۆ) هەرچەندە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام تاڕاددەیەکی باش چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی چڕکردۆتەوە لە کۆمەڵگەیەکدا کە تاکەکانی پابەندن بەو یاسایانەی لەو کۆمەڵگەیەدا هەیە کە تیایدا دەژین.

(ئەنتۆنیۆ گرامشی) پێی وایە:(کۆمەڵگەی مەدەنی گۆڕەپانی کێبرکێی ئایدیۆلۆژیەکانە).

هەرچەندە ئایدیۆلۆژیا کاریگەرییەکی فراوانی هەیە لەسەر کۆمەڵگە و سەرجەم ئەو پێکهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیانەی کە لەم کۆمەڵگەیەدا هەیە، بەڵام

تارادەیەکی فراوان ناکرێت ئایدیۆلۆژیا تەنها هۆکاری دارێژەری سیاسەت و دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بێت.

هەروەها چەند پێناسەیەکی تر بۆ چەمکی (کۆمەڵگەی مەدەنی) کراوە لەوانە:

* کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر دوورە لە سەرپەرشتی دەوڵەت.

* کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە لەسەر بناغەی بوونی دەزگا و دامەزراوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بنیاتنراوە و کاردەکات لە پێناو بەدیهاتنی چەند ئامانجێکی مرۆیی.

* کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بەتەواوی ڕۆڵی دەسەلاَت وەلادەنێت ورۆڵی کۆمەڵگە زاڵ دەکات بەسەر ڕۆڵی دەوڵەتدا.

* کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخراوی خۆبەخشی ئازادە ، ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە کە لە نێوان خێزان و دەوڵەتدا هەیە ، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی تاکەکانی کۆمەڵگە ، بەمەرجێك ئەو هەولاَنە پابەندبن بە بەها و پێوەرەکانی ڕێزگرتن و لێبوردەیی و بەڕێوەبردنێکی دروست.

کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە :

( کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵێك ڕێکخستنی خۆبەخشانەیە ، کاردەکەن لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەنێوان خێزان و دەوڵەتدا هەیە ، بە مەرجێك ئەو هەولاَنە لە ڕێی چالاکی مرۆییەوە بن).

## ڕەگەزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

بیرمەندان لەسەر ئەوە کۆکن کە کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە چەند ڕەگەزێکی تیادابێت ، لە گرنگترین ئەو ڕەگەزانەش:



١. ڕێکخستن :

ڕۆبرت میشێل دەڵێت " ناکرێ دیموکراسیەت هەبێت بە بێ ڕێکخستن" ، ڕێکخستن ، هێزێکە لەهۆشیاری زانستی و پراکتیکی وا دەکات پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بڕیارو هەڵوێستی وایان هەبێت کەڕەنگدانەوەی واقع بێت . کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکێکی دیاری کراوی لەئەستۆدایە و ناتوانێت ئەو ئەرکانە بەجێ بهێنێت بەبێبوونی ڕێکخستنی پتەوو ڕاستەقینە . ڕەگەزی ڕێکخستن ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی هەیە لەژیانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ، بە بەهێزی ڕێکخستن دەتوانرێت ڕێژەی سەرکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی دیاری بکەین ، ئەمەش واتە بە دامەزراوەکردنی ژیانی مەدەنی لە گشت بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و .... هتد.

٢. خۆبەخشی:

مەبەست لە خۆبەخشی واتە بەشداریکردنی ئارەزوومەندانە و بەبێ زۆرەملێ لە کارکردن بە ئاراستە مەدەنیەکاندا و دوور لە هەر جۆرە زۆرلێکردنێك، بەم پێیە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم ڕێگەیەوە لە پێکهاتە زۆرە ملێکانی تر جیادەکرێنەوە.

هزری خۆبەخشی بەستراوە بە چەندین چەمکی تری ژیانی مرۆڤایەتیەوە کە سەرجەم چەمکەکان ژیانێکی مەدەنی لە کۆمەڵگەدا دروست دەکەن، کە تیایدا مرۆڤەکان خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی گشتی دەهێنن و لەناو هزری مرۆییدا دەیچێنن.

٣. سەربەخۆبوون و بێ لایەنی :

پێویستە تارادەیەکی فراوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دووربن لەهەر شێوازێکی لایەنگیری کردن بۆ دەسەلاَت ، چونکە لە ڕاستیدا ئەو پێکهاتانە ڕێکخەری پەیوەندی نێوان تاك و دەسەلاَتن ، بە لایەنگیریان بۆ دەسەلاَت لە پەیام و ئەرکی سەرەکی خۆیان لادەدەن.

لە هەندێ حاڵەتدا بێ لایەنی گرنگترە لە سەربەخۆبوون ، بەو پێیەی هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵگری هەر ئایدیا و هزر و ئایدیۆلۆژیایەك بن ، دەبێت لە ئەنجامدانی



هەواڵنامەی کتێب

چالاکیە مەدەنیەکاندا بێ لایەنی خۆیان بپارێزن ، چونکە چالاکیەکان چالاکی مرۆیین، واتە بۆ سەرجەم مرۆڤەکانە.

٤. هەوڵ نەدان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات :

ئامانجی کۆمەڵگەی مەدەنی گەیاندنی دەنگی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە بە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کلتوری و کۆمەڵایەتی ئەوکۆمەڵگەیە. کەواتە کارکردنی ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر دوو ڕەهەندی سەرەکیە، ئەوانیش (تاك) و (دەسەڵات)ن. واتە ناکرێت کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵ بدات بۆ گەیشتن بە دەسەڵات چونکە بواری کارەکانی تەسك دەکاتەوە و ڕەهەندێکی سەرەکی کارکردنی لەدەست دەدات.

## ئاستەکانی کارکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی:

چەند ئاستێك هەیە پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی کاریان لەسەر بکات و ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەسەریان هەبێت تاوەکو بتوانین بریار لەسەر ئەوە بدەین کە پێکهێنەر و هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستێکی باڵادایە و دەتوانێت ببێتە هێزێکی بریاردەر بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری و داڕشتنی سیاسەت و یاساکان لە ناو کۆمەڵگەکاندا، لێرەدا ئاماژە بەگرنگترین ئەو ئاستانە دەدەین کە بریتین لە:

١. ئاستی سیاسی :

کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئاستی سیاسی رۆڵێکی گرنگی لە ئەستۆدایە کە دەبێت چاودێر بێت بەسەر ژیانی سیاسی گشتی کۆمەڵگەوە و کاریگەری خۆی لەسەر ئەو بوارە دەربخات و لێنەگەڕێت دەوڵەت تاك لایەنە مامەڵە بە سیاسەت و کاری سیاسیەوە بکات . بۆ ئەم مەبەستەش پێویست دەکات کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لەنێوان ڕای سیاسی هاوڵاتیان و کاری سیاسی دەوڵەت و دامەزراوەکانیدا هەیە ، لەپێناو چەسپاندنی چەمك و مانای بەشداری سیاسی هاوڵاتیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.





٢. ئاستی ئابووری :

ئابووری بەشێکی سەرەکیە لە ژیانی مرۆڤایەتی ، بەشێوەیەك کە بەشێك لە بیرمەندان پێیان وایە ئابووری دیوی دووەمی سیاسەتە و ناکرێت سیاسەت درێژەی پێ بدرێت بە بێ بونی ئابوورییەکی بەهێز . لێرەشدا سەلماندنی هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەئاگابوون لە سیاسەتی ئابووری کۆمەڵگە ئەرکێکە لە ئەستۆی پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدایە . لێرەشدا لێپرسینەوە و بەدواداچوونی کایە ئابووری و پرۆژە و خزمەتگوزارییە ئابوورییە گەورەکان بەمەبەستی دەرخستن و زانینی ڕێژەی گونجاوی جێبەجێکردنی پرۆژەکان بەشێوازێکی شەفافانە و دوور لە دەرکەوتنی گەندەڵی.

٣. ئاستی ئایدیۆلۆژی :

بەو پێیەی کە ناتوانرێت بەشێوەیەکی سەرەکی ئایدیۆلۆژیا لە ژیانی مرۆڤ دابرێت ، بۆیە کارکردن لەسەر ئاراستەکردنێکی ئیجابیانەی ئەو ئایدیۆلۆژیایە و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ، دەبێتە بوارێکی فراوان بۆ کارکردنی پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ، بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی ئایدیۆلۆژیا رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت. لەم نێوەندەشدا ئەرکی کۆمەڵگەی مەدەنیە ئایدیۆلۆژیاکان بە ئاراستەیەکدا ببات کە سەرەڕای جیاوازییەکان پێکەوەژیان و پەیامێکی ئاشتی لێبکەوێتەوە و لە دەرەنجامدا کۆمەڵگە بەهۆی ئایدیۆلۆژیاوە دابەش نەکرێت ، بەڵکو پێوەری هاوولاتیبوون و مرۆڤدۆستی باڵاترین پێوەری ناسین و جیاکردنەوەی مرۆڤەکان بێت.

٤. ئاستی کلتووری – کۆمەڵایەتی :

کلتوری کۆمەڵگە و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەی کاریگەری لەسەر داڕشتن و پیادەکردنی ژیانی گشتی لەو کۆمەڵگەیەدا هەیە، دیاریکردنی خاڵی پۆزتیڤ و نێگەتیڤی ئەم سیستەمە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە و دواتر کار لەسەر کردنی ، یەکێکە لەو ئاستانەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی ئیشی لەسەر دەکات. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە پێویستە

کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهێنەرە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان ناچاربکات لەگەڵ پەیامە مرۆییەکاندا یەکبگرنەوە و نەبنە ڕێگر لەبەردەم ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان ، لە هەمان کاتیشدا کلتور و بیرکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی وەها بن کە مرۆڤەکان لە ئاستیاندا هەست بە ئارامی و خۆشگوزەرانی بکەن ، نەوەك ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا دابنێن.

## تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

مەبەست لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی واتە تایبەتمەندیەکانی پێکهاتە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. هەریەك لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رووی ئاستی پێشکەوتن و چالاکی و ڕێکخستنەوە لەیەکتر جیاوازن، ئەم جیاوازیانەش چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکی بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەخشیوە، لە گرنگترینیان:

### ١. توانای خۆگونجان :

مەبەست لە توانای خۆگونجان هێزی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بەرەوپێشچونەکانی ئەو ژینگەیەی کە کاری تێدا دەکات ، بە شێوەیەك هەتا توانای دامەزراوەکە لە خۆگونجاندن زیاتر بێت ، ئەو دامەزراوەیە دەتوانێت چالاکانە تر کارەکانی ئەنجام بدات. چەند جۆرێکی خۆگونجان هەیە:

أ. خۆگونجان بەپێی کات :

واتە توانای دامەزراوەکە لە بەردەوامبوونی بۆ کاتێکی دووردرێژ،چونکە هەتا مانەوەی دامەزراوەیەك زیاتر بێت ، توانای کارکردنی ڕێکخراوەیی زیاتر ئەبێت.

ب. خۆگونجان بەپێی نەوە (جیل) :

واتە توانای دامەزراوە و دەزگا بۆ خۆگونجانی لەگەڵ نەوە و هێزە یەك لەدوای یەکەکان، لە ناوخۆی دامەزراوەکە بێت یان لە دەرەوە ، هەتا توانای خۆگونجان لەگەڵ نەوە نوێکاندا زیاتر بێت ، توانای کارکردنی ڕێکخراوەیی بەهێزتر دەبێت. لە ڕاستیدا نەوەکان بە پێی کات و شوێن گۆرانکاری سەرەکییان بەسەردادێت، بە تایبەت لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری.





ج. خۆگونجان بەپێی کاروبار :

مەبەست لێی توانای دامەزراوەکەیە بۆ خۆگونجان لەگەڵ پۆست و ئەرکە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ، لە ناوخۆی ڕێکخراوەکە بێت یان لە دەرەوەی . هەندێك جار ئەم شێوازەی خۆگونجانە تەنها پێویست بە ئەنجامدانی هەندێك گۆرانکاری لاوەکی دەکات لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناوخۆی ئەو دامەزراوەیە.

### ٢. سەربەخۆبوون :

واتە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نابێت ملکەچی هیچ هێز و لایەن و کۆمەڵ و تاکێکی تربن کە زیان بە پەیام و کارکردن و ڕێکخستنیان بگەیەنێت . بەجۆرێك ئەو دامەزراوەیە لە پەیامی سەرەکی خۆی لابدات . سەربەخۆبوونیش لە چەند بوارێکدا گرنگە:

أ. دروستبوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی :

لە ڕاستیدا پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاستێکی فراوان لە سەربەخۆبوونیدا هەبێت ، بە تایبەت لە کاتی دروست بوونیدا، چونکە هەر دەست تێوەردانێکی سەرەکی لە شێواز و سیاسەتی دامەزراوەکە هەر لە سەرەتاوە بەڵگەیە لەسەر لاوازی بەرهەمی داهاتووی ئەو ڕێکخراوە . چونکە دەست تێوەردانی دەرەکی واتە پابەندبوون بە کۆمەڵێك ئەرك و ئیلتیزاماتی دەرەکی ، کە لە ئەنجامدا کاریگەرییان لەسەر چالاکی و ڕۆڵی ئەو دامەزراوەیە دەبێت.

ب. سەربەخۆیی دارایی :

بۆ دروست بوون و کارکردنی هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی دارایی و ئابوورییەکی تاڕادەیەك بەهێز پێویستە. ڕێژەی پێویستی ئەم داراییەش لە ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی تر دەگۆڕێت . ئەو کەسەی هاوکاری دارایی بۆ کارێك دابین دەکات دەبێتە خاوەنی بڕیار و دەتوانێت عەقلیەتی خۆی بەسەر پەیام و شێوازی ئەو کارە بسەپێنێت. بۆیە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستیان بە خۆپاراستنە لە سەپاندنی ڕای دەرەکی



هەواڵنامەی کتێب

بەسەریاندا ، کە دەرەنجامەکەی نەگەیاندی پەیامەکەیە وەکو خۆی و نەهێشتنی ڕاددەی زانستیبوون و بێ لایەنی لە ئەنجامدانی کارەکان.

ج. سەربەخۆیی کاروبار و ڕێکخستن :

واتە توانای دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوخۆییەکان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیار و ڕاسپاردە و یاساکانی ڕێکخراوەکە و دوور لە دەست تێوەردانی دەرەکی، جا ئەم دەست تێوەردانە لە لایەن دەوڵەتەوە بێت یان لە لایەن هێز و لایەنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

### ٣. بڵاوبونەوەی فراوان بێت :

پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی . ئاستی کارکردنی جوگرافیایان فراوان بێت و بتوانن زۆرترین ڕێژەی خەڵك بگرنەوە. لێرەدا پێویستە ڕێکخراوەکە زۆرترین بنکەی فەرعی و ئۆفیسی ناوچەیی هەبێت تا بتوانێت کارەکانی فراوان بێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم حاڵەتەش دامەزراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی پێوستی بە داڕشتنی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی گرنگ هەیە.

### ٤. هاوتابوون :

واتە نەبوونی ململانێی ناوخۆیی لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ، چونکە هەر ململانێ و کێشەیەکی ناوخۆیی بەشێوەیەکی سلبیی کاردەکاتە سەر پەیام و کاری ڕێکخراوەکە و سەرقاڵی دەکات بە چەند بابەتێکی لاوەکی کە هیچ پەیوەندی نیە بەو سیاسەتانەی دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی بانگەشەی بۆ دەکات.





### سەرچاوەکان:


١. محمد جمال باروت:المجتمع المدني مفهوما و اشكالية، دار الصداقة ، سوريا–حلب ، ١٩٩٥
٢. عزمي بشارة:المجتمع المدني:دراسة نقدية ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، ١٩٩٨
٣. غسان سلامة:المجتمع و الدولة في المشرق العربي،مركز دراسات الوحدة العربية،بيروت، ١٩٨٧
٤. انطوان نصري مسرة:المجتمع المدني و التحول الديمقراطي في لبنان،مركز ابن خلدون للدراسات الانمائية، القاهرة، ١٩٩٥
٥. جون لوك:في الحكم المدني،ترجمة ماجد فخري، اللجنة الدولية لترجمة الروائع، بيروت،١٩٥٩
٦. اماني قنديل، المجتمع المدني في العالم العربي: دراسة للجمعيات الاهلية العربية، دار المستقبل العربي، القاهرة ، ١٩٩٤
٧. د.احمد شكري الصبيحي، مستقبل المجتمع المدني في الوطن العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٠


هەواڵنامەی کتێب

# پارت و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان
# لە سەردەمی دیموکراسیدا

ئەکرەمی میهرداد

## پێشەکی:

دیموکراسی هەروەکو دیاردەکانی دیکەی مرۆڤایەتی وکۆمەڵایەتی، لە چەندین ڕوانگەو بەرژەوەندی جیاوازەوە پێناسەکراوەو تا گەیشتە ئەو کاتەی کە دیموکراسی دەبێتە سیستەمێکی پەیوەندی بەردەوامی نێوان دەوڵەتو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. لەسەردەمەکانی ڕابردودا دەمانویست بەهۆی دیموکراسییەوە لە کۆتوبەندی نەزانین، بێمافی، وابەستەیی‌و دەسەڵاتی ڕەهای جاران رزگارمان بێت‌و هەربەو هۆیەوە دەستمان بگات بە سەردەمی عەقڵ‌و سەروەری‌و مافی هاووڵاتی بوون‌و بەهرەمەندبوون لە ئازادی. بەپێی بۆچوونەکانی کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی (ئالان تۆرین)[1] سێ دەسەڵات، سێ‌ئاست‌و ڕەهەندی گرنگی بۆ دیموکراسی دیاری کردووەو مێژووی بەردەوامیی‌و گەشەی دیموکراسیش لە ئەنجامی کاریگەری‌و پەیوەندی نێوان ئەوسێ دەسەڵاتە، بەکاتی ئێستا گەیشتووە:

دەسەڵاتی عەقڵ، کە توانیویەتی سیستەمی نوێنەرایەتی بەرهەم بهێنێت‌و بەمەرجێك ئەم سیستەمە سنوردار بکرێت بەهۆی هەڵبژاردن‌و نوێکردنەوەی هەڵبژاردن و دەستاودەست کردنی دەسەڵات‌و گەرەنتی مافی کەمینەکان لە لایەن دەسەڵاتی عەقڵ، کە بەهۆی هەڵبژاردن‌و سیستەمی نوێنەرایەتییەوە دەبێتە دەسەڵاتی زۆربە.

دەسەڵاتی فەرهەنگ، وەکو ڕەهەندی کەلتوری دەسەڵات، کە لەسەردەمی ئێستا توانیویەتی بگاتە ئاستی هاووڵاتی بوون، بەهەردوولایەنی ئەرك‌ومافی دانیشتوانەوە، لە ماوەی مێژووی



مرۆڤایەتی دا دەسەڵات‌و دەوڵەتەکان چوار سەردەمی فەرهەنگییان بۆ دەسەڵات لەپشتی سەر داناوە، کە بە جۆرێك ئەو ئاست‌و ڕەهەندە فەرهەنگی یانە بوونەتە بناغەو سەرچاوەی ڕەوایی بۆ دەسەڵات. فەرهەنگی خێڵ‌و داب‌ونەریتی هۆزەکان سەرچاوەن بۆ دەسەڵاتی خێڵ واتە(شاهۆزەکان)یان **ملوك الطوائف**. فەرهەنگی دینی یان ئایینی(مذهب)و هێزوتوانای بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان سەرچاوەی ڕەوایی بۆ دەسەڵاتی ئیمپراتۆریاو میرنشینەکان فەراهەم دەکات. ئەم قۆناغە لەرووی نەژادییەوە، دەگاتە قۆناغی میللەت(الاقوام). فەرهەنگی نەتەوەیی‌و دەوڵەتی نەتەوە بناغەو ڕەهەندێکی گونجاوی چینی سێیەمە (بۆرژوازی)و بە تایبەتی لەسەدەی نۆزدەو تا ناوەڕاستی سەدەی بیست بۆ دامەزراندنی سەردەمی یەکەمی دەسەڵاتی دیموکراتی کە بەرادەیەکی بەهێز پابەندی دەسەڵاتی (دەوڵەت- نەتەوە)[2] و سەرەنجام فەرهەنگی هاووڵاتی بوون، دەبێتە ئاست‌و فەرهەنگی گونجاوی سەردەمی دووەمی دیموکراتی واتە سەردەمی هاووڵاتی بوون. هاووڵاتی بوون، ڕەوشێکی فراوانترە لە ڕەهەندی نەتەوەیی‌و دیموکراسیش لە هاووڵاتی بوون دا باشتر دەتوانێت دەبرینێکی گونجاوترو ئازادتر لە داواکارییە فەرهەنگییەکانی دانیشتوان بکات بەدەرو زیاتر لە حاڵەتی خێڵایەتی، دینی یان مەزهەبی، ناوچەیی‌و نەتەوەیی. دەسەڵاتی ئازادی، یان ڕەهەندی ئازادی کە توانیویەتی مافەکانی مرۆڤو هاووڵاتی بوون[3] و مافی تاکەکان بەرهەم بهێنێت. سەرەنجام دیموکراسی دەبێتە سیستەمێکی پەیوەندی‌و کاریگەری بەردەوامی نێوان ئەم سێ ئاست، ڕەهەندو دەسەڵاتە. هەرسێ ئاست‌و دەسەڵاتەکەش بەهۆی هێزو کاریگەری ئاستەکانی دیکەوە سنوردار دەکرێت‌و لە حاڵەتی داکۆکیکردن دا، نەك هێرش بردن، دەپارێزرێت.

لەسەردەمی یەکەمی دیموکراتیدا، کە بەسەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوە، دەسەڵاتی بیرۆکراتی‌و شۆڕشگێڕو قسەکەری بەرژەوەندی گشتی‌و بەرجەستەکەری یەکێتی دەناسرێت‌و وەکو سەرچاوەیەکی عەقڵانی‌و ڕەوایی، ئازادی وا سنوردارکرابوو کە تەنها ببووە هەوڵی خۆ دەربازکردن لەمەترسی هەژموون‌و توندوتیژی هەردولایەنەکەی دیکەی دەسەڵاتی (دیموکراتی!). واتە سنوردارکردنی ئازادی لە بەرامبەر هەژموون‌و دەسەڵاتی زیادەڕەوی دەسەڵاتی عەقڵ،

سیستەمی نوێنەرایەتی و دەسەڵاتی هەڵبژێردراو، یان دەسەڵاتی فەرهەنگ جا ئەو فەرهەنگە نەتەوایەتی بێت یان ڕەوایی شۆڕشگێڕانە یان فەرهەنگی دینیو سیاسی بە تایبەتی لە وڵاتانی ئیسلامیدا.

سەردەمی دووەمی دیموکراتی، کە بەسەردەمی پەیدابوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێتو هەندێك کۆمەڵناسانو فەیلەسوفانی سیاسی[٤] بە قۆناغێکی گرنگی دادەنێن لە ژیانو سیستەمی دیموکراتیدا کە ئاسۆیەکی نوێی بۆ پەروەردەو کولتوری دیموکراسیش هێناوەتە ژیان. پەیوەندییەکی پێویست و پتەو هەیە(لەم سەردەمەدا) لە نێوان فەرهەنگی دیموکراتی بەشێوەیەکی گشتیو چەمکی خودی کارکەر (**الذات الفاعلة**)و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. بیروهۆشی دیموکراتی بەهۆی هەموو ئەوانەی کە سووربوون لەسەر بەدیهێنانی مافەکانو ئاواکردنی ژیانێکی باشتروگونجاوتر لە بەرامبەر دەسەڵاتە بیروکرات (ئەوانەی ئەوروپاو ئەمریکای باکور)و دەسەڵاتە رەهاو سەپێنراوەکان (جیهانی سێیەم) کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتو ناوەندێتیو زوڵمو زۆریان زیاددەبوو. ئەو خەڵکانەی کە بەشێك بوون لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە کرێکارانیو ڕۆشنبیرانی گدانسك (پۆلۆنیا)، تا کرێکارانو خوێندکارانی تیان ئان مین(چین)، تا خەباتکارانی بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان(ئەمریکا)و تا دەگاتە خوێندکارانی مایسی ١٩٦٨ (ئەوروپا)و تا خەباتکارانی نەتەوە چەوساوەکانی جیهانی سێیەمو بە تایبەتی بزوتنەوەی دژی نەژادپەرستی ئاپارتاید ( لە ئەفریقا). خەباتو تێکۆشانی ئەم بزوتنەوانە قۆناغی دووەمی دیموکراتی بەدی هێنا کە لەمەودوا پێی دەڵێین (دیموکراسی بەشداربوون)[٥]. لەم سەردەمە بەدواوە، دیموکراتی دەبێتە سیستەمو ژیانێکی پەیوەندیو کاریگەری بەردەوام لە نێوان یەکێتی عەقڵانی ئامانجدارو ئامێری، فرەیی یادەوەریو فەرهەنگو بزوتنەوەکانو سەرەنجام کۆکردنەوەی هەردوو ڕەهەندی ئاڵوگۆڕو ئازادی. ئەم سەردەمە دەبێتە سەردەمی پاشەکشەی (دیموکراتی !) گشتی کراوو سەپێندراو، ماڵ ئاوایی لە دیموکراتی تاك ڕەهەندو تاك فەرهەنگو تاك دەسەڵات.





بەهۆی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دیموکراسی لە هەندێك ئەرك و مافی دەستوریو ئازادی نێگەتیفو یاسایی کراوەوە، دەبێتە خەباتێکی ڕۆژانە، بەردەوامو شێنەیی کە خودی ئەو بکەرانە(بزوتنەوانە) بەهۆی پەروەردەو ڕوناکبیری نوێوە( کە لەسەر بناغەی ئازادیو یاساو هاووڵاتی بوون بنیات نراوە) لە دژی هەژمونو دەسەڵاتی زیادەڕۆی دەزگاکان، فراوانتردەکرێن. بەم جۆرە، سەردەمی دووەم سیاسەتی خودوئازادیو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە، دەیەوێت ئازادی بخاتە ناو هەموو ئەو سنوروبونیادە کۆمەڵایەتییانەوە کە تا ئێستا بەهۆی دەسەڵاتو حاڵەتی فەرهەنگی کۆنەوە، بوونەتە یان(کراونەتە!) ڕەوشێکی ئاساییوفۆلکلۆری. بەکورتی ئەم سەردەمە، سەردەمی سنوردارکردنی دەسەڵاتەکانە (نەك نەهێشتنی)و بەدی هێنانی هەرچی زیاتری داواکارییەکانی زۆربەی کۆمەڵە. دیموکراتی دەبێتە شێوەیەك لە ژیانی سیاسی کە دەتوانێت ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەهرەمەندبکات لە ئازادیو فراوانترین خواستو داواکاری مرۆڤەکان بەدی بێنێت.

ئەوەی لەم سەردەمەدا زۆر گرنگە ئەوەیە، فێرببین کە سەرەڕای جیاوازیمان چۆن لەگەڵ یەکدیدا بژین. چۆن جیهانێك پەیدابکەین کە هەمیشە کراوەبێتو زۆرترینو فراوانترین حاڵەتی فرەیی گونجاوی تێدابێت؟ وەڵامی ئەمەش ئەوەیە کە نابێت واز لە یەکێتی نێوان خۆمانوفرەییەکان بهێنین، کەبێ ئەو یەکێتییە پەیوەندیو بەردەوام بوون، کارێکی مەحاڵەو لەهەمان کاتیشدا نەمانی جیاوازیو فرەیی ژیانمان بەرەو نەمانو مردن دەبات. گرنگیو پێداویستی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەوەدایە کە هەردوو ئاستەکە دەپارێزێت، واتە دەتوانێت بەهۆی ئەرك و پابەندبوونمانەوە بە یاسا، دەسەڵاتی عەقڵو حاڵەتی هاووڵاتی بوونەوە، یەکێتیو هاودەنگیو کۆدەنگیمان دەپارێزێتو دیسان بەرهەمی دێنێتەوە، وە بەهۆی فرەییو داواکاری ئابوریو مافی ژیانێکی باشترو گونجاوتر، فرەییو جیاوازیمان گەشەدەکاتو سەرەنجام ژیانێکی پڕ لە تێگەیشتن لەهەمان کاتدا ئاڵو والا بنیات دەنێت.

نابێت وا لە دیموکراتی بگەین کە بالا دەستی یەکێتیو گشتی بوونە بەسەر تایبەتمەندیو فرەییەکاندا، بەڵکو دەبێت بەکۆی ئەو گرەنتییە یاساییانەی بزانین کە ئاستەکانو

دەسەڵاتەکانی کۆمەڵو دیموکراتی بۆ یەکتری دەسەڵمێنن‌و سەرەنجام دیموکراتی، هەروەکو شارل تایلۆر دەڵێت دەبێتە: سیاسەتی خوێندنەوەی بەرامبەرو لەلای (ئالان تۆرین)یش دەبێتە: ئیرادەو تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ پەیوەندی نێوان ئارەزووی ئازادی، پێداویستی ناسنامەو بانگەوازی عەقل[6]. ئالان تۆرین دەڵێت، ئەم پێناسەیە باشترین ناساندنی تا ئێستای دیموکراسییە. لێرە بەدواوە، چەند ئەرك‌و سیفەتی گرنگ بۆ دیموکراتی زیاد دەبێت‌و سەرەنجام دیموکراتی بەشداربوون، دیموکراتی ڕاوێژکاری‌و دیموکراتی ئازادیخواز پەیدادەبێت.

ئەو کۆمەڵو دەسەڵاتەی کەوا دەزانێت یاساو دامودەزگاکانی باشترین‌وکاراترین دام‌ودەزگایە، بێ‌گومان حاڵەتێکی گشتیکراوو سەپێندراو بەسەرخەڵك‌و دانیشتواندا دەسەپێنێت‌و دەسەڵات بۆی نییەو بێ‌گومان لەمەودوا بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ناهێلێت کە وێناکردنی تایبەتی بۆ خێروشەڕ بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت‌و ، بەڵکو دەبێت پێش هەموو شتێك ئەوە قبوڵ بکات کە خەڵك بیروڕاو پڕۆژەکانیان دەربڕن‌و ڕێگا بدرێت بەشدارییەکی فراوان بۆ ئەم پڕۆژانە، لەلایەن یاساو دەسەڵاتەوە فەراهەم بکرێت.

### سەردەمی شۆڕشەکان :

لەم وڵاتانەی کە ئێمەی تیادا دەژین ، کە باسی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت یەکسەر خەیاڵی خەڵکی بۆ دوو دیاردەی دیکە دەچێت ، کە ئەوان هەرچەندە جیاوازیان لەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییانە هەیە کە ئێمە دەمانەوێت باسیان بکەین ، بەڵام لەڕاستیدا گەلێك کاریگەری گرنگیان لە سەر ژیان و مێژووی مرۆڤایەتی داناوەو کە بەهۆی حیزب و شۆڕشەکانەوە ، ڕەوش و سەردەمێکی زۆرنوێ لە جیهاندا پەیدا بووە . بۆ زیاتر شارەزابوونی شۆڕشەکان ، کە بێ گومان ئەوانیش بەشێکن لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ، پێویست دەبێت بەپێی لێکدانەوە نوێکان ، شارەزایمان لەو بارەوە هەبێت . ئەنتۆنی گیدنز ، کۆمەڵناسی ناوداری بەریتانی ، لە کتێبە گرنگ و گەورەکەی دەربارەی ( کۆمەڵ ناسی ) ، لەم خاڵانەی خوارەوە دا ، باسی شۆڕشەکان و کاریگەرییان لەسەر مرۆڤایەتی دەکات :





١-شۆڕش لە بەشێکی ناوچەکانی جیهان و لە ماوەی سێ‌سەدەی رابردوودا ڕوویان داوە ، شۆڕشی ساڵی ١٧٧٦ ئەمریکا و شۆڕشی ١٧٨٩ فەرەنسا ، ئامانج و هیوای وایان پێشنیاز کرد کە بەشێوەیەکی فراوان ژیانی سیاسییان بەرەوپێشەوە برد . لەسەدەی بیستدا زۆرتری شۆڕشەکان ئامانجی سۆسیالیستی ، مارکسی یان ( ناسیونالیستی یان ) هەبوو.

٢-شۆڕش چەمکێکی وەهایە کە بەئاسانی ناتوانرێ پێناسە بکرێت . لەبەر ئەوەی کە شۆڕش لایەنی هەڵگێڕانەوەی سیاسیی کردۆتە ئامانج بۆیە دەبێت خاوەنی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بێت ، کە ئامادە دەبێت بۆ بەدەست هێنانی هیواکانی لە توندوتیژی سود وەربگرێت و بتوانێت هەم دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت و هەم پاشان ریفۆرم و چالاك کاری دەست پێ‌بکات.

٣-گەلێك تیوری جۆراو جۆر دەربارەی شۆڕش خراونەتە ڕوو . لێکدانەوەی مارکس بۆ شۆڕش بە تایبەتی جێگایەکی دیارو ئاشکرای هەیە ، نەتەنها لە بەرئەوەی بەرهەمی فکری ئەو — کە بە شێوەی جۆراو جۆر باس و لێکدانەوە هەڵدەگرێت — بە ڵکو لەو ڕوانگەیەوە کە تا ئەندازەیەکی زۆرو بەرچاو کۆمەکی کرد بە سازدان و باسکردنی ڕەوەندە ڕاستیەکانی شۆڕش ، کە لە سەدەی بیستەمدا ڕوویان دا .

٤-لەوجێگایەوە کە شۆڕش بۆ خۆی دیاردەیەکی ئاڵۆزە ، بۆیە گشتی کردنی ئەو هەلومەرجانەی کە دەبنە هۆی ڕوودانی شۆڕش کارێکی دژوارە . زۆرترینی شۆڕشەکان ، لە هەلومەرجێکدا روودەدەن کە دەسەڵاتی حکومەتی پێشوو لە بەریەك هەڵوەشاو بێت ( بۆ نموونە لە ئەنجامی جەنگ ) ، لە شۆڕشەکاندا گروپ یان پارتێکی چەوساوە دەتوانێت بزوتنەوەیەکی جەماوەری گەورە پەیدا بکات و بەرەو بەردەوامی و گەشەی بەرێت . شۆڕشەکان ، زۆربەیان ئاکامی ناخواستەی ئامانجەکانی شۆڕش دەبێت ، و بەرەو کەم بوونەوەو دابەش بوونی ئەو هیوایانە هەنگاو دەنێن کە پێشتر لە بەرنامەیاندا شۆڕشیان بۆ سازدابوو .

٥-رژێم و سیستەمەکانی دوای شۆڕش زۆربەیان دەسەڵاتگەران و سانسۆری دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکەن و ڕێگا بە هێزەکانی دیکە نادەن بەشداربن و سود لە ڕەوایی شۆڕشگێڕی

وەردەگرن ، شۆڕشەکان گەلێك ئامانجی گەورە و درێژ ماوەیان بۆ ئەو کۆمەڵانە داناوە ، کە کاری تیا دەکەن ، ئەگەر چی جودا کردنەوەی ئەم پەیام و ئامانجانە لە هۆکارەکانی دیکەی کە کاریگەرن لەسەر گەشەی ئەو کۆمەڵانە کارێکی ئاسان نییە .

٦-زۆربەی شۆڕشەکان پشتیان بەستووە بەکاری توندوتیژی بەکۆمەڵ. زۆربەی شۆڕشەکان پێش ئەوەی دنیایەکی نوێ بنیات بنێن ، دنیای کۆن، یان( ئێستا ) دەڕمێنن ، بە پێچەوانەی ریفۆرم ( چاك کاری ) تاشتێك بنیات نەنێ شتێکی دیکە ناڕوخێنێت .

٧-تاکە ئەڵتەرناتیفێك لە بەرامبەر شۆڕش جگە لە ڕیفۆرم و دیموکراسی ، پەیدابوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە کە چوارچێوەی هەوڵوتوانای کۆمەڵێك خەڵکە بۆ بەرەژەوەندی هاوبەش و چاکترکردنی هەل و مەرجی ژیان و جیهان . ئەم بزوتنەوانە ، کۆمەڵایەتی و جەماوەری و بێ توندوتیژی تەنها ئەوەندە نین کە بونەتە بە دیلێك بۆ شۆڕشەکان ، بەڵکو هەندێك ڕەوش و هیوای وا پێشنیاز دەکەن ، کە دەبێت باشترلێیان تێبگەین و جوانتر دەربارەیان بکۆڵینەوە [٧].

**دەورو کاریگەری پارتەکان :**

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەولاوە ، دووجۆر بزوتنەوەی دژی ڕژێم لە ئەوروپا و شوێنەکانی دیکەی جیهان پەیدا دەبن کە لە سەرچاوەی ( کۆمەڵایەتی یان چینایەتی و نەتەوایەتی ) ئیلهام وەردەگرن . بزوتنەوەی یەکەم ، واتە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یان چینایەتییەکان باسی سەرکوتی پرۆلیتاریاو هەژارانیان بەدەستی بۆرژوازی دەکردو ئەوانەی جۆری دووەم، واتە بزوتنەوەکانی نەتەوایەتی لە سەر کوتی خەڵکی ستەم دیدە و ( نەتەوەکان و کەمایەتییەکان ) بەدەستی دەسەڵاتە بێگانەکان ، سەرچاوەی بوونی خۆیان و خەباتیان دەسەلماند . هەردوو جۆرە بزوتنەوەکە بانگەوازی بەدی هێنانی ( یەکسانی ) یان دەکرد و لە سێ زاراوە گرنگەکەی شۆڕشی فەرەنسە ئازادی و یەکسانی و برایەتی ڕەوایی خۆیان بەدی دەهێنا .





ئەم بزوتنەوانە ، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و نیوەییەکەمی سەدە بیست لە هەموو جێگاکاندا پێکهاتەو ڕێکخراوو حیزبی تایبەتیان بۆ ئەو مەبەستە پێك هێنا و، ئەو بزوتنەوەو حیزبانە کاری یەکەمی خۆیان بەوە دانا کە دەبێت دەسەلات بەدەستەوە بگرن و دیسانەوە دەوڵەت لە سەر بناغەی ڕەوایی چینایەتی ، یان نەتەوایەتی بونیات بنێنەوە . ئەم بزوتنەوە(چینایەتی یان نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتانە) هەوڵیان دەدا لەرێگای شۆڕش یان پارلەمانەوە دەسەلات بە دەست بهێنن ، بەلام ئەوەی کە زۆربەی بەرچاوە ، ئەوەبوو کە ئامانجی یەکەم و گرنگی خۆیان تاڕادەی چارەنووس ساز ، بە دەست هێنانی دەسەلات بوو ، وە هەرلە سەر شێوەی دەسەلات ، چەندین حیزبیان بۆ ئەم مەبەستە پێك هێنا . لە کاتێکدا کە بۆچوونی زاڵ لەو سەردەمەدا بۆ دەوڵەت ، بۆ چوون و تیۆری دەوڵەتی ناوەندی و بیرۆکراتی بوو ، بۆیە دەبینین چەندەها پارت بەو شێوەیەی دەوڵەت ، بەلام بچوکتر ، پێك هاتن . تاساڵی ١٩٤٥ سێ جۆری ڕۆشن و جیاواز لە یەك لەو حیزبانە لەسەر تاسەری دنیا پێك هاتن :

حیزبە سۆسیال – دیموکراتەکانی ئەنترناسیۆنالی دووەم ، پارتە کۆمۆنیستەکانی نێونەتەوەیی سێیەم و حیزبەکان ، یان بزوتنەوە جۆراو جۆرەکانی نەتەوەیی ( ڕزگاری خوازی نەتەوەو گەلەکان [٨] .

قۆناغی یەکەمی بزوتنەوە کۆمەڵایەکان کە بە توندی گرێ درابوو بەو بزوتنەوانە (چینایەتی یان نەتەوایەتی ) بۆماوەی نزیکەی سەد ساڵ و تۆزێکی خایاند و لە ئەنجامی دەسەلاتی و گیروگرفتەکانی ئەم بزوتنەوەو دەسەلاتانە جۆرێکی دیکە لە بزوتنەوەکان پەیدابوون کە لە ناوەڕاستی دەهەی ١٩٦٠ بە دواوە لە ئەوروپا و ئەمریکا و ئاسیاو ئەفریقا توانییان گومان وپرسیاری گەورە لە ڕەوایی‌و کارایی بزوتنەوەو پارتەکانی قۆناغی یەکەمی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێك بهێنن . بزوتنەوەکانی دەهەی شەست کە زیاتر لە دەوری ( تاك )و داخوازیەکانی تاك دەسوڕایەوە بە جۆرێك بوو کە واقعیەتی ئابوری سیاسی‌و دیموکراتی وای لێ هاتبوو ، کە ئەو بزوتنەوە نوێیانە ، بزوتنەوەو حیزبە کۆنەکانیان خستە ژێر پرسیارەوە ، ئەم ڕوداوانە لە خۆیدا توانی چەند ڕەوتێکی نوێ‌و بۆچونی نوێ بۆ بوون‌و سەرچاوەو زەمینەو

ئامانجەکانی بزوتنەوەکۆمەڵایەتییەکان ، بەدی بهێنێت . هەروەکو باسمان کرد ، هەرچەندە پارتەکان لە ئەنجامی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیدا بوون ، بەڵام چەند سیفات و تایبەتمەندی خۆیان هەیە کە جیایان دەکاتەوە لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان :

**یەکەم:** پەیوەندی و بەشداری لە بزوتنەوەکاندا پێویستی بە پابەندبوونی تەواو بەجۆرێك لەبیرو باوەڕی تایبەتی نییە ، بەڵام بەشداربوون‌و ئەندامێتی لە پارتەکاندا وا دەخوازێت کە پابەند بوونی تەواو بە بیروباوەڕەوە یەکێك بێت لە مەرجەکانی بنیات نانی ئەو پارتانە .

**دووەم :** سیفەتی ڕێکخراوەیی حیزبەکان ، وا پێویست دەکات کە لایەنی توندوتۆڵ‌و ئاستەکانی ڕێکخستن بوونی هەبێت‌و بەجۆرێك کە شێوەیەك لە شێوەکانی بیرۆکراتی ( دیوان سالاری ) لە هەموو پارتەکاندا هەیە . لە پارت دا حاڵەتی ڕێکخستن‌و فەرمان و ئاستەکانی سەرەوە وخوارەوە بەئاشکرا دەبینرێت ، لە کاتێکدا بزوتنەوەکان زیاتر حاڵەتی ئازادی و کۆبوونەوەو بەشداری کردن لە چالاکیەکاندا ، بە خۆوە دەگرێت .

**سێیەم :** ئامانجی یەکەم و پیرۆزی حیزبەکان بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتەو هەربۆ ئەمەش گومان کردن لە دەسەڵات و بونیادی پێشوو یەکێکی دیکە دەبێت لە کارەکانی . ئامانجە زۆرو درێژ ماوەکانی حیزب ، بەردەوام دوادەخرێت بۆ سەردەمی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات‌و گۆڕینی دەسەڵاتی کۆن .

**چوارەم :** بەوڕادەیەی کە پارتەکان ، سەربە بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتن ، هەر بەو ئەندازەیە دەیانەوێت یەکێتی ڕیزەکانی حیزب‌و پاشان یەکێتی ڕیزەکانی کۆمەڵ لە دەوری بەرنامەوئایدۆلۆژیای خۆیان بەدی بهێنن . بەم جۆرە یەکەمین کاری حیزب ، تەنانەت پێش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتیش ، هەوڵدانە بۆبەدەست هێنانی یەکێتی لە دنیاو ژیانێکی پڕ لە جیاوازی‌و فرەیی .

**پێنجەم :** قەتیس مانی کاری حیزبەکان تەنها لە کارو مەیدانی سیاسی و دانانی حیزب‌و سیاسەت بە ناوەڕۆك و سەرکردەی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵ وڕای گشتی دا نامێنێتەوە .





بەڵکو یەکێك لە کارە دژوارەکانی حیزب هەوڵدانە بۆ دروست کردن‌وبەهێزکردنی ناوەندێتی سیاسی‌و بە جۆرێك کە بەشەکانی دیکەی خەبات ورای گشتی بە پاشکۆی حیزب دادەنرێت .

**شەشەم:** لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جیاوازی تەواو ئاشکرا لە نێوان پارتەکان‌و بزوتنەوەکۆمەڵایەتییەکاندا نییە ، چونکە بەدی هێنانی ژیانێکی سیاسی گشتی‌و ئازاد ، وا دەخوازێت کە هەمووئەمانە (ڕێکخراوەکان ، پارتەکان وبزوتنەوەکان) لەپەیوەندی وکاریگەرییان لەسەریەکتر ، ڕەوش‌ودەسەڵات‌و کۆمەڵێکی باشتر بنیات بنێن . واتە دەبێت ئەوە قبوڵ بکەین کە ئێستا بوونی پارتەکان کارێکی پێویستە . بەڵام دەبێت کەم‌وکوڕی‌و لاوازی پارتەکان بەپێی پێوەرەکانی دیموکراسی ئێستا نەهێڵرێت .

**پارتەکان و دیموکراسی نوێ :**

دیموکراسی بەبێ سیستەمی نوێنەرایەتی ، کە دەسەڵاتی عەقڵ‌و زۆربەیە ، بوونی نییە . هەڵبژاردنی ئازادی دەسەڵاتداران لە لایەن خەڵکەوە ، دەبێتە کارێکی بێ مانا ، ئەگەر بێتو ئەم خەڵکانە نەتوانن دواکاری وکاردانەوەو پێداویستییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی یاسایی‌و ڕێگاپێدراو نەخەنەڕوو . یەکێك لە کەناڵەکانی شێوەسازکردنی ئەم دواکاری و کاردانەوانە ، لە ڕێگای حیزبەکانەوە دەبێت‌و تائێستا حیزبەکان دەتوانن یاریکەرێکی گرنگی گۆڕەپانی دیموکراتی بن . مەرج‌و زەمینەی دەوروکارایی حیزبەکان لە بەدیهێنانی دیموکراسییەکی باشتردا پێویستی بەوە هەیە ، کە زەمینەکانی کاری حیزبەکان‌و ئەو ڕەخنانەی لە خەباتی پارتەکان دەگیرێت‌وئاسۆی چاکردنی ئەم کارانە بەرەو هەلومەرجێکی باشتر بەرین :

**زەمینەی یەکەم :** ئەگەر ژیان‌وبەرژەوەندییەکان جیاوازو فرەن ، ئەگەر بێتو هەرکەسێك (یان هاووڵاتیەك ) ڕستێك پێداویستی و داواکاری هەبێت کە پەیوەندییان هەیە بە ژیان ، کاروخێزان و پەروەردەی مناڵەکانی و ئاسایشی و بیروباوەڕیەوە . بۆیە دەبێت ئەوە قبوڵ بکەین کە مەحاڵە بتوانین سیاسەتێکی گشتی‌و دیاریکراو بنیات بنێین ، کە هەموو ژیان بەرژەوەندی و ئاسایشی هاووڵاتیان لە خۆبگرێت وسیاسەتێکی باش‌وگونجاوبێت بۆ زۆربەی کۆمەڵ‌و هەموو لایەنە سیاسی وکەمایەتییە دینی وفەرهەنگی و میللییەکان تیایدا بەهرەمەندبن . بۆیە بۆ

ئەوەی ئەم پێداویستیو دواکارییانە سیفەتوحاڵەتی نوێنەرایەتیو یاسایی وەربگرن ، پێویستی بە کۆدەنگی و هاوبەرژەوەندی هەیەو دەبێت نوێنەرانی ئەم دواکارییانە، لەهەموو ئاستەکاندا ، لەگەڵ یەکدی گفتوگۆبکەن وسەرەنجام بتوانن شێوەیەك لە یەکێتیو کۆدەنگی بۆ نوێنەرایەتی ئەم پێداویستیانە بەدیبهێنن.پارتەکان دەتوانن لەم زەمینانەدا (پێداویستی ،داواکاریوکاردانەوەکان ) ڕەوایییەکی باشتر بۆ بوون و گەشەوبەردەوامبونیان پەیدابکەن . ئەم ڕەوشە دوو خاڵی گرنگی لێدەکەوێتەوە ، یەکەم حیزبەکان دەتوانن لە کۆی داواکاریو بەرژەوەندی هاوولاتیان ، لە حاڵەتی تاکە بەرژەوەندی ( بەرژەوەندی چینایەتی )و تاکە بیروباوڕەوە بەرەو حاڵەتی فرەیی بچن و دیسان خۆیان نوێ بکەنەوە . لەم زەمینەیەدا ، گرنگیدان بەئازادی سیاسی بۆ بەشی هەرەزۆری کۆمەڵ لەلایەن پارتەکانەوە ، دیموکراسی دەباتە بەرزترین پلەی بەهێزی . کاتێك کە کاردانەوەو ئۆپۆزسیۆنی کۆمەلایەتی لە ئاستێکی فراواندا بەرهەم دێت، دیموکراسی ڕەوشێکی جێگیر و ئازادییەکی زیاتر بەخۆوە دەگرێ . ئەو ولاتەی کەزۆرترین بەرجەستەبوونی ئازادی و فراوانترین ئازادی سیاسی ( یان بەشێوە کلاسیکییەکەی خەباتی چینایەتیوکۆمەلایەتی )لە خۆدا بەرهەم هێناوە، واتە بەریتانیای مەزن . ئەوا لەو ولاتەدا دیموکراسی جێگیرترین ڕەوشی سیاسی بەخۆوە گرتووە. هەروەکو چۆن سۆسیال-دیموکراسی ئەورووپای باکور ئاسۆوهۆشی دیموکراتی بەرەو سەرکەوتن برد، کە هەمیشە هەلومەرجێکی کراوەی بۆ خەباتی چینایەتی(ئازادی سیاسی) لە نێوان پارتەکانی کرێکارانو پارتە بۆرژوازییەکاندا یاسایی کردبوو[٩] . دووەم، حیزبەکان دەتوانن لە حاڵەتی کۆمەلایەتی (چینایەتی) دیسپلین کراو، خۆیان نەجات بدەنو هەوڵ بدەن هەرچی زیاتر لە بەدی هێنانی بەرژەوەندیو خۆگرێدان بە چینێکی دیاری کراو یان توێژێکی دیاریکراو ڕزگاربکەن و بتوانن لەکۆی بەرژەوەندییەکان، بەرژەوەندییەکی گشتی دیموکراسی لە پارتەکانیاندا نوێنەرایەتی بکەن.

هەرچی زیاتر حیزبەکان بتوانن لەم بەرژەوەندییانە دووربکەنەوە، زیاتر دەتوانن لە هاوپەیمانی بەرژەوەندی تایبەتو لە ڕەوشێکی کەمایەتی بیروکراتی دووربکەونەوە. یەکێك لە دوژمنە گەورەکانی ئازادیودیموکراسی، بوونی هەلاواردنو ئیمتیازاتی ئابوریو سیاسیو





دەسەلاتی کەمایەتییە بیرۆکراتەکانە. زۆربەی پارتەکانی سەردەمی یەکەمی دیموکراسی(سەدەی نۆزدە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم) لە ئەورووپاو ئەمریکا، تووشی ئەم نەخۆشیانە بوون، زۆربەی هەرەزۆری پارتەکانی جیهانی سێ تا ئێستاش هەر بەوجۆرەن.

**زەمینەی دووەم:** ئەگەر پارتەکان بتوانن، ببنە قسەکەرو نوێنەری سیاسی فرە داواکاریو فرە بەرژەوەندی، هەر بەوڕادەیە دەتوانن لەزەمینەی فەرهەنگیو تیۆری(ئایدۆلۆژی)دا ڕەوشێکی ئازادترو فرەتر بەرهەم بهێننو سەردەمی تاك بیروباوەڕیو یەکێتی خوازی بیروباوەڕەکان بەسەر دەچێت. حیزبەکان ئەگەر بتوانن لەکۆی بیروباوەڕەکانی(دیموکراسی، لیبرالی،سۆسیالیستی، نەتەوایەتی، مۆدێرنو فرەمۆدێرن) ئەلتەرناتیفێکی باشتر بەرهەم بهێنن، چاکتر دەتوانن لە داخوازیو بەرژەوەندییە فرەوگشتییەکانی خەلك باشتر تێبگەنو سەرەنجام حاڵەتی ناوەندێتیو بیرۆکراتی بەسەردەچێت. زەمینەی مادیوکۆمەلایەتی، ئەم فرەییە لەبیروباوەڕدا، جگە لە بنیاتنانی کۆی بەرژەوەندییەکان، تێگەیشتنی هەلومەرجی بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکانە (بزوتنەوەی ئافرەتان، منالان،کەمایەتییەکان، پارێزەرانی ژینگە، بزوتنەوە چینایەتییەکان).

دەبێت یاسای دیموکراسیو حیزبە سیاسییەکان ڕێگەبدات بە توێژە کۆمەلایەتییەکان بۆ خۆڕێکخستنو بەدی هێنانی بزوتنەوەی داواکاری یاسایی، هەروەها بتوانن لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە بەشداری لە ژیانی سیاسیو پارلەمانی دابکەن(یان لە ڕێگای نوێنەرانی پارتەکانەوە، یان ڕاستەوخۆ سەندیکاو کۆمەڵەو N.G.O ڕێکخراوە ناحیزبیو ناحکومیەکان بتوانن لە ژیانی سیاسیو پەرلەمانیدا بەشداربن)، ئەم ڕەوشە، واتە نوێنەرایەتی سیاسیو یاسایی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان، لە بیروباوەڕی ڕۆژئاواییدا بە باشترین شێوە بەرهەم هاتووە. ژیانی سەندیکایی لە فەرهەنگی سۆسیال-دیموکراسیدا زەمینەیەکی بەهێزە بۆ سەرهەڵدانی پارتە کرێکارییەکان یان پارتە سۆسیالیستەکان، کە توانیان ببنە باسکی سیاسی ژیانی سەندیکایی. دامەزراندنی پارتی کاری بەریتانیا لەسەرچاوەو زەمینەی یەکێتی سەندیکاکانی ناوTUC ،یان پەیوەندی بەتینی نێوان یەکێتی کاری سویدیLO وپارتی سۆسیال-

دیموکراتیدا. ئەم هەلومەرجە لە ئیتالیاو ئیسپانیاش هەر بەو شێوەیە کە خەباتی کرێکاری زەمینەیەکی بەهێزە بۆ هێزو توانای پارتە کرێکاری‌و سۆسیالیستەکان [10].

**زەمینەی سایەم:** پەیوەندی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ژیانی سیاسی هەر تەنها ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو بەهۆی هەندێك هۆکاری ناوەنجی‌و بەهۆی کاری ئەوانەی دەبنە کارکەری ناوکۆیی نێوان ئەم دوو ژیانە. یانەکان، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، یەکێتی‌و سەندیکا پیشەییەکان‌و گرووپە ڕووناکبیریەکان‌و تەنانەت کۆڕوکۆمەڵە ئابوریەکان‌و فەرهەنگییەکان، ئەو هۆکارەو پەیوەندیانەن کە لەپانتایی‌و قووڵایی کۆمەڵدا دەتوانن زەمینەی دیموکراسی فراوانتر بکەن‌و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەو زەمینەیەدا باشتر گەشە بکەن. کاری ئەم ناوەندانەی پەیوەندی لە نێوان سیستەمی سیاسی‌و ژیانی کۆمەڵایەتی، چەندین ڕێگاوهەڵبژاردنی جیاوازی سیاسی بۆ بەشداری کردن‌و دەوڵەمەندکردنی سیاسی بەدی دەهێنێت، ئەم هۆکارانە دەتوانن ببنە زەمینەیەکی باش بۆ سەرهەڵدانی پارتە نوێکان یان ڕیفۆرم‌و چاك کردنەوەی پارتە کۆنەکان، لەم کاتانەشدا نابێت واتێبگەین کە حیزبەکان ئەڵتەرناتیفی ئەو ناوەندانەی پەیوەندی‌و کاریگەرین.

تەسك کردنەوەو گورزلێدانی دیموکراسی، لە یەکێك لە مەیدانەکاندا، هەوڵدانە بۆ کەم کردنەوەی ئەم هۆکارانەی پەیوەندی‌و کاریگەرییە. لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو جیهانی سێ، زۆربەی پارتەکان لەدوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بازاڕو کەسانی دەوڵەمەندا دروست کردو ئابوری‌و بازاڕ ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتداراندا بوونە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەوڵەمەندبوونی سیاسی‌و دەستەڵاتدارەکان‌و زەمینەی بەدیهاتنی(فەساد ) بەشێوەیەکی ڕەسمی‌و پاڵپشت کراو دروست بوو. بۆ پاراستنی ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە(ئابوری‌و بازار لەگەڵ دەسەڵاتداران)، پشت کردنە خواستەکانی جەماوەرو بەهێزکردنی بیرۆکراتی. پەیوەندی نێوان پارتەکان‌و ڕێکخراوە جەماوەری‌و پیشەییەکان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەك لەڕێگای ئەو ناوەندانەی پەیوەندی‌و کاریگەری، دەبێتەهۆی پاشکۆیەتی ئەو ڕێکخراوانەو سەرەنجام کزبوون‌و بێدەسەڵاتی ئەو ناوەندانەو بۆ پاراستنی ئەم پاشکۆیەتییە، بێگومان پێویست دەبێت کەخودی ئەو ڕێکخراوانە بکرێتە بەشێك لەو





حیزب‌ودەسەڵاتە. ئەزموونی وڵاتانی جیهانی سێ، بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیستەمی سیاسی‌و سەرەنجام بۆ پاشکۆکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای ئەو بەناو ڕێکخراوە جەماوەرییانەوە.

**زەمینەی چوارەم:** بەڵام سەرەڕای بوونی ناوەندێك لە نێوان ژیان‌وبزوتنەوە کۆمەڵایەتی یەکان‌و سیستەمی سیاسی، یان بەشێوەیەکی گشتی ژیانی سیاسی، نابێت وا تێبگەین کە پارتەکان سەربەخۆن لەهێزە کۆمەڵایەتییەکان. هەرەسی ڕژێم‌و بیروباوەڕە سۆسیالیستەکان، هەر لە کۆمۆنیزمی لینیزمەوە تا دەگاتە هەندێك لە سۆسیال-دیموکراتەکان، پێش هەموو شتێك لەبەر سەربەخۆیی‌و دابڕانی ئەو حیزبانە بوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی کە سەرەنجام پاشکۆکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکان کرایە ئامانج. دیموکراسی ئازادی خوازو بەشداری‌و ڕاوێژکاری وا پێویست دەکات کە هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی ناوەندەکانی پەیوەندی‌وکاریگەرییەوە، ڕێگای کاروبەشداری‌و سیفەتی نوێنەرایەتیان هەبێت، بەجۆرێك بێت بتوانێت مانایەکی دیکەو جیاواز لە حیزبەکان بۆخۆی‌و بۆ بەشداری لە ژیانی دیموکراسیدا بەرهەم بهێنێت.

چی ڕوودەدات کاتێك کە هێزە سیاسییە چالاکەکان(واتە حیزبەکان) گوێنەدەن بە داواکاری هێزە کۆمەڵایەتییەکان؟ چی ڕوودەدات کاتێك پارتەکان دەیانەوێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگای خۆیانەوە، بۆچوون‌و ڕێگاچارەسەری سیاسی پێشکەش بکرێت، واتە ڕێگا نەدرێت بەبوون‌وکاری ئەو ناوەندانەی پەیوەندی‌وکاریگەری؟ یەکەمین شت ئەوەیە کە سیفەتی نوێنەرایەتی لەو هێزە کۆمەڵایەتی‌و ناوەندانە دەسەنرێتەوەو تەنها حیزبەکان دەبنە دەم ڕاستی کۆمەڵ‌و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵ، دەخرێتە پەراوێزەوە. ئەم ڕەوشە ئەم بەرهەمە خراپانەی دەبێت: هاوسەنگی نێوان ئەم هێزو ناوەندو حیزبانە تێك دەچێت، یەکێك لە سیفەتە گرنگەکانی دیموکراسی‌و یەکەمین مەرجی دیموکراسی ئازادیخواز، واتە هەوڵدان بۆ سنورداركردنی دەسەڵات، لەنێو دەبرێت. ئەم هەلومەرجە دەبێتە سەپاندنی حیزبەکان‌و دیموکراسی تا ڕادەی دەسەڵاتی

حیزبێك یان چەند حیزبێك کەموتەسك دەکرێتەوە. ئالان تۆرین، کۆمەڵناسی فەرەنسی ئەم هەلومەرجە ناو دەنێت (Partiocraty) (پارتیۆکراتی) [11].

**زەمینەی پێنجەم :** کەس ناتوانێت دیموکراسی بەبێ بوونی پارتەکان وێنا بکات ، دیموکراسی بەبێ هێزوتوانای هێزە سیاسییەکاراکان ، بەمانای ڕاستەقینەی بوونی نییە . ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە دیموکراسی دەبێت نوێنەرایەتی بەرجەستە بکات ، هەر بۆیە دەبێت هێزەسیاسیەکانو پارتەکان ، کە مەرجێکی گرنگی دیموکراسین ، پێویستە لە پێناوی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ دا کاربکەن ، نەك تەنها لە خزمەتی خۆیاندا . لەگەڵ ئەمانەشدا دیموکراتی هەموو کاتێك دەبێت حاڵەتی ریفراندۆمی ( **استفتاء** ) بەخۆوە بگرێ ، کە لە هەموو ئاستەکانی پارتەکان ، ڕێکخراوە دیموکراتیو جەماوەرییەکانو ناوەندەکانی پەیوەندی وکاریگەری نێوان ژیانی کۆمەڵایەتیو ژیانی سیاسی ، بەئەنجام بگات . بەڵام بەتەنها دەسەڵاتی پارتەکان یان پاریتۆکراتی دیموکراسی لەناودەباتو سیفەتی نوێنەرایەتی لێزەوت دەکات ، یان دەسەڵاتوهەژموونی کۆمەڵە ئابورییە دەسەڵاتدارەکان دەسەپنرێتو هەموو ئەمانەش لە چاوەڕوانی دیکتاتۆری دا دەبن . مەترسی پارتیۆکراتی بەرەو زیادبوون دەچێت ، کاتێك کە ئەم هێزە کۆمەڵایەتییەکارانە دەکەونە حاڵەتی پەرتەوازەییو دابڕان .

.....................................................

**دیموکراسیوبزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان :**

سیستەمی نوێنەرایەتی وا دەخوازێت کە داواکارییە کۆمەڵایەتیەکان بتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بکەن ، واتە بتوانێت بەپێی یاساکانی دیموکراسی ئەو یارییە سیاسیە بکات کە بەردەوام دەسکەوتی بۆ پەیدادەکاتو بەپێی بڕیارو پەسەندی زۆرایەتی ئەو داوایانە بەدی بهێنێت . هەرچەندە هەندێك کات ئەم داواکارییانە یان جێبەجێ ناکرێن لەبەرئەوەی لەلایەن سیستەمی سیاسی یەوە وەڵامی نییە کە بەهۆی دەسەڵاتی هەژموون خوازی هەندێ لە دەوڵەتەکانەوە، یان سنوردارن ، یان ئیفلیجن، یان لەناوبراون . دیموکراسی لەم حاڵەتەدا جگە لەدەسەڵاتێك کە بەناوی هەڵبژاردن و زۆربەوە ناوەڕۆکی دیکتاتۆری لەبەرگی سەردەمدا پەیدادەکات . داواکاری





هەندێك لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان ، نابێتە جێگایەك بۆدانوستانو گوێگرتن، لەبەرئەوەی ئەوبزوتنەوانە دەیانەوێت ئەو هێزە دیاری کراوانە ئامادەو چەکداربکەن کەدەیانەوێت خودی دیموکراسیو سیستەمی سیاسیو نوێنەرایەتی لە ناوبەرن . هێرشی ئەم هێزە کۆمەڵایەتیانە یان بەناوی دین(نمونەی ئیسلامی سیاسی)، یان بەناوی چینو ئایدیۆلۆژیاوە (نمونەی کۆمۆنیزم)دەیەوێت کە تەواوی ژیانوفەرهەنگی دیموکراسی لەنێوبەرێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەدوو مەرجی زۆر گرنگ پێویستن بۆ بەدی هاتنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە دیموکراتەکان، یەکەم، ڕژێمودەوڵەتێکی دیموکراتی هەبێت کە گوێ لەداواکارییە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتو نەك تەنها ئەمە، بەڵکو دەبێت خودی دیموکراسی یارمەتی دەری ئەو بزوتنەوەنە بێت. دووەم، دەبێت ئەو داواکارییانە حاڵەتێکی هێرش بەرو دوژمنانە وەرنەگرێتو دەبێت یارمەتی دەربێت بۆ بەهێزکردنی سیستەمی دیموکراسیو دیموکراسیش لەحاڵەتی نوێنەرایەتییەوە بەرێتە حاڵەتێکی بەشداری، ڕاوێژکاریو ئازادی خوازی.

ئامانجی کاروانی کۆمەڵایەتی ئازادبوونی خودەکانە، خودیش بەتەواوی جووت نییە لەگەڵ(تاك)، چەمکی خود بریتییە لەبکەری کۆمەڵایەتی کە دەتوانێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی (نەك یەکێتی کۆمەڵایەتی!) بکاتە ڕەهەندێکی ڕەسەن لە تاكو کۆمەڵو بزوتنەوەکاندا. خود ، ناوی ئەو بکەرەیە کە کاتێك دەگاتە ئاستی مێژوویی، واتا دەگاتە ئاستی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بەرهەمی نوێو پێوەری نوێ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنێت. خودو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بڕبڕەی دیموکراسییە، کەسەر لەنوێ کۆمەڵ بەرهەم دێنێتەوە [12]. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تەنها کاردانەوەیەك نییە لەبەرامبەر سیستەمودەسەڵاتودیموکراسی، بەڵکو ئەوان دیسان سیستەمو کۆمەڵ بەرهەم دەهێننەوەو خۆشیان دەبنە بەشێك لەو پەیوەندییانە. کاریگەری بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لەکاری سیاسیو بەرەنگاربوونەوەدا نییەو بەڵکو لەوە دایە چەند دەتوانێت کاریگەربێت لەسەر ڕای گشتی. بیروباوەڕی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، لەسەرچاوەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە بەرهەم نایەت، بەڵکو بیروباوەڕێکی فرەوئازادییەوهەموو بیروباوەڕەکان، بەمەرجێ فەرهەنگوپەروەردەی دیموکراسی قبوڵ بکەن، لەناو بزوتنەوەی



هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵایەتیدا جێگایان دەبێتەوەو هیچ کامیشیان لەو بیروباوەڕانە نابنە ناوەندو ئەوانی دیکە ببنە پەراوێز، ئەمە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی جیاواز لە پارتە سیاسییە کلاسیکییەکان (کۆمۆنیست، سۆسیالیست، ناسیۆنالیستودینی) کە ئەوان بیروباوەری خۆیان بە ناوەندو ئەڵتەرناتیڤی ئەوانی دیکە دەزانن. من بڕوام وایە کە دەبێت نەوەیەکی نوێ لە پارتەکان لەدایك بێت کە فرە بیروباوەڕبن‌و بیرە سەرەکیەکانی ئێستای دنیا لە پەیوەندی‌و کاریگەرییان لەگەڵ یەکدیدا(واتە بیروباوەڕەکانی سوسیالیزم، دیموکراسی، هاووڵاتی‌و پێشکەوتن) بەرجەستە بکەن‌و هیچ ناوەندو جێگایەکی نایاب بۆ بیروباوەرێکی دیاریکراو دانەنرێت‌و هیچ کام لەو بیرانە نەکرێتە سەرکردەو ئیلهام بەخش‌و ئەوانی تریش پابەند بکرێت بەو سەرکردەو ناوەندەوە.

بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، یەکێك لە سیفەتەکانی لەپاڵ هەوڵدان بۆ هێنانەدی داواکارییەکانی، بەرامبەر دەخوێنێتەوەو هەلومەرجی ئەو بەرامبەرەی کە داوای بەدی هاتنی داخوازیەکانی لێدەکات، تێدەگات‌و بەو بۆنەیەوە ئیمانۆیل لونیاس: خوێندنەوەی بەرامبەر مەرجی یەکەمی دادپەروەرییە [١٣]. پەیوەندی‌و کاریگەری بزوتنەوەکان لەگەڵ سیستەم‌و دەوڵەتدا، لەم ڕێگایەوە ئاسۆی باشتری بۆ دەکرێتەوە. هەر ئەم خاڵە وامان لێدەکات، تێبگەین کە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بزوتنەوەیەکی ئاسۆییە، نەك ستونی‌و بیرۆکراتی، بەپێچەوانەی حیزبە کلاسیکییەکانەوە کە بیرۆکرات‌و توێژ توێژن، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی حاڵەتێکی ئاسۆیی‌وکراوەی هەیەو لەنێوخۆیداو لەگەڵ بزوتنەوەکانی دیکەشدا، ڕەوشی سەرکردایەتی‌و بیرۆکراتی پەسەند ناکات.

بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ڕیفۆرمیستەو هەوڵی چاککردن‌و سازدانەوەی دوبارەی ژیان‌و کۆمەڵ دەدات. واتە ئەم بزوتنەوانە نە شۆڕشگێڕن، واتە هەوڵی ڕووخان نادەن، بەڵکو دەیەوێت هەلومەرجێکی پۆزەتیف نەك نێگەتیف‌و توندوتیژو ئاڵۆزبەرهەم بێنێت. لەبەر ئەوەی کە ئاسۆییە، خوێندنەوەی بەرامبەر تێدەگات‌و ڕیفۆرمستە، بۆیە سەرەنجام بزوتنەوەکان حاڵەتێکی





هارمۆنی وەردەگرێت، هەروەکو جان جاك ڕۆسۆ دەڵێت: هارمۆنی بەشەکان، نەك تەشویش‌و نەبوونی یەکسانی [١٤].

بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، هەروەکو دیموکراسی ، سێ ڕەهەندی دیکەی گرنگی هەیە واتە سیفەتی عەقلانی‌و پابەندبوون‌و پاراستنی هاووڵاتی (بەئەرك‌ومافەکان)و بەدی هێنانی خودو ئازادی کردۆتە ئامانجی خۆی‌و هەموو ئەمانەش بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە. هەر سەبارەت بە بەدیهێنانی خودو ئازادی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەو حاڵەتە یەکێتی یە پێش وەختە سەپێندراوانە(نەتەوە، چینەکان(پرولیتاریاو بۆرژوازی)، دین،وداب‌و نەریتەکان) پەسەند ناکات‌و هەوڵ دەدات لەژێر سەپاندنی ئەم حاڵەتە یەکێتییە رزگاری ببێت، بەڵام بەبێ ئەوەی کەمترین توندوتیژی بەکار بێنێت. هەروەکو چۆن بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەشێك نییە لە چینی کۆمەڵایەتی، هەر بەو جۆرەش نابێت کە ببێتە بەرجەستەکەری هیواو بەرژەوەندی توێژە کۆمەڵایەتیەکانیش (ئەندازیاران، پزیشکان، کرێکاران....) بەڵکو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات لە شوێنی کاروژیانی ئەوانەی پێکەوەن داواکارییەکان بەرزبکاتەوەو ڕێکخراوو پەیوەندی پێویست دروست بکات. بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو هەوڵ دەدات کە هاوکاری‌و پشتیوانی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵ پەیدا بکات بەبێ ئەوەی کە ئەوان ئەڵتەرناتیفی ئەمان بن یان ئەم ئەڵتەرناتیفی ئەوان بێت . بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لەم حاڵەتەدا دەبێتە (بوون و کۆی تاکەکان).

لەدنیای مۆدێرن دا، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەدژی سازمانە ڕەسمییە بیرۆکراتەکان کاردەکەن، هەردوو ئەمانەش، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی‌و ڕێکخراوی بیرۆکراتی، یەکێکن لە تایبەتمەندییەکانی دنیای ئێستامان. ناکۆکی نێوان ئەم دوانە، وا دەکات کە ئازادی سیاسی لەدژی سەپاندن‌و بیرۆکراتیزم، بەردەوام بە زیندوویی بمێنێتەوە بۆیە دەتوانین یەکێکی دیکە لە پێناسەکانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، لە زەمینەی دژایەتی سەپاندن‌و بیروکراتی، پەیدابکەین‌و بزوتنەوەکان دەبنە کۆششێکی کۆمەڵایەتی بۆیە بە دەست هێنان‌و بەرەوپێشەوە بردنی سودی

هاوبەش، یان پەیداکردنی ئامانجێکی هاوبەش، لەڕێگای کاری بەکۆمەڵ لەدەرەوەی سنوری دەزگا ڕەسمی یەکان[١٥].

بەم بۆنەیەوە، دەبێت بزانین کە هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانو دەزگا ڕەسمییەکاندا، کارێکی ڕۆشن نییە. چونکە ئەو بزوتنەوانەی کە بەتەواوی جێگیربوون بەشێوەیەکی ڕەسمی کاردەکەنو وردە وردە تایبەتمەندی بیرۆکراتی پەیدادەکەن( دەکرێت مەسەلەی دروست کردنی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان لەلایەن پارتەکانی کوردستان، شێوەیەك بێت لەم ڕەوشە). هەر بۆیە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات ببنە سازمانی ڕەسمی، لە کاتێکدا زۆر کەمو(بەدەگمەن) سازمانەکان دەگۆڕێن بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

سیفەتێکی دیکەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەیە کە جیاوازە لە گروپە خاوەن بەرژەوەندییەکان، بەڵام ئەم جیاوازییە هەمیشە ئاسان نییە. گروپەکانی هاوبەرژەوەندی ئەو ڕێکخراوانەن کە بەمەبەستی کاریگەری لەسەر سیاسەت مەداران، بەجۆرێك کە لەخزمەتی ئەندامەکانیان بێت، پەیدابوون. لەکوردستانی خۆماندا، گەلێك ڕێکخراوی لەم جۆرە، لەسەرەوە دروست کراو لەلایەن دەسەڵاتەوە، یان لەلایەنی کەسانی سەربەو توێژە کە لەدەسەڵاتدا کاردەکەن یا نزیکن لەسەرچاوەی بڕیارەوە. ڕێکخراوەکانی پزیشکان، ئەندازیاران، پارێزەران...هتد دەکرێت شێوەیەك بێت لە شێوەکانی گروپی هاو بەرژەوەندی. ڕێکخراوی دیموکراتیو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، بزوتنەوەو ڕێکخرابوونە بۆ شوێنی کاروژیان، واتە هەموو ئەوانەی لەکاری تەندروستیدا ژیان پەیدادەکەن، بە پزیشك، کارمەندو کرێکارەوە دەبێت لە بزوتنەوەیەکی تایبەتیو لە ڕێکخراوێکی سەر بەوکارە(تەندروستییە) هیواکانیان بەدی بهێننو هەر بەو ئەندازەیەش دەبێت هەوڵدەن بۆ بەدی هێنانی خێری گشتی لە بواری تەندروستیدا. ڕێکخراوی تەندروستی وڵاتی سوید، هەموو ئەو کەسانەی تێدایە کە لەو بوارەدا کاردەکەن [١٦] . نەك وەکو ڕێکخراوەکانی وڵاتی خۆمان، کە سەندیکای پزیشکاران جیاوازە لە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی. لەوڵاتی ئاڵمان یەکێك لە گەورەترین سەندیکاکان، کەناوی سەندیکای فلزکارانە، ٧٠٪ی ئەندامانی لە ئەندازیاران پێکهاتووەو ئەوی دیکەشی لەو کرێکارانو کارمەندانەی کە





لەو رشتەیەدا کاردەکەن. بەڵام لە وڵاتی ئێمە سەندیکایەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەندازیاران، کە زۆربەیان پێکەوە کارناکەن، تەها خاڵی ناوکۆییو هاوبەشیان ئەوەیە کە ئەندازیارن، واتە هاوبەرژەوەندیین. ئەندازیارانی ڕێگاوبان، شارەوانی، ئاوەدان کردنەوەو کەرتی تایبەت پێکەوە لەسەر بناغەی هاوبەرژەوەندی سەندیکایان پێك هێناوە، کە بێگومان کارەکانیان لەیەکتری جیاوازەو مەبەستم ئەوەیە پێکەوە کارنەکەن. بەڵام ئەندازیارانی هەر یەکێك لەو ڕشتانە لەگەڵ کارمەندانوکرێکارانی هەمان ڕشتە هیچ جۆرێك هەوڵدانی هاوبەش ناکەن بۆ بەدی هێنانی بزوتنەوەی شوێنی کاروژیان. دامەزرانی ڕێکخراوی دیموکراتیو(ناحزبی!) لەسەر بناغەی هاوبەرژەوەندی، کە بێگومان نەك بەتەنها حاڵەتی چینایەتی بەپیرۆز ڕادەگرێت، بەڵکو حاڵەتی توێژبەندی(**اصناف**) زێتر قوڵ دەکاتەوە. بێگومان توێژبەندی لە حاڵەتی چینایەتی کۆنەپەرست ترە. یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی بزوتنەوەی دیموکراتیو کۆمەڵایەتی لە ڕێگای ڕێکخراوو سەندیکاوکۆمەڵەکانەوە، کەم کردنەوەی جیاوازی چینایەتییە، لەهەردوو مەیدانی ئابوریو فەرهەگی، نەك قەتیس مان لەو حاڵەتەدا. هەمیشە ڕێکخراوی هاوبەرژەوەندی، چینایەتیوتوێژبەندی بەرەو بیرۆکراتیونزیك بونەوە لە دەسەڵات مل دەنێو دەسەڵاتیش لەو ڕێگایەوە باشتر دەتوانێت، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی پەرتولێکدابڕاو بکاتو سەرەنجام بیان کاتە پاشکۆی خۆی. گروپەکانی هاوبەرژەوەندی زیاتر لە ڕێگای پەیوەندی سیاسیو تایبەتی لەگەڵ لێپرسراوی حیزبیوحکومیدا کارەکانی خۆیان بەرەو پێشەوە دەبەن، بەڵام بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، لەڕێگای کاری بەکۆمەڵو جەماوەریو چالاکی ئاشکرا، زەمینەی دیموکراتی لەکۆمەڵ دا فراوانتر دەکەن، ئەمە سەرەڕای کارکردنی یاساییو ڕێکخراوەیی.

تا ئێستا بەشێوەیەکی بەرایی، پێناسەو سیفاتو جیاوازی نێوان بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیو حیزبەکانو ڕێکخراوەکانی بەرژەوەندی هاوبەشمان باسکرد. بەڵام بۆ ئەوەی بە باشتر لەم مەیدانە شارەزابینو جوانتر بتوانین بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بناسین، پێویستمان دەبێت جارێکی دیکە پەناببەینە بەر کۆمەڵ ناسی ناودار (ئەنتۆنی گیدنز)و کتێبە نایابەکەی (دەربارەی کۆمەڵناسی)و بزانین ئەو چۆن سەبارەت بەجۆرەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەدوێت. گیدنز

بیروڕای(داڤید ئابرل)ی سەبارەت بە جۆرەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەم جۆرە خاڵ بەندی کردووە:

١) ئەو بزوتنەوانەی کە دەیانەوێت دنیا بگۆڕنو دنیا هەڵگێڕنەوە، ئامانجی ئەوان بۆ هەموو کۆمەڵ یان چەند کۆمەڵو چەند وڵاتە. ئەو گۆڕانەی کە ئەندامانی ئەم بزوتنەوانە دەیانەوێت بەدی بهێنین، گشتیو بێ سنوورو زۆربەی جاریش توندوتیژە. نموونەی ئەم بزوتنەوانە، بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکان یان بزوتنەوەی دینیی رادیکاڵ(لای خۆمان ئیسلامی سیاسی). بۆ نموونە، زۆرێك لە بزوتنەوەکانی هەزارەی مەسیحی دەیانەوێت، کەمو زۆر پێك هاتەی تەواوی کۆمەڵ بگۆڕن، کە بە بڕوای ئەوان سەردەمی ڕزگاری لە پێشەوە بوو.

٢) بزوتنەوە ریفورمیستو چاك خوازەکان، کە ئامانجی دیاریکراوو سنورداریان بۆ چاك کردنی بەشێك لە لایەنەکانی ژیانوگۆڕانی خستبووە بەرنامەی خۆیانەوە. دوو جۆری دیکە لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی هەیە، کە ئامانجیان ئەوەیە دابونەریتەکان یان هەندێك لەبیروباوەڕی کەسەکان، بگۆڕن.

٣) بزوتنەوە رزگاریخوازەکان، کەلە هەوڵی ئەوەدان خەڵك لەو جۆرە ژیانو بیرکردنەوەیە ڕزگاربکەن، کە ئەوان پێیان وایە بۆگەن بووە. بەشێکی زۆر لە بزوتنەوە دینییەکانو بە تایبەتی ئیسلامیەکان بەم شێوەیە بیر لە ڕزگاری دەکەنەوە. بیروباوەڕی ئەم بزوتنەوەیە بەو شێوەیەیە( کە گەشەی مەعنەوی تاکەکان نیشانەی ڕاستەقینەی بەهای ئەوانە).

٤) سەرئەنجام، ئەو گروپانەی کە تا ئەندازەیەك پێیان دەوترێت بزوتنەوەکانی ئاڵوگۆڕ، ئامانجییان گۆڕانێکی بەشییە (جزئی) لە تاکەکاندا. چونکە ئەوان نایانەوێت تەواوی دابونەریتەکان بگۆڕن، بەڵکو دەیانەوێت هەندێك تایبەتمەندی دیاریکراو بگۆڕن(زۆربەی بزوتنەوە ناسیونالیستەکان، بەم شێوەیە بیردەکەنەوە)[١٧] .





## زەمینەکانی پەیدابوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان:

دیسان ئانتۆنی گیدنز، لەو کتێبەیدا، دەچێتە لای(نیل سمڵسەر)و باسی شەش پێش مەرجی بەدی هاتنی کاری بەکۆمەڵ ،یان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی تایبەتی دەکات :

**یەکەم:** زەمینەی بونیادی کە هەموو ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەن کە ڕێگە دەدەن، یان ڕێگرن لەبەدی هاتنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

**دووەم:** فشارو زۆری بونیادەکان کە دەبنە مایەی ناکۆکی- یا لەزاراوەی مارکسیدا، مل ملانێ کان- کە سەرچاوەیەکە بۆ پەیدابوونی بەرژەوەندی ناکۆكو دژ بەیەك لە دەروونی کۆمەڵدا. ئەم فشارانە بەشێوەی نیگەرانی دەربارەی ئاینده، پشێوییەکان، نارۆشنییەکان وەیان هەڵوێستی ڕاستەوخۆ بۆ ئامانجەکان دەردەکەون. سەرچاوەی فشار، لەوانەیە بەشێوەی گشتی یان تایبەتی جێگاو ڕێگای دیاریکراویان هەبێت. بۆ نموونە نایەکسانیو هەڵاوردنی لە نێوان گروپە مللیی یەکانا، یان چینوتوێژەکان سەرچاوەی ناکۆکیو سەرەنجام بەدی هاتنی ئەو بزوتنەوانەن.

**سێیەم:** کاریگەری بیروباوەڕەکانو بەتایبەتی ئەو باوەڕانەی کەچوونەتە دۆخێکی گشتی کراو. بزوتنەوەکان تەنها لە وەڵامی پشێویو گومانەکان یان دوژمنایەتیەکان لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا، پەیدانابن، بەڵکو ئەوان لەژێر کاریگەری بیرو ئایدیۆلۆژیای دیاریکراوو پێشتر ئامادەکراو، شکڵ دەگرن. کە بەهۆیانەوە داواکاریو نەیارییەکان بەرجەستە دەکرێتو ڕێگا چارەشیان بۆ دەدۆزرێتەوە. بۆ نموونە، بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکان لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراون، کەبۆچی بێدادی ڕوویداوەو چۆن دەتوانرێت ئەوانە لە ڕێگای خەباتی سیاسییەوە کەم بکرێتەوە.

**چوارەم:** هۆکاری خێرادەر، ئەو ڕووداوانەی کەدەبنە هۆی بەشداری خەڵکی لەبزوتنەوەکاندا، کەڕاستەوخۆ دەبێتە مەیدانی کاری بزوتنەوەکان. ڕوداوی (رۆزا پارکز)ی ڕەش پێست کە نەیان هێشت لەئۆتۆبۆس دا لەو شوێنەدا دابنیشێ کە بۆ ڕەشەکان نەبوو تیادابنشین، لەشاری مۆنتگمری لە ولایەتی ئالاباما(ئەمریکا) ساڵی ١٩٥٥ بەسەرەتای دەست پێکردنی بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکا، کۆمەکیکرد.

**پێنجەم:** بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کاتێك بە ئەنجام دەگەن کە گروپێك یان پارتێك، بتوانێت هێزویارمەتی بۆ فەراهەم بکات. ڕابەرایەتیو جۆری هۆکاری پەیوەندی نێوان بەشداربوان، هاوڕێ لەگەڵ پشتیوانی سەرچاوەی داراییو ماڵی دەتوانێت، پێش مەرجێکی باشی پەیدابوونی بزوتنەوەکان بێت.

**شەشەم:** لەکۆتاییدا چۆنیەتی پەیدابوونوگەشەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەتوندی لەلایەن (کارکردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی)کاری تێدەکرێت. دەزگا دەسەڵاتدارەکان دەتوانن بەدەست تێوەردانو گۆڕینی زەمینەی بونیادیو ئەو فشارانەی کەبوونەتە هۆیەك بۆ بەدیهاتنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، وەڵام بدەنەوە. بۆ نموونە، دەکرێت لەهەلومەرجی ناکۆکی نەتەوایەتیدا هەندێك کاروهەنگاو بگیرێتە بەر کە لەتوندوتیژی ئەو بزوتنەوانە، کەم بکاتەوە یان زیاتریان بکات[١٨].

### مێژوویی بوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی یەکان:

بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەڵامێکی ناعەقڵانی نییە لە بەرامبەر هەڵاواردنو بێمافی کۆمەڵایەتی. ئەوان لە ئەنجامی چەندین دیدگاو ستراتیژو ڕاهبردی مێژوویی کە ئەوەپیشان ئەدەن بەچ شێوەیەك لەبەرامبەر بێمافیو نەبوونی دادپەروەریدا خەبات دەکەن. لەدیدی ئالان تۆرین دا، ناتوانین بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەکو چەند ئەنجومەنێك یان هاوکارییەك کە لەهەلومەرجی کۆمەڵایەتی دابڕابن، بناسین. بەڵکو لە پەیوەندیو کاریگەری بەردەوامدان لەگەڵ تەواوی ڕەوشی کۆمەڵ. هەر لێرەوە، دەگەینە ئەو ئامانجەش، کە بزوتنەوەکان کاردانەوەشن بەرامبەر ئەو کارانەی کە لە دژی ژیانێکی ئارامو دیموکراتو بەهرەمەندە. سەرەنجام تۆرین دەگاتە ئەو ئاکامەی کە دەبێت زانینی باش سەبارەت بە بزوتنەوەکان لە مەیدانی کاروکاریگەرییان لەناو کۆمەڵدا، بەدەست بهێنینو لێکدانەوەی بزوتنەوەکان لەو کارانەدا دەبێت کە لەبەرامبەر دەزگا ڕەسمییەکانو بیرۆکراتییە سەپێندراوەکان، باشتر ڕۆشن دەکرێتەوە.

یەکەمین کەس کەباسی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کردبوو، (لۆرنز فۆن شتاین) لە کتێبی (بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی فەرەنسا لە ١٧٨٩- تا ئەمڕۆ) کە لەساڵی ١٨٤٢دا چاپیکرد، لەلای شتاین بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەم جۆرە باس کرا" بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی وەکو خەباتی





سەربەخۆیی خوازی کۆمەڵایەتی کرێکاران گەیشتە لوتکە، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لەسەدەی نۆزەدەدا تارادەیەکی زۆر بەهەمان بزوتنەوەی کرێکاری یەکسان کرابوو.

هەڵبەتە ئەم دیدە، یان ئەم ناسینە بەتەواوی ڕۆشن نەبوو، چونکە پاشتر لەلای توکڤۆیل دەبینین کە گرنگی زیاتر بە بزوتنەوەی دیموکراتی، نەك کرێکاری دراوە، کەلەلایەنی چینی ناوەندەوە پشتیوانی دەکرا، بەڵام کاریگەری بزوتنەوەی کرێکاری لە بزوتنەوەی دیموکراتیدا بەرەو زۆربوون دەچوو کە سەرەنجام بزوتنەوەو پارتەکانی سۆسیال-دیموکراتی تاڕادەیەکی زۆر هەردوو بزوتنەوەکەی ئاوێزان کرد[١٩].

لەکۆمەڵەکانی ئەوروپاو ئەمریکای باکور، لەدوای شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەوە، بەشێکی زۆری خەڵك لەو وڵاتانەدا دەستیان کرد بە بەشداری کاریگەرو ئاگاهانە لە بنیات نانو ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکانیان. دەتوانین ئەم هەلومەرجە مێژووییە وەکو سەرەتایەك بۆ پەیدابوونی بزوتنەوە جەماوەرییەکان باسی بکەین ،کە لەنێو ئەمانەدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بزوتنەوەیەکی کرێکاریو سۆسیالیستی وەکو بوونێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە خۆی ئاشکرا کرد. پاشان بزوتنەوە میللیو نەتەوەییەکانی ئەوروپاو ئەمریکاو بەشی هەرەزۆری وڵاتەکان، توانییان گرنگیو کاریگەری خۆیان لەسەر بزوتنەوەکان بەجێبهێڵێن. بزوتنەوەی ئافرەتانو لاوان بۆ بەشداربوون لە ژیانی سیاسیوکۆمەڵایەتیدا دەورێکی کاریگەری لە فراوان کردنی پانتایی دیموکراسیدا نواند. ئەم بزوتنەوانە بوونە سەرچاوەی بەدیهاتنی پارتو کۆمەڵەو سەندیکاکان، کە باشترین نەخشێنەری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بوون. ئەم بزوتنەوانە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست بەردەوام بوونو تا ئەو کاتە ئەکتەری سەرەکی شانۆی دیموکراسیوکۆمەڵایەتی بوون.

لەساڵانی دەهەی پەنجاوشەش بەدواوە چەندین بزوتنەوەی نوێی جیاواز لەوانی پێشوو پەیدابوون کە بەئاشکرا گرنگی دەدا بەکاری جەماوەری ، نەك سازمانی. ئەم بزوتنەوانە لەڕواڵەتدا پەڕاگەندە دەردەکەوتن، یان بڵێین(ئازادتر) دەرکەوتنو شێوەی ڕێکەوتنوکاری هاوبەش پشتی نەدەبەست بە ئاستەکانی ڕێکخراوبوون، بیرۆکراتیو لەبیروباوەڕیشدا نەدەگەڕانەوە

بۆ دیدو ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو: بەڵکو بەشێوەی فەرهەنگی گشتیو مافی مەدەنیو فراوان کردنی ئازادی سیاسی دەردەکەوتن، ئەم زەمینەیە پاشان توانی نەوەیەکی نوێ لەکۆمەڵەکان، سەندیکاکانو پارتەکان بەدی بهێنێ. دەکرێت پارتەکانی سەوز، کۆمەڵە فەرهەنگیو لێکۆڵینەوە کراوەکانی بیروفەلسەفە، باشترین نەخشێنەری ئەم سەردەمە بناسرێن.

وێڕای جیاوازی نێوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان(ئەوانەی پێشوو وە ئەوانەی دوای ناوەڕاستی سەدەی بیست)، چونکە بزوتنەوەکان لە پانتاییەکی فراواندا بوونیان هەیە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرگیری نەبەردی کۆمەڵایەتیو سیاسین، کەوتونەتە ژێر کاریگەری جۆرەها بیروئایدولۆژیو لەکۆتاییدا توانیویانە لە مێژوویەکی درێژدا بەردەوام بنو لەتەواوی ئەو مێژووەش کاریگەری بکەن. وێڕای ئەمانە، گرنگیو تایبەتمەندی ئاشکرای بزوتنەوەکان(کۆنونوێ) ئەوەیە کەوان (بەدی هێنەری خودوبەدیهێنەری کۆمەڵی نوێن) لەم ڕەوەندە خۆبەدی هێنەرەدا، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە ئەو هێزانەی کە ڕژێمی جێگیری پێشوو بەرەو ڕووی خەبات دەکەنەوەو سەرەنجام کۆمەڵ بەرەو جۆرەها کەناڵو هەڵبژاردنی سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بەرەوپێش دەبەن [٢٠].

ئەم هێزە نوێ هێنەرانە، وێڕای ئەوەی کە ڕژێمەکانی پێشوی خستۆتە ژێر گومانو پرسیارەوە، لەجێگای ئەوانە ڕژێمە دیموکراتیەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، یان ئەوانەی پێیان دەوترێت ( دیموکراسی جێگیر) لەدنیای سەرمایەداری ڕۆژئاوا. ڕژێمە سۆسیالیستە (ئۆتۆکراتییە جێگیرەکان)کانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی بەدی هێناو پاشان لەدنیای سێیەمدا، وڵاتانی تازە ڕزگاربووی بەدی هێناو کەبەرەو(نوێ سازی)و(پیشەسازیبوون) چوون. ئەگەرچی دەکرێت ڕەخنەی گرنگ لەم ڕژێمانە بگیرێت، بەتایبەتی لەڕوانگەی ئازادیوکرانەوە، بەڵام ئەمان کاریگەری بەرچاویان لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی هەبوو.





## کاریگەری بزوتنەوە کۆمەڵایەتی یەکان:

أ) کاری کۆمەڵایەتی یان بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی کە سەرچاوە لە بیروباوەری دیاریکراو یان لە فەرهەنگێکی دیاریکراو وەردەگرێت، دەتوانێت کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی دیموکراتی هەبێت. بزوتنەوەکانی کرێکارانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کەبەشی هەرەزۆری سەرچاوەکانی بریتی بوون لە بیروباوەڕی سۆسیالستیو بیروباوەری ڕیفۆرمستی، بەتایبەتی ڕێکخراوبوونی تریدیۆنیونی، توانییان دوو کاریگەری زۆر گەورە لە کۆمەڵ بکەن. لەلایەکەوە، توانییان هەلومەرجی ژیانی ئابوریو سیاسیو فەرهەنگی خۆیان باشتربکەنو لەلایەکی دیکەشەوە پانتایی دیموکراسیان لە کۆمەڵدا فراوانتر کردەوە. بەم شێوەیە لەوەتێدەگەین کە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی سەرەڕای ئەوەی کە داواکاری تایبەتی هەیە، بەهەمان شێوەش دەتوانێت بەرنامەی سیاسیوکۆمەڵایەتی بۆ تەواوی کۆمەڵ هەبێتو بانگەوازی هەندێك لە پرنسیپە گشتییەکان بکات. بزوتنەوەی کرێکاران، بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەکان، بزوتنەوەی ئافرەتانولاوان، بزوتنەوەکانی بەرەنگاربونەوەی ڕژێمە کۆنەکانو بزوتنەوەی کەمایەتییە نەتەوەییو دینییەکان.

ب) ناتوانین ناوی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لەو هەوڵانە بنێین کە داواکارییەکانیان جێبەجێ ناکرێت. ئەو بزوتنەوانەی کەهەموو ڕێگایەکی پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی دیموکراتیدا دەبڕن، لەسنوری بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دەردەچن. ئەم بزوتنەوانە، یەکەمین کار کە دەیکەن پەنا دەبەنە بەر کاری سەربازیو جەنگی نێوخۆ، کە سەرەنجام ئاستەنگی کۆمەڵایەتی پەیدادەبێت. بزوتنەوە ئیسلامیە چەکدارەکان، لەوڵاتانی ئیسلامیدا جۆرێکن لەو بزوتنەوانەی کەدژی دیموکراسیودژی هەموو بزوتنەوەکانی دیکەن. واتە کاریگەری ئەم بزوتنەوانە، کاریگەرێکی نێگەتیفە.

بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیودیموکراسی لەتەنیشت یەکەوە دەڕۆن، هەرگیز لەدژی یەکترنابنو لەیەکتری جیانابنەوە. ئەو ڕژێمە سیاسیەی کە تەنها حاڵەتی توندوتیژی لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتو داواکارییەکان بەمەحاڵ دەزانێت، بێگومان سیفەتی نوێنەرایەتی پێشێل دەکاتو لەدژی ئیرادەی خەڵك دەوەستێت. بەڵام ئەم قسانە، لەگەڵ بزوتنەوە چەکداریوتیرۆریستو بونیادگەراکاندا وێك نایەتەوە. بونیادگەری دینی، یان بونیادگەری



هەولنامەی کتێب

شۆڕشگێڕانەو ڕادیکاڵ، کە بانگەوازی ڕوخانو نەمانی خودی سیستەمی دیموکراتی دەکات، ئەگەرچی ئەو سیستەمانە کەموکوڕیشیان هەبێت، بێگومان لەدژی دیموکراسیو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ئازاد کاردەکات، جا ئەگەر ئەو کارکردنە چەکداری بێت یان سیاسی. نمونەی ئیسلامی سیاسی (بەباڵی چەکدارو سیاسی)وکۆمۆنیزمی بەناو کرێکاری، لەوڵاتی خۆماندا دیارترین ئەو بزوتنەوانەن کە کاریگەری نەرێیان لەسەر دیموکراسیو پانتایی جەماوەری دیموکراسی (واتە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیوجەماوەری) هەیە.

ج) بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، ناتوانێت کۆمەڵایەتیو ئازادبێت، ئەگەر بێتو لە ئامانجەکانیدا بەهاو بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاونەگرێت. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ژیانی سیاسی تاڕادەی پێکدادانی دووبەرە یان چەند بەرەیەك کەقسەکەری چینەکانوتوێژەکان بێت، کەم ناکاتەوە. بەڵکو بەردەوام هەوڵی فراوان کردنەوەی مەیدانی دیموکراتیو ئازادی سیاسی دەدات کە زۆرترین هاوکاریو زەمینە بۆ هەڵبژاردنی سیاسی کۆمەڵایەتیوئابوری فەراهەم دەکاتو لەڕێگای هێزە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکانەوە هەمیشە خێرو بەرژەوەندی گشتی دەکرێتە ئامانجی هاوبەشی نێوان سیستەمو بزوتنەوەکان. هەربۆیە تەماشا دەکەین، کە گەورەترین بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دروشمی گشتیوفراوانییان لەجۆری ئازادی، یەکسانی، مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەریوهاوکاریە کە دروشمی خێروبەهای گشتین[٢١] .

ئالان تۆرین، کە خاوەنی تیۆری سۆسیۆلوجیای بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە، پەیوەندی نێوان دیموکراتیو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، لەبیری کۆمەڵ ناسیدا بەم جۆرە باس دەکات: پەیوەندی بەهێزی نێوان چەمکی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیو دیموکراسیو داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ باشتر دەردەکەوێت، کە کاتێك لە نێوان ئەو بزوتنەوانەوخەباتی چینەکاندا جیاوازی دادەنێین. ناکۆکی چینایەتی باری مرۆڤایەتی بەشێوەیەك قورس کردبوو کە بەناوی حەتمیەتی مێژووەوە، بانگەوازی سەرکەوتنی عەقڵی دەکرد کە پێویستی بەشۆڕشو ڕاپەرینی جەماوەری هەبوو: ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبووە هۆی کاری شۆڕشگێڕانە زیاتر لەوەی ببێتە هەوڵی بنیات نانی ژیانی دیموکراسی. گۆڕینی خەباتی چینایەتی بەچەمکی بزوتنەوەی





کۆمەڵایەتی (لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێت ئازادی سیاسی) ڕێگەمان دەدات کە سۆسۆلۆجیایەکی نوێ پەیدا بکەین (کە پێی دەوترێت کۆمەڵناسی کارایی مێژوویی یان خودی مێژوویی)وجێگای تیۆری مێژووییو سۆسیولۆجیای ئازادی لەجیاتی تیۆری حەتمیەت. چونکە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان ئازادبکات، نەك بەدی هێنانی کۆمەڵێکی(مثالی)، یان سروشتی، یان بەدی هێنانی کۆتایی مێژوو، کەهەموویان بەشێکن لە تیۆری حەتمیەتی شۆڕشگێڕانە[٢٢].

د) بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی بانگەوازی خەباتی چینایەتی یان بونیادگەری ئیسلامی ، بزوتنەوەیەکی شارستانیومەدەنییە. پێش ئەوەی کەڕەخنەبێت لەهەندێك لایەنی نێگەتیفی دیموکراسیوسیستەم (کەبێگومان ڕەخنەگرە لەم لایەنانە) دووپاتی خودی سیستەمی دیموکراتی دەکاتەوە. هەروەکو سانتیاگۆ کاریللو، خاوەنی بیروباوەڕی ئۆرۆکۆمۆنیزم (کۆمونیزمی ئەوروپی) دەڵێت: دیموکراسی لەڕووی بنەماو بونیادەوە سیستەمێکی باشە. پاشان دێتە سەر ڕەخنەکانی لەخودی ئەو دیموکراسییە[٢٣] . دڵنیایی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر سیستەمی دیموکراتی باشتر دەتوانێت زەمینەوکاری دوبارە بنیاتنانەوەو نوێکردنەوەی ئەو کۆمەڵە سازبدات. گرنگی بەرچاوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە وێڕای داواکاریو ڕەخنەی بەردەوام، بەڵام هەتا بۆی دەکرێت لەتوندوتیژی دوور دەکەوێتەوە. بیری توندوتیژی لەو پەڕی ناکۆکیدایە لەگەڵ دیموکراسیو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی. هەربۆیەش بزوتنەوەکان بەردەوام ئەو دەسەڵاتانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە، کەهەوڵ نادەن دانوستانی کۆمەڵایەتیو سیاسی لەفراوانترین پانتاییدا بەکار بێنن. لەکاتێکدا ئەو دەوڵەتانە یان ئەو سیستەمانە لەدەرەوەی کۆمەڵی خۆیان، لەگەڵ دەوڵەتەکانی دی بۆ بەدی هێنانی داواکارییەکان، ڕەوشێکی توندوتیژی بەخۆوە ناگرن، هەر بەو ڕادەیە دەتوانن دەوڵەتو حیزبەکانیش بەرەو ئەو هەلومەرجە ئاشتییە بەرن.

ه) کاروچالاکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەدی هێنانی ئازادی سیاسی باشتر، ژیانێکی ئابوری گونجاوتر، سیستەمێکی کراوەترودیموکراسییەکی فراوانتر دەبێتە هۆکارێكو پاشان



هەواڵنامەی کتێب

دەبێتە زەمینەیەك بۆ ئەوەی ئەم داواكاریانە ببنە بەشێك لە فەرهەنگو پەروەردەو سەرەنجام ببنە شێوەیەك لە ژیانوداب‌ونەریت، كە دەسەڵاتو هێزەكانی دواتر نەتوانن بە ئاسانی ئەم بناغە فەرهەنگییانە لەناوببەن یان بەرتەسكی بكەنەوە. بزوتنەوەی كۆمەڵایەتی دەتوانێت خودی ئەو ڕێگاوخەباتانەش كە بۆئەم هیوایانە بەكاری دەهێنێت، واتە كاری بەكۆمەڵ، دانوستانی كۆمەڵایەتی، ئاڵوگۆڕی بیروڕاكانو خستنەڕووی زیاتر لەڕێگاچارەیەك" بكاتە فەرهەنگو شێوەكانی ژیانی سیاسیو كۆمەڵایەتیو بەهۆی ئەمانەشەوە پانتایی ئازادیو دیموكراسی فراوانتر بكەنەوە.

و) بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان كە نوێنەری كەمایەتییەكانی (دینەكان)، (نەتەوەكان) یان(ڕەگەزی دیكەن) و داكۆكی دەكەن لەو خەڵكە ستەم دیدەیەو دەیانەوێت ڕاستەوخۆ بێنە مەیدانی كاری كۆمەڵایەتییەوە، ڕازی نابن كە ببنە بزوتنەوەی دووەم یان هێزی یەدەكی بزوتنەوەكانی كە نوێنەری زۆرایەتین. بزوتنەوەی نەتەوە بن دەستەكان، كۆتایی هێنا بە ئەفسانەی نەتەوەی باڵا دەست، بزوتنەوەی ئافرەتان كۆتایی هێنا بە ئەفسانەی زۆرایەتی بوونی پیاوانونایابی دەوری ئەوان، هەربەو شێوەیەش بزوتنەوەی كەمینە دینییەكان دەتوانێت ددەسەڵاتوهەژموونی دینی زۆربە بخاتە ژێر پرسیارەوە.

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٦٨ ی خوێندكارانی ئەوروپا، چەمكی ئایدیۆلۆژیكی (پێشڕەوایەتی) پرۆلیتاریای پیشەسازی لەگۆڕنا. ئەم دەورە پێشڕەوایەتییە گەلێك پێش ئەو مێژووە ببووە شوێنی گومان، بەڵام هەرگیز بەم ئەندازە بەرچاووكاریگەرە نەبوو، چونكە لە ١٩٦٨ دا خوێندكارانو كرێكارانو بەشدارانی ئەو بزوتنەوەیە ئەوەیان سەلماند كە پرۆلیتاریای پیشەسازی، بەشێكن لە چینی كرێكارو زۆربەی جاریش كەمایەتینو خەباتكارانی ١٩٦٨ سەلماندیان كە كەس پێشڕەوو ناوەندی بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان نییە [٢٤].

بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان، بەتایبەتی ئەوانەی نیوەی دووەمی سەدەی بیست بەملاوە، توانیان زەمینەیەكی جەماوەری بەهێز بۆ تێك شكاندنی ئەو بیرو فەلسەفانە ساز بدەن، كەباسی دەوری پێشڕەوی یان نایابو سازدەریان بۆ یەكێك لەپێك هێنەرەكانی بوون یان مەعریفە





(عەقڵ،بونیاد،شۆڕش، حەتمیەت، غەریزە، ئیرادە، سیاسەت، ئابوری، فەرهەنگو تەنانەت خودی بیرو فەلسەفەش) خەباتكارانی بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان پێش بیرمەندانو فەیلەسوفەكان ڕایان گەیاند كەبوونو مەعریفەو ژیان لەكۆی تاكەكان پێك هاتووە.

ز) سەركەوتنی بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان (كۆنەكانونوێكان) كاریگەرێكی سێلایەنەیان لەسەر ژیانو ڕەوشی كۆمەڵەكان دانا. یەكەم، هەلومەرجی یاساییو حقوقیو سیاسەتەكانی دەوڵەتیان گۆڕی، دووەم، هەلومەرجی دەروونی خودی بزوتنەوەكانیان بەرەو باشتر گۆڕیو سێیەم، بەشێوەی گشتی تەواوی بیروهۆشەكانیان بەرەو پێشەوە برد و لەمەودوا كۆمەڵەكان بەبێ ئەو بزوتنەوانە هەڵناكەن. بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان توانیان گەلێك ئاڵوگۆڕی گرنگ لەناو بیروباوەڕەكاندا بەدی بهێنین. ئەوان توانیان ماركسیزمو سۆسیالیزمی كلاسیك بەرەو سۆسیال-دیموكراسی بەرنو پاشان سۆسیال-دیموكراسیش بەرەو بزوتنەوەو حیزبەكانی ڕێگای سێیەمو سەوزو حیزبەكانی ئازادی بەرن. ڕەخنەی بزوتنەوە نوێكانی خوێندكارانو كرێكارانو نەتەوەكانو ژنان هەر تەنها لە پارتە كۆنەكانی (چەپی كۆن) بەشێوەی سۆسیالیستو نەتەوەیی نەبوو، بەڵكو خودی چەپی نوێو ڕێكخراوە نەتەوەییە نوێكانیان بەرەو كرانەوەو فرەیی برد. هەر بەو بۆنەیەوە میكائیل گۆرباچۆف دەڵێت: دیموكراسی زیاتر یەكسانە بە سۆسیالیزمی زیاتر [٢٥] . بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكان توانییان، مەسەلەی دەسەڵاتو دەسەڵاتی ناوەندیو حیزبەكان بەرەو دابەش بوون بەرنو هەربەو بۆنەوە، تێكۆشەرو زانای ئیتالی گرامشی دەڵێت: بەدی هاتنی شێوەكانی دیكە لەدەسەڵاتو هەژموونی كۆمەڵایەتیو ئابوری لەناو خەڵكو لەچوارچێوەی هێزی كۆمەڵایەتی سەربەخۆ لە دەسەڵات، ڕێگا خۆش دەكات بۆ بەدی هاتنی سەربەخۆیی خودەكانو گروپەكان [٢٦] .

..............................................

## سەرچاوەکان:

[1] ) ألان تورين، ماهى الديموقراطية؟ ترجمة، حسن قبيسى، دار الساقى، بيروت ١٩٩٥.

[2] ) اريك هوبزباوم، الامم والنزعة القومية. ترجمة، عدنان حسن، دار المدى، ١٩٩٩.

[3] ) ألان تۆرين، هەمان سەرچاوە.

[4] ) بڕوانە: الآن تورين، نقد الحداثة، ترجمة انور مغيث، المجلس الاعلى للثقافة ١٩٩٧.
ايمانويل والرشتاين، سياست وفرهنگ در نظام متحول جهانى ، نشرنى ١٣٧٧.
باتامور، جامعة شناسى سياسى، ترجمة منوچهر صبورى، انتشارات كيهان ١٣٦٦.
أنتونى گيدنز، جامعة شناسى. ترجمة، منوچهر صبورى، نشرنى چاپ چهارم ١٣٧٧.

[5] ) ألان تورين، ماهى الديموقراطية؟

[6] ) هەمان سەرچاوە.

[7] ) أنتونى گيدنز، جامعة شناسى، ترجمة منوچهر صبورى ، نشرنى ١٣٧٧. ل ل ٦٧٧-٦٧٨.

[8] ) ايمانويل والرشتاين، سياست وفرهنگ در نظام متحول جهانى. ترجمه، پيروز ايزدى، نشرنى تهران. ١٣٧٧.

[9] ) ألان تورين، ماهى الديموقراطية ؟

[10] ) هەمان سەرچاوە.

[11] ) هەمان سەرچاوە.

[12] ) الآن تورين، نقد الحداثة. ترجمة انور مغيث، المجلس الاعلى للثقافة ١٩٩٧.

[13] ) الان تورين، ماهى الديموقراطية؟

[14] ) هەمان سەرچاوە.

[15] ) أنتونى گيدنز، هەمان سەرچاوە.

[16] ) ئەم زانياريەم لە هاوڕێیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بیستووە، لەکۆڕێکدا کە من بۆ ئەو مەبەستەو هەربەم ناونیشانە، لە نەخۆشخانەی منداڵان بۆ ئەوانم سازدا.





[17] ) أنتونى گيدنز، هەمان سەرچاوە. ل ٦٧٣

[18] ) أنتونى گيدنز، هەمان سەرچاوە. ل ٦٧٤

[19] ) باتامۆر، جامعه شناسى سياسى، ترجمه منوچهر صبورى، انتشارات كيهان، تهران ١٣٦٦.

[20] ) باتامۆر، هەمان سەرچاوە. ل ٥٩

[21] ) ألان تورين، ماهى الديموقراطية؟ ل ٨١

[22] ) ألان تۆرين، هەمان سەرچاوە. ل ٨٢

[23] ) باتامور، جامعة شناسى سياسى، ترجمه منوچهر صبورى، انتشارات كيهان. ١٣٦٦

[24] ) ايمانوئيل والرشتاين، سياست وفرهنگ در نظام متحول جهانى، ترجمه پيروز ايزدى، نشرنى، تهران ١٣٧٧.

[25] ) هەمان سەرچاوە. ل ١١٧.

[26] ) هەمان سەرچاوە. ل ١١٨.

هەواڵنامەی کتێب

## دیـدار

❖ئەمریکاو ئێران مێژوییەك لەململانێ و ئایندەیەکی مەترسیدار

سەلاحەددینی موهتەدی

❖لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی (ی.ن.ك) ڕازی نیم ....

ئازاد جوندیانی

❖چالاکی ئابوریی لەهەرێمی کوردستان

عومەر حسەین





# ئەمریکاو ئێران
# مێژوییەك لەململانێ و ئایندەیەکی مەترسیدار

سەلاحەددینی موهتەدی*

## کورتەیەکی مێژویی

ئێرانو ئەمریکا مێژوییەکی دووردرێژیان هەیە لەپەیوەندی خۆشو ناخۆش، بەشێوەیەکی سونەتی ئێران لەکۆندا مەیدانی ململانێی روسو ئینگلیزەکان بووە . جار هەبووە دابەشیان کردوەو جار هەبووە لەسەری بەکێشە هاتونو هەریەکەیان بەشی خۆیان خواردوەو بردوەو حکومەتەکان کە لەتاران هاتونەتە سەرتەخت لە سەردەمی پادشایەتی بنەماڵەی قەجەردا ناچاربون ئەم بارودۆخە لەنێوان روسو ئینگلیزدا رابگرن.

ئەمریکا کە گەورە بووە لەناوخۆی خۆیی و بوو بەدەوڵەتێکی ساحێب دەسەڵات لەچوارچێوەی جیهاندا . هاوکات بوو بەجێگەی ئومێد بۆئێرانییەکان کە وەك هێزێکی تازە دێتەگۆڕێو رابوردوی داگیرکاری نییە. بەپێچەوانەی روسەکان کە چەندینجار لەگەڵ ئێران بەجەنگ هاتوەو بە شەڕی گەورە گەورەی خوێناوی، هەژدە شاری گەورەی ئێرانی بەشەڕ لەئێران دابڕیو خستیەسەر خۆی. ئەوەی بەهەموو ناوچەی قەوقازو ئاسیای مەرکەز ومیانە.

لەلایەکیترەوە ئینگلیزیش ئیستعمارێکی زۆری ئێرانی کردبو، ئەمریکا بەپێچەوانەوە خاوەن هیچ رابردوییەکی تاڵ نەبوو لەگەڵ ئێران . لەبەرئەوە تەنانەت لەشەڕی جیهانی دوەمیشدا هاوپەیمانان لەدژی ئەڵمان ئێرانیان گرتو رەزا شایان لەئێران دەرکردو کوڕەکەیان لەجێگەدا دانا. هێزەکانیان کە هات بۆناو ئێران وەك هێزی داگیرکەر پەیوەندی ئێرانییەکان لەگەڵ سەربازانی ئەمریکا زۆر پەیوەندییەکی دۆستانەو خۆش بوو، مەبەستم دەوڵەت نییە، مەبەستم عامەی خەڵکەکەیە، تەنانەت کەکێشەی نەوت پەیدابوو لەئێران لەسەرەتای پەنجاکانەوە،

هەواڵنامەی کتێب

بزوتنەوەی بەمیللیکردنی نەوت بەسەرۆکایەتی دکتۆر محەمەد موسەدەق، هیوایەکی موسەدەق بەئەمریکا بوو کەبتوانێت بارێکی بۆ ڕاستبکاتەوە لەبەرامبەر ئینگلیزدا.

بەڵام تەرازوی هێزی ناوخۆی ئەوکاتی ئێران‌و دەسەڵاتی تودە کەسەر بەسۆڤێت‌و دژی ئەمریکا بوو، وایکرد سیاسەتەکانی موسەدەقی بەرەو دژایەتیکردنی ئەمریکا بردو ئەمریکاشی بەدژ موسەدەقداکرد. ئاکامەکەی ئەوەبوو لەگەلاوێژی ١٩٥٣ دا ئەمریکا دەستێکی باڵای هەبوو لەوەی کە حەرەکەتێکی ڕاپەڕین‌و نافەرمانی لەدژی موسەدەق دەسپێکردو حکومەتی موسەدەق روخاو شا کەپێشتر رایکردبو، لەپێشدا چووبوە بەغداد لەوێشەوە بۆرۆماو گێڕدرایەوە بۆسەر حکوم‌و ئەم چەند ساڵە ئازادی‌و دیموکراسی‌و کراوەیی لەکۆمەڵگەی ئێراندا لەزەمانی موسەدەقدا سەری هەڵدابو، تێکشکێندراو دەسەڵاتی تاقانەی شا سەپێنرا لەئێران . بەهاوکاری ئەمریکییەکان دەزگایەکی زانیاری لەئێران دروستبوو کە پێیان دەوت سازمانی ئیتلاعات‌و ئەمنیەتی کیشوەر (ساواك)و بووە دەزگایەکی داپلۆسێنەرو دژی نەیارانی شا کاریدەکرد.

زیندان پڕبو لەتێکۆشەران و ئازارو ئەشکەنجەی دڕندانەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنراو قۆناغێکی نوێ لەژیانی سیاسی لەئێران پەیدابوو. ئەم دەورە درێژەی کێشا تا ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئەوە ڕۆیشتن شەڕی ١٩٦٧ ی عەرەب و ئیسرائیل ڕویداو بەهای نەوت لەبازاڕی جیهانیدا زۆر گران بوو. بەمەش پارەیەکی زۆر کەوتەدەست وڵاتانی خاوەن نەوت کە یەکێك لەوانە ئێران بوو کە بوو بەسەرکردەیەکی تەواو دیار لەناو ڕێکخراوی ئۆپێکدا . ئەم پارە زۆرەی نەوت لەلایەك‌و ئەم سەقامگیرییە سیاسییە کە لەسەرکوتەوە هاتبوو، ئێرانی بەرەو گەشەکردنی ئابوری بردو ئەو گەشەکردنە ئابورییەش نەوەیەکی تازەی لەئێران پێکهینا لەڕوناکبیران‌و خوێندەواران‌و بازرگانان‌و سەنعەتکاران ، کە پێ بەپێی گەشەکردنی ئابوری داوای دیموکراسی‌و ئازادیان دەکردو داوای بەشداریان دەکرد لەبەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا.





ئەمانە لەگەڵ پشتیوانییەکی نیوە نهێنی‌و نیوە ئاشکرای ئەمریکا ڕوبەڕوبونەوە، ئەمریکاش پشتی داخوازییەکانی دەگرت بۆ ئەوەی کەبەشێوەیەکی خۆرئاوایی لەئێران دیموکراسی پیادەبکرێت و گەشەکردنی ئابوریی و پەرەسەندنی دیموکراسیشی لەگەڵ بێت.

## گرێ کوێرەی سیاسەتی ئەمریکا

لەسەردەمی دەسەڵاتی کینەدی (جان ئێف کێنەدی)دا ئەمریکا سیاسەتێکی گرتبوەبەر کە لەئێران پێیاندەوت فەزای کراوەی سیاسی، فەزای کراوەی سیاسی ئەمریکا دەیگوت ئۆپۆزسیۆن بەئەندازەی پێویست سەرکوتکراوە، ئێستا گەشەکردنی ئابوریی دەستی پێکردوەو، کاتی ئەوە هاتووە لەبواری دیموکراسیشدا پەرەیەك بدرێت بەبارودۆخی ناوخۆی ئێران، شا ئەمەی زۆری پێناخۆشبو، بەڵام لەژێر فشاری ئەمریکادا شانی شلکرد.

ساڵی (١٩٦١–١٩٦٢) بەرەی میللی کەپاشماوەی حکومەتەکەی موسەدەق بوو جارێکیتر سەریهەڵداوەو خۆپیشاندانی گەورەکراو وڵات بەرەو ئەوە دەچوو کە ژیانێکی سیاسی و دیموکراسی تازە لەئێران دەست پێبکات . شا لەخۆی‌و دەسەڵاتەکەی ترساو ئەمەشی سەرکوتکردو بەمە تارادەیەك ناکۆکی کەوتە نێوان خۆی‌و ئەمریکاوە، بەتایبەتی کە ئێران دەسەڵاتێکی زۆری پەیداکردبو، زۆر دەوڵەمەند بووبو ، سوپایەکی گەورەی بەدەسەڵات‌و توانای هەبوو . ئێران وڵاتێکی گەورە بوو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و دەوروبەرەکەی یان دوژمنی ئەمریکا بوون، وەك عێراق‌و سۆڤیەت، یان دەوڵەتی کەم دەسەڵات بون وەك وڵاتانی عەرەبی کەنداو . شا بوو بەدەسەڵاتدارو پێیاندەوت ژاندارمای کەنداو.

ئەم حاڵەتە غرورێکی زۆری دا بەدەسەڵاتی شا،بۆیە هیچ کام لەو پێشنیارانەی بۆریفۆرمی سیاسی قەبوڵ نەبو، وە دیکتاتورییەتێکی توندوتیژی هێنایەئاراوە، ئەمەش نەدەگونجا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەی لەژێرخانی ئابوری ئێراندا ڕویدەدا.چونکە ئەو نەوە تازەی خوێندەواران‌و زانایان‌و بازرگانان‌و سەرمایەداران دەیانویست، بۆرجوازی ئێران بەشداری بکات لە دەسەڵاتدا.

ئاکامی ئەم گرێ کوێرە بوو، مەلاکان کە لەکۆنەوە لەئێران دەسەڵاتیان هەبوو لەناو خەڵك‌و جەماوەردا بوون، بەتەنیا شوێنێك کەخەڵك دەیتوانی قسەی خۆی بکات‌و شا پێشی



هەواڵنامەی کتێب

بەدەسەڵاتی ئەوان نەگرت، یان نەشی دەتوانی پێشیان پێبگرێت . چونکە مەلاکان پێویست نەبو حزبێکیان هەبێت . ئەم تۆڕی فراوانی مزگەوت، میحراب، مینبەر، حسەینیە، تەکیە ئەوەی کە لەئێران هەیە، هەموو ئەوانە لەواقیعدا بارەگاو یانەی حزبی بوون . بەڵام بۆئیسلامیییەکان لەبەرامبەردا چ پیاوە سیاسیەکان و وەتەنییەکانو بۆرجوازی نەتەوەیی ئێران و بەرەی میللی چ لایەنگرانی موسودەق ، بەهێزی چەپەوە بێبەشکران لەهەموو دەسەڵاتێك و لەهەمو مافێکی خۆدەرخستن.

حکومەتی شا لەم دە ساڵەی کۆتاییدا، دەیەی حەفتاکان ڕێگەی خۆشکرد بۆئەوەی مەلا وەك نوێنەری دەنگی نارەزایەتی خەڵك خۆیان دەربخەنو دەسەڵات بەدەستەوە بگرنو لایەنگرانی خۆیان تەنزیم بکەن . ئەمەبوو کە کاتێك نارەزایەتی گەیشتە پۆپەی خۆی تەنانەت هێزی نیشتیمانپەروەرو لایەنگری موسەدەقو چەپەکان کە ئەوکات لەئێران زۆر بەدەسەڵات بوون لەبەرامبەر هێزی مەلاکاندا شکستیان خوارد.

شا لەسەرەتادا پێی وابوو دەتوانێت پێش بەهەموو ئەوانە بگرێتو کەس نەتوانێت دەنگ بەرزبکاتەوەو، چونکە خۆی کۆنترۆڵی بەدەستە. بەڵام لەئاخروئۆخریدا دەرکەوت کەناتوانێت کۆنترۆڵی بکات .بۆیە خۆپیشاندان زیادیکردو هەموو ئێرانی گرتەوە. ئینجا شا تاکتیکێکی تازەی بەکاربرد کەگوایە مەلاکان راکێشێ بۆلای خۆیو چەپەکان سەرکوت بکات . بۆیە لەپەیامێکدا کە ناردی بۆئێرانو پەیامێك کە لەمێژودا ناوبانگی هەیە بەفارسی وتی (من سداهای انقلاب شما شنیدم) ( من دەنگی شۆڕشەکەی ئێوەم بیست). ئێستا ئامادەم جوابتان بدەمەوە، بەڵام ئەم جوابەی شا دەیدانەوە ئەو جوابە نەبوو کە خەڵکە سیاسییە نارازییەکە کۆبکاتەوە . بەڵکو ئاوای گوت: مەلاکان و زانایانی ئیسلام تەشریف بهێننو کۆمیتەیەك لەشارەکان دامەزرێننو قایمقامو فەرماندە لەشکرەکانیش بێنو لەگەڵیان دانیشنو ئەم خەڵکە گێرەشێوێنەی خەریکن ئێران تێکدەن سەرکوتکەن.

واتە مەلاکانی هاندا هێزی چەپو نیشتیمانپەروەر سەرکوتبکا، ئەم سیاسەتە سەرینەگرت، شا خۆی لەم دوایانەدا نەخۆشبو، توشی شێرپەنجەی خوێن بووبو. هەم توانای





فیزیکی جەستەیی کەمبوو، هەم ورەی تێك شکابو ، لەناچاری ئێرانی تەرککردو ڕۆیشت کە لەئەنجامدا مەلاکان سەرکەوتن.

### سەرکەوتنی مەلاکان

مەلاکان کەسەرکەوتن درۆیان لەگەڵ سێ چوار لایەن کرد. یەکەمین درۆیان لەگەڵ هێزی بەرەی میللی کرد، کە موسەدەقییە کۆنەکان بوون. کەسی وەك بازرگان کە ساڵەها لایەنگرو هەواداری موسەدەق بوو هەرچەندە بۆخۆشی پیاوێکی موسوڵمان بوو، بەرەی میللی بو، ئەمیان کرد بەسەرۆکی وەزیران و دکتۆر لانجابی کە جێنشینی موسەدەق بوو لەبەرەی میللیدا کردیان بەوەزیری دەرەوە. بەڵام ئەم هاوپەیمانییە زۆری نەخایاندو هەر ئەوەندە بڕی کرد تا مەلاکان خۆیان هاتنەسەر حوکم . ئەو کات بەرەی میللیان دەرکرد.

دوەمین بۆڕاگرتنی بارودۆخەکە درۆیان لەگەڵ ئەمریکاییەکان کرد، ئەوان بەڵێنیان بەئەمریکییەکان دا کەدێنە سەر حوکم دەسەڵاتێکی دۆستی ئەمریکا دەبنو چەپەکان سەرکوت دەکەن. بەڵام هەر ئەوەندەی هاتنەسەر کار دژایەتی ئەمریکاشیان دەستپێکرد . لەنمونەی گرتنی باڵیۆزخانەکەو جنێودانو کردنی ئەمریکا بەدوژمنی سەرەکی بۆخۆیان بەناوی شەیتانی گەورە. دوایین لەگەڵ بەشێك لەچەپەکان، بەشێکی چەپەکان، چونکە زۆرێك لەچەپەکان فریویان نەخواردو چونە بەرەی ئۆپۆزسیۆنو بەرگرییەوەو زۆرێکیان شەهیددا. بەڵام بەشێکیان وەك حزبی تودەو چریکی فیدائی ، ئەوانیشیان فریوداو کردیانن بەلایەنگری خۆیان وتیان لەگەڵ ئێوە ڕێدەکەوین، چەپەکانی ترمان پێبناسێنن با بیانگرینو ساحەکە چۆڵ کەین بۆئێوە.

حزبی تودەو چریکی فیدائی بونە پیاوی حکومەتو ماڵ بەماڵ موخالفینو دوژمنانی مەلاکانیان دەدۆزییەوەو بەحکومەتیان دەناساند. بەڵام دواتر خۆیان کەوتنە بەر تیغی ستەمو خوێنرێژییەکی بێوێنەی حکومەتو قەتڵو عامی کردن. درۆی لەگەڵ موجاهیدی خەلق کرد، موجاهیدی خەلق ئیسلامی بون بەڵام ئیسلامییەکی مەدەنی، مەلا نەبون، وتیان ئەمانە فەرزەندی ئەم شۆڕشەن، نەوەی تازەی ئیسلامن هەتاوەکو هەموو کارەکانیان بەوانیش کرد.

دواتر قەتڵو عامێکی کردن کە لەدونیادا وێنەی نییە، نەك هەر خۆیانی کوشت، ژنو منداڵیشی کوشتن، بنەماڵەشی هەمو قەتڵو عام کردن، بەم تەرتیبە مەلاکان هاتنەسەر حوکم.

## خولێکی نوێی ململانێ

بەجۆرە دەورەیەکی تازە لەدوژمنایەتی ئەمریکا لەگەڵ مەلاکان دەستی پێکرد، تاگەیشتە ئەوەی باڵیوزخانەی ئەمریکایان گرتو (٤٤٤) ڕۆژ هەموو ئەندامانی سەفارەتی ئەمریکایان بەبارمتە گرت. دەوڵەتی ئەوکاتی ئەمریکا کە دیموکراتەکان لەسەر کاربونو جیمی کارتەر سەرۆك کۆماربو ، دەوڵەتێکی بێبڕشت، کار لەدەست نەهاتو، ترسنۆك، تەنانەت کە ویستی بارمتەکان رزگاربکات پلانێکی زۆر ناشیاوو بێکەڵکی داڕشتبو کەبچێت لەمەرکەزی ئێران لەو دەشتە گەورەی کەپێی دەڵێن دەشتی (کەویر) لەوێ چەند فڕۆکەیەك داببەزێنێو نزیك شارێك بەناوی (تەبەس) ئینجا لەوێرا چەند فڕۆکەیەك بنێرێو دابەزن لەسەفارەتی ئەمریکا، پلانەکە سەری نەگرتو فڕۆکەکان خۆیان لەیەکیانداو دوو سێیەکیان شکێنراو سێ چوارێکیان کەوتو ئەوانیتر هەڵهاتن . سەرشۆڕییەکی گەورەیان بەنسیب بوو، خومەینی و داروودەستەی مەلاکانیش وتیان ئەوە تەیرە ئەبابیل هاتوەو بۆمبارانی کردون بەکلۆو بەگڵمەت ، هەروەك ئەسحاب فیل وابون بۆیە تێکشکانو ئەوە ئێرانی زۆر بەرزکردەوە.

نابێت ئەوەمان لەبیربچێت سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران حەرەکەتی ئیسلامگەری لەهەموو دنیادا بەهێزکرد. مەیلێکی شۆڕشکردنو ڕێگای ئیسلام گرتنەبەرو شەریعەت دامەزراندن لەناو میللەتانی موسڵمانان پەیدابوو. ئەوە هاوکاتیش بوو لەگەڵ ڕوداوێکی گەورە لەدنیادا کە ڕوخانی بەرەی سۆسیالستی بوو، ڕوخاندنی بەرەی سۆسیالیزم ئەم ئەلتەرناتیفەی لەدەست بەشەریەت بردەدەر، کە لەبەرامبەر بیری ئیسلامەتیو گەڕانەوە بۆدواوە، شتێکی تریش هەیە کەبەرەو پێشە. بەڵگەش ئەوەیە سۆسیالزم لەدەورەی خۆیدا توشی هەڵەی گەورە بوو، ئەو هەڵە گەورانە وای لێکرد ئەو جەزابییەتو جوانییەی کە جاران لەبەر چاوی میللەتان هەیبو نەیما.





کاتێك ئەم ئەلتەرناتیڤە نەما، ئیسلام بو بەتەنیا ئەلتەرناتیڤو ئەوەی ئێستا ئیخوان موسلمین لەمیسردا پێیدەڵێن "الاسلام هو الحل".ئیتر ئەمە بوو بەقسەیەكو چوو بەمێشکی خەڵکدا . بۆیە دەوڵەتی ئێران لەسەر شاباڵی ئەم شەپۆلە گەورەیە چووە پێشەوەو چووە پێشترو هەڵەکانی ئەمریکا لەلوبنانیش وایکرد دوو تەقینەوەی گەورە، زۆر گەورە لەلوبنان کردو مارینزێکی زۆری ئەمریکایان کوشت لەشەڕەکاندا. ئەمریکاش تازە لە تاسان هاتبووەدەرێ کە شەڕی ڤێتنام توشی کردبو، تاسابو .لەبەرئەوە نەیدەوێرا لەهیچ جێگا دەست بۆهیچ بزوتنەوەیەك بەرێت . دەیانوت ئە ها ئەمریکا شەڕخوازەو مادامێکی شەڕبکا دەشکێ، ئەم ترسو خۆفەش ئەمریکای وای لێکرد توشی ئیفلیجی ببێت، هەموو ئەوانە هاتنە پێش تاوەکو خومەینی مرد .

## هەوڵی دۆستایەتی، بەڵام بێکەڵك

یەك دوو محاوەلەی بێکەڵکیش کرا، کابرایەکیان نارد ڕاوێژکارێکی کۆشکی سپیان بەدزییەوە نارد بۆئێران بەناوی مەکفالێن. کێکی هێنا بۆمەلاکانو نازانم قورئانێکی بۆهێنان، ئەوەش سیاسەت نەزانینی ڕەهبەرانی ئەوکاتەی ئەمریکابوو کە پێیانوابو ئەوان مەلایان بۆفریو دەدرێت. مەلا دەستێکیان بەسەردا هێنانو ئەمریکییەکانیشیان ناردەوەو چەکێکی باشیشیان لێوەرگرتن بۆشەڕی عێراقو لەگەڵێشان ڕێکنەکەوتن.

دوای مەرگی خومەینی بۆماوەیەك ئێران لەسەر دوڕیان ڕاوەستابو، کۆمەڵێك وەك ڕەفسەنجانی کەبەپراگماتیزم ناسراون، دەیانگوت دەبێت ئێمە لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕێکککەوین بۆئەوەی دەستمان ئاوەڵابێ تا لەناوەوە سەرکوتبکەین. ئەمریکا ئەم دەردەمان بەسەرنەهێنێ کە بەسەر شای هێناو خەڵکە ئۆپۆزسیۆنەکەی هانداو پشتیوانی لێکردن، چونکە لەناوخۆی ئێرانیشدا ئۆپۆزسیۆن خەریکبو پەیدادەبو.

ئەوە ١٠-١٢ ساڵ بەسەر حکومڕانی کۆماری ئیسلامیدا تێپەڕیوە، نەوەیەکی تازەی خوێندەوار پێگەیشتوە، خەڵك ئازادی دەویست، ڕەفسەنجانی بەڕاپەڕینی ناوخۆ نیگەرانبو، لەناڕەزایەتی نیگەرانبو، دەیزانی کەدەبێت ئەم ناڕەزایەتییە سەرکوتبکات. بەڵام دەترسا



هەواڵنامەی دیار

ئەمریکاو دەوڵەتانی خۆرئاوا لێی قەبوڵ نەکەن‌و ئەوان بینە پشتیوانی ئۆپۆزسیۆن . لەبەرئەوە سیاسەتی ئەو ئەمەبوو لەگەڵ خۆرئاوا ڕێبکەوێت و لەگەڵ ئەمریکا ڕێکبکەوێت ، بۆئەوەی دەستی ئاوەڵا بێت بۆسەرکوت‌و کوشتنی ناوخۆیی‌و لەبەرامبەریشدا موخالیفەکانی هەبون دەیانگوت نەخێر ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکاو لەگەڵ خۆرئاوا جائیز نییەو ئەمریکا ئەم ڕێکەوتنە لەگەڵ ئێمە ئیستغلال دەکات بۆهێنانە سەرکاری ڕەگەزی لیبراڵ‌و دۆستی سەروەخۆی لەنێو ئێمەدا.

ڕەفسەنجانی زۆر هەولێدا ، بەڵام دەیوست بەمەرجی خۆی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا بکات . دەیوست ڕەزامەندی ئەمریکا وەربگرێت لەسەر ئەوەی دەستی ئاوەڵابێت بۆسەرکوتی ناوخۆیی و نەهێشتنی دیموکراسی و نەهێشتنی ئازادی، ئینجا دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکا بکات. ئێران بۆئەوە ڕەفسەنجانی دەیوست دەوری ئێران وەك ژانداری کەنداو، چۆن لەسەردەمی شاهدا هەبو، ئاوا لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بسەلمێت.

بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە لەم سەفەرەدا ئەمریکا خۆی زۆر لەوە بەدەسەڵاتتر دەبینی کە ئەم مەرجەی ڕەفسەنجانی قەبوڵبکا. ئەمریکا دەیویست بەو مەرجە پشتیوانی ڕەفسەنجانی بکات بەشێك لەچاکسازی جێبەجێبکات و برێك ئازادی بهێنێ‌و بەئاشکرا سیاسەتەکانی پێشوی خۆی ڕەفزبکاتەوە . لەبەرئەوە ڕێنەکەوتن‌و مەرجی یەکتریان قبوڵ نەکرد. ئەمریکا بووبو بەتەنیا ئەبەل قودرەت لەدنیادا، سۆڤیەتیش نەمابو لەبەرامبەریدا، مەرجەکانی ئەمریکا بۆڕێکەوتن لەگەڵ وڵاتان گۆڕابو، نەك بەتەنیا لەگەڵ ئێران. ئەمریکا جاران لەهەموو دەوڵەتانی دیکتاتۆری پشتیوانی دەکرد، لەئەمریکای لاتین، لەئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەمەرجێك ئەوان دۆستایەتی ئەمریکا بکەن‌و دژایەتی بۆبکەن لەگەڵ سۆڤیەت‌و، پاشان هێزی چەپ وەك مەترسییەك لەگۆڕێ نەبو، لەبەرئەوە ئەمریکا تازە ئەم مەرجەی لەکەس قبوڵنەدەکرد.

ڕەفسەنجانی هەشت ساڵ لەسەر حکوم بو، سەقامگیریو ئارامییەکی ڕێژەیی هاتەگۆڕێ .

ئێران نەوەیەکی تازەی لێپەیدابو کەبەهیچ جۆر دابین نەدەکرا و بەهیچ جۆر بێدەنگ نەدەکرا .

داخوازی بۆئازادی و داخوازی بۆپارتی سیاسی، داخوازی بۆنوسین‌و نەمانی سانسۆرو





بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی تازە ئێجگار زیادیکرد. ڕۆژنامەیەکیان دەگرت، ڕۆژنامەیەکیتر سەری دەردەهێنا، ئەنجامی هەموو ئەو هەڵقوڵێن‌و کوڵینەی کۆبووە، ئەوەبو کابرایەکی نامەشهوری کەم دەسەڵاتی ئەو سەردەمە وەك محەمەد خاتەمی کە خۆی کاندیدکرد بۆسەرۆکایەتی کۆمار ، چونکە واناسراو بوو کە لەگەڵ حاکمیەت‌و لەگەڵ دەسەڵات نییەو ڕەخنەی هەیەو داوای ریفۆرمی دەکرد.

ئەوەبوو خاتەمی (٢٠) ملیۆن دەنگی هێنا. بەپێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ئەو سەردەمە، خەڵکە سیاسییەکەی دەرەوە، بەڵام خەڵکی ئێران خۆیان دەیانەزانی کە بۆچی دەنگ دەدەن بۆخاتەمی، دەنگدان بەخاتەمی دەنگ نەدان بوو بەکۆماری ئیسلامی، دەیانویست ئەم کۆمارە ئیسلامییەی کە میراتی خومەینییە لاچێت‌و سایەی شومی لابات لەسەریان . ڕێگەش نەبوو نەبەشۆڕش، نەبەڕاپەڕین، نەبەشۆڕشی چەکداری بیروخێنن، تەنیا ڕێگە ئەوەبو لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە کابرایەکی ریفورمیست بێننە سەرکارو ئەمیش لەگەڵ خۆی ئازادییەکان بهێنێت.

هەقیقەت ئەوەیە کەخاتەمی ریفۆرمی نەهێنا، بەڵکو ریفۆرم خاتمی هێنا، ئەم ریفۆرمخوازییەو ئەم ئازادیخوازییە زۆر بڵاوبووبوە لەناوئێران، ئەوەبو کە فشارێکی وای هێنا نەیانتوانی پێشی پێبگرن‌و خاتەمیان کرد بەسەرۆك کۆمار، بەڵام خاتەمی نەیتوانی لەهەشت ساڵەی حوکمڕانیدا ئەو بەڵێنانە جێبەجێبکات کەبەمیللەتی دابو . خاتەمی نەیتوانی دەست هەڵبگرێت لەهیچ کام لەبنەما سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی، بنەما سەرەکییەکانی بیروباوەڕ، شێوەی ئیدارەکردن، ئابوری سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی ناوخۆ، بەڵام قسەی لەهەمویان کرد ، وەك باڵندەیەك کە بچێتە لای دارەکەو دەنوکی بۆدەبات‌و ناوێرێ هەڵیگرێتەوە. خاتەمی دەنوکی لەهەمو ئەمانە دا، بەڵام جێبەجێی نەکرد . لەبەرئەوە شکستی خاتەمی شکستی ریفۆرمخوازانی ناو کۆماری ئیسلامی بوو، ناو حاکمیەت بوو، هەر بۆیە لەهەڵبژاردنەکانی دوای هەشت ساڵ ریفۆرمخوازەکان هیچیان نەهێناو ئیفلاسیان کردو ململانێکە کەوتە نێوان ئەحمەدی نەژاد کەباڵی توندوتیژی پاسدارانەو نوێنەری پاسدارانە

لەحاکمیەتدا. لەبەرامبەر رەفسەنجانی کە نوێنەری مەلا تەقلیدییەکانی دەوری خومەینیی و باوەڕپێکراوی خومەینی بوو، ریفۆرمخوازەکان چونەدەرەوە.

## دیالۆگی ژیارەکان

دیالۆگی ژیارەکان درۆی مەلای ئێران بوو کەخاتەمی نوێنەری ئەم درۆیە بوو، لەناو مەلاکانی ئێران باڵی جیاواز هەیە، هەر مەلایەك بیروڕای خۆی هەیە بۆسیاسەت و بۆجیهانبینیی. هەرە توندڕەوەکان ئەوانەی کە بەغەیری سیادەکردنی شەریعەت هیچ شتێکی تر قبوڵناکات، ئەلقاعیدەن، بەڵام شیعە مەزهەبن ، تادەگاتە مەلای پراکماتیزی وەك رەفسەنجانی تادەگاتە مەلای ریفۆرمیستی وەك خاتەمی.

خاتەمی ئەمەی کرد بەدروشمی خۆی وەك چەکێك لەدژی مەلا توندڕەوەکان، بەڵام نەیتوانی بیکات بەسیاسەتی دەوڵەت، چونکە ڕێگەی پێنەدەدرا . مەلا توندڕەوەکان و خامنەئی کەرەهبەری ئێرانە، مەلا دەسەڵاتدارەکانی قوم ڕێگەیان پێنەدەدا، لەبەرئەوە خاتەمی دیالۆگی شارستانییەتەکانی تەنیا وەك دروشمێك هێشتەوە بۆخۆی و جگەلەوە ئەم پێی وابو لەرێگەی دیالۆکی ژیارەکانەوە دەتوانێت ئەوروپا هاندات لەئەمریکاو بەهۆی ئەوەوە ئەمریکا تاقی بکاتەوەو کۆنترۆڵی بکات و گۆشەگیری بکات. لەبەرئەوە سیاسەتی خاتەمی سیاسەتێك بوو لەباری سیاسیەوە ناواقیعی بوو، وە زیاتر مانۆڕێکی سیاسی ناوخۆ بوو بۆئەوەی لەبەرامبەر مەلا توندڕەوەکاندا ئەم بتوانێت تیئۆرییەك بۆدەوڵەتەکەی خۆی بتاشێت و دروستبکات و هەروەها بۆکەمکردنەوەی ئەو هەڵاوهۆریانەی کەجەماوەر بۆگۆڕانکاری بەرزیان کردبووە .

خاتەمی یەکێك لەکارە بنەڕەتییەکانی ئەوەبو نەهێڵێت هەڵچونی شۆڕشگێڕان لەناو خەڵکی ئێراندا بگاتە ئەوە کە حکومەتەکەی خۆی پێی لاوازبێت . خەڵك وەعدو بەڵێنەکانی خۆی بهێنێتەوە بەرچاو، لەبەرئەوە خاتەمی ئەوەندەی لەخەڵك و لەمیللەتەکەی دەترسا، ئەوەندە لەموحافیزکارەکان و دوژمنانی ناوخۆیی نەدەترسا. ناچاربو لەنێوان ئەم دوانە دا یاری بکات،





ئەم لا مەلا تەقلیدیی و موحافیزکارەکان و ئەولاش خەڵکی داخوازی ریفۆرم و ئازادیی و دیموکراسی.

تەواوی دەورەی هەشت ساڵەی خاتەمی یاری لەسەر پەتێك بوو لەنێوان ئەم دوو حەرەکەتەو هەرگیز نەیتوانی خۆی ساغبکاتەوە. هەر بۆیەش شکستی سیاسی خوارد و نەیتوانی میراتێك دوای خۆی بەجێ بهێڵێت، لانیکەم وەك موسەدەق، بەکوتەدایەك لاییەرن، یان وەك ئالەندە لەشیللی بەڕاپەڕینێکی سەربازی بیکوژن و بڵێن شەهید بووە، نەگەیشتە ئەو پلەوپایە و نەگەیشتە ئەو ڕادەش کەوەك مەلا سونییەکان حسابی بۆبکرێت، لەبەرئەوە دین و دنیاکەی،واتە هەردوکیانی چو.

خاتەمی لەخولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا (٢٠) ملیۆن دەنگی هێناو لەخولی دوەمیشدا لەوە کەمتری نەهێنا ، لەبەرئەوەی ئاخر تیری لەکەواندا بوو هاوێشتی، وتی من ئەم سەفەرە زیاتر هەوڵدەدەم، کاردەکەم ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتریشەوە ئەلتەرناتیفی دیکە لەبەردەم ئێراندا نەبو، کەسێکی کۆنەپەرست لەبەرامبەر خاتەمیدا بو، کەس نەیدەویست دەنگ بدات بەوێنەی رەفسەنجانیی و ئەوانە، ئەی ئەگەر دەنگ نەدەین بەخاتەمی چی بکەین؟! ئەمجارەش خەڵك دەنگیدا.

## هەڵوێستی ئێرانییەکان لەدۆستایەتی

ئایا ئێرانییەکان خوازیاری دۆستایەتین؟سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە "تەقیە" بەشێکە لەئایینی شیعە لەهەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیاندا. شیعە بەبۆنەی ئەوەی لەکۆنەوە لەناو ئیسلامدا کەمینە بون و کەمینەیەکی چەوساوە بون لەبەردەستی سونەدا، لەبەرئەوە تیئۆرییەك دروستبوە تیئورییەکی دینی لەمەزهەبی شیعەدا ،کە تەقیە واجبە . تەقیەش ئەوەیە کە تۆ خۆت و بیروباوەڕو سیاسەت و عەقڵت و بۆچونی خۆت بشاریتەوەو ڕاستی نەڵێیت، بۆئەوەی نەمریی و دەرتنەکەن. بۆئەوەی لەدەسەڵات دورتنەخەنەوە، ئەمە بۆحکومەت و دەسەڵاتیش ڕەنگیداوەتەوە، هەموو کەس باوەڕی بەتەقیە کردوە، ئەمەش وایکردوە زۆر ئەستەمە بزانیت بەنیازی چین و چیان پێخۆشە.

بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ئێران لەگەڵ ئەمریکا گەیشتونەتە ئاستێك کە زۆر زەحمەتە یەکتر قبوڵبکەن. لەسەردەمی نەژاددا ئەمان دەیانەوێت ئەمریکا هەموو دەسەڵاتی ناوخۆیان



کتێبی هەواڵنامەی

بۆمسۆگەر بکاتو بیسەلمێنێت، هەمو دەسەڵاتیشیان لەناوچەکەی دەوروبەری خۆیان لەوانە کەنداو، پاکستانو ئەفغانستانو دەوڵەتانی باکورو سەروی خۆیان ، ئاسیای مەرکەزیو میانەو ئەوجا عێراقو لوبنان، ئەم دەورەیان لێقبوڵ بکات کەربەلاو نەجەف جارێکیتر ببێتە مەرکەزی دەسەڵاتو هەژمونی ئێران هەروەك ئێستا دەیکەن، سەدانی وەك موقتەدا سەدر ڕاستبکەنەوەو جەیشی مەهدی بۆدروست بکەن، لەلوبنان حزبوڵڵایان هەبێتو شەڕی ئیسرائیلی پێبکەنو ئیمتیازی پێببەخشێتو ئینجا دۆستی ئەمریکاش بنو ئەمریکاش ئەم دەورەیان بۆبسەلمێنێ.

ئەمریکا لەمەوقعێکدا نییە تازە بتوانێت ئەم دەورە بسەلمێنێ ئەمە لەلایەك، لای دووەم بەپێی بۆچونو لێکدانەوەی ئەمریکا لەپانزە بیست ساڵی ئاخیردا ئەمریکا رازی نییە ئەگەر ناچارنەبێت، لەگەڵ هیچ حکومەتێکی ئاینیو مەزهەبی نە لەئێران، نە لەعێراق نە لەوڵاتانی دیکە دۆستایەتی بکات . چونکە پێی وایە حکومەت دەبێت لەئایین جیابێت، ئەمە ڕێگایەکە بۆپیادەکردنی دیموکراسیو ڕێگایەکیشە بۆبەرگریکردن لەتوندوتیژیو دەمارگیری ئایینی . وەك ئەوەی لەعێراق پێی دەڵێن تائیفیو ئەمە لەگەڵ خەلفەی مەلاکان لەدژایەتیدایە، چونکە خەلفەی حوکمی مەلا تێکەڵکردنی ئایینە لەگەڵ دەوڵەت.

ململانێی بیروباوەڕە، ململانێی گرتنەدەستی دەسەڵاتو هەژمونە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ململانێی بەرژەوەندی ئابورییە، ئەمریکا دەیەوێت بەئازادیو بێگرفت نەوتی ڕۆژهەڵاتیشی پێبگات، ئێران هەمیشە مەترسییەکە لەسەر ئەوە.

## چار چییە؟

بەدوری دەزانم ئەگەر جارجاریش تەنانەت یەکتربیبنو وەزیری دەرەوەیان لەکۆنفرانسێکدا پێکەوە دانیشتنبکەن، لەدرێژخایەندا رژێمێکی ئیسلامی لەئێران لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا پێکەوە هەڵکەن، ئەم دوانە دەبێت رۆژێك لەڕۆژان دەبێت تەسفیەی حساب لەگەڵ یەکتربکەن، ئەگەر ئەم تەسفیەی حسابە بکرێتو ئاکامەکەشی روخانی دەسەڵاتی مەلاکان بێت لەئێرانو روخانی رژێمی ئیسلامی بێت، ئەمە دەبێتە شتێکی سروشتی لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ڕۆژهەڵاتی دور (ئەندەنوزیاو مالیزیا) هەتا دەگاتە مەغریب. واتە ئەزمونی حکومەتی ئیسلامی، ئەزمونی تێکەڵکردنی دین لەگەڵ دەوڵەت شکست دەخواتو ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆبنەمای دیموکراسیو جیهانێکی دور لەدەمارگیریو پیاوکوشتنو سەربڕین ، کە چەندین ساڵە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستیە دەناڵێنێ . بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئەزمونی عێراق کتومت لەئێران دوپاتبکرێتەوە. ئەمریکا (٢٠٠) هەزار سەرباز بنێرێتو شاربەشاری ئێران بگرێت، باوەڕناکەم ئەمریکا ئەم ئەزمونە نوێیە دوبارە بکاتەوە، شێوەی دیکەی لێدانو ململانێ دەتوانێت لەنێوانیاندا روبداتو میللەتی ئێران دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی ببینێ.

ئەگەر ئەمریکا سیاسەتێکی ڕاستو دروستو عاقڵانەی هەبێت، بەشێکی زۆری ئەو ئەرکە دەخاتە ئەستۆی گەلانی ئێران، دیارە بەکوردو غەیرە کوردەوە، ئەمریکا راستە لەچەکی ئەتۆمی ئێران دەترسێتو هەقی خۆیەتی ئەمریکاو وڵاتانی تریش لەوڵاتێکی توندڕەو کە چەکی ئەتۆمی هەبێت بترسن . بەڵام دەبێت هەموو کەسیش ئەوە بزانێت، ئەمە موشکیلەی میللەتی ئێران نییە. میللەتی ئێران کە لەگەڵ دەوڵەتەکە دژایەتی دەکات بەچەکی ئەتۆمی لێی نادرێت، کێشەی میللەتی ئێران موشکیلەی نەبونی دیموکراسیو ئازادیو مافی مرۆڤە.

هەقوایە ئەمریکاو وڵاتانی دیکە پێ لەسەر ئەم لایەنانە دابگرن، لەسەر ئەم بەشە هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە، بەم جۆرە خەڵکیان لەدەور کۆدەبێتەوە . هەردەوڵەتێکی دیموکرات یەکەم کاری ئەوەیە کە ئیتمینان بەوڵاتانی دنیا بدات کە چالاکی ئەتۆمی لەباری چەکەوە ناکات، دنیاش ئەمە بۆدەوڵەتێکی دیموکراسیو ئازادیخوازی ئێران دەسەلمێنێ.

بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لەبەرئەوەی ئەمنیەتی وڵاتان دابینبکات، ئەمنییەتیان دەخاتە مەترسییەوە . دەوڵەتێکی وەك کۆریای باکورو لیبیا، دەوڵەتێکی وەك ئێران پێمان ناڵێت ئەم بۆمبە بەکێدا دەدات، تا بۆمبێکی ئەتۆمی بەکاردەهێنێت (٣٠٠) بۆمبی ئەتۆمی پێدا دەدەن، ماڵوێرانی دەکەنو بەخۆیو میللەتەکەییەوە قڕی دەکەن . لەبەرئەوە ئەم چەکە ئەتۆمییە ئەمنیەتی عێراق دابین ناکاتو دەیخاتە مەترسییەوە، ئێران دەخاتەسەر لێواری جەنگێکی ماڵوێرانکەرەوە، ماڵوێران وەك ئەوەی عێراق.

هەواڵنامەی کتێب

میللەتی ئێران دوژمنی ئەمریکا نییە، چونکە ئەوە ڕاست نییە ئەحمەدی نەژاد توانیبێتی هەموو میللەتی ئێران لەدژی ئەمریکا هانبدات‌و بیانهێنێتە سەرشەقام . میللەتی ئێران حەفتا بۆهەشتا ملیۆن کەسەو لەهیچ کۆبونەوەیەکی ئەحمەدی نەژاد لەسەد بۆسەدو پەنجا هەزار کەس زیاتر کۆنەبۆتەوە، لەبەرئەوەی ئەم بەراوردەی دەیکەن کە گوایە وەك زەمانی موسەدەق کەچۆن توانی بەناوی میللیکردنی نەوتەوە گەلی ئێران لەگەڵ خۆی بخات، ئەحمەدی نەژادیش ئێستا بەناوی ئەتۆمەوە توانیویەتی گەلی ئێران لەگەڵ خۆی بخات لەدژی ئەمریکا ناڕاستە ، چونکە نەوتی ئێران سەروەت‌و سامان‌و خۆشی‌و تەناهی‌و تەبای‌و خۆشگوزەرانی دەهێنا بۆئێران ئەگەر جێبەجێکرایە، بەڵام چەکی ئەتۆم لەگەڵ خۆی دژایەتی‌و دوژمنکاری‌و شەڕ دێنێت.

میللەتی ئێران لایەنگری چەکی ئەتۆم نین، بۆیە باشترین ڕێگا بۆئەمریکا ئەگەر بیەوێت‌و ڕەنگیشە ڕۆژێك هەر ناچاربێت بیەوێت ڕێکەوتن‌و پشتیوانیکردنە لەگەڵ گەلانی ئێران‌و پشتیوانیکردنە لەدیموکراسی‌و مافی مرۆڤ لەئێران.

سیاسەتی ئەوکاتەی ئەحمەدی نەژاد لەهەڵبژاردنەکان لەسەر ئەمریکا نەبوو، بەڵکو ئەوەیە کە نەژاد بڕیاریدا خۆی لەبەردەم ڕەفسەنجانیدا خۆی هەڵبژارد. ڕەفسەنجانی پیاوێکی زۆر ناخۆشەویست‌و بێزراوە لەئێراندا، ناچار خەڵکی لەحەیفی ڕەفسەنجانی دەنگیاندا بەئەحمەدی نەژاد . ئەحمەدی نەژاد خۆی وەك نوێنەرو پارێزەری مافی فەقیرو هەژارو زەحمەتکێشی ئێران نیشان دەدات، لەکۆمەڵگەی ئێرانیدا خەڵکێکی زۆر فەقیرو هەژار هەیە، پشتیوانیکردن لەم توێژە پشتیوانی سازدەکات بۆهەموو کەسێ.

ئەحمەدی نەژاد توانی هەم خەڵکی فەقیرو هەژار لەگەڵ خۆی بخات‌و ، هەم لەدژی گەندەڵی بوەستێتەوە کە ڕەفسەنجانی یەکێکە لەڕەمزەکانی‌و، هەم بتوانێت بەخەڵك بڵێت کە سیاسەتێکی نوێ دەگرێتەبەر . ئەوانەبون ئەو خەڵکە زۆرەیان پاڵ پێوەنا بەرەو ئەحمەدی نەژاد .ئەگینا ئەحمەدی نەژاد لەسەرەتایدا قەیرانی ئەمریکای نەهێنایەگۆڕێ، هەنوکە ئەو کێشە هاتۆتە گۆڕێ‌و چەکی ئەتۆم هاتۆتە پێش.





## پێشبینی ئایندە

من پێم وایەو دیارە زۆر زەحمەتە لەسیاسەتدا پێشبینیکردن، سیاسەت کردەوەیەکی ئینسانییەو کردەوەی ئینسانی هەمیشە قابیلی پێشبینی نییە، چونکە ئینسان دەگۆڕێت، بەڵام ئەم بوحرانی نێوان ئەمریکاو ئێرانە لەنیهایەتی خۆیدا بەخۆشی کۆتایی نایەت.

## گرتنی بەریتانیەکان

ئەم گرتنەی دەریاوانە بەریتانییەکان‌و دواتر دەست لەناودەست خستن‌و ئازادکردنیان هەمان سیناریۆی سەدامم وەبیردەهێنێتەوە، کاتێك دەیویست بیانییە بەبارمتەگیراوەکان وەك قەڵغانی مرۆیی لەدژی هێرشەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان بەکاربهێنێ‌و دوایی هەر خۆی دەستی لەناودەست خستن‌و ئازادیکردن . هەموو لەبیرتانە منداڵەکە نەقسەی لەگەڵ کردو نەڕوی تێکرد.

ئەمە لەدنیا نەبوو بەوە کەسەدام بەپیاوێکی میهرەبان‌و غەفورو ڕەحیم بناسن، بەڵکو بووەهۆی ئەوەی بەشانۆگەرییەکی زۆر ناشی‌و نەزانی بزانن، بەلای منەوە ئەحمەدی نەژاد شانۆگەرییەکی زۆر خراپی یاریکرد.

## ڕۆڵی دۆستان

بەرژەوەندی ئێران‌و ئەمریکا دیاریدەکات کە چەندە لەیەك نزیکدەبنەوەو چەند لەیەك دوردەکەونەوە . ڕاستە خەڵکی سیاسی لەگەڵ هەردوولا دۆست بن، بۆنمونە بەڕێز مام جەلال یەکێکە لەگەڵ هەردولا دۆستە، دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت، دەتوانێت جارێك لەیەکیان نزیکبکاتەوە، دەتوانێت لەسەر مێزێکی موزاکەرەیەك بەیەکەوە دایان نیشێنێ . بەڵام دواتر بەرژەوەندییە کە حوکم دەکات کە ئایا ڕێدەکەون یان نا، ناوبژیکەر هەر ئەوەی بۆدەکرێت لێکیان نزیك بکاتەوەو دەستیان بخاتەناو دەستی یەك، دوای ئەوە ئەو دوو دەوڵەتە دوو بەرژەوەندی فراوان‌و دژ بەیەکیان هەیە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆر لەمەسەلەی عێراق گەورەترە. بێگومان مام جەلال یاریکەرێکی سیاسی زۆر شارەزاو بەئەزمونە نەك لەڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست ئێستا لەسەتحی جیهانی هەر ئاوای چاولێدەکرێت زۆر کاری وا دەکاتو زۆر ڕێکخستنی وادەکات لەنێوانی دەوڵەتاندا کە خەڵکی دیکەو سەرۆکی وڵاتانیتر بۆیان ناکرێت . بەڵام پاش ئەوەش لەبیرمان نەچێت بەرژەوەندی دەوڵەتان بڕیاردەدات کێ لەکێ نزیك دەبێتەوەو کێ لەکێ دوردەکەوێتەوە.

* ئەم نوسینە برتییە لە چاو پێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەل سیاسەت مەدارو کەسایەتی ناوداری گەلەکەمان مامۆستا سەلاحەدینی موهتەدی ، کە لە مانگی نیسانی ٢٠٠٧دا کراوە .





## لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی (ی.ن.ك) ڕازی نیم ....

ئازادجوندیانی

جاران یەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەیتوانی وەزیرێك دابنێت ئێستا ئەوە لە دەسەڵاتی تاکە کەسێکدا نەماوە !

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو حیزبە پۆلاینەی (٣٢)ساڵ بەر لە ئەمڕۆ توانی بێتە چرا و ڕوناکی لە شەوەزەنگی تاریکی ئەو سەردەمەدا و... خاوەنی هەزاران شەهیدە و...خاوەنی یەکەم (TV) کوردی و یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردییە ،ئەوا لەم ساڵیادەدا بە باشمان زانی دیدارێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز ئازاد جوندیانی لێپرسراوی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) ساز بکەین و سەرەتا لێمان پرسی :-

* نوێ بوون:- لە یادی (٣٢) ساڵەی دامەزراندنی ی.ن.ك. ئایا بەڕێزتان چ پەیامێکتان پێ یە؟

- ئازاد جوندیانی :- لەڕاستیدا پەیامی ئێمە ئەتوانین بڵێین پەیامێکی ڕەنگە تەقریبی بێت ، پەیامی ئێمە ئەوەیە کە (ی.ن.ك) وەك چۆن لەسەرەتاوە وەك دیاردەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسی و خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردا سەری هەڵدا، ئەوا لە ڕووی فکر و ناوەڕۆکەوە پەیامان ئەوەیە ڕەوتی( نوێ بوونەوە) لەناو( ی.ن.ك)دا هەموو ئاقارەکان بگرێتەوە . وە بە هەموو اتجاهات و ڕەوتەکاندا بڕوات . وەجارێکی دیکە (ی.ن.ك) ئەو جیاکاریانەی کە پێویستە هەبێت لە ڕووی فکر و لە ڕووی پێکهاتەی حیزبی خۆیەوە و لە ڕووی ئەو هێزە

کۆمەڵایەتیانەی لێی کۆدەبنەوە ، هەنگاو بەرەو ئەوە بنێن کە بە جیاکارییەکی تەواو خۆی نیشان بداتەوە لە ناو هێزە سیاسیەکانی تری کوردستاندا.

* **نوێ بوون :-** ئایا تا چەند بنەماکانی دیموکراسی و ڕۆحی دیموکراتی لە ناو ئۆرگانەکانی ی.ن.ك. چەسپیوە.

- **ئازاد جوندیانی :-** من بۆخۆم ئێستا ئیشکالاتم لەسەر ووشەی دیموکراسی هەیە ، لەبەرئەوەی دیموکراسی هەریەکە بە پێی ئەو چەمکە پێناسەی دەکات کە مەبەستیەتی لێی بدوێت. بۆ نموونە کە باس دێتە سەر هەڵبژاردن ، تۆ پێناسەی دیموکراسی بەوە دەکەیت کە دیموکراسیەت بریتیە لە هەبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن و تەداول لەناو ئۆرگانەکاندا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە . یەکێکی تر کە دەیەوێت پێناسەی دیموکراسی بکات،ئەوا بەمانای ئازادی ڕادەربڕین پێناسەی دەکات و ئەڵێ دیموکراسیەت بریتیە لە هەبوونی ڕەئی دیکە ، لەبەر ئەوە من پێم وایە هەر پێناسەیەك لەو پێناسانە لەناو یەکێتیدا بۆ دیموکراتی، ئەوا لە ئۆرگانەکانی یەکێتیدا جێگەی دەبێتەوە . چونکە هەر لەناو یەکێتی دا هەڵبژاردن هەیە، ڕاستە زۆر سیستەماتیك نەبوە و زۆر زەمانەت نەبووە کە بڵێی هەموو ساڵێك جارێك دەکرێت، یان هەموو دوو ساڵ جارێك دەکرێت • بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەڵبژاردن هەبوەو گۆڕینی سوڵتە لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتی دا تا ئاستێکی باش هەبووە .بەڵام من ناڵێم صەد لە صەد بە موتڵەقی ئەوەبووە . چونکە ئەگەر قائیدەی یەکێتی بۆ خۆی لەگەڵ ئەوە بێت کە سیستەمێك دابنێ وەکو لە هەندێك حیزبی جیهانی و کوردستانیش وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە کۆبونەوەی پێشویاندا وتیان ئەبێت سکرتێر لە دوو دەورە زیاتر نەبێت ، ئەوا ئەتوانێت لە کۆنگرەدا بڕیاری لێبدات. لەڕووی هەڵبژاردنەوە لەناو ئۆرگانەکاندا هەڵبژاردن هەیە ئازادی ڕا دەربڕین بەشێوەیەکی ڕەها هەیە ، وە خۆ پالاوتن و خەڵك پالاوتن بەشێوەیەکی ڕەها هەیە ، کاتێك کە هەڵبژاردن دێتە پێشەوە وەکو پێشتر ئاماژەم پێ کرد . بۆیە من پێم وایە لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتی دا دیموکراتیەت هەیە و تەنانەت زۆرجار خەریکە لە نێوان دیموکراتیەت و





لیبراڵیەتدا ئەوەندە شورەکەیان تێکەڵ بووە ، ڕەنگە زۆر کەس وا پێناسەی بکات یان خۆمان وا پێناسەی بکەین ، ئەوەی ئێمە لە دیموکراسیەتیش دەرچووە و جۆرێك لەبەرەڵایی تێکەوتووە.

* **نوێ بوون :-** بەرنامەی کاری سەرکردایەتی یەکێتی چی یە بۆ گۆڕانکاری و نوێ بونەوە لە ناو ی.ن.ك:-

- **ئازاد جوندیانی :-** لە ڕاستیدا (ی.ن.ك) بەتەنیا چاوێکەوە سەیری مەسەلەی گۆڕان ناکات . ئێمە لە مێژەو هەر لەدوای ڕوخانی ڕژێمی (صدام حسین)ەوە زوتریش لە کۆنگرەی دوومەوە مەسەلەی خۆ نوێ کردنەوە لەناو (ی.ن.ك)دا هەبووە . نوێ بوونەوە ستراتیجیەتی ئەم قۆناغەی (ی.ن.ك)ە . بۆیە یەکێتی گۆڕان لەناو نوێ بونەوەدا دەبینێت. یاخود وەکو دەرەنجامێکی نوێ بۆ ئەوەیە کە نوێ بونەوە یان گۆڕان تەنها یەك ڕەهەند ناگرێتەوە لەناو ژیانی سیاسی و لەناو ژیانی حیزبایەتی (ی.ن.ك) دا. بەڵکو نوێ بونەوە دەبێت هەموو بوارەکان بگرێتەوە ، پێش هەموو شتێك دەبێت خوێندنەوەی تازە بۆ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان بکرێت . وە خوێندنەوەی تازە بۆ هێزەکانی گۆڕان بکرێت .بۆ نموونە لەناو کۆمەڵدا لە قۆناغەکانی ڕابردووی (ی.ن.ك)دا زۆر بە ڕەها باس لەوەدەکرا کە هێزەکانی شۆڕش کێن ، هێزەکانی گۆڕان کێن . دیارە لەسەر بنەمای فکری مارکسی کاتی خۆی یان فکری چەپ ئەوە دەست نیشان دەکرا ، بەڵام بێ گومان لەناو کۆمەڵدا گۆڕانی زۆر دروست بووە . کە (ی.ن.ك) درووست بوو یەکێك لە داینەمۆ ئەساسیەکانی (ی.ن.ك)کۆمەڵە بوو، کە بەپێی لێکدانەوەی مارکسیانە کۆمەڵگای شیکار دەکردو اعتمادی دەکردە سەر کرێکاران .بەڵام ئێستا لە کوردستاندا ئایا چینی کرێکاران هەمان ئەو قورسایە کۆمەڵایەتی و ئەو قورساییە سیاسیەی کە پێشوتر باسمان کرد هەیەتی ...! بێگومان نە ... ! ئێستا چینی ناوەڕاست چینێکی باڵادەستە و چینێکی زاڵە ، چ لە ڕوی ژمارە و چ لە ڕووی کاریگەری لەسەر هەموو پرۆسەکانی ژیان و پرۆسە سیاسیەکان و پرۆسە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان . لەبەر ئەمە (ی.ن.ك) بۆ ئەوەی گۆڕان بکات . دەبێت بەیەکەوە گۆڕان بکات زۆر خەڵك بەسەقەتی لە هەموو بەرەکاندا لە مانای گۆڕان یان ئەوەی پێی دەڵێن ریفۆرم گەیشتوون . بۆیە من پێم وایە ریفۆرم تەنیا بۆ تەشخیصی کەم و

کوریەکان و خراپەکان نییە. بەڵکو گۆڕان ئەوەیە دەبێت تۆ خوێندنەوەیەکی زانستی بکەیت بۆ ئەو قۆناغە و ئەبێت جارێکی دیکە بەرنامەی خۆت دابڕێژیت و سیستەمەکە دابڕێژیتەوە . مانای وایە جارێکی دیکە سیستەمەکە شیکار بکەیت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین . دوایی لەسەر ئەساسی ئەو لێکۆڵینەوەیە تۆ شێوازەکانی تێکۆشانی خۆت و دروشمەکانی تێکۆشانی خۆت و بگرە ستراتیجی تێکۆشانی خۆشت هەم دیاری دەکەیت هەم پێدا دەچیتەوە . لەبەر ئەوە قەتیس کردنی گۆڕان لەیەك حاڵەتی دیاری کراودا لەیەك دیاردەی دیاری کراودا بێ گومان شێواندنی گۆڕان خۆیەتی.

* **نوێ بوون :-** ئایا بەبڕوای تۆ ی.ن.ك. چەند کاری کردووە بۆ سیستەمی کارکردنی نوێ کە جێگای ڕۆحی تەکەتول و عقدەی تەکەتول بگرێتەوە؟

- **ئازاد جوندیانی :-** لە ڕاستیدا ئەوە گرێیەکی زۆر قورسە لە ناو (ی.ن.ك)دا، ڕەنگە لەناو حیزبەکانی دونیاشدا ئەو گرێیە بەردەوام بێت . خۆتان ئەزانن ئێستا (ی.ن.ك) بە پێی ئەو پرانسیپە کارناکات وەکو جاران هەبوو ، بابڵێین پۆلاین بەو مەفهومە مارکسیەی کەجاران ڕێکخراوی مارکسی هەیبوو. ئێمە ئەمڕۆ لەوە دەرچووین و بووین بە حیزبێکی سۆسیال دیموکرات .دیارە سۆسیال دیموکرات یەك تەعریفی نیە و تەعریفی موختەلیفی هەیە، یەك بەرجەستە بوونی نییە و بەڵکو بەرجەستە بوونی جۆراوجۆری هەیە . هەتا لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی لای سۆسیال دیموکراتەکان کە چۆن عەدالەتی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکرێت ، ئەوا لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی تر دەگۆڕێت . بەڵام هەموان ڕازین بەوەی کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی توندوتیژییەوە جێبەجێ ناکرێت ، بەڵکو لە ڕێگەی موماڕەسات و ئیجرائاتی پێویست لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیدا ئەنجام دەدرێت .بۆ ئەمەش دیارە دەستەو تەکەتولاتی خاوان فکر و خاوەن پڕۆژەو خاوەن ڕوئیای جیاواز هەیە بۆ بەرجەستەبوونی ئەو عەدالەتە . بەڵام تەکەتول لای ئێمە لەسەر مەصالحی شەخصی نفوزەکان و یان صاحێب نفوزەکانی ناو (ی.ن.ك)ە ، نەك لەسەر بۆچوون و ڕوئیای جیا . بۆیە ئەبێت (ی.ن.ك) لە





کۆنگرەی داهاتوودا ئالیەتێك وسیستەمێك و چوارچێوەیەك بدۆزێتەوە بۆ هەرجیاوازییەکی ئیجابییانە گەر لە نێوان بیرو بۆچوونە جیاوازەکاندا هەبێت .

* **نوێ بوون :-** ئایا بە بڕوای تۆ تا چەند کاری موئەساساتی جێگەی اجتهادی شەخصی گرتۆتەوە لەناو (ی.ن.ك) دا؟

- **ئازاد جوندیانی :-** من پێم وایە وردەوردە هەنگاوەکان بەرەو پێش چوەو گۆڕان بەسەر زۆربەی شتەکاندا هاتووە . بۆ نموونە جاران یەك ئەندام مەکتەبی سیاسی دەیتوانی وەزیرێك دابنێ ، ئێستا ئەوە لەدەسەلاتی تاکەکەسدا نەماوە . چۆتە بەردەم کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی و دواتر لە کۆبونەوەی مەکتەبی سەرکردایەتی بڕیار دەدرێت تا بێتەوە بەردەم کۆبونەوەی سەرکردایەتی لە هەڵبژاردنی کەسێك لەناو حیزب بۆ پلەیەکی تایبەتی لە وەزیفە، بێگومان ئەمەش مانای ئەوەیە کە دانان نی یە بەڵکو هەڵبژاردنە . بۆنمونە ئەوە دەڵێم بەشێکی باش لەو بڕیارانە بە گشتی دەدرێت . بڕیاری گشتیش خۆی لەخۆیدا پێویستی بە هەبوونی موئەسەسەیەك هەیە کە ئەو موئەسەساتانە چۆن ئیش دەکەن چۆن پەیڕەو وەردەگرن چۆنیەتی ئیش کردنیان چۆنە ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە .

* **نوێ بوون :-** ئایا (ی.ن.ك) لەم حاڵەتەدا کۆنگرە دەبەستێت بە پێی ڕاسپاردەکانی پلنیۆم؟

- **ئازاد جوندیانی :-** بڕیارە ببەسترێت .

* **نوێ بوون :-** تا چەند لە ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) ڕازین لەسەر ئاستی حزبی و کۆمەڵگا؟

- **ئازاد جوندیانی :-** من لە زۆربەیان ڕازی نیم لەبەر ئەوەی ئەو کارایییەی کە پێویستە (ی.ن.ك) بە پێ ی قورساییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی کە لە کوردستاندا هەیەتی هەیبێت و ئەو قورساییە لەلایەن ئۆرگانە جیاوازەکانەوە تەرجومەی پێویستی بۆ نەکراوە . تەرجومەی زۆر لەخوار مەکانەت و جێگا و شوێن و ڕێگای (ی.ن.ك) ەوەیە.

*** نوێ بوون :-** ئایا لەم نارِازییە چ هەوڵێکت داوە بۆ رِازی بوون ؟

**- ئازاد جوندیانی :-** رِەنگە پێش هەمووان من خۆم لە مەکتەبەکەی خۆم رِازی نەبم . ئەو مەکتەبەی کەمن خۆم لێپرسراوێتی دەکەم . دیارە رِازی نەبوون لە مەکتەبێکەوە بۆ مەکتەبێکی تر دەگۆرِێت . بێگومان لە ئۆرگانەکانیشدا هەربە هەمان شێوەیە. بەڵام رِەنگە من وەکو ئەدائێك لە مەکتەبەکەی خۆم رِازی نەبم ، بەڵام بۆچی ئەدائەکەی من باش نییە، ئەوە بابەتێکە رِەنگە بەتەنها مەکتەب تێیدا بەرپرس نەبێت و زۆر جیهەتی دیکە لەناو (ی.ن.ك)دا بەرپرس بن لە ئەدائی باش یان خراپ. هەروەها هەوڵی لاتەریك ناتوانرێت بدرێت ، چونکە هەوڵی لاتەریك ناتوانێت هەموو شتەکان بگۆرِێت . لەبەر ئەوە من لای خۆمەوە ئەو هەوڵانەم داوە و دەکرێ کاریگەریەکی دیاری کراوی هەبێت . لەبەر ئەوەی پێویستە یەك ئەدائی هاوبەش هەبێت لەناو (ی.ن.ك)دا لە هەموو ئۆرگانەکانیدا بەو ئەدائە هاوبەشە نەبێت ئۆرگانێك بەتەنها ناتوانێت خۆی چاك بکات . من رِەنگە بتوانم قۆڵێکی خۆم چاك بکەم بەڵام ئەی قۆڵکەی کەم ئەی قاچم ، لەبەر ئەوە پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەکە.

*** نوێ بوون :-** ئایا (ی.ن.ك) ستراتیجی کارکردنی هەیە بۆ سەقفێکی زەمەنی و دیاری کراو؟

**- ئازاد جوندیانی :-** بێ گومان لە پلنیۆم تەقریری سیاسی (مام جەلال ) ئەو سەقفە زەمەنیە و ئەو بەرنامەیە کە بۆ سەقفێکی زەمەنی موعەیەن دیاریکراوە تا کۆنگرە ،کە لەبواری سیاسی و لە بواری پەیوەندیە ناوخۆیی و عێراقیەکان و کوردستانییەکان و لە بواری ئابووری و گشتی و لە بواری ئەوەی پێی دەڵێن ژیانی ناوخۆی کوردستان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و (ی.ن.ك)دا ، تەقریری سیاسی بە رِەسمی پەسەند کراوە . وە وەکو بەرنامەی یەکێتی کاری پێدەکرێت تا کۆنگرە.





*** نوێ بوون :-** (٣٢) ساڵ تێپەرِی بەسەر دامەزراندن و شۆرِی نوێی گەلەکەمان ئایا چی بە شەهیدەکانی رِێگای رِزگاری دەڵێیت.

**- ئازاد جوندیانی :-** بە شەهیدەکان دەڵێم ئێمە سەربەرزین بە ئێوەوە وە من دڵنیام ئێوەش سەربەرزن بەوەی کە هاورِێکانتان بەلانی کەم بەشی زۆر لەو ئامانجانەی کە ئێوە خۆتان بۆ بەشەهید کردن دا هێناویانەتە دی . بێگومان ئەگەر ئەو شەهیدانەش ئێستا بمانایە لەگەڵ ئێمە بونایە لەسەر زۆر کار دەیانووت باش یان خراپ و پێویستی بە گۆرِین هەیە.

**دیداری : محمد ابوبکر –سالار خوارەحم**



هەواڵنامەی کتێب

# چالاکی ئابوریی لەهەرێمی کوردستان

عومەر حسەین

چالاکی ئابوریی لەهەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەناوچەی پارێزگای سلێمانی بەتایبەت لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەو دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان،وەستانو سستییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینوە، بۆلێکدانەوەو بەئاگابون لەوردەکارییەکانی ئەم لایەنە، گۆڤاری (نوێبون) بەپێویستی زانی چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەرێز عومەر حسەین شارەزای بواری ئابوریی سازبکات .

نوێبوون: ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی گشتی باس لەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بکەین لە ڕووی ئابوورییەوە و دواجار ڕۆڵی ئابووری لەم یەکگرتنەوەیەدا لەسەر شاری سلێمانی چۆن دەبینیت ؟

عومەر حسەین: یەکگرتنەوەکە ئەگەر بەتەنیا خۆی لێکبدەینەوە، هەنگاوێکی زۆر گرنگەو ئاواتی هەموو یەکێکمان بوو، لەباتی ئەوەی بەدوو دەنگ قسەبکەین لەدەرەوە یان بێگانەکان بێن لەگەڵ دوو لایەندا گفتوگۆبکەن و هەریەکەمان جۆرە بۆچونێکیان هەبێت،ئەوا بوونەیەكو نوێنەرایەتیکردنی میللەتێك لەلایەن حکومەتەوە هەنگاوێکی زۆر گرنگە، ئەمە بۆکاروباری دەرەوەو لایەنە سیاسییەکەی و لایەنە ئابورییەکەشی، تەنانەت بۆلایەنە ئابورییەکەو یارمەتی وڵاتانی دەرەوە، ڕێکخراوەکان دەڵێن ئامادەین لەبواری پەروەردەدا، ژمارەیەك خوێندنگاتان بۆبکەینەوە، لەبواری تەندروستی ئەوەندە نەخۆشخانەتان بۆدەکەینو ئامادەین





ئەوەنە ملیۆن دۆلارتان بدەینێ وەك هاوکاری، ئەگەر یەکبین بێگومان بەهێزتر دەبینو زیاتریش سودمەنددەبین، بەڵام ئەوەندە دەمێنێتەوە ئێمە لەناوخۆدا چۆن بەشی دەکەین.

لەناوخۆشدا پاش یەکگرتنەوە ئەوەندەی من دەیبینم بەشی لای سلێمانی زۆر زۆر لاسەنگە بەلای لاوازیدا، بۆلاوازی چالاکی ئابوریمان باشترین بەڵگە ئەوەیە کە ئوتێلەکان زۆربەی زۆری چوار ژورو پێنج ژوری نەگیراوە، هیچ سەڵاحیەتێك لێرە نەماوە تایەکێك ڕوبکاتە ئێرە، چی فەرمانگەیە کە لێرە ماوە هەرچی دەسەڵاتی هەیە بەتەواوەتی لێی سەندراوەتەوە . بۆموعامەلەیەکی سادە دەبێت سواربیتو بچیت بۆهەولێر.

نوێبوون: هۆکاری ئەم لاسەنگییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

عومەر حسەین: دیراسەیەك نەکراوە چۆن ئەو کارە ئابورییەو ئەو چالاکییە بازرگانییەی لەم شارەدا هەبوو ئەگەر لانی کەم زۆر بەردەوامیش نەبێت وەکو جاران ،ئەوا زۆر نەمرێت وەك ئێستا. ئێمە زۆر بوار هەیە کەدەتوانین سودی لێوەربگرین، دەوڵەتێکی وەك ئوردن هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی تایبەت بەخۆی نییە،کەچی ئێستا خەریکە عەمان دەبێتە یەکێك لەشارە گەورەکانو جوانەکانو چاکەکان لەناوچەکەدا ئەمەش هەموو بەیارمەتی دەرەوە، یارمەتی دەرەوە لەچیدا؟! یان بەنەختی پارەی دەدەنێ، یان هەر کۆنگرەیەك کە پەیوەندی بەدەوڵەتانی ناوچەکەوە هەیە زۆربەی لەوێ دەکرێت ، بۆ نموونە گشت کۆنگرەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق لەئوردنە.

حکومەت لێرەدا پلانی هەیە بۆئەوەی ئابورییەکەی لەتەواوی وڵاتەکەدا دابەشبکات، ئەم کۆنگرەیان لەعەمان، ئەویان دەباتە ئەربت، ئەوەیان دەباتە دەریای مردوو، ئەویتریان دەباتە عەقەبە، بەشێوەیەك دابەشیکردوە کە دەبینی لەم شارانەدا هەموی ئوتێلی گەورە گەورەو دەرەجە یەك ئیش دەکات ،بەڵام نابێت ئێمە هەموو شتێك قۆرخ بکەین بۆ پایتەختی کوردستان کە هەولێرە.

بەڕای من ئەوە گەورەترین هەڵەیە، بۆیە ئەبێت بەشێك لەو چالاکیانە دابەشبکرێت بەسەر شارەکانی سلێمانیو دهۆکدا. بۆنموونە با کۆنگرەیەك لە هەولێر نەبێت ،لەسلێمانی بێت. ئەوکاتە دەبینین لەو کۆنگرەکەدا (٣٠٠ — ٤٠٠) کەس بەشداری تێدادەکات، مانای ئەوەیە (٨

– ٩) ئوتێل ژورەکانی دەگیرێت، چێشتخانەکانت دەکەونەئیش، تاکسیت ئیش دەکات ،ئەمەش مانای وایە ئەو پارەیەی لەبازاڕدا خەرجی دەکات داهاتێکە دێتە سەر بودجەی شارەکە. بەڵام کە تۆ هەمویت دابڕی، بۆنمونە کاتی خۆی لەئوتێل شیراتۆن بە(١٠٠) دۆلار دوو بۆی دەهات بەپیرتەوە ، کە کرایەوەو گرانترین ئوتێل بوو . ئێستا بە(٣٠٠) دۆلار دەبێت (١٥) شەو پێشتر بچیت بیگریت، کەچی لەسلێمانی بەشەقامی سالمدا بڕۆ بۆئوتێل ئاشتیو ئوتێل شەهرامو ئوتێلەکانی تریشو بپرسە چەند ژورت گیراوەو چەندت بەتاڵە.

ئەو دابەشکردنی ئابورییە دەبێت بەدیراسەیەکی لۆژیکی بێت ، واتە سەلاحیات بدەنەوە بەو فەرمانگانەی بەجێماون . وەزیری ئاوەدانکردنەوە لێرە نەماوەو چۆتە هەولێر ، دەبێت لێرە بەڕێوەبەرێکی گشتی هەبێت، ڕێگە بگیرێت لەو هەموو ئازارەی هاولاتی کەبەهاتوچۆو مەسرەفکردنی هەولێرەوە توشیان دەبێت ،بۆیە دەبینین ئوتێل و چێشتخانەی هەولێر لەسەر حسابی سلێمانیو شارەکانیتر تابڕوات گرانتر دەبێت . بەڵام ئەگەر لەشارەکەی خۆیدابێت ئەرکەکەی کەمتر دەبێت، بەتایبەت کە تائێستا ئابوری هەردولا جیایە، دەینێرێ بۆهەولێر، ئازارێکی باشی دەدات، یان مامەڵەکەی وندەبێت یان ئەگەر شانسی هەبێت دەستی دەکەوێتو پێی دەلێن لاریمان نییە، ئەویش دەڵێت ئەی کوا پارەکەم؟ لەوەڵامدا: پارەکەت لای ئێمە نییە، بڕۆ لەسلێمانیوەریبگرەوە، باشە ئەگەر لەسلێمانیوەریدەگرێت بۆچی دەینێرن بۆهەولێر.

**نوێبوون:** چی بکرێت بۆئەوەی لەم گرفتی بایەخدان بەپایتەخت لەسەر حسابی پارێزگاکانیتر دەربازمان ببێت، ئایا پلانێك هەیە بۆئەم مەبەستە؟

**عومەر حسەین:** گرفتەکە لەوەدایە کە پلانێك نییە بۆ ئیدارەکردن و پلاندانان و بۆ بەڕێوەبردن.چونکە(بەڕێوەبرن) هیچی کەمترنییە لەوپلانەی بۆ بواری چالاکییە ئابورییەکان دادەنرێت. ئەڵمانیاو بەریتانیاو سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا بەنمونە بگرە، هەر موقاتەعەیەك جۆرە یاسایەکی تایبەتی خۆی هەیەو پلانی خۆی هەیە بۆ بەڕێوەبردن . بودجەکەی جیایە، ئێمە با هەموی یەکبێت، بەڵام خەڵك ئەوەندە عەزییەت مەدە بەدوای ڕۆتینەوە، ئێمە داوادەکەین





بیروکراتییەت لابەرینو ڕۆتین کەمکەینەوە، لێرە موعامەلەیەك بەساڵێك تەواونابێت بەهۆی ئەو بیروکراتییەتو بەهۆی ئەو ڕۆتینەوە.

**نوێبوون:** لەئاستی گشتیدا پلانی حکومەتی هەرێم چۆن دەبینیت؟

**عومەر حسەین:** بەپلانێکی باشی نابینم، نەك هەر باشی نابینم، من دەڵێم حکومەت پلانی نییە، ئەگەر ئەم قسەی من تەواو نەبێت زۆر حەزدەکەم یەکێك وەڵامم بداتەوە، گەورەترین بەڵگە بۆئەوەی کە پلان نییە وەك پێشتریش وتم پلان بەبودجە دادەنرێت، بۆیە لەوانەیە پلان دانرابێت، بەڵام ئەگەر بودجەیەك نەبێت بۆجێبەجێکردنی پلانەکە مانای وایە پلانەکە شکستە، یان نییە.

ئەمساڵ تائێستا یەك پڕۆژە لەسلێمانیدا ئیحالە نەکراوە، کە دەشپرسیت دەڵێن هێشتا بودجە نییە، بودجەی دارایی سلێمانیو هەولێر جیایە، هەریەکەیان لای خۆیانەوە بەشی شارەکەی دەدات.

جەخت لەسەر نەبونی پلان دەکەمەوە، نەك تەنیا پلانی ئابوری ، بەڵکو تەنانەت پلانی کارگێڕیش، ئەگینا بۆچی پێشەنگا نێودەوڵەتییەکان لەهەولێر دەکرێتەوە، ئەگەر بێتو لەسلێمانی بکرێتەوە بۆماوەی پانزە بیست ڕۆژ ئەم شارە ئەبوژێتەوە.

(فریزۆن) ناوچەی ئازاد بڕیاربوو لەسلێمانی بکرێتەوە، تەنانەت سەرقاڵی دیاریکردنی شوێنەکەشی بوون، بۆچی وەستێنرا...؟ لەبری ئەوەی لەم شارەدا پڕۆژەکان ببوژێتەوە، بەرنامەی گەشتیاری دابڕێژرێت، گەورەترین وەبەرهێنانی گەشتیاری هەیە لەناوشاری سلێمانیدا بۆئەوەی پڕۆژە گەشتیاری گەورە بکرێتەوە، ناوچەی چەقچەقو ئەوەی بەدەست حکومەتەوەیە لەسەرچنار، کۆمپانیای لوبنانیو ئەوروپایی بانگێشت بکرێت و یا بەسیستمی موساتەحە شمولی بکات ، بۆ بەیاسای وەبەرهێنان . یا پرۆژەی گەشتیاری گەورەی پێویست دروست بکرێت وحکومەت ئیعفای بکات لەزەریبە، خۆ تۆ ئێستا وەریناگریت، زەوییەکەو لەوێدا داتناوە، داهاتی هەیەو زەریبەکەی وەردەگریت، ئیعفای بکە لەزەریبە، بەڵام لەبەرامبەردا شتی جوان جوانت بۆدروست دەکات، چێشتخانە، کافتریا، پارك . لەم پڕۆژانەدا سەدان کەس کاریان دەستدەکەوێتو بێکاری

کەمدەبێتەوەو لەولاشەوە خەڵکی دەرەوەش ڕودەکاتە شارەکە، پڕۆژەکان گەشتیارین، هاولاَتییەك بیردەکاتەوە لەبری ئەوەی هەر بەفڕۆکە بچێتە سوریا یاعەممان بێتە سلێمانیو لەناو ئەم هەموو شاخو داخە جوانەدا کاتەکانی بگوزەرێنێ.

بەڵام ئەمەش دەبێت بەجۆرێك بێت توانای کێشکردنی هەبێت، تەلەفریك دەکەمەوە لێرەوە بۆسەر شاخی گۆیژە، سەر شاخی گۆیژە تەختبکەیت، کۆمەڵێك گازینۆو مۆتێلو چێشتخانەی تێدا دروستبکەین، نەك ئەوەی بەسەر سلێمانیدا بگەڕێتو بێتەوە (١٠) دۆلاری لێوەربگریت، لەوێ دابەزێتو بەو شەوە لەو کەشوهەوا خۆشەدا خزمەت بکرێیت.

ئێستا میوانی بیانیمان دێت نازانین بیبەین بۆکوێ؟! یەك ڕۆژ دەیبەینە سلێمانی پالاَسو ڕۆژی دووەم دەیبەینە ئوتێل ئیڤڵ. ڕۆژی سێیەم بمێنێتەوە حەیامان دەچێت، جێگەیەك نییە بیبەین بۆی، ناچار پیایدا دەچینەوە، لێرە بوار هەیە ئەو پڕۆژانە بکەین، هەموو ئەمانەش بەپلان دەکرێت، کوانێ پلانێك بۆئەم جۆرە پڕۆژانە.

**نوێبوون:** وەزیرەکانی سلێمانی کە ئێستا لەحکومەتدان، ڕۆڵیان لەم پەراوێزخستنەدا هەیە، ئەگەر هەیە چۆن؟

**عومەر حسەین:** من زۆربەی ئەو برادەرانە وەك پەیوەندی شەخسی دەیاناسم ، خۆشیان حەزدەکەن ئەو ڕۆڵە بۆسلێمانی بگەڕێتەوەو، باسیش کراوە، بەڵام وەك وتم تائێستا هەنگاوی کرداری نەنراوە، چونکە لەبنەڕەتدا بڕیارێك نییە بۆپەراوێزخستنی ئەم ناوچەیە، وادیارە نازانن چۆن چاکی بکەن.

گرفتێکی تریش لەم دوو ساڵ ئەمبەرو لەو دووساڵ ئەوبەرەدایە ، ڕەنگە وەزیرێك فێری ئەوە بوبێت بەباشی کارەکانی بەئەنجام بگەیەنێت، وەزیری شارەوانی بێت یان ئاوەدانکردنەوە، ئەو وەزارەتانەی ئەمکارانەیان بەدەستە سەری ساڵ نۆرەی یەکێتییە، کاتێك ئەم وەزیرانە دەگۆڕنو خەڵکیتر دێت، ئەم بەهەزار حاڵ تافێربوە، کەچی دەبێت لایبەن، ئینجا وەرە پیایدا بچۆرەوەو تائەویش فێردەبێت نۆرەی پارتی دێتەوە، لەبەرئەوەی ئێستا پێویستمان بەکەسانی





تەکنۆکرات هەیە، ئەگەر وەزیرییەکەش پۆستێکی سیاسی بێت با جێگرەکەی تەکنوکرات بێتو شارەزای ئیشوکارەکان بێت.

**نوێبوون:** ئایا ئێستا ئەوەی لەحکومەتدایە تەکنۆکرات نییەو شارەزای بوارەکان نییە؟

**عومەر حسەین:** بەدڵنیاییەوە خەڵکانی بەتواناو شارەزا لەحکومەتەکەدا هەن ، بەڵام بۆچی ناکرێت، ئەوە پرسیاری هەمومانە . ئێستا دەڵێن گوایە ئەنجومەنێك بۆپلان دادەنرێت بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

**نوێبوون:** مەسەلەی وەبەرهێنان ، ئایا تا چ ئەندازەیەك خودی سلێمانی توانای کێشکردنی وەبەرهێنانی هەیەو ئایا ئەو وەبەرهێنەی دێت تا چ ئەندازەیەك لەبوارێکی گرنگو کاریگەردا وەبەرهێنان دەکات کە لەبەرژەوەندی گشتیدا بێت؟

**عومەر حسەین:** من دەپرسم کێ هەوڵیداوە وەبەرهێنان بهێنێتە کوردستان، لەوەشدا لایەنی سیاسی تەدەخولی کردوە. وەبەرهێنان ئەوەیە کە تۆ یاسای وەبەرهێنانت داناوە، ئیمتیازاتی زۆر باشی تێدایە بۆ وەبەرهێن و هانی وەبەرهێن دەدات بۆئەوەی بێت بۆکوردستان . پێویستە ئەو وەبەرهێنەی دێت بەلایەنی کەمەوە (١٠٠) ملیۆنی پێبێتو لێرە شتێکی پێبکات لەولاَتەکەدا، کەچی لێرە کەسێك دێت نوسینگەی کۆمپانیایەك دەکاتەوە، ئەگەر پڕۆژەیەکی بدرێتێ پارەی پێشەکی لەحکومەت داوا دەکات، خۆی هیچی پێ نییە، واتە لاتەو هاتووە بەئێمە دەوڵەمەند دەبێت. بۆیە جموجۆڵێکی ئەوتۆی وەبەرهێنانمان نەبینیوە، چونکە ڕێگر لەبەردەم وەبەرهێناندا هەیە . کێ لەلێپرساوانی حکومەتو ژورەکانی بازرگانی کە سەردان دەکەنو بانگێشتی ولاَتان دەکرێن، بۆنمونە کێ موفاتەحەی کۆمپانیای کۆکاکۆلای کردوە، موفاتەحەی بیبسی کۆلای کردوە . بلێین ئاوی پاکی زۆر هەیە لەکوردستاندا و کرێکاری بەلاشی هەیە و کارەبای بەلاش دەتوانیت دابین بکەی ، وەرە لای ئێمە بەس پڕۆژەکەت بهێنەو دەیکەین بەکارگەیەکی گەورە لەکوردستاندا بۆهەموو عێراق . ئێستا ئێمە بیبسی ئێرانیو سعودی دەخۆینەوە، قوتوی بیبسی تورکی دەخۆینەوە و هەموی هاوردە دەکەینو بەپارەی



هەواڵنامەی کتێب

قورسیش . بۆکەس ناچێت لەگەڵ کارگەکەدا ڕێکبکەویت‌و ببێتە ناردەنییەك بۆناوچەکانی تری عێراق.

**نوێبوون:** بەبڕوای تۆ ئەم کارە لەئەستۆی حکومەتدایە ، یان کاری کەرتی تایبەتە؟

**عومەر حسەین:** هاندانی حکومەت پێویستە، یاساکەی لەبەردەستدایە، بەڵام کە دێیتە سەر بواری جێبەجێکردن وەبەرهێنێك دێت‌و دەڵێ بیست دۆنم زەویم دەوێت، تا ئەو معامەلەیە تەواودەکەیت پرۆژەکەت لەبەرچاودەکەوێت . بەڵام لەهەمانکاتدا هەشتا دۆنم دەدرێت بەکەسێك بەبێئەوەی هیچ پرۆژەیەکی دیاری هەبێت، وەك ئەوەی دەڵێت دەیکەم بەپرۆژەی مانگا، کامەیە پرۆژە و مانگای چی؟! ئەنجومەنێکی شارەزاو دڵسۆز نییە بەم ڕێڕەوە لەبەرژەوەندی باڵای کوردستان کاربکات، لەتورکیا گشت جۆرەکانی ئۆتۆمبیلی جیهان دروستدەکرێت، دەڵێن لەباتی ئەوەی پاپۆڕێك کە پەنجا ئوتومبیل دەگرێت، بەشی پێنج سەد ئوتومبیل سندوق سندوق دەینێرم لەوێ (تەجمیع)ی دەکەم، لەوێ تەجمیع دەکرێت‌و لەجیهاندا دەفرۆشرێتەوە . باشە بۆچی نەیەتە ئێرە، هێزی کارمان هەیە، زەویمان هەیە.

تۆ وەك کەرتی تایبەت هەنگاوهەڵگریت، شتەکان گرەنتی نین، لایەنێك کە کارەکەی بەدەستە بیەوێت ڕێگری بکات لەبەرئەوەی تۆ دەیکەیت بەئاسانی دەتوانێت لەبنچینەوە شکستی پێبهێنێت. کەرتی تایبەت پێویستی بەدڵنیاییە لەوانە یەکێکی وەك من ئیمکانییەتی ئەوەم نەبێت باوەش بەکۆمپانیایەکی گەورەدا بکەم، بۆنمونە سابون، خاوێنکەرەوەکان. لۆکسە ، هارمۆلیڤە ، چی ماڵ هەیە لەگوندەوە تا دەوڵەمەندترین ماڵ لەشاردا سابون بەکاردەهێنێ‌و بوەتە بەکارهێنانی گشتی،کەچی ئەمڕۆ ئێمە تایت‌و سابون‌و دەرمانی ددان ، لەتورکیاوە دەهێنین ، بەمەرجێك عێراق زۆرە (٢٣) ملیۆن کەسە.

عێراق ئەگەر سەقامگیری بۆبگەڕێتەوە، ئەوا وەبەرهێنانەکە دەکەوێتە ئەوێ‌و تۆ لەکوردستان لەکیست دەچێت.بەڵام ئەگەر لەکوردستان دەسپێشخەری بکەیت تۆ دەبیتە خاوەن ناردەنی بۆناوەڕاست‌و باشوری عێراق‌و پیشەسازییەکە لێرە جێگیردەبێت و ناچێت لەوێش کارگەیەکی تر دابنێت . چونکە کارگەکەی لای تۆ بەشی هەموو عێراق دەکات، ئینجا تۆ





دەتوانیت نرخێکی رکابەری دابنێیت ئەوەی تۆ لەئێراندا بفرۆشرێت‌و دەبیتە شتێکی گەورەو زەبەلاح‌و ئەو پارەی لەدەرەوە شتی پێدەهێنیت بۆخۆت دەگەرێتەوە، بەڵام ئەمە بەمن ناکرێت.

**نوێبوون:** کەواتە بەکێ دەکرێت، ئایا تاکەی کوردستان بەبەکارهێن دەمێنێتەوە، چی بکرێت بۆبوژاندنەوەی ئابوری کوردستان؟

**عومەر حسەین:** ڕێگە زۆرە بۆبوژاندنەوەی ئابوری لەکوردستان. بۆنمونە بەکۆمپانیای لۆکس دەڵێی، پێت دەڵێت (١٥٠) ملیۆن دۆلار دابنێ بیناو شتەکانی پێدەکەین، ئامێرەکانی پێدەکڕین، ئەو پارەیە بەمن نییە، کە من لەلای حکومەتەوە گرەنتیم هەبوو کە سەداسەد بەبێ گرفت ئەم کارەم بۆدەکرێت، کۆمپانیایەکی هاوبەش (موساهەمە) دادەنێین، ئەوەی (١٠) هەزار دۆلاری پێیەو لەگیرفانیدایەو گیری خواردوە بەدەستییەوە دەیدات بەپشك‌و دێتە ئەو کۆمپانیایەوە، لەباتی (١٥٠) ملیۆن (٣٠٠) ملیۆنیش کۆدەکەیتەوە، ئەو کۆمپانیا بیانیەش دێت دەبێتە هاوبەشی تۆ؟

**نوێبوون:** بێگومان کۆمپانیای هاوبەشی زۆر گرنگە، بەڵام ئایا بۆچی تائێستا کۆمپانیای هاوبەشی دروست نەبووە؟

**عومەر حسەین:** ئاسانکاری پێویست نەکراوە، ئەگینا ئەگەر بمانەوێت کۆمپانیایەکی (بیمە) دابمەزرێنین کە زۆریش پێویستە، ڕێگری هەیە ، جاران حکومەتی بەعس (بیمە)ی لابردو بەپەنجا فلس تێکەڵی نرخی بەنزینی کردبوو، ئێستا کەسێك ئوتومبیلێك لێی دەدا، خاوەنی پێنج شەش سەرخێزانە، کێ قەرەبوی دەکاتەوە .! لادایەکی کۆن یان بەرازیلییەك کە پارەی پەنچەرچی پێنییە، پارەی چی دەدات بەو خێزانە، کۆمپانیایەکی (بیمە) دابنرێت لانیکەم بیمەی ئۆتۆمبیل بکرێت، کۆمپانیایەکی هاوبەشی بێت . ئێمە پێشنیارمان کرد ئەگەر فەرمانگەی هاتوچۆ کە ڕێژەی ٢٠٪ بدرێت بەوان، ئەوان سەنەوی تازە ناکەنەوە تا بیمەکەت پێنەبێت . ڕێژەی ٢٠٪ بدەین بەئەوان بیکەن بەپاداشت‌و هاندەر بۆئەو پۆلیسانەی هاتوچۆ کە لەبەر هەتاوو باران خزمەتی سەلامەتی‌و جوانی شارەکە دەکەن، بۆهێماکانی هاتوچۆ،

بۆچاککردنی شەقامەکان لەگەڵ شارەوانیدا هاوکاری بکەن . ئەویتریشی وەبەرهێنانی پێدەکات کۆمپانیایەکی گەورەیە ، تەلار دروست دەکات، پرۆژەیتر دەکاتەوە.

**نوێبوون:** کەرتی پیشەسازی چۆن دەبینی، ئایا بۆچی نەیتوانیوە لەبەرامبەر پیشەسازی بیانیدا خۆی بگرێت؟

**عومەر حسەین:** دەتوانین بازرگانیو پیشەسازی لێکبدەین، ئەو کالآیەی دەهێنرێت یاخود لەناوخۆدا دروستدەکرێت هیچکامیان لەئاستی پێویستدا نییە . لەروی جۆرەوە گەورەترین شت کە پێویستە لێرە دابنرێت کوالیتی کۆنترۆڵ (**سیطرة النوعیة**) لەسەر کالآکانی دروستکراو یان هاوردەنی . بۆنمونە مەرمەڕ بگرە، جوانترین مەرمەڕ لەکوردستاندا هەیە، ئەوە یەکێکە لەو کەرتانەی وەبەرهێنان کە ئێستا دەڵێی شار بەچی دەبوژێتەوە؟!

لەناوچەی ئێمەدا ئەگەر بەتەنیا (مقالع)ی مەرمەڕو کارگەی مەرمەڕی پێشکەوتوو بکەوێتەئیش، خراپترین جۆری گرانێتی ئێمە لەجوانترین جۆری مەرمەڕی تورکیای ئێستا باشترە. بەڵام بەمەرجێك بچێتە قوڵاییەوە ،چونکە لەدەرەوە ژەنگو خۆڵی تێکەڵ بووە، بەلآم کاتێ ئامێری دەرهێنانی بەردەکە دەچێتە سەرشاخێك، بەپێی یاسای هەموو وڵاتان کانەکان موڵکی دەوڵەتن، تۆ ئەگەر هەموو سلێمانی هی تۆبێت شاخی گۆیژە هی حکومەتە. سەرچاوە سروشتیەکان نەوتو ئاڵتونو.. تاد موڵکی حکومەتن . لەکوردستانی خۆمان بجۆرە گوندێك بڵێ مەقلەعێکی وا دەکەمەوەو هی حکومەتەو وەزارەتی پیشەسازی مۆڵەتی داوەمەتێ، کەچی هەرچی خەڵکی ئەو ناوچەیە هەیە لێت کۆدەبێتەوەو دەڵێت ئەوە زەوی باپیرمە دەبێت پارەکەی بدەیت، یان نایەڵم کاربکەیت، ئەمە رێگرییەکی گەورەیە..

پیشەسازی خۆماڵی لەبەرئەوەی کوالیتی کۆنترۆڵی نییە ، دوو کاشی مەرمەڕ دروست دەکرێت خۆی دەبێت بەحاڵ درزێکی بچوك لەنێوانیاندا هەبێت، بەجۆرێك بەئاسانی هەستیان پێنەکرێت کە دوو پارچەنو بەتەنیشت یەکەوە دانراون دەڵێت (٢٠ X ٤٠) دەبینی (٢٠ X ٢٢ X ١٨) کە دەیدەیت لەیەك دەمەدەکاتەوە بۆشایی تێدەکەوێت، واتە خانوەکە خراپ دەکەیت. دەوروپشتت سێ چوار دەوڵەتە دۆست نین . ئەگەر برۆیت کالآیەك لەتورکیاوە بهێنیت یەك





سەیارە بەچوار هەزار دۆلار دێت بۆئێرە، بەردی مەرمەڕی تێبکەی چەند مەتر دەگرێت ، لێرە مەتری دەدات بە(١٦) دۆلار ، کەچی ئەوەی لای خۆمان بەو کەموکوڕییەشەوە ئەوەندەی تیا نابێت . حکومەتی تورکیا هاوکاری ناردەنی کارگەکانی دەکات بۆئەوەی کارگەی تۆ هەڵنەسێتەسەرپێو کاربکات . لەوێ دەڵێت بە(١٧) بینێرە، زەربیەی لێوەرناگرێت، رەسمی ناردنی لێناسەنێتو ئەگەر (٢٥) دۆلار کەوتبێت لەسەر کارگەکە، دەوڵەت (٨) دۆلارە زیادەکە دەگرێتەئەستۆ . هاوکاری ناردنی خۆی دەکات بۆئەوەی لەروی ئابورییەوە گەشەنەکەیتو پشت بەخۆت نەبەستی . ئەمرۆ چ ئێرانو چ تورکیا ئەم سیاسەتە پیادەدەکەن.

**نوێبوون:** لەوانەیە ئەم هاوکێشەیە بۆتورکیاو ئێران ڕاست بێت، کەچی وڵاتێکی وەك چین هیچ بەرژەوەندییەکی لەمەدا نییە؟

**عومەر حسەین:** چین بەجۆری کالآکانیان غەزوی جیهانیان کردوە . ژمارەی دانیشتوانیان زۆرەو هێزی کاریان زۆرەو کوالیتی کالآکانیان نزمە، لەبەرئەوە بازاڕەکانیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە . ئێمە لێرەدا پێویستمان بەدووشت هەیە، کوالیتی و کۆنترۆڵ ، ئەو کالآیەی کە دێت لەئاستی پێویستدایە یان نا، ئەگەر ئەوەی هات لەوەی خۆم باشترنەبوو، نابێت بواربدەم بێتە وڵاتەوە بۆئەوەی من بژیم . بۆیە رێگە دەکەمەوە لەبەرئەوەی ناتوانم بەسەر هاوڵاتی خۆمدا بسەپێنم کە کالآی خراپی خۆم بەکاربهێنێتو لەکالآی بیانی بێبەشی بکەم.

بەلآم ئەگەر لەوە باشترم بۆنەهات خۆدەبێت پارێزگاری لەوەی خۆم بکەم یان ئەوەی خۆت هاوکاری بکەو رێگە بدە ئەو خەڵکەی خۆیان کردوە بەخاوەنی ئەم شاخانە بواربدەن . من دەچم مەقلەعێکت بۆدەهێنم گرانێتو مەرمەڕت بۆدەردەهێنم چریکەی بێت، ئامێر هەیە کەموکوڕییەکانیشت بۆ چارەسەردەکات و کوالیتی کۆنترۆڵ بێت سەیری بکاتو ئەگەر (OK)ی دامێ دەبێت پارێزگاریم لێبکات، بەچی دەمپارێزێت، رێگە مەگرە، بەلآم ئەو چۆن هاوکاری ناردەنی دەکات بۆئەوەی ئابوریی من تێك بشکێنێ، تۆش ڕەسمی گومرگ لەسەر ئەو زیاد دابنێ، ئەوەی من بە(١٧) دۆلار دەکەوێت، رەسمی گومرگ لەسەر ئەو زیادبکە ئەگەر هات بۆتۆش داهاتەو بۆمنیش رکەبەرایەتی کەمدەکاتەوە.

بۆ ئەو (٢٥) دۆلار دەکەویت، هاولاتییەك کە خانوو دەکات تەماشا دەکات خۆماڵیەکە بە(١٧)یەو بیانییەکە بە(٢٥) دۆلارە، بەمەرجێك کوالیتی کۆنترۆل هەبێت . بەمە پارێزگاری لەپیشەسازی خۆت دەکەیتو هەلدەسێتە سەرپێ . ئێستا یەك کارگەی مەرمەڕ کارناکات، خاوەن کارگە دەلێت ئەو دەیهێنێ بە(١٧) دۆلار من بەئەوەندە بۆم تەواونابێت، ئەم کارەبای نییە دەبێت مۆلیدە دابنێ، گازی بەنرخی ڕەسمی نادرێتێ، کەواتە تێچوونەکەی بەرزدەبێتەوە.

نوێبوون: حکومەت لەتوانایدایە ئەم هەموو کەرتە لەیەککاتدا ببوژێنێتەوەو هاوکاریان بکات؟

عومەر حسەین: بەڵێ، حکومەت زۆرباش دەتوانێت، هەریەکەی گروپێکی تایبەتمەندی بۆدابنێت . گروپێکی لێهاتوو لەگەڵ ئەندامانی ئەو کەرتەدا گفتوگۆبکات . یەکێتی پیشەسازییەکان هەیە لەکوردستان ئەو گروپە لەگەڵ ئەوان کۆبێتەوە. نمونەیەکیتر کلێنکس، باشترین کارگەی کلێنکس لەسلێمانیدا هەیە کە کارگەیەکی ئەڵمانییە، ئەو کلێنکسەی لەکوردستاندا هەیە سوریو ئێرانیو سعودییە. جێگە نییە کلێنکسی تێدا بەکارنەیەت، بۆچی ئەو کارگەیەی خۆمان ئیشناکات، بڕۆ کاغەز بهێنە لەئێرانەوە لەگەڵ ئەو موقەبایەدا دەزانێت بۆچیتە، وات پێدەفرۆشێت کە ئەگەر بەدروستکراوی بیهێنی زۆر هەرزانتر دەکەوێت.

ئەمە بەشێکە لەو سیاسەتەی کە نایەوێت گەشەبکەیت، ئەرکی حکومەتە پارمەتی پیشەسازی خۆماڵی بداتو پاشئەوەی توانای بەرهەمهێنانی روو لەزیادبون دەکات ، ئاستی هاوردەنی کەمبکاتەوە.

نوێبوون: هەر سەبارەت بەهێنانی کەرەستەو کاڵا لەدەرەوە بڕگەیەکی تری پرسیارە ، ئایا بریکارێتی بازرگانی ئێستا لەکوردستان کاری پێناکرێت....!؟

عومەر حسەین: کۆمپانیا بنەڕەتییەکان نین، ئێستا شۆفرلێت هەیەتی، ئەوانەی بریکارێتی ئەم کۆمپانیانەیان وەرگرتوە پارەیەکی زۆریان خەواندوە، بەڵام بواری کارەباییات مارکەکانی (LG)و سامسۆنگو سۆنیو کۆنکاو..تاد، ئێل جی کۆرییە، هیتاشی یابانییە ، هیچیان وڵاتی بنەڕەتی خۆیان نین..





نوێبوون: چۆن وابکەین بگەینە کۆمپانیای بنەڕەتی؟

عومەر حسەین: تۆ کوالیتی کۆنترۆلت نییە. ئێستا ئێل جی بۆی هەیە بێتە کوردستانەوە لەرێی یاساوە سکالا تۆماربکات لەبەرئەوەی بەساختە مارکەکەی بەکارهاتوە، مەگەر لەحالەتێکدا خۆی بەسیاسەتی جیهانگیری لەتایلەند کارگەی دانابێت . دەبێت ئەوە دیاری بکرێت کەچی ئەسڵییەو ئایا دەتوانیت بریکارێتییەکەی بهێنیت . بۆنمونە هیتاشی من لەو برِوادام سپلیتێك بە(٤٠٠) دۆلارە، ئەگەر ئەسڵەکەی بهێنی بە(١٠٠٠) دۆلار بێت، ساختەکردنی ناوی بازرگانی گرفتێکی نێودەوڵەتییەو لەکوردستاندا پیادەدەکرێت.

نوێبوون: هەر دەربارەی بریکارێتی بازرگانی، ئەگەر بتەوێت لەکۆمپانیای بنەڕەتەوە بریکارێتی وەربگریت، ئەمەش پارەیەکی زۆری دەوێت، دەبینی بازرگانیتر هەیە لەبریکارەکەی تورکیا یان ئێرانی دەکرێتو بەمەش جۆرێك لەفەوزا دروست دەبێت.

عومەر حسەین: بازاڕی بریکارێتی بازرگانی بەرەڵایە، برێك پارەت هەبێت، پێکەوە دەچین بۆچین، تەلەفزیۆنێکت پیشاندەداتو پێت دەلێت ناوی چیت بۆلێ بنێم، سۆنی ناوبنێم، نەشناڵی ناوبنێم، هیتاشی ناوبنێم، یەك پارچەی لێدەداتو دەڵێ بیبەو دەنوسێت (مێدی ئین جاپان) من خۆم دیومە.

نوێبوون: پرسیارێکیتر، ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئێمە بۆچی بەتەنیا لەگەڵ چیندایە؟یان لەگەڵ کوریادایە؟

عومەر حسەین: حکومەت هاوردەنی نییە. بازرگانەکانت دەچنە ئەویێ لەچین کاڵا هەیە زۆرزۆر چاکە، کە دەینێرن بۆئەمریکاو ئەوروپا، کوالیتییەکەی زۆرزۆر لەئەورووپیەکانیش باشترە . کاڵاش هەیە لەم بابەتانەی دێت بۆلای ئێمە لەسەر داوای تۆیە، پێی دەلێی گڵۆپێکم بۆدروستکەو لێی بنوسە فلیپس بەڵام (١٠٠) کاتژمێر ئیش بکات، بۆئەوەی هەرزان بێت.

دیداری : نوێبوون



هەولنامەی کتێب

## فەلسەفە

* رامین جەهانبەگلو

فەلسەفەی سیاسی چی یە؟ — و:ئەکرەمی میهرداد

*ڕامانێك لـــە ئیسنۆلۆجیا — زریان حاجی





# فەلسەفەی سیاسی چی یە؟

ن: رامین جـــەهـــانبەگلو
و:ئەکرەمی میهرداد

هەواڵنامەی کتێب

### پێشەکی

ئەمڕۆ ناتوانین سیاسەتی مۆدێرن بە دابڕاوی و نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ نەریتی فەلسەفی سیاسی ڕۆژئاوا لە بەرچاو بگرین ، وە بۆ شارەزایی لەم پەیوەندیە دەبێت مێژووی ئەندێشەی ڕۆژئاوا بناسین و لەو بارەوە پرسیار بکەین.ناسینی سیاسەتی مۆدێرن وامان لێدەکات کەجارێکی دیکە بەمێژووی ڕابردووی ئەو نەریتەی فەلسەفەی ڕژئاوادا بچینەوە، کەلە ماوەی بیست و پێنج سەدەی ڕابردوودا پەیدا بووە تادەگاتە ئەمڕۆ و زۆرێك بیروباوەڕ و دڵنیایی و گومانی فیکری و فەلسەفی مرۆڤایەتیان خستۆتە بەردەمی چەندین پرسیارەوە . گرنگی و کاریگەری بەردەوامی و پابەند بوونی ئەم نەریتە فەلسەفییە لەبەر ئەوەیە کە فەلسەفەی سیاسی هەمیشە لەگەڕان بەدوای حەقیقەتدا تێگەشتنی خۆی و بەردەوام بوونی لەو کاروانەدا پەیدا دەکات. لەو جێگایەوەی کەپرسی فەلسەفە دەربارەی سیاسەت لە خودی هەوڵدان بۆ پەیدا کردنی ڕاستی مانا پەیدا دەکات ، بۆیە دەبێت باس لەوە بکەین کەئەمڕۆ خستنەڕووی

هەرپرسێکی فەلسەفی  و داوەری و ڕەخنە دەربارەی ڕاستی و ڕوداوە سیاسی یەکان ، بەبێ شارەزایی و ناسینی ئەو هەقیقەتە فەلسەفی یە دەبێتە کارێکی هەڵە و هەولێکی بێ ئاکام.

خستنە ڕووی پرسیارەکان دەربارەی سیاسەت بەمانای قەرار گرتن لە چوارچێوەی فەلسەفی سیاسیدا ، نابێت وەکو کارێکی تەکنیکی و زانستی لێی بڕوانین . فەلەسەفەی سیاسی بە پێچەوانەی زانستی سروشتی ، فیزیای ئەتۆمی یان بایۆلۆجیای مۆلیکیولی ڕشتەو بوارێکی تایبەتی (تخصصی) نییە ،چونکە سیاسەت فەزایەکی داخراو نییە کەلەوێدا فەیلەسوفان تەنها لەگەڵ یەکدی گفتوگۆی فەلسەفی بکەن. بێگومان ئەو گفتوگۆیە لەنێوان هاووڵاتیانی کۆمەڵگایەکدا پەیدا دەبێ و لە بۆتەی تێگەیشتی فکری دەبێتە شێوازێك کەپێی دەوترێ **فەلسەفەی سیاسی** . بەڵام دەبێت لە بیرمان نەچێت کەفەلسەفەی سیاسی خاوەنی تایبەتمەندیەکە کەلەسەرەتای پەیدابوونیەوە لەیۆنانی دێرین هەتا ئێستا ، پرسیارە دەربارەی **بۆچی** و **چۆنێتی** ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگای سیاسیدا . ئەم پرسە گرنگە هەر لەو سەردەمەوە هەتا ئێستا لەگەڵ پرسیارێکی دیکەدا هاوڕێگا دەبێت و لەوێدا مەسەلەی(**باشترین شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی**) یان (**باشترین سیستمی سیاسی**) دەبێتە تەوەرەی سەرەکی.

لەوانەیە هەرلەبەرئەوەش بێت کەپرسیار دەربارەی دەسەڵات و چۆنێتی بەردەوام بوونی ئەودەسەڵاتانە لە پرسە گرنگ و گشتیەکانی فەلسەفەی سیاسی ئەژمار دەکرێت . لەم ئاراستەیەشدا یەکێکی دیکە لە پرسە گرنگەکانی فەلسەفەی سیاسی ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتانە چ نیهاد و دامەزراوەیەك لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و ئەم بونیادانە لە چوارچێوەی چ پێکهاتەیەکی مەدەنیدا دروست دەبن، کە  یەکێك لەو نیهاد و بونیادە گرنگانەی دەسەڵات(**یاسا)یە** ، کە لە دیدگای فەلسەفەی سیاسیدا جودا نیە لەجەوهەر و ناوەرۆکی سیاسەت . پاشان لەلای فەلسەفەی سیاسی پرسی بونیادی (سیاسەت) دەبێتە پەیوەندی نێوان فەزای گشتی و فەزای تایبەتی ،یان **کۆمەڵی مەدەنی** و **کۆمەڵی سیاسی** (کەلەلای کلاسیکەکان لەیەکتر جیانابنەوە و لە مۆدێرنەشدا لەیەك جیان ).





سەرئەنجام ئەوە دەبینین کە فەلسەفەو سیاسەت لەیەکتر جیاناکرێنەوە. فەلسەفە لەکۆمەڵگادا مانای لە کۆمەڵی سیاسیدا سەرهەڵدەدات و ئەندێشەو بیر کردنەوە دەربارەی خودی سیاسەتیش دەبێتە تێگەیشتنێکی فەلسەفی . لەبەر هەمان هۆ هەرچەندە ئەندێشەی فەلسەفی بیر کردنەوەیەکی تاکانەیە (فەردییە) بەڵام مانایەکی کۆمەلایەتی و گشتی دەبێت . چونکە بیر کردنەوەیە دەربارەی بوونی هاوبەش کە گشتی و جیهانیە ،یان بەشێوەیەکی دیکە پرسیار دەربارەی بوونی هاوبەشی مرۆڤەکان پرس و کێشەیەکی فەلسەفیە ، کە ئەم پرسە (**لە**) و (**بۆ**) کۆمەڵگا سیاسیە جیاوازەکاندا مانای جیاوازی دەبێت . ئەم کۆمەڵگایانە یان دیموکراتین یان زۆردار و تۆتالیتارن  و بەمانەیەکی دیکە (کۆمەڵگای کراوەن) یان (**کۆمەڵگای داخراون**) .کۆمەڵگای دیموکراتی لەئەنجامی ئەو دیاردەیە پەیدا دەبێت کە (ئەلێکسی دوتۆکڤۆیل) ناوی دەنێت **شۆڕشی دیموکراتی** . دیموکراسی لە دیدگای ئەودا دیاردەیەکە بە کۆتایی هاتنی سیستەمی بیرۆکراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی دیاردەی تاکێتی یان **تاك باوەڕی** پەیدا دەبێت .

لە کۆمەڵگای دیموکراتی بە پێچەوانەی کۆمەڵگای دیکتاتۆری و تۆتالیتار ، یاسا لە سەرەوە (واتە لە دەسەڵاتەوە) بەشێوەی فەرمانداری بەسەر تاکەکاندا پیادە ناکرێ ، بەڵکو یاسا هۆکار و ئەنجامی چالاکی بکەرە ئازاد و سەربەخۆکانە کەلە پایەی هاووڵاتی سیاسیدا یاسا دەگەنە بەشێك لە بونیاد و دەرونی خۆیان. هەرلەبەر ئەوەیە کە لە دیدی فەلسەفەی سیاسیدا پرسیار دەربارەی سیاسەت دەبێتە پرسی(**ژیانی هاوبەش**) ی مرۆڤەکان . چونکە فەیلەسوفی سیاسی مرۆڤێکە دەربارەی ئەم بوونە  هاوبەشە بیردەکاتەوە و بەشێوەی ئازاد لەو بارەیەوە لەگەڵ کەسانی دیکە گفتوگۆدەکات.بەڵام فەیلەسوف بۆ قسەکردن دەربارەی بوونی سیاسی(کەبەپێی پێناسەی پێشوو بوونی هاوبەشە) پێویستی بە فەلسەفەی سیاسیە لەو جێگایەوە کە خودی فەیلەسوف هاووڵاتی کۆمەڵگایەکی سیاسیە ، هەربۆیە دەتوانێ بگاتە ئەو ئەنجامەی کەفەلسەفەی سیاسی بەرئەنجامی ڕەوشی کۆمەڵگای سیاسیە کەدەربارەی ئاسۆو ئامانجە

هاوبەشەکانی خۆی بیردەکاتەوە بەزاراوەیەکی ڕۆشنتر بڵێین ، بەهەمان ئەندازەی کەسیاسەت مانای هونەری ڕێکخستنی کۆمەڵگایە لەسەدەکانی ڕابردوو هەتا ئێستا ، بەهەمان ڕادەش پرسی فەلسەفە دەربارەی سیاسەت لەکۆمەڵگاکاندا دەخرێتەڕوو، بەڵگەی ئەم کارەش لەوەدایە کە سیاسەت بەتەواوی ناوەڕۆکی مرۆڤانەی هەیە . واتە نەجەوهەری ئاژەڵییە و نە ناوەڕۆکی ئیلاهی، بەڵکو فەلسەفەی سیاسی دروست بەشێکە لە جەوهەری مرۆڤانە.

بەڵام ئایا هەموو کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان دەبنە کۆمەڵگای سیاسی ؟ ئایا لە کۆمەڵ و کۆبوونەوەی مرۆڤەکاندا هەموو شتەکان سیاسیە و یان جیاوازی نێوان سیاسەت **politics** و کاری سیاسی **policy** لە چیدایە؟ هەروەها دەبێت چۆن جیاوازی بکەین لەنێوان ئەوشتەی کەسیاسیە و ئەوەی کەسیاسی نیە (بۆ نموونە لایەنی جوانناسی)؟ باشترین وەڵام ئەوەیە ، کە مەگەر سیاسی کردنی لایەن و ڕەهەندی ناسیاسی هەمیشە کارەسات هێنەر نەبووە ؟(دوو دیاردەی فاشیزم و ستالینیزم لە سەدەی بیستەم بەڵگەی ئاشکرای ئەمەن).

سەرئەنجام هەوڵ و باسەکان دەربارەی فەلسەفەی سیاسی بە چ شێوەیەك پەیدا دەبن یان پێکدێن ؟ تا چ ڕادەیەك دەتوانین باس لە فەلسەفەیەك بکەین کە لێکۆڵینەوە لە سیاسەت دەکات ، بەڵام مەترسی **ئایدۆلۆجی** بوون هەڕەشەی لێ نەکات ؟ لە ڕاستیدا، لەو کاتەی کە باس لە فەلسەفەی سیاسی دەکرێ ، دەبێت جیاوازی ئەو لەگەڵ زانستی سیاسی دا بزانین . زانستە سیاسیەکان باس لە ناسینی چالاکی و دراوە سیاسیەکان دەکەن کە دەبنە بەشێك لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی. بەجۆرە ، زانستی سیاسی خەریکی پشکنین و شارەزایی یە دەربارەی تایبەتمەندی سیاسی ، بەڵام گرنگی بەناوەڕۆك و جەوهەری سیاسەت نادات . لەبەرامبەردا فەلسەفەی سیاسی ئەگەرێ بەدوای ماهیەت، ماناو پەیدا بوونی چەمکی سیاسەت. واتە ئامانجی فەلسەفەی سیاسی جۆرێکە لە دیاردە ناسی سیاسەت . هەربۆیە فەلسەفەی سیاسی لە چەمکی ڕۆژانەی سیاسەت دوور دەکەوێتەوە و بەشێوەیەکی فکری و فەلسەفی دیدگای ڕەخنەیی دەخاتە ناو چەمکی سیاسەتەوە . دوورکەوتنەوەی فەیلەسوفی سیاسی لە ڕەهەندی ڕۆژانەی سیاسەت بەمانای بێهەڵوێستی ئەو نییە بەرامبەر بە مێژووی مرۆڤایەتی . فەیلەسوفی سیاسی





، ئەگەر چی بەتەنها لە ژووری خۆی خەریکی بیرکردنەوەو نوسینە ، بەڵام لە ڕێگای بیری خۆی لاپەڕەکانی کتێبی مێژوو هەڵدەداتەوە و لەگەڵ واقیعەتی سیاسی جیهاندا هەمیشە سەروکاری هەیە . لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین فەیلەسوفی سیاسی دەست بۆ جۆرێك لە (ڕەخنەی عەقڵی سیاسی ) دەبات ، واتە لە دادگای ئەقڵدا داوەری دەکات دەربارەی چۆنێتی تێگەیشتنی سیاسەت . لێرەدا دەبێت جیاوازی نێوان فەیلەسوفی سیاسی و ئایدۆلۆجیست بزانین ، ئایدۆلۆجیست زیندانی دامەزراوەی ئیمانداری پرۆژەی سیاسی خۆیەتی ، لە کاتێکدا فەیلەسوفی سیاسی بەهەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی پرۆژە سیاسیەکان چوارچێوەکانی ئیمان دەخاتە بەرپرسیار و گومان . ئایدۆلۆجیست ، بەشێوەی بەردەوام و پەیوەست داکۆکی لە ڕاستیەکی سیاسی دیاری کراو دەکات ، کە دەیکاتە سەرەتاو ئیلهامی خۆی ، بەڵام فەیلەسوفی سیاسی هەمیشە لەگەڕاندایە بەدوای حەقیقەتی سیاسیدا . هەر لەبەر ئەوەشە کەفەلسەفە لەسەرەتای پەیدابوونیەوە هەتا ئەمڕۆ خەریکی (داهێنان و ئەفراندانی سیاسی ) یە و ئەمەش دەبێتە ناوەڕۆکی فەلسەفەی سیاسی .

## فەلسەفەی سیاسی لە یۆنانی دێرین

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕیشە یۆنانیەکەی هەردوو چەمکی (سیاسەت) و (فەلسەفە) ،واتە گەڕانەوە بۆ هەردوو وشەی politeia و philosophia دەبینین کەلای یۆنانیە دێرینەکان ئەم دوو بابەتە تەنها لەناو دەوڵەتی شار یان polis مانا پەیدا دەکەن . لە دیدی یۆنانی دێریندا (سیاسەت) لەبناغەوە کاری مرۆڤەکانە یان کارێکی مرۆڤانەیە نەك کاری خواوەندەکان . هەروەها سیاسەت لە polis ی یۆناندا لە چوار چێوەی دیدگای جیهانی یان دنیایی دا قەرار دەگرێ و بەشێکە لە سروشتی جیهان phusis . کاتێك ئەرستۆ دەڵێ:(مرۆڤ بەشێوەی سروشتی ئاژەڵێکی سیاسییە zoon politikon) مەبەستی ئەو لەوەیە کە سروشت و بونیادی مرۆڤ ئامادەی دەکات بۆ ژیان لە دەوڵەتی شاردا . پاشان، دەوڵەتی شار یان polis کە وشەی سیاسەتی politetia ی لێ دروست بووە ، کۆمەڵگایە کە بەشێوەی سروشتی پەیدا بووە و ڕاستینەی سیاسەت تەنها لە چوار چێوەی نەزمی جیهانیدا مانا پەیدا دەکات . یان



هەواڵنامەی کتێب

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر بڵێین ، لەدیدی یۆنانی دێرین مرۆڤ بەڵگەی نیە بۆ داهێنانی ژیانی سیاسی ، چونکە (ڕەوشی سروشتی) هەڵبژاردن و بوونی ئەو بۆخۆی بەشێکە لەسیاسەت .

پرسی ڕەسەنی مرۆڤەکان ، شێوەسازکردن و سامان دانە بەو (بوونە سروشتی)ە کە ئەرستۆ ناوی دەنێ:(سامانی سیاسی کۆمەڵگا، یان politeia ) . بەجۆرە ، سیاسەت لەلای یۆنانی دێرین دەبێتە (هونەری سازماندانی کۆمەڵگا) کەلەسەر بناغەی مەنتقی بوونی تەوەری جیهانی پێکدێت . هەر لەبەر هەمان هۆ ژیان لە دەوڵەتی شاردا لەلای فەیلەسوفانی یۆنانی پرسێکی گرنگ و فەلسەفییە . لە دیدی ئەرستۆدا : ((ئەو کەسەی کە نەتوانێ لە کۆمەڵگادا بژی ، یان ئەوکەسەی بەتەنها دەژی پێویستی بە کۆمەڵ نیە یان خوادیە یان ئاژەڵی وەحشی)) . بۆیە لەلای یۆنانیانی دێرین ئامانجی (سیاسەت) ژیانە لەناو دەوڵەتی شاردا ، کە لەگەڵ خۆیدا زانستی کار یان چالاکی **prattein** دەهێنێتە ئاراوە . ((زانستی چالاکی)) یان کاریگەری ئەو ناسینەیە کە هونەری ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەڕێگای داهێنانی یاساکانەوە دەکاتە ئامانج . لەم ڕووەوە ، سیاسەت تەنها بەڕێوەبردنی کاری کۆمەڵگا نییە ، بەڵکو کار و چالاکییەکە لە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاست و دروستی یاساکان . ئەم یاسایانە ، چ کەسێك یان کەسانێك هەڵیدەبژێرن ؟ لە دیدگای ئەسینای سەدەی پێنجەمی پیش زایین ، داوەری دەربارەی یاساکان و هەڵبژاردنی دادپەروەرانە و ڕاست و دروست ، هیچ کاتێك مەسەلەیەکی تاکە کەسی نییە ، بەڵکو لە دەسەڵاتی کۆمەڵدا پەیدادەبێت . هەر بۆیە ، ئەرستۆ لە بەشی سێ یەم ، فەسڵی یەکەم ، پەراگرافی ١٢٧٥ی کتێبی (سیاسەت)دا دەنووسێ: ((لە ئەسینای دیموکراتیدا دەسەڵات پەیوەندی بە هیچ کەسێکەوە نی یە )). ئەوانەی لە ئەسینادا بەشدارن لەبڕیاردانی سیاسی هەموویان بەهرەمەندن لە یەکسانی گوفتار Isegoria و یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا ، هاوولاتیانی پیاوی سەروو ١٨ ساڵ و لە دایك و باوکی ئەسینایین . لەم بارەوە دەوڵەتی شار تەنها زادگایەك نییە بۆ ژیان ، بەڵکو پێش هەرشتێك (فەزایەکی سیاسی ژیانی هاوبەشە) ، واتە ڕووبەرێکی هەمووانە کە کۆمەڵ تیایدا ئامادەیی هەیە لە هەڵوێست و گوفتار و یاسادا . هەربۆیە ، ڕاستینەی دەوڵەتی شار حەقیقەتی کارو چالاکی ئازادانەی شارۆمەندانە . لەم





ڕەوشەدا ، ڕاستی واقیعەتێکی باڵاتر نییە کە لە گەوهەری دەوڵەتی شار جیابکرێتەوە ، بەڵکو دەوڵەتی شار لە بیرو باوەڕی شارۆمەندانەدا پەیدا دەبێت . لێرەوە دەتوانین ئاماژە بە نەریتی ئەفلاتونی خەبات بکەین لەگەڵ بیرو باوەڕ و هەوڵی پەیداکردنی حەقیقەتی باڵا لە جیهانی ئایدیادا ، کە ئەنجامەکەی دەبێتە ناکۆکی سەرسەختی ئەفلاتون بەرامبەر کارکردنی شێوازی دیموکراسی ئەسینایی . ئەفلاتون بە دڵنیاکردنەوەی لەسەر جیاوازی (**جیهانی بیرو باوەڕ**) لە (**جیهانی بوون**) ی دەوڵەتی شاری ئەسینا ، هەژموونی حەقیقەتی باڵای خستە ناو فەلسەفەی سیاسی یۆنانی دێرین .

## فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست

فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست کە ئەنجامی بەهێزبوونی مەسیحیەتە لە ئەوروپا ، لە دوو نەریتی فەلسەفەی ئەفلاتون (گریك)و فەلسەفەی ڕواقی (ڕۆمای دێرین) کاریگەری وەردەگرێ . لەم بارەوە لە دنیای سەدەکانی ناوەڕاست ، فەلسەفەی سیاسی دەکەوێتە ژێر هەژموونی ئیلاهیاتی مەسیحی . فەلسەفەی سیاسی مە سیحی لەسەر بناغەی ئەندێشەی فەلسەفی باوکانی کڵێسا ، واتە کەسانی وەکو (سانت ئاگۆستین) ، (پۆڵسی قەدیس) و (تۆماس ئەکیوناسی قەشە)پایە ڕێژی کراوە . قەشە پۆڵس لە وتاری خۆی بۆ ڕۆمانییەکان دەڵێت : ((جیهانی مرۆڤ دەبێت پەیڕەوەی لە یاسای خودایی بکات)) و قەشە ئاگوستین بە پەیڕەوی لە پۆڵس فەلسەفەی سیاسی خۆی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەوڵەتی شاری خودایی و دەوڵەتی شاری مرۆڤەکان دادەمەزرێنێ . سەرئەنجام تەوەری سەرەکی فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست چیدی چەمکەکانی polis یان civitas نی یە ، بەڵکو چەمکی ڕژێم regum یان قەڵەمڕەوی پادشایی یە ، کەمەبەست لە قەڵەمڕەوی حەزرەتی مەسیحە .

فەلسەفەی سیاسی مەسیحی لە هەوڵدان بۆ دەوڵەتی شاری (ئەم جیهانە)دا نییە و هەربۆیەش گرنگی بە چەمك و زاراوەی Republica (**پرسی گشتی**) نادات ، بەڵکو باس لەیاسای خودایی و کۆماری ئیلاهی دەکات . بۆ هەمان بەڵگەش ، نەخشی فەلسەفەی سیاسی

کلێسای مەسیحی دۆزینەوەی هۆکار و ناوەندێکە لە نێوان ئیرادەی خودای و ویستی خەڵکا . بەڵام فەلسەفەی سیاسی و مەسیحی چەمکی (سیاسەت) دەخاتە ناو چوارچێوەی سیستەمی نوێی بیروباوەڕ ، کە مەوداکەی بێ پایان و بێ سنوورە لە نێوان خوداوەند و ئافەریدەکانی ئەو خودایە . سەرئەنجام لە فەلسەفەی سیاسی سەدەکای ناوەڕاستا دەوڵەتی شاری مرۆڤ مانای فەلسەفی خۆی لە هەژموونی خودایی وەردەگرێ و ئامانجی کار و چالاکی مرۆڤەکان لە زەمینەی سیاسەتدا هیچ نییە جگە لە بەدەستهێنانی ئەو دنیای دوای زیندووبوونەوە . بەهەمان شێوە ، کە لەلای یۆنانیانی دێرین دەوڵەتی شار بەبێ گەڕانەوە بۆ چەمکی فۆسیس (سروشتی جیهانی) و چوارچێوەی جیهان مەدار کارێکی بێهودە و بێ مانایە . هەروەها لە دیدگای فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا ، کار و چالاکی مرۆڤەکان بەبێ گەڕانەوە و گرنگیدان بۆ دیدگای خودایی پرسێکی ناڕۆشن و بێ مانایە .

### فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن

دابڕانی واقعی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن لەگەڵ ئەندێشەی سیاسی کلاسیك لە سەدەی حەڤدەی زاینی دەست پێدەکات . لەم سەردەمەدا مۆدێرنێتی بە ڕەخنە و تێپەڕاندن ، لە دوو دیدگای جیهان مەداری یۆنانی و ڕۆمی یان خودامەداری سەدەکانی ناوەڕاست ، دەستی دەگات بە دیدگای عەقڵ مەداری یان عەقلانیەت . لەو سەردەمە بە دواوە پرسی سەرەکی فەلسەفەی سیاسی ، مەسەلەی (**داهێنانی سیاسی**) یە . یان بە زاراوەیەکی دیکە بڵێین کە خودی سیاسەت دەکرێتە کاری مرۆڤەکان کە دەبێت ئەفراندنی تێدابکرێت (یان دەبێتە پرسێکی دەستکاری کراوی مرۆڤ artefactum) . لەم سەردەمەدا لەگەڵ تیۆرەکانی (**پەیمانی کۆمەڵایەتی**) ئاشنا دەبین ، کە ئامانجی سەرەکییان دەبێتە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە پەیدا بوونی کۆمەڵگای سیاسی و پەیداکردنی ڕێگاچارە بۆ داوەری کردن دەربارەی سامانی کۆمەڵایەتی و سیاسی . پەیمانە کۆمەڵایەتییەکانی مۆدێرن بە پێچەوانەی پەیمانەکانی سەردەمی دێرین و ناوەڕاست ، هەموویان پەیڕەوی لە عەقلانیەتی سیاسی ، فەلسەفی و کۆمەڵایەتی دەکەن و بە پێچەوانەی پەیمانەکانی مەسیحی لەسەر دیدگای چین بەندی و بیرۆکراتی و





هەڵاواردنی سیاسی نایەتە دی و هەر بۆیە لە پەیمانی کۆمەڵایەتی مۆدێرندا چیدی دەسەڵاتی دنیایی لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی دین و کلێسادا نییە .

بە دەستپێکی سەدەی حەڤدەیەم تیۆری (**مافی سروشتی**) جێگای تیۆری (**مافی خودایی**) دەگرێتەوە و دەبێتە چەمکی سەرەکی و گشتی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن . فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن بە دوور کەوتنەوە لە چوار چێوەی ئیلاهی – سیاسی Theologico-politia کە خاوەن ماهیەتێکی گشتی گەرایە holistic ، سیاسەت دەخاتە سەر پایەی جیهانی عەقڵگەرا و عەقلانیەت . لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی یەکەمی مۆدێرنێتی سیاسی دەژمێردرێت و لە ئەندێشەی سیاسی ماکیافیلی یەوە تا شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ دەخایەنێ . پرسی سەرەکی ئەم دەورانە لە زەمینەی فەلسەفەی سیاسی دا دەبێتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی جیهانی عەقڵ (یان **عەقلانیەتی مۆدێرن**) و دەسەڵاتی سیاسی (یان هەژموون) . لە دوای خوێندنەوەی سەر لەنوێی دەقەکانی یۆنان و ڕۆمان دیدگای تازە لە فەلسەفەی سیاسیدا پەیدادەبێت کە لە چوارچێوەی چەمکی (حاکمیەت)دا پێکدێ . دەسەڵات یان حاکمیەت بەیانگەری فەلسەفەیەکی سیاسییە کە چیدی بەدوای پەیداکردنی ژیانی ئەو دنیا نی یە ، بەڵکو لە هەوڵی پەیداکردن و پاراستنی کۆمەڵگایەکی سیاسییە کە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی پەیمانی کۆمەڵایەتی دامەزراوە . مەبەست لە (دەسەڵات) یان حاکمیەت لەسەردەمی یەکەمی مۆدێرنەی سیاسی دا نە دەوڵەتی شاری جیهان مەداری یۆنانی یە و نەدەسەڵاتی سیاسی خودایی ، بەڵکو مەبەست لەو دەسەڵاتەیە کە هی ئەم دونیاو ژیانەیە و لە ئەنجامی ویست و بەرپرسیاری تاك تاکی کەسە کۆمەڵایەتیەکان پەیدابووە . لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێین لە چوارچێوەی (حاکمیەت) دایە کە لەلای مۆدێرنەکان مێژوو (لەم جیهانەدا) یە و لەسەر بنەمای (سیاسەتی ئەم جیهانە) پێکدێت . یان بە دەربڕینێکی ڕۆشنتر بڵێین کە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن پرسی گشتیRepublica لە

پەیوەندی لەگەڵ سروشتی ماتماتیکی و بەدەستهێنراودا بیرلێدەکاتەوە ، کەدەبێتە پایە و چەمکی دێکارتی res extna .

لە مێژووی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا ، ماکیافیلی بە یەکەمین تیۆرسازی (حاکمیەت)ی مۆدێرن دەناسرێ ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجدانە ئەوەیە کەئەو هیچ کات لە نوسینەکانیدا ئەم چەمکەی بەکارنەهێناوە . ماکیافیلی سیاسەت بە دابڕان لە نەزمی ئیلاهی بیرلێدەکاتەوە و بەناوی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی نەك قەڵەمڕەوی خودا ناوی دەبات، کە لەڕاستیدا ناوەرۆکی دەسەڵاتی مۆدێرنەش ، هەر ئەمەیە . بەم شێوەیە ، دەتوانین بڵێین کە لە ماکیافیلی بەدواوە مۆدێرنەی سیاسی دەبێتە سیاسەتێك بۆمرۆڤ و مرۆڤایەتی . بەڵام ئەگەر سیاسەت خاوەنی ناوەرۆکی مرۆڤانە بێت ، هەر بۆیە دەبێت بەیانگەری پرۆژەی مرۆڤەکانیش بێت و بیرکردنەوە دەربارەی ئەم پرۆژەیە بە مانای فەراهەم کردنی فەزای کاری سیاسی یە . لە دیدی ماکیافیلی دا ئەم بوار و فەزای چالاکی سیاسییە فەزایەکی سەربەخۆیە ، چونکە (لە خۆیدا) و (بۆ خۆی) پێکدێت مانای ماهیەتی ئەم بوارە لەدەرەوەی خۆی دروست نابێت . بەم شێوەیە ئەو فەلسەفە سیاسیەی کە لە مۆدێرنێتەی یەکەمدا بە ماکیافیلی دەست پێدەکات نەلەسەر بنەمای ئیلاهی و نە لەسەر بناغەی نەزمی گشتی جیهانە ، بەڵکو دیدگایەکی ڕەها و تەواوی مرۆڤ مەداری یە . لەم بارەوە ،دەتوانین بڵێین کەلە ماکیافیلییەوە هەتا ئێستا ، سیاسەت ((ئەو شتەیە کە هەیە)) واتە واقعیەتی مێژوویی سیاسی جیهانە و نەك ((ئەو شتەی کەدەبێت هەبێت)) واتە شاری ئایدیایی ئەفلاتۆنی یان ئاگۆستینی . پرسی مۆدێرنەکان سیاسەتی دڵخوازێ مەدینەی فازیلە نی یە ، بەڵکو واقعیەتی سیاسییە کە لە چوارچێوەی چەمکی (حاکمیەت)دا پێکدێ . لەبەر ئەوەی حەقیقەتی سیاسی لە جیهانی مێژوویدا قەرار دەگرێ ، نەك لە دنیای دەرەوەی ئەو مێژووە واقعییە . لێرەدا ماکیافیلی باس لە (پێداویستی یەك) دەکات کە واقعی و مێژوویی یە ، نەك دڵخواز و ئایدیالسیتی . باس لە (پێداویستی) لەلایەن ماکیافیلی بەمانای پەیدابوونی دیدی نوێ لە پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت . لەبیری ماکیافیلی دا ئامانجی کاری سیاسی مەسەلەی چاکە و خراپە نی یە ، بەڵکو بوون و یان نەبوونی دەسەڵاتە .





لەلای ئەو پیاوانی سیاسی پەیامبەرانی چەکدار یان پەیامبەری بێ چەکن ، واتە دەسەڵاتدار یان بێدەسەڵاتن . لەبەر هەمان هۆ ، ماکیافیلی کاری سیاسی لە پەیوەندی بە فەزیلەتی ئەخلاقی ناخاتەڕوو ، بەڵکو باس لە هونەر و توانای وتار دەکات کە سیاسەتمەدار بۆ ڕامکردنی پێداویستی مێژوویی ، پێویستی پێدەبێت . بەو شێوەیە کەزانیمان سیاسەت لە ئەندێشەی سیاسی مۆدێرنیتەی یەکەم (بەپێچەوانەی فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست وەکو گوناهی گوناهکاران سەیردەکرێت) قەڵەمڕەوی کاری مرۆڤەکانە لە چوارچێوەی حاکمیەتی شارەداری یان کۆماری .

جان بودان jean bodin نوسەری (شەش نامە دەربارەی کۆمار) لە بەردەوامی تیۆری سیاسی ماکیافیلی دا باس لە حاکمیەت وەکو (ئیرادەی حوکمڕان) دەکات . بەبڕوای بودان دەسەڵات مانای بوونی توانای یاسادانانە. پاشان دەوڵەت لەسەر بنەمای دەسەڵات قەرار دەگرێت و ئەم دەسەڵاتە خاوەنی ناوەرۆکی مێژوویی سیاسی یە . بەم شێوەیە ، لەلای بودان بنەمای حاکمیەت لە چوارچێوەی دەوڵەتی مێژووییدا بەرجەستە دەبێت . دەوڵەتی مۆدێرن وەکو دەسەڵاتێك سەر هەڵدەدات کە (خاوەن ڕەوایی یە) و (دەسەڵاتدارە)،چونکە ڕەوایی و حاکمیەتی دەوڵەت لە دەسەڵاتی سیاسی دا پوختە دەبێت ، کە سیفەتی دنیایی هەیە نەك خودایی.

لەگەڵ (تۆماس هۆبز )و پرۆژەی (لۆیاتان) حاکمیەت دەبێتە پایە و بناغەی مرۆڤانەی یاسا. هۆبز ، بە پێچەوانەی ماکیافیلی کە هاوولاتی وەکو ناوەندی دەسەڵات دادەنێ ، ئاراستەی بەرە و تاکەکان دەکات کە خاوەنی ویستی بەدی هێنەری پەیمانی کۆمەڵایەتین . لە دیدگای ئەودا حاکمیەت یەکێتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە لە قەوارەی سیاسی و پەیڕەوی ئەوانە لە سازوکار (میکانیزم) و بونیادەکانی ئەو چوارچێوەیە . ئەوەی کە بەدیهێنەری ئەم یەکێتی و پەیمانەیە ، مەسەلەی ئاسایش و ترسە لەمەرگ . بەهەمان هۆکاریش ، ئامانجی پەیمانی هۆبزی ، ئاشتی بەردەوامی بونیاد و پێکهاتەی سیاسییە لە ڕێگای یاساوە . هۆبز بۆشیکارکردنی کۆمەڵگای سیاسی وا بیردەکاتەوە کە باس لە چەمکی ((**ڕەوشی سروشتی**)) بکات بەناونیشانی هەلومەرجی لۆجیکی پێش مەسەلەی سیاسەت . بەڵام سوودی هۆبز لە چەمکی

(سروشت) بەمانای فۆسیسی یۆنانی نی یە ، بەڵکو گەرانەوەی ئەو بۆ سروشتی ماتماتیکی گالیلۆ و دیکارتە.(یاسای سروشتی ) کە هۆبز باسی دەکات نەسروشتێکی ئامانج خوازەو نە سروشتی خودایی. ئامانجی هۆبز دامەزراندنی فەلسەفەی سیاسی نوێیە کە تەواوکەر و گەشەهێنەری گالیلۆیە لەزەمینەی کاری فیزیك دا . هەر بۆیە دەتوانین بڵێین لۆیاتانی هۆبز یەکەمین هەوڵە لە ئاراستەی پیادەکردنی سیاسەت لە جێگای دیدی ئەرستۆ لە سیاسەت و مرۆڤ . هەرچەندە لە لۆیاتان دا هۆبز سەرچاوە و ڕەوایی دامەزراندنی پەیامی کۆمەلایەتی لە (خەڵك)دا دەبینێ ، بەڵام بڕوای وایە کە خەڵك لە بەرامبەر پەیکانێکدا کە لەگەڵ دەسەڵاتدا پێکەوەبن ، لە هیچ شێوەیەکی ئازادی بەهرەمەند نابن .

فەلسەفەی سیاسی (سپینۆزا) دەتوانرێ وەکو دژی دیدگای هۆبزی سەیر بکرێت ، چونکە بنەمای فەلسەفەی سیاسی ئەو لە ئایدیای (ترس لەمەرگ)نییە ، بەڵکو لەسەر پایەی چەمکی ئازادی دامەزراوە . لە کاتێکدا کە هۆبز لە مەیلی تاکەکان دەست پێدەکات .سپینۆزا باس لە چەمکی potential یان هێزی سروشتی مرۆڤ دەکات . لە بیری سپینۆزا ئازادی پایەو بناغەی قەوارەی سیاسی یە و ئامانجی سامانی سیاسی ، ئازادی مرۆڤە نەك هەژموونی حوکمڕان بەسەر خەڵکا . لە هەمان ڕوانگەوە ، سپینۆزا کۆکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتەکان لەدەستی یەك کەسدا بە جۆرێك لە کۆیلایەتی دەزانێ ، نەك ئاشتی . لەوانەیە هەر لەبەر هەمان هۆیێت ، کە لە دیدگای سپینۆزادا هێزی سروشتی تاکەکان پرسێکی دابەشکراو یان لە یەك جودا نییە ، چونکە هەروەکو خۆی دەڵێت ئازادی سیاسی پێداویستیەکی سروشتییە بۆ هەمووان.

(مۆنتسکیۆ)ش وەکو سپینۆزا ئامانجی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن بە پرسی بوونی ئازادی دادەنێ . پرۆژەی مۆنتیسکۆ لە (گیانی یاساکان)دا دەربارەی ئازادی و شێوە سازکردنی ئازادی یە لە بونیادی یاسای بنەڕەتی یان دەستووردا . بەبڕوای مۆنتسکیۆ ، ئازادی تەنها لە پەیوەندی لەگەڵ پێداویستی یاسادا پەیدا دەبێ و ئەوەی کە ئێمە بە (یاسا )ناوی دەبەین لە ڕاستیدا شتێك نییە جگە لە پەیوەندی نێوان تۆخمە پێکهێنەرەکانی سامانی





مێژوویی-سیاسی . پرسی مۆنتسکیۆ بە پێچەوانەی هۆبز و سپینۆزا بەدیهێنانی پەیمانی کۆمەلایەتی نییە ، بەڵکو هاوتابوونی سیاسی یە لە کۆمەڵگا دا . پرسی فەلسەفی ئەو دەربارەی شێوەی دامەزراندنی قەوارەی سیاسی نییە .فەلسەفەی سیاسی مۆنتسکیۆ لەسەر پایەی پرسێك دادەمەزرێ کە لەبونیادەکاندایە و بە تایبەتی بونیادی (یاسا) . مۆنتسکیۆ لە خۆی دەپرسێ : ((چ شتێك پێکهاتەی دامەزراوەیەکی سیاسی دیاری دەکات ؟))و وەڵامی ئەو بۆ ئەو پرسیارە دەبێتە : یەکێتی نێوان (سروشت)و(بنەما) . دەوڵەت لە دیدی مۆنتسکیۆ گشتێکی سروشتی و ئسوڵییە . سروشت یان سروشتی هەر حکومەتێك لەگەڵ بنەمایەکدا جووتە ، بۆ نموونە ترس لەلای دیکتاتۆرو فەزیلەت بۆ کۆماری . لەبەرئەوە، بۆ پەیداکردنی هاوتایی لەگەڵ دەوڵەت دا دەبێت گرنگی بدرێت بە پەیوەندی نێوان سێ هێزە بڕیاردەرەکە (یاسادانان ، جێبەجێکردن و دادوەری )و ئەوان بەشێوەی مەنهەجی لەیەك جیابکرێنەوە . بەبڕوای مۆنتسکیۆ لەو دەوڵەتەی کەلەسەر بنەمای ئازادی پێکهاتووە ، هەرهێزێك ڕێگا دەگرێت لەڕەهایی و سەرەڕۆیی هێزێکی دیکە . هەروەك زانیمان ، فەلسەفەی سیاسی مۆنتسکیۆ بۆ یەکەمجار لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی **کۆمەڵناسی** لە شێوە جیاوازەکانی دەسەڵات پەیدا دەبێت و مۆنتسکیۆ وەکو کۆمەڵناسێکی مۆدێرن ئەم جیاکردنەوە و پلەدانانە لە گرنگیدان بۆ یاسای بنەڕەتی (دەستوور) ، بەریتانیا لە بەرامبەر دیکتاتۆری پادشایی فەرانسادا دەخاتە ڕوو . مۆنتسکیۆ لە هەوڵی مۆدیلێکی گشتی و جیهانی دایە بۆ حاکمیەتی سیاسی کە بە بڕوای ئەو لەدەستوری بەریتانیادا بەرجەستەدەبێت .

لەگەڵ (جان جاك ڕۆسۆ)دا تەواوی چەمکی حاکمیەتی دەکەوێتە ژێر پرسیار . هۆبز ، سپینۆزا و مۆنتسکیۆ هەرسێکیان کەباسی حاکمیەت دەکەن ، باس لە هۆکارێك لەگەڵیا دەکەن . بەڵام لەلای ڕۆسۆ ڕەوایی سیاسی لەسەر پایەی حاکمیەتی خەڵك ، نەك لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی دادەمەزرێ. لەم بارەوە ، ڕۆسۆ فەیلەسوفێکی مۆدێرنە بەڵام بەهەناسەی کلاسیك، هەربۆیە تێدەکۆشێ تا ئەزمونی یۆنانی دێرین لە مۆدێرنێتەی سیاسی دا پیادە بکات . لەلای ئەو نوێنەرایەتی سیاسی جگە لە فەسادی حاکمیەت شتێکی دیکەی نییە، چونکە بەبڕوای ئەو



هەواڵنامەی کتێب

ویست و ئامانجی خەڵك پرسێکە کە دابەش ناکرێ. بنەمای بوون ناسی فەلسەفەی سیاسی رۆسۆ (ئیرادەی گشتی)یە.((ویستی گشتی)) مانای ئەو هەوڵانەیە کە بەیانگەری ئەندێشەی خەڵکە دەربارەی خەڵك. یان شێوەیەکی تر، هەروەك و ڕۆسۆ دەڵێ: ئەو کاتەی خەڵك بیردەکەنەوە ، ئەندێشەی ئەوان شێوەیەکی گشتی بەخۆوە دەگرێت ، چونکە هەمویان بەشێوەیەکی گشتی بیر لەئازادی دەکەنەوە . گومانی تێدا نییە کە رۆسۆ یەکێکە لە گرنگترین تەوەرەکانی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن و تەواوی کۆششی فەلسەفی و سیاسی لیبرالیزم لەدوای سەدەی نۆزدەو کەسانی وەکو( بنیامین کۆنستان) و ڕەدکردنەوەی ئەندێشەی سیاسی ڕۆسۆ و تیۆری دیموکراسی بەبێ هۆکار و ناوەندە لەلای رۆسۆ، (واتە بوونی دەسەلاتی دیموکراسی بەبێ سیستەمی نوێنەرایەتی کە ڕۆسۆ ناوی دەنێت دەسەڵاتی خەڵك یان حوکمی گەل) .

لە ڕۆسۆ بەدواوە و لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسا و ئاکامە مێژوویی و فەلسەفیەکانی سەردەمی دووەمی مۆدێرنیێتەی سیاسی دەستپێدەکات ، کە پەیام و بەرنامەی فەلسەفی لە سێ فەیلەسوفدا پەیدا دەبێت و ئەوانیش (کانت ، فیشتە ، هیگڵ )ن . ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە رۆسۆ بیرمەندێکی فەلسەفییە ، کەتەواوی دەوڵەتی مۆدێرن نە لە (نیهادی مێژوویی) وەك مۆنتیسکیۆ دەبینێ بەڵکو لەچوارچێوەی بیری فەلسەفی (ویستی هاوبەش)دا بیردەکاتەوە . هەربۆیە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ئایدیالیزمی کانت و فیشتە و هیگڵ ئەو هەوڵانەیە بۆ سیستەم کردنی ئەم بیر و بەیانکردنی ئەو ئایدیایە لە قەوارەیەکی میتافیزیکدا . خوێنەرانی وردبینی کانت دەزانن کە ئەو قەوارە سیاسی یە و ئامانجی ئەو سیاسەتە لەسەر بنەمای (عەقڵی پوختی عەمەلی ) پایە ڕێژی دەکات . ئەنجامی فەلسەفی ئەم کارە دووشتە : یەکێکیان ، گرنگی دانە بەژیانی هاوبەشی سیاسی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ماف وەکو بیرێکی پێشینی عەقڵ ... دووەمیان ، خستنەڕوی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و دەوڵەتە لەسەر پایەی چەمکی مافەکان . لە دیدی کانت ئەوەی ڕەهایە و دەبێت پەیڕەوی لێ بکرێت حاکمیەتی یاسایە نەك حاکمیەتی حوکمڕان ، لەبەر ئەوەی یاسا بیرێکی عەقڵانییە کە عەقڵ بەشێوەی سەربەخۆ بەخۆی دەدات . پەیڕەوی لەیاسا وەکو پەیڕەوی لەعەقڵ و ئاگاهییە لە چەمکی





(مرۆڤایەتی) کە بنەمایەکی گشتی یە و ئێمە بەرەو دیدگای ئاشتی بەردەوام و پابەند دەبات. بەبڕوای کانت ئاشتی بەردەوام لە ئاکامی بەرجەستە بوونی کارکردنی عەقڵی کردەییە (عەمەلی) . یان فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن لەگەڵ بیرکردنەوە لە دەوڵەت وەکو پرسی سیاسی و ئیرادەی مۆدێرن دەردەکەوێ ، کە ئامانجی خۆی لە ئاشتی مەدەنی و نێونەتەوەیی بەردەوام و پابەندبوون بە ئاشتی پەیدا دەکات . بەم شێوەیە و لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای سیاسی لەسەر بنەمای هیچ شێوەیەك لە بنەمای باڵا و لە پێشەوە دیاریکراو دانامەزرێ، هەربۆیە بەرجەستە بوونی حاکمیەتی عەقڵانی خەڵك لە چوارچێوەی یاسادا بە ئەنجام دەگات.

سەرەنجام دەگەینە وێستگەی فەلسەفی سیاسی (هیگڵ) کە خاڵی کۆتاییە لە سەردەمی دووەمی مۆدێرنێتەی سیاسی. ئامانجی هیگڵ هێنانەدی ئاشتیە بە ئایدیای ڕۆسۆیی دەوڵەت ( کە لەسەر پایەی ویستی گشتیە) لەگەڵ فەلسەفەی **دیاردە ناسی** خۆی (کە کاروانی عەقڵە لەمێژوودا ). دەوڵەتی هیگڵ پێکهاتەی مۆدێرن و عەقڵانییە ، چونکە هەروەکو زانیمان یاسا لە دیدگای مۆدێرنەکاندا بەرجەستەبوونی کۆمەڵگای مۆدێرنە. لەدیدی هیگڵدا دەوڵەت بەشێوەی عەقڵانی بیر لە خۆی دەکاتەوە و لە چوارچێوەی گشتی یاسا یان یاسای گشتی دا ئەم کارە بەئەنجام دەگەیەنێ. لەبەر هەمان هۆ هیگڵ بڕوای وایە ئەو شتەی کە واقعییە ئەقڵانییە و ئەوەش کە عەقڵانیە واقعییە . لەلای هیگڵ ، دەوڵەت خاڵی بەیەك گەیشتنی نێوان واقعیەتی مێژوویی و عەقڵی دیاردە ناسییە . هیگڵ بە پێچەوانەی تیۆرسازانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی (ڕەوشی سروشتی )دا نییە، چونکە بیر لە سەرچاوەی دروست بوونی دەوڵەت ناکاتەوە . لەلای هیگڵ دەوڵەت پرسێکی مێژوویی و دیاردە ناسییە و هەر بۆ ئەو مەبەستەش پێکهاتەی دەوڵەت لە خودی دەوڵەتدایە . سەرئەنجام، لەلای هیگڵ فەلسەفەی سیاسی شێوەی **مێژوو گەرا** بەخۆوە دەگرێ و دەوڵەتی هیگڵ سەرچاوە و ئامانجی مێژوویی هەیە. بەبڕوای هیگڵ دەوڵەت ڕاستییەکە کە تێیدا بەشی تاك (جزئيت فرد ) لەگەڵ عەقڵی گشتی دا بە ئاشتی قەرار دەدەن . لەوانەیە هەر لەبەر هەمان هۆ بێت ، کەلەلای هیگڵ تەنها دەوڵەت نەك کۆمەڵی مەدەنی دەتوانێ بانگەوازی گشتی بکات. چونکە کۆمەڵی مەدەنی فەزای ئابووری کۆمەڵگا



هەواڵنامەی کتێب

پێکدەهێنێ، واتە **(سیستمی پێداویستییەکان)** و ئازادی و لە چوارچێوەی سیستمی پێداویستییەکان پەیدا نابێت . هیگڵ فەلسەفەی سیاسی بە واقعیەتی ( ئەخلاقی گشتی)وەسف دەکات . ئەخلاقی گشتی یەکێتی نێوان (مافی سەندرا و ) (ئەخلاقیات)ە. واتا ئەوەی کە ماف بەشێوەی سیستمی ئەخلاقی گشتی لەلایەن هاوولاتیانەوە دەروونی دەکرێت(یان پەیدا دەکرێت). پاشان ئاکاری گشتی چونیەکی نێوان واقعیەتی بەدی هێنراوی تاکەکانە لە پایەی ئازادی و ڕەوەندی گشتی پەیدابوونی مافدا. دەوڵەت عەقلانی ترین و دوا قۆناغی بەدی هاتنی مافە. بەقسەی هیگڵ دەوڵەت ئازادی بەدی هێنراوە. بەم شێوەیە زانیمان ، کە دیدی هیگڵ بۆ فەلسەفەی سیاسی قۆناغێکە لە ڕەوەندی گشتی ڕۆح و فکر کەبەشێوەی **دیاردە ناسی لۆجیکی** لە مێژوودا دەرئەکەوێ . سەرئەنجام لەدوای فەلسەفەی سیاسی هیگڵ سەردەمی دووەمی مۆدێرنەی سیاسی کۆتایی دێت ، یان بەوشێوەیەی هایدگەر ، هیگڵ بە کۆتایی میتافیزیکی زهنیەت دادەنێ بەهەمان شێوە کۆتایی دەورەیەکیشە لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن.

سەردەمی سێی یەمی مۆدێرنەی سیاسی بە مارکس و نیچە دەست پێدەکات. تایبەت مەندی ئەم سەردەمە ناکۆکییەکە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی هیگڵ و میتافیزیکی زهنیەتدا . مارکس و نیچە بەرپرسیار و گومان لە میتافیزیکی ڕۆژئاوا وبەتایبەتی مێژووی فکری بنەماکانی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن دەخەنە بەر پرسیار و ڕەخنە. لە دیدی مارکسدا وەڵامی پرسیارەکانی کۆمەڵایەتی سیاسی چیدیکە وەزیفەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن نییە، چونکە هەروەکو مارکس خۆی دەڵێ پراتیکی شۆڕشگێڕی کە بڕیاردەرە بۆ شێوەی سیاسی ئایندە پەیوەندییە ئابووری و سیاسیەکانی نێوان هاوولاتیانیش دیاری دەکات . مارکس سیاسەت لە قەڵەمڕەوی فەلسەفە دەکاتە دەرەوە ، چونکە لەلای ئەو فەلسەفە لەمەودوا توانای بیرکردنەوەی دەربارەی سیاسەت نییە . مارکس بە خستنە ژێر پرسیاری قەوارەی سیاسی هیگڵ، ئازادی مێژوویی سەرلەنوێ لەسەر پایەی گشتێکی شۆڕشگێرانە دادەنێ. بەم شێوەیە





مارکس **(بوون ناسی شۆڕش)** دەخاتە جێگای دیاردە ناسی هیگڵ . فریدریك نیچەش بەدەوری خۆی دەربارەی پرسیار و گومان لە مێژووی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا ( کە خاڵی سەرەتای ئایدیالیزمی ئەفلاتون و کۆتاییەکەی ئایدیالیزمی هیگڵی یە) فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن دوچاری قەیران دەکات. ئەو بەڕەخنە لە بەهاکانی مەسیحیەت و بەها سیاسیەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی مۆدێرن لە هەوڵی پەیداکردنی شێوەیەکی نەوعی و ئەزەلی یە بۆ مرۆڤ کە لە چەمکی گشتی**( ویستی بەرەو دەسەڵات)** پێکدێت. نیچە ، تێدەکۆشێ تا مرۆڤی دیموکراتی مۆدێرن بخاتە پشت سەری خۆی و بگاتە مرۆڤێکی نوێی خاوەن بەهای تازەی فەلسەفی و سیاسی . پەڕینەوەی نیچە کە ئەو بە **(ئاوابوونی مرۆڤایەتی)** ناوی دەبات بەمانای نەفی کردنی جەوهەری مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو لە هەوڵی گەشە و تەواوکردنیدایە. نیچە بەدوای ڕێنسانسی تازەدا دەگەڕێت کە ڕەخنەی ڕەها لە بەهاکان لەگەڵ خۆی بهێنێ. ڕەخنەی ڕەها لە بەهاکان بەمانای ڕەخنە و پەڕینەوە لە هێزە لاوازگەر و وێرانکەرەکانی مرۆڤ دێت. بەشێوەیەکی دیکە، لە دیدگای نیچەدا خەباتی سیاسی نەبەردێکی دەروونییە کەلە نێوان دوو دیدگای ئەخلاقی لەناو خودی مرۆڤدا ڕودەدات . هەربۆیە دەتوانین بڵێین کە لەگەڵ نیچەدا فەلسەفەی سیاسی دەبێتە **ڕەسەن ناسی ئەخلاقی** .

لەدوای ڕەخنەی مارکس و نیچە لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن بەرەو **سەردەمی چوارەمی مۆدێرنێتەی سیاسی** بەڕێ دەکەوین . گرنگترین تایبەتییەکانی ئەم قۆناغە ڕووبەڕووبونەوەی فەیلەسوفانی سیاسیە لەگەڵ گەشەی **عەقڵی ئامێری** و واقعیەتی **تۆتالیتاری سیاسی** سەدەی بیستەم. لەم سەردەمەدا ئێمە لەگەڵ سێ ڕێبازی سەرەکی دژ بەیەك لە زەمینەی فەلسەفەی سیاسی دا ئاشنادەبین:

**یەکەم:** ڕەخنەی ستراوس لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن کەلە پاش ڕەخنەی هایدگەر لە مێژووی میتافیزیك هاتۆتە گۆڕێ .

هەواڵنامەی کتێب

**دووەم:** ڕەخنەی هاناْئارێنت لە سیاسەتی مۆدێرن و کەشفی سەرلەنوێ ی کاروچالاکی سیاسی .

**سێ یەم:** ڕەخنەی پۆست مۆدێرن لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری سیاسەتی مۆدێرن کە بە ئاستەنگی بکەری میتافیزیکی(سوژەی میتافیزیکی) و ئاوابوونی هۆکاری سیاسی مۆدێرن ئەنجامی دەبێت.

لە فەلسەفەی سیاسی **پۆست مۆدێرن** دا سێ تەوەرەی سەرەکی فکری هەیە کەلە بەرهەمەکانی فۆکۆ، بۆدریار و فاتیمۆدا دەبینرێت. (میشێل فۆکۆ) فەلسەفەی سیاسی لەو چوارچێوەی کە ئەو پێی دەڵێ **(مایکرۆ فیزیکی دەسەڵات)** جێگا دەکاتەوە. (جان بۆدریار) بڕوای بە ئاوابوونی بکەری سیاسی و کۆتایی هاتنی فەلسەفەی سیاسییە و (جیانی فاتیمۆ)ش لەو باوەڕەدایە کە لە سەردەمی پۆست مێژوودا (کە ئێمە ئێستا تیایدا دەژین) لەگەڵ ئاستەنگی چەمکە سەرەکی و بناغەییەکانی حەکایەتی مۆدێرنی دەوڵەت دەرگیرین. بەم شێوەیە ، ئەزمونی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورت خایەن دەچێتە جێگای ڕوایەتە مێژوویی و سیاسییە مەزن و درێژ ماوەکان .

بەڵام پرسی سەرەکی بۆ زیندوو کردنەوەی فەلسەفەی سیاسی لەنێوان لیوستراوس و هانا ئارێنت دا ڕوودەدات . لیوستراوس لەدوای نیچە و هایدگەر لەو بڕوایەدایە کە ڕۆژئاوا دەرگیری قەیرانێکی مەعنەوی قوڵە. بەڵام ئەو بە پێچەوانەی نیچە و هایدگەر ڕیشەکانی ئەم نیهلیزمە (بێ هودەیی) هاوچەرخە لە تێپەڕبوونی فەلسەفەی کلاسیك بەرەو فەلسەفەی مۆدێرن دەبینێت. لەلای ستراوس ئەندێشەی سیاسی ڕۆژئاوا خاوەن دوو ڕووە: ڕوویەکی کلاسیك و ڕوویەکی مۆدێرن. جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕووە لەسەر بنەمای چەمکی (سروشتی )قەیران دەگرێت. لە دیدگای ستراوس فەلسەفەی کلاسیك (سروشت) وەکو چەمکی ئەبەدی لەبەرچاو دەگرێت و کە بڕیاردەری سیستمی جیهانییە. هەربۆیە ، لەلای کلاسیکەکان چەمکی( مافی سروشتی) لە دەرونی بونیادی ژیانی هاوبەشدا دەخرێتە ڕوو. کلاسیکان، (ژیانی هاوبەش) لەسەر بنەمای ئامانج یان telos بەرقەرار دەکەن. لەم بارەیەوە، دەتوانین بڵێین کە فەلسەفەی سیاسی کلاسیك





خستنەڕوی ئەو پرسیارەیە کە: ((باشترین سیستەمی سیاسی کامەیە؟)) ستراوس بڕوای وایە کە وەڵامی ئەم پرسیارە لەناو دیدگای مێژوو پەیدانابێت. بەوتەی ئەو، جەوهەری مێژووگەری فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن ، مەسەلەی (واقعیەت ) و بابەتی (ئامانج) ە، (واتا ئەوەی کە دەبێت هەبێت و ئەوەی کە بۆ خۆی هەیە ، وەکو یەك تەماشا دەکرێن یان دەیانکەنەیەك). ماکیافیلی یەکەمین بیرمەندی مۆدێرنەیە کەبەمەبەستی بەدیهێنانی بوونیادی فەلسەفی سیاسی مۆدێرن ئایدیای نەزمی سروشتی و توێژبەندی یۆنانی دێرین دەخاتە ژێر پرسیارەوە و مێژوو بەوە دادەنێت کە ناوەندێکە لە نێوان (( ئەوەی کە هەیە)) و (( ئەوەی کە دەبێت هەبێت)) . بەڕستەیەکی ڕۆشنتر، ستراوس کێشەی گەورەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن لەوەدا دەبینێت کە مۆدێرنەکان پرسی (( باشترین سیستمی سیاسی)) کە پەیوەندی بەدەسەڵاتی یەك کەس (ماکیافیلی) یان حاکمیەت بەکۆمەڵ (ڕۆسۆ) لەبەرچاو دەگرن و ڕەخنە لە (سیستمی سروشتی بابەتی) دەگرن. یەکێك لە مەسەلە گرنگەکانی لیوستراوس شێوەی خوێندنەوەی مۆدێرنەکانە بۆ دەقە کلاسیکەکان . ئەو بڕوای وایە، لەبەر ئەوەی فەلسەفەی سیاسی کلاسیك مانای (ئەفلاتون ، ئەرستۆ و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست) مێژووگەرانی یە، هەربۆیە ناتوانین لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بگەینە حەقیقەتی دەقەکانی فەلسەفەی سیاسی کلاسیك. یان دەبێت بۆ تێگەیشتنی دەقەکانی کلاسیك هەوڵ بدەین بۆ تێگەیشتن لە چەمکی (حەقیقەت) ی ئەو دەقانە . ئەم کارە کاتێك ئاسان دەبێت کە بەتەنها نەگەڕێینەوە بۆ خودی ئەو دەقانە، بەڵکو گرنگی بۆ دیاردەیەك دابنرێت کە دەقەکان ئێمە بەرەو خۆیان ڕێنمایی دەکەن . لەبەر ئەوە ستراوس بڕوای بە( هونەری خوێندنەوەی نێوان دێرەکان )ە ، چونکە لەلای ئەو فەیلەسوفی کلاسیك بۆ دووجۆر خوێنەر شتیان نوسیوە: خوێنەری گشتی و شێوەیەکی تایبەتی لە خوێنەر، ئەوەی کە بۆ هەموان نوسراوە ئاشکرا و دیارە ، بەڵام ئەوەی کە بۆ کەسانی تایبەت نوسراون ، ڕەمز ئامێز و نهێنی دارە. سەرەنجام، هەروەکو زانیمان نەریتی ستراوس لە فەلسەفەی سیاسی ، گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفەی کلاسیك . ئەم نەریتە کەلە زانکۆی شیگاگۆوە پەیدابووە ، پاشان بەهۆی قوتابییەکانی ستراوس و بەتایبەتی ئالان بلۆم بەردەوام دەبێت.



هەواڵنامەی کتێب

نەریتێکی دیکە کە لە ٣٠ساڵی ڕابردودا کاریگەری بەرچاوی لەسەر فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن هەبووە لە ئەندێشەی سیاسی هانائارێنت دا دەردەکەوێت. هەرچەندە کە ئارێنت خۆی وشەی ( تیۆری سیاسی) لە جێگای (فەلسەفەی سیاسی) بەکار دەهێنێ و بەڕۆشنی لە کتێبی ( نەریتی پەنهان) دائاماژە بەوە دەکات کە ((پەیوەندی بە فەیلەسوفانەوە نییە)) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەخش و کاریگەری گرنگی هەیە لە پەیدابوونی فەلسەفەی سیاسی دیموکراتی نوێ لە ڕۆژئاوا . هەرچەندە کە ئارێنت هاوڕانییە لە دابەشکردنی ستراوس لە نێوان فەلسەفەی سیاسی کلاسیك و مۆدێرن، بەڵام ئەو خۆی یەکێکە لە ڕەخنەگرانی سەرسەختی مۆدێرنێتی. ئارێنت بڕوای وایە کە ئێمە لە سەردەمی مۆدێرن دا  دووچاری دووشێوەین لە نامۆبوون : لەلایەك نامۆبوون لەگەڵ جیهان و لەلایەکی دیکە نامۆبوونمانە بە گۆی زەوی. ئەم نامۆبوونە دوولایەنە بەهۆی دابڕانێکەوەیە کە لەگەڵ ڕابردوومان دەبێت. بەڵام، ئارێنت بەئاگابوونی تەواو لەم دابڕانە تێدەکۆشێ کە پەیوەندیەکی نوێ لە نێوان مرۆڤی مۆدێرن و میراتی فەلسەفەی ڕابردوو بەدیبهێنێت. ئارێنت ئەم پەیوەندییە لە چالاکی (بیرکردنەوە) دا دەبینێت. ئەندێشە لەلای ئارێنت بەمانای ختستنەڕووی پرسێکە لە ماهیەتی سیاسەت و چۆنێتی ژیانی سیاسی مرۆڤەکان . بەبڕوای ئارێنت ، لەسەردەمی ئێمەدا پەیوەندی نێوان (ئەندێشە) و (ڕووداو) دەپچڕێ و کاری فەیلەسوف و بیرمەند سەرلەنوێ بیرکردنەوەیە دەربارەی ڕووداوەکان . بیرکردنەوە لە ڕوداوەکان ، بەمانای بەدیهێنانی ئەو تەوەرە فکریانەیە کە بۆ سامان بەخشین بەمانا سیاسیەکی گرنگن. لەو جێگایەی کە سیاسەت ئەو جیهانە هاوبەشەیە کە مرۆڤەکان لەیەکتر نزیك دەکاتەوە، هەربۆیە دەتوانین خودی سیاسەت بەو فەزایە دابنێین کەمانا دەدات بەژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵ. لە دیدگای ئارێنت سیاسەت تەنها فەزایەکە کە مرۆڤەکان تیایدا دەتوانن لەوێدا دەستیان بە ئازادی خۆیان بگات.و لەم ڕووە وە سیاسەت جیهانێکی فرەیە ، چونکە جیهانی هاوبەشی مرۆڤەکانە . ئەم فرەیی یە مەرجی سەرەکی و پێویستە بۆ ((گوفتار)) و ((چالاکی)) مرۆڤەکان . بەبڕوای ئارێنت (چالاکی) هەمیشە سەرەتایەکی نوێیە و ئەم دەستپێکە تازەیە کە ڕێگای ئازادبوون بۆ ئێمە فەراهەم دەکات . ئارێنت دوو مەسەلەی ، ئازادی





و کاری سیاسی لە پەیوەندی لەگەڵ دوو پرسدا دەخاتە ڕوو . **یەکەم** ، ئەوەی کەچۆن دەتوانین لەدوای ئەزمونی ڕژێمە تۆتالیتارەکان دەربارەی سیاسەت بیربکەینەوە  و **دووەم** ، چۆن و بۆچی لە جیهانی ئەمڕۆدا فەزای تایبەتی بەسەر فەزای گشتی دا دەسەڵاتدارە ؟ بەبڕوای ئارێنت ، وەڵامی ئەم دوو پرسیارە لە شێوەی بیرکردنەوەو دادوەری کردن دەربارەی ڕووداوە مێژووییەکان پەیدا دەبێت . بەبڕوای ئەو بیرکردنەوە واتە هەوڵی پەیداکردنی مانا و داوەری ڕاست و دروستە دەربارەی جیهانی هاوبەشی مرۆڤەکان . بۆیە  بەتەنها ختستنەڕوی پرسیارو داوەری ڕاست دەبێت کە مرۆڤەکان دەتوانن دەربارەی بابەتی (خراپە) کەهەڕەشە لە سیاسەتی (جیهانی هاوچەرخ دەکات) بەرپرسیارانە بیر و کرداربکەین . لەلای ئارێنت تەنها ڕێگای خەبات لە بەرامبەر (خراپە) و نائومێدی یە کەلە زەمینەی سیاسەتدا پەیدا دەبێت ، کەدەتوانین سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە سیاسەت ئەنجام بدەین. سەرلەنوێ بیرکردنەوە مانای توانای ختستنەڕوی پرسیارەکانە لە بەرامبەر ڕوداوە سیاسییەکان.

سەرەنجام ، لەوەڵامی پرسیاری (**فەلسەفەی سیاسی چی یە؟** ) دەتوانین بڵێین . فەلسەفەی سیاسی ئەو سیاسەتەیە کە بیری لێدەکەینەوە ، مانای ئەوەی کە سیاسەت بگۆڕین بۆ چەمك و تێگەیشتنی فەلسەفی . بەم جۆرە ، فەیلەسوفی سیاسی بە ختستنە ڕووی چەمکی ڕاستەقینەی سیاسەت دەتوانێت دەستی بگاتە حەقیقەتی سیاسەت ، چونکە فەلسەفەی سیاسی جگە لە سیاسەتی فەلسەفی شتێکی دیکە نییە .

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوە:

ڕامین جهانبگلو، (حاکمیت و ئازادی) درسهای در زمینەی فلسفەی سیاسی مدرن، نشرنی ،چاپ دوم تهران، ١٣٨٤، ل ل ٩ – ٢٨.

تێبینی/ هەموو ناونیشانەکانی ناو لێکۆڵینەوەکە ، بەسەرنجدان لە خودی بابەتەکان لەلایەن وەرگێڕی کوردیەوە دانراوە.





# ڕامانێك لە ئیسنۆلۆجیا

زریان حاجی

یەکێك لەوبابەتەگرنگانەی فەلسەفەی مێژوو بایەخی پێ ئەدات، تێڕوانین و شیکارکردنی ئەو زانستانەیە کە پەیوەندیدارن و لێکدانەوەی تایبەتیان سەبارەت بەمێژوو هەیە، چوونکە بە توێژینەوە و لێکۆڵکاری لەو زانستانەدا کەسی مێژووناس زیاتر شارەزادەبێت لە تێگەیشتنی ڕاستییە مێژووییەکاندا. دیارە ئەمەش بۆخۆی لەدواجاردا یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ ئەو بابەتە، ئەمەش هەروەك پەیوەندییەکانی مێژوو بەزانستەکانی جوگرافیاو کۆمەڵناسی و ئایینناسی و شوێنەوارناسی و...هتد کە ئەمانە بۆخۆیان جێگای مشتومڕو لێدوانێکی زۆری نێوان فەیلەسوفان و بیریارانی بواری مێژوون. هەرچیش لایەنی پەیوەندی بەزانستی کۆمەلایەتیەوە (لێکدانەوەی کۆمەڵناسی بۆ مێژوو)، لەم بوارەدا پشکی گەورەی بەردەکەوێت ، چوونکە بەتێگەیشتن و قوڵبوونەوە لە سیفەتەکانی مێژووی کۆمەلایەتی زۆر بواری شاراوەی مێژوو بەدەردەکەوێت . ڕەنگە هەروا لەخۆڕانەبێت زانایەکی گەورەی بواری کۆمەڵناسی وەك (د.عەلی وەردی) گەورەترین شاکاری خۆی لەسەر مێژووی کۆمەلایەتی و پەیوەندی کۆمەلایەتی بەمێژووەوە . نوسیبێتەوە، هەروەك لەچەند بەرگەکەی (**لمحات إجتماعية من تاريخ العراق المعاصر**) دا دەردەکەوێت، کەبەخوێندنەوەی ئەو کتێبە نەك بەتەنها لایەنی کۆمەلایەتی ئەوسەردەم و مێژووەت بۆ دەردەکەوێت بەسوود وەرگرتن لە ڕووداو و شیکارە کۆمەلایەتییەکان، ئەوا چەندین ئەڵقەی وونی مێژووی عێراق تیایدا دەردەکەوێت ئەمەش لەدواجاردا دەبێتە باشترین نمونەی لێکدانەوەی ئەسنۆلۆجیا بۆ مێژوو . بەڵکو دەتوانین بڵێین لە ڕێگای ئەم زانستەوە کەسی مێژوونووس دەتوانێت زیاتر ڕۆبچێت و لەڕێگایەوە مێژووی بۆ ببێتە ئاوێنەیەك



هەواڵنامەی کتێب

و لەڕێگایەوە ژیانی داهاتوو بۆ خوێنەر ڕووناك بكاتەوە و زیاتر چێژ لەو بابەتە وەربگرێت، بەهەرحاڵ ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا هەڵوێستەی لەسەربکەم پەیوەندی ئەسنۆلۆجیایە بە مێژوو و فەلسەفەی مێژوو ، وە هەڵسەنگاندنی لێكدانەوەكانی ئەم زانستەیە بۆ مێژوو لەڕوانگەی فەلسەفەی مێژوودا. بەڵام دیارە لێرەدا ئەوەی كە جێگای سەرنجەو هەڵوێستەی ئەوێت ئەوەیە كە تا ئێستا لەو پەیوەندی و لێكدانەوانە نەكۆڵراوەتەوە یان باس نەكراوە كەلەنێوان زانستی ئەسنۆلۆجیاو مێژوودا هەیە، كە لەڕاستیدا ئەم زانستەبۆخۆی لەلێكدانەوەكانیدا بۆ مێژوو لێكدانەوەیەكی گەورەی هەیەو بەهۆیەوە مێژوونووس دەتوانێت شیكارێكی ڕاست بۆ زۆرێك لە ڕووداوە مێژووییەكان بكات ..

لەم باسەماندا هەوڵ ئەدەین بەپوختی و لە سێ خاڵدا ئەم زانستە بناسێنین چ لەڕووی زمانەوانی و چ لەڕووی بەراورد كردنی لەگەڵ زانستەكانی تری وەك ئەنسرۆپۆلۆجیاو پاشان هەوڵ دان بۆپێناسەكردنی ئەم زانستە و وەرگرتنی چەند پێناسەیەكی جیاواز بۆی و لەسۆنگەی ئەمانەشەوە لەگرنگترین لێكدانەوەكانی ئەم زانستە بۆ مێژوو دەربخەین ، بەم جۆرەی خوارەوە:

## یەكەم : لێكدانەوەیەكی زمانەوانیانە بۆ ئەم زانستە :

لەڕووی زمانەوانییەوە ووشەی ((ئەسنۆلۆجیا)) بنەڕەتێكی یۆنانی هەیەو لەزمانی یۆنانی دا بە ( Ethnos ) هاتووە ئەویش بەمانای زانستی گەلان ( **علم الشعوب**) یاخود باشتر بڵێین دراسەی گەلان ( **دراسة الشعوب** )دێت .

بەڵام ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەكی گشتگیرو یەكانگیری بۆبكەین وەك چەمك ، ئەواپێویستمان بەوە ئەبێت بچینەوە سەر بنەڕەت و ڕەگ و ڕیشە مێژوویی یەكەی كە لە سەرەتادا لەگەڵ زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیادا یەك زانست بوون و تێكەڵاو بوونێك لەنێوانیان دا هەبووە، ئەسنۆلۆجیا بۆخۆی بەشێك بووە لە ئەنسرۆپۆلۆجیا ..... بەڵام بەتێپەڕبوونی كات بۆ زانایانی بواری كۆمەڵناسی دەركەوت كەئەمە تێڕوانین وبۆچوونێكی هەڵە بووە، چونكە ڕاستە لە نێوان ئەم دووزانستەدا لێك چوونێك هەیە بەوەی كەهەردووكیان لێكۆڵكاری هەمان بەش لەگەلێكی دیاری كراو دەكەن. بەڵام ئەم دراسەكردنە لەدواجاردا جیاواز دەبێت و بەجۆرێكی وای لێدێت كە





هەردووكیان جۆرە دراسەكردنێكی جیای هەبێت بۆباس و مەسەلەكان . بۆیە لەئێستادا ئەم زانستە لەزانستی ئەنسرۆپۆلۆجیا جیابۆتەوەو وەك زانستێكی سەربەخۆ دەخوێندرێ، لێرەدا بۆئەوەی زیاتر بابەتەكەمان لا ڕوون بێتەوە پێمان باشە كە كورتەجیاوازی یەك لە نێوان ئەم دووزانستەدا بكەین ..

## دووەم : بەراورد و جیاوازیەكانی نێوان ئەسنۆلۆجیاو ئەنسرۆپۆلۆجیا :

كاری ئەسنۆلۆجیا هەستانە بە پۆلێنكردنی گەلان بۆلایەنەكانی جیاكارییە ڕەگەزی و ژیاری یە كان و هەروەها شیكاری ئەو دابەش بوونەی كۆمەڵگاكانیش دەكات كە لەسەردەمانی ئێستا و لە ڕابردووش دا لەڕێگای كۆچ و تێكەڵاو بوون و بڵاو بوونەوەی ژیاری لە نێویاندا كەوتۆتەوە، ئەمە لەكاتێك دایە كە ئەنسرۆپۆلۆجیا گرنگی بەدراسەكردنی لایەنی ئاكار و ڕەفتارە كۆمەڵایەتی یەكان بەگشتی دەدات، یاخود بۆ زیاتر ڕوون بوونەوە ئەگەر وای دابنێین نەخشەیەكی دابەش بوونی گەلێكمان لەبەر دەست دایە ئەوا ئەگەر بەزانستی ئەسنۆلۆجیا لێكی بدەینەوە دەبینین گرنگی بەو داب و نەریتە دەدات و هەڵی دەسەنگێنێ وەك بەڵگەیەك لەسەر جوڵان و كۆچ و ڕەوی بنەماڵەكان یان كۆچ كردنی ژیاری یاخود بواری پەیوەندی گەلان بەیەكتری یەوە لە ڕابردوودا ، بەڵام ئەنسرۆپۆلۆجیا گرنگی پێ ئەدات بەو پێیەی كەئەمە لایەنی كۆمەڵایەتی ئەو گەلە ڕوون دەكاتەوە. لەم كاتەدا ئیتر ئەوەی بەلاوە گرنگ نییە كەئەم داب و نەریتە لەنەتەوەیەكی ترەوە وەرگیراوە یاخود نا ، ئەمەش بەو پێیەی كەئەمە شتێكە ناتوانرێ لێی دڵنیابین لەم كاتەی ئێستامان دا ..

هەربۆنمونە ئەگەرهەندێ گەل وەربگرین لەوانەی لەڕۆژهەڵاتی ئەفریقیادا دەژین كەبەپێی داب و نەریتی خۆیان ڕۆژیان كردووە بەڕەمزێك بۆخواوەندی خۆیان ، ئەسنۆلۆجیەكان وای بۆدەچن و لێكی ئەدەنەوە كە ئەمە كاریگەری پەرستشی میصریەكۆنەكانە بەسەریانەوە ماوە و هەوڵ ئەدەن كە مێژووی شۆڕبونەوەی ئەم دیاردەیە بەناو كۆمەڵگا و كلتوری كۆمەڵایەتی دا لێك بدەنەوە، بەهەمان شێوە بۆ سەرجەم بابەتەكانی تریش ئەگەر ئەم نمونەیە بكەین بە دیسپلینێك و دیاردەكانی پێ تاقی بكەینەوە ئەمەش دواجار خۆی لەلێكدانەوەیەكی مێژوویدا دەبینێتەوە

بۆئەو بابەتە، بەڵام ئەنسرۆپۆلۆجیەکان گرنگی بەم لایەنە نادەن بەو پێیەی کەئەمە شتێکە لێی دڵنیانین، بەڵکو گرنگی پێدانەکانی زیاتر پێزانینی ئەو پەیوەندی یە دەگرێتەوە کەلەنێوان ڕەمزی خۆرو بەینی هاوجووت بوونی تەواوی بیرو باوەڕو پەرستەکان لەلای ئەو کەسانەدا هەیە .

لێرەوە بەکورتی دەتوانین بڵێین کەئەم دوو زانستە هەرگیز لە دراسەکردنی ژیاری (شارستانی) کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا یەك ناگرنەوە، بەتایبەتیش ئەوەی کەپەیوەندی بەکۆمەڵگا سەرەتایی یەکانەوەهەیە. چوونکە ئەوکاتەی کەزانستی ئەسنۆلۆجیا گرنگی بەلایەنی گەشەکردن و بەرەو پێشچوون و وەرگرتنی ئەو نموزەجە شارستانی یە (ژیاری)یە مرۆڤایەتییە ئەدات. ئەوا ئەنسرۆپۆلۆجیا گرنگی بەوە ئەدات کەچی لەئێستادا و بەڕاستی ئامادەیە لە نموزەجی شارستانی و نیزامی کۆمەڵایەتی، ئیتر چۆنیەتی گەشەکردن و بەرەو پێش چوونی ئەو شارستانی یەتە گرنگ نی یە .....

لەم تێڕوانین و جیاوازیانەی سەرەوەش دا تاڕادەیەك گرنگی ئەم زانستەمان بۆ دەرکەوت لەم سەردەمەی ئێستامان دابەگشتی ، بەتایبەتی تریش بۆکەسی مێژوونووس . چوونکە لەرێگای ئەم زانستەوە بۆخۆی شارەزای بنەچەو ڕەچەڵەکی شارستانییەت و داب ونەریت و بارە کۆمەڵایەتی یەکان دەبین، کەئەمەش بۆخۆی یارمەتی دەرێکی باش ئەبێت بۆی کە لەلێکدانەوەو شیکارە مێژووییەکانیدا پشتی پێ ببەستێت و لێکۆڵکارە مێژووییەکانی خۆی پێ ڕاست بکاتەوە، نادیارو شاراوەکانی مێژووی پێ دەربخات ، بەتایبەتیش لە سەردەم و سەدەکۆنەکاندا ......

## سێ یەم : کۆمەڵە پێناسەیەکی ئەسنۆلۆجیا وەك بەشێکی گرنگ بۆناسینی ئەم زانستە :

بۆیە لەم سۆنگانەشەوە بەپشت بەست بەژێدەرەکان ئەتوانین چەند پێناسەیەکی ئسنۆلۆجیابکەین:

(( ئەسنۆلۆجیا بریتی یە لە زانستی نەتەوەو کۆمەڵەکان )) یاخود ((بریتی یە لەقسەکردن لەبارەی مرۆڤەوە)) یان (( ئەسنۆلۆجیا بریتییە لەو زانستەی کەمەبەستی گەورەی هەوڵ و





گرنگی پێدانەکانی بۆدراسەکردنی لایەنی وێکچوو وەجیاوازی یە لەنێوان ژیارو شارستانییەتەکانی مرۆڤ دا تەرخان دەکات)) یاخود (( ئەسنۆلۆجیا بریتییە لەدراسەکردنی درووست بوون و بلاو بوونەوەی شێوەڕەگەزی یەکان (ئتنی) یەکان (( Ethnic type )) ی کۆمەڵەو شارستانییەتەکانی جیهان ، وەجیاوازی بارودۆخی ماددی و ژیاری یەکان ))

لەم پێناسانەوەو لەکۆتایشدا گەر پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئەسنۆلۆجیا بکەین دەڵێین :

(( ئەسنۆلۆجیا بریتی یە لەو زانستەی کە هەڵدەسێ بە دراسەکردن و لێکۆڵکاری لەبنەماو ڕەگەزە تایبەتی یەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ و نەتەوەیەکی دیاری کراو و شارستانییەتەکەی و ئەوەیشی کەجیای دەکاتەوە لەمرۆڤ و کۆمەڵ و نەتەوەکانی تر بەتەواوی لایەنەکانییەوە ، وەك زمان و کلتورو داب و نەریت و ئاین .....هتد وەدەرخستنی لایەنی لێکچوون و جیاوازی لەنێوان ئەم شارستانییەت و بنەمایانەداو وە دەرخستنی ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی ئەم بوارانەش دەگرێتەوە ...))

بۆیە لەکۆتایدا ئەتوانین بڵێین بابەتێکی وا کە ئەگەر گرنگییەکەی بۆگەلانی تر چەندە زۆربێت ، ئەوا بۆ کورد چەندەها جاردەبێتەوە بۆ دەرخستنی ڕەگ و ڕیشەو سەرەتاکانی درووست بوون و پێگەیشتنی شارستانییەتەکان و مێژوو لەلای کوردو ، هەروەها بۆ جیاکردنەوەی لایەنی ئەتنیکی لەگەڵ گەلانی تری ناوچەکەدا ........

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوەو ژێدەرەکانی ئەم باسە :**

١- الأنثربولوجيا الاجتماعية " د.عبدالجميد لطفي : لاپەڕەکانی (٨٩ –٩٠-٩١) ،دار المعارف /الطبعة الثانية /١٩٧١ .
٢-الأنثربولوجيا الاجتماعية " عبد علي سلمان : لاپەڕەکانی ( ١٣١-١٣٢-١٣٣ ) ،جامعة صلاح الدين/مركز النشر .
٣-علم الإنسان وطبيعته ومجالاته وعلاقته بالعلوم الاخرى " بدون مؤلف ، لاپەڕەکانی (٢٣-٢٤-٢٥) .
٤-ما الأنثروبولوجيا ؟ " د.قيس نوري /لاپەڕەکانی ( ٧-١٢) /بغداد/وزارة الثقافة /١٩٨٦
٥-مقدمة في الأنثروبولوجيا الاجتماعية "لوسي مير : ترجمة ،د.شاكر مصطفى سليم ،لاپەڕە( ٩ ) /وزارة الثقافة العراق ..
٦-معجم علم الاجتماع "البروفيسور دينكف ميشيل :ترجمة،د.احسان محمد الحسن :بابەتی ئسنؤلوجيا /دار الحرية للنشر – بغداد ،١٩٨٠ .
٧- دراسات في فلسفة التاريخ "
د.هاشم يحي الملاح و د. ابارهيم خليل أحمد " د.عماد أحمد الجواهري " د. غانم محمد الحفو جامعة الموصل/ الطبعة الاولى ١٩٨٨ ...

هەوالنامەی کتێب

# کۆمەلایەتی

## باریی دەرونی ژنانی ئەنفالکراوەکان

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی





## باری دەرونی ژنانی ئەنفالکراوەکان

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی*

کارەساتی ئەنفال ئەوەندە جەرگ بڕ و ترسناك بوو  کە زۆر توێژ و چینی کرد بە قوربانی . وەك ئامارەکان ئاماژەی بۆ دەکەن ، (١٨٢) سەد و هەشتا و دوو هەزار مرۆڤی کوردی بێ سەروشوێن کرد.

ئەگەر بەوردی و بە شێوەیەکی زانستیانە ئەو کارەساتە هەڵسەنگێنین و توێژینەوەك دەربارەی بکەین و شوێنەوارەکانی دەست نیشان بکەین . ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی قوربانیەکانی ئەنفال زۆر زۆر لەو ژمارەیە زیاترە . لەبەر ئەوەی زۆربەی منداڵ و کەس و کار و خێزان و خوشك و برای ئەو ئەنفال کراوانە (کەم یان زۆر) بوون بو قوربانی و تاوەکوو ئەمرۆش بە ئازاری ئەو کارەساتەوە شەو و ڕۆژ بەیەکەوە گریێ دەدەن. یەکێك لەو قوربانیانە ژنانی ئەو پیاوانە بوون کە ئەنفال کران، ژنانی ئەنفال کراوەکان یەکێکن لەو کەسانەی کە لەهەموو کەسانی تر زیاتر بە ئاگری ئەو کارەساتە سوتان، دەتوانین ئازار و ئەندێشەکانی ژنانی ئەنفالکراوەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە کە بواری دەرونیانی پێك هێناوە . جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە زۆر لەم زانیاریانەم لە زاری هەندێك لەو ژنە مێرد ئەنفالکراوانەوە وەرگرتووە.

١. لە ئەنجامی ئەنفالەوە شیرازەی زۆر لە خێزانەکان تێك چوو ، باجی ئەو تێك چونەش بە پلەی یەکەم ژنان دایان . لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ ئەو ژنانە کەوتنە ژێر باری گرانی خێزانەکانیان



هەواڵنامەی کتێب

و بوون بە لێپرسراوی یەکەم لە پەروەردە کردن و دابین کردنی بژێوی ژیانی منداڵەکانیان . واتە ژنان دەبوایە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە مێردەکانیان یان کوڕەکانیان یان براکانیان بەجێیان هێشت بوو، بێگومان ئەمەش کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو لەڕۆژگارێکی دژواری ئەو کاتە و بە تایبەتیش دوای سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر عێراقدا ، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. کە خێزانی ئاسایی زۆر بەزەحمەت دەتوانێت بژێوی ڕۆژانەی دابین بکات و منداڵەکانی بە ڕێگایەکی ڕاست پەروەردە بکات . کەواتە ژنانی ئەنفالکراوەکان سەرەڕای خەم وخەفەتی مێرد و باوك و براکانیان ئازار و ترس و دڵەڕاوکێ ی بژێوی ژیان و پارێزگاری کردنی منداڵەکانیانیشی هاتە سەر بەم شێوەش ئازار و خەم و خەفەت و کارەساتەکەیان زیاتر بوو.

٢. کارەساتی ئەنفال حاڵەتێکی نائاسایی و دژواری بۆ ژنانی ئەنفال کراوەکان دروست کرد. دەتوانین بڵێین توشی چاوەڕوانی گۆدۆی کردن. نووسەری ئەم باسە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ئەنفال کراوەکان قسەی کردووە و دەرکەوت کە زۆربەی ئەو ژنانە لە بارێکی دەروونی ئاڵۆزدا دەژین و هەندێکیان هەر لە چاوەڕوانیدان و لەو بڕوایەدان کە پیاوەکانیان ماوە و ڕۆژێك هەر دێت کە بگەڕێنەوە و وەك ئەوەی دوای سەراب کەوتبن دێتە پێش چاو. هەندێکی تریان بەچاوی گومانەوە دەڕواننە پاشە ڕۆژ و چارەنووسی مێردەکانیان و گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە زۆر زەحمەتە مێردەکانیان مابێت، بەڵام هەندێك جار یان لەترسی کەسوکار، یان بەهۆی یەکێك لە میکانیزمە بەرگرییە دەروونیەکانیانەوە ، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت تەمی گومان و دوودڵیان دەڕەوێتەوە و وەك کۆمەڵەی پێشوویان لێ دێت و دەگەنە ئەو بڕوایەی کە مێردەکانیان ماوە ، بەڵام پاش ماوەیەك دووبارە مۆتەکەی گومان و دوودڵی سەرسنگیان دەگرێت . بەم شێوەیە لە بازنەیەکی دەروونی بۆش و بەتاڵدا دەخولێنەوە و هەموو چرکەیەکی ژیانیان ئەنفالێکی ترە ، بەڵام کۆمەڵەی سێ هەم لە ژنانی ئەنفال کراوەکان گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە مێردەکانیان نەماوە و کاتی ئەوە هاتووە کە بە شێوەیەکی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو کارەساتە بکرێت و بیرێکی بابەتیانە لە چارەنووسیان بکەنەوە ، بەڵام بەداخەوە ئەم کۆمەڵەش لەئەنجامی قوت بونەوەی ژمارەیەك کۆسپی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئایینی لەبەرامبەریاندا، ناتوانن هیچ





هەنگاوێك بنێن و بەناچاری ، مەلوول و دەست لە ئەژنۆ دانیشتون و باری دەروونیان لە باری دەروونی دوو کۆمەڵەکەی تر باشتر نیە، ئەگەر خراپتر نەبێت . بۆیە بەردەوام لە خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوەی بێ ئەنجامدا دەژین.

٣. ژمارەیەکی زۆر لە دەزگیران و ژنانی ئەنفال کراوەکان مەترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە دەبێت کەزی سپی لەماڵی چۆڵ و سارد و سڕی باوانیان یان خەزووران بهۆننەوە (بەتایبەتی گەنجەکان) و تەمەنی لاوێتیان وەك گەڵای پاییز بە زەبری چاوەڕوانی گۆدۆ هەڵدەوەرێت، ڕووداوەکانی ڕۆژگار و بێ سەرو شوێنی پیاوەکانیشیان بۆ زیاتر لە (١٨) هەژدە ساڵ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو مەترسییەیان و شوێنەواری ئەو کارەساتەش بەردەوام بە زەردی و لۆچەکانی دەم و چاویان زیاتر دەکات . کەئەمە خۆی لەخۆیدا جەنگێکی ناوخۆی دەروونیە لە نێوان ئەو ژنانە و چارەنووس و خودی خۆیاندا هەڵگیرساوە و بەردەوام بڵێسە و گڕو تینی زیاتر دەبێت و باری دەروونیەکەیان ئاڵۆزتر دەکات . لەبەر ئەوەی ژمارەیەك لە کچەکان دەزگیرانەکانیان ئەنفال کراوە و ، ئەوە بۆماوەی (١٨) هەژدە ساڵ زیاترە هەندێکیان بیر و هۆش و سۆز و دەست و قاچیان بە هەندێ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و یاسایی کەلەبچە کراوە و هیچ دەستە و تاقم و لایەنێکیش تاوەکو ئەمڕۆ نەیتوانیوە ئەو کەلەبچەیە بکاتەوە . گرفتی ئەو کچە بەدەزگیرانانە زۆر گەورەیە و پێویستی بە چارەسەری بەپەلە هەیە . هەروەها ژمارەیەکی تر لەو ژنی ئەنفال کراوانە دوای گواستنەوەیان بە ماوەیەکی کەم تووشی ئەو کارەساتە بوون ، ئیتر یان هیچ منالێکیان نیە یان تاقە منداڵێکیان هەیە و خۆشیان تەمەنیان بچووك بووە، ئەوە ماوەی (١٨) ساڵ زیاترە وەك دەستە خوشکانی یەکەمیان لە چاوەڕوانی گۆدۆدان و بەدوای سەرابدا وێڵن . هەموو لایەکیش چاك دەزانین کە چاوەڕوانی چەند ناخۆشە ، بە تایبەتی ئەگەر چاوەڕوانیەکەش بێ هوودە و بێ ئەنجام بێت و درێژەش بکێشێ ، ئەوا باری دەروونیەکەی وەك مرۆڤی سەر ئاگری لێ دێت و بەردەوام خۆی دەخواتەوە و دەبێت بە نێچیر و قووربانی هەزارەها خەو و خەیاڵ و بیری سەپێنراوی بە ئازار و نابەجێ و خەم و خەفەت و ئازارەکانی زیاتر دەکات.

٤. بەداخەوە هەندێك جار لەئەنجامی داب و نەریتی دواکەوتوەوە ، بەچاوی گومان و دوودڵی دەڕواننە بێوەژن و ئەو ژنانەی کە مێردیان نیە ، یان دوورن لێیانەوە، کە پڕیشکێکی ئەم بۆچوونە دواکەوتوەش ژنانی ئەنفال کراوەکانیشی گرتۆتەوە، کە لەوانەیە چەند کەسێك هەبن بە پەنجەی دەست بژمێررێن کە ئەو چاوی گومان و دوودڵیە بیانگرێتەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێك جار بەهەمان چاو سەیری زۆربەی ئەو ژنانە دەکەن و چەندەها قسە و قسەلۆك و تیر و توانجیان تێدەگرن و بەمەش ئازار و ئەندێشەکانی ژنانی ئەنفال کراوەکان زیاتر دەکەن و تووشی خەم و خەفەت و دڵە ڕاوکێ یەکی زیاتریان دەکەن . چونکە بەبڕوای هەندێك توێژ و چین پیاو قەڵاو شورایە بۆ پارێزگاری کردنی ژنان ، لەبەر ئەوە بەچاوی گومانەوە سەیری ئەو ژنانە دەکەن کە بێ مێردن و لەهەمان کاتیشدا خۆیان بوون بە بەربەستی یەکەم لەبەردەم دووبارە شوو کردنەوەی ئەو ژنانە.

٥. مرۆڤ کۆمەڵێك پێداویستی فسیۆلۆژی و دەروونی هەیە دەبێت تێر بکرێت بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە لە بارێکی دەروونی ئاسایدا بێت و هاوسەنگی خۆی تێك نەدات . لە گرنگترین پێداویستیەکانیش (خۆراك ، پۆشاك ، خەوتن ، هەست کردن بە ئارامی و دڵنیایی ، ڕێزگرتن ، سۆز و خۆشەویستی ، بوونی پلە و پایە لەناو کۆمەڵ ، سێکس ، بوونی پیشە ، هاوسەری ژیان ، سووکایەتی پێ نەکردن .....هتد) کە بەداخەوە زۆر لەو پێداویستیە گرنگانە ژنانی ئەنفال کراوەکان بێ بەشن لێی . کە هەر ئەو بێ بەش بوونەش هەندێك جار بۆتە هۆی ئەوەی کەسانی داوێن پیس و دەرون نزم خالّی لاوازی هەندێك لەو قووربانیانە بقۆزنەوە و بەرەو چڵپاوی داوێن پیسی و بەدڕەوشتیان ببەن . هەرچەندە لەوانەیە لە پەنجەی دەست زیاتر نەبن ، بەڵام هەندێك نەزان و دواکوتوو وا دەزانن هەموو ئەو قوربانیانە لەو جۆرە مرۆڤانەن و دوورنیە چەندەها هەڵس و کەوتی نامرۆڤانە دەرهەقیان بکەن و دەیەها بەربەست و ڕێگر لەبەردەم سەربەستیاندا دابنێن . بەمەش ئەوەندەی تر قوڕەکە خەستر دەکەنەوە و باری دەروونی ئەو ژنانە ئاڵۆزتر دەکەن و زیاتر بەچاوی گومانەوە سەیریان دەکەن ، کە زۆربەیان پاك و بێ گەردن و ئەو جۆرە بۆچوون و مامەڵەیە ناهەقیە بەرامبەریان دەکرێت و لە جیاتی پاداشت سزا دەدرێن.





٦. کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی وەك دێوەزمە باری دەروونی ژنانی ئەنفال کراوەکانی ئاڵۆزکردووە . زۆر جار ئەو ژنانە بوون بە سوتەمەنی و گرفتی نێوان بەرەی باوان و بەرەی خەزوران، دوای کارەساتی ئەنفال زۆر گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو ئەو خێزانانەدا سەری هەڵدا . بۆ نموونە هەندێك لە باوکان و دایکان هەوڵیان دەدا کە کچەکانیان دوای ئەنفال کردنی مێردەکانیان بگەڕێنەوە بۆ لای خۆیان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ژیان و گوزەرانیان بن، بەڵام خەزووران بەم کارە ڕازی نەدەبوون و جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت بووکەکانیان لەماڵ و حاڵی خۆیان بن و یەکێکن لە ئەندامانی خێزانەکانیان، بەم شێوەیە زۆرجار کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا ڕوویدەدا و بەپلەی یەکەم ئەو ژنە زەرەرمەند دەبوو . هەروەها هەندێك جار ژنە گەڕاوەتەوە ماڵی باوانی (ئیتر بەئارەزووی خۆی بووبێ یان بە زۆری یەکێك لەو دوولایەنە) بەڵام ڕێگەی پێنەدراوە منداڵەکانی لەگەڵ خۆی ببات و بەم شێوەیەش ماڵە خەزووران جارێکی تر منداڵەکانی ئەو ژنەیان ئەنفال دەکردو ژنەکەیان تووشی بارێکی دەروونی ئاڵۆزتر دەکرد و وەك نێچیرێکی زامدار بەدەم ئەو ئازارەوە دەتلایەوە . جاری واش ڕێك دەکەوت کە ژنە مێرد ئەنفال کراوەکە لە ماڵی خۆی دەمایەوە ، بەڵام هەندێك جار دەکەوتە کێشە و ململانێ لەگەڵ یەکێك (یان زیاتر) لە ئەندامانی خێزانی خەزوورانی، بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە ماڵی جیایان نەبوو لەگەڵ کەس و کاری مێردەکانیان دەژیان . بێگومان ئەم جۆرە مامەڵە و گرفتانە حاڵەتێکی دژوار و نالەباری بۆ ئەو ژنانە دروست کردبوو کە ڕەنگ دانەوەیەکی خراپی لەسەر باری دەروونیان هەبوو ئازار و مەینەتیەکانیانی پتر دەکرد . ئەوەی زیاتر گرفتی ئەو ژنانەی زیاتر دەکرد دەست تێوەردانی کەسانی چواردەور بوون لە کارو باری ڕۆژانە و خێزانی و تایبەتی خۆی و سەپاندنی ڕا و بۆچوونی خۆیان بەسەریاندا ، بەبێ گوێدان بە ویست و حەز و ئارەزووی ئەو ژنانە.

٧. ئەوەی لە هەموو ڕووداوەکان ترسناکترە و ڕۆژانە وەك ئاگری ناوپووش و کا لەجەستە و دەروونیان بەربووە، ئەوەیە کە تاوەکو ئەمڕۆ (نەگڵکۆ ، نە توورەکە خۆڵێك ، نە مشتە ئێسقانێك ، نە بستە زەویەك) نیە کە بڵێسە و گڕ و کڵپەی خەم و خەفەتیانی کەم بکاتەوە .



هەواڵنامەی کتێب

مرۆڤ پێویستی بە شوێنەوارێك هەیە لەدوای کۆچ کردنی ئازیز و دۆست و برادەرانی کەوەك هێما و ڕەمزێك ئاماژە بۆ بوونی مەعنەویان دەکات ، لە بۆنە و کاتە دیاریکراوەکاندا سەردانیان دەکەن و کەمێك لە ئازار و خەم و خەفەتەکانیان لە ڕێگەی گریان و لاواندنەوە و پیاهەڵدان و قوربانی و خێرکردنەوە کەم دەکەنەوە و لە ئازاری ویژدان ڕزگاریان دەبێت . کە ئەو هێما و ڕەمزە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەپلەی یەکەم خۆی لە گڵکۆ و گۆڕی مردووەکاندا دەبینێتەوە . بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەو مرۆڤە بێ گوناهانە دوای کارەساتی ئەنفال هیچ شوێنەوارێکی مەعنەویان (یان مادیان) لەدوا بەجێ نەما بۆ هاوسەرو دایك و خوشکە ڕەشپۆشەکانیان ، تا لە بۆنە و ڕۆژە تایبەتیەکاندا تامەزرۆیان بشکێت و لە ڕێگەی گریان و لاواندنەوە و سەردان و خێرەوە کەمێك لە هەڵچونەکانیان بەبا بدەن . کەواتە ئەو ژن و دایك و خووشکانە لە شوێنەواری کوڕ و باوك و مێردەکانیان بێ بەش بوون و بە ناچاری دەبێت فرمێسکەکانیان لەچاویاندا بە قەتس ماوی و هەڵچوون و خەم و ئازارەکانیان لەسنگ و ئاوات و حەز و خەیاڵەکانیان لە دڵ و دەروونیاندا بمێنێتەوە و شوێنەوارێك نەبێت کە ببێت بە دەروازەیەك بۆ خاڵی کردنەوە و دەربازبوون لەو فرمێسك و هەڵچوون و خەم و خەفەت و حەز و خەیاڵانەیان . بەم شێوەیە هەموو ژینگە و زۆربەی ڕووداوەکانی چوار دەوری ژنانی ئەنفال کراوەکان نەیارن و دژ بەباری دەروونی و ژیانی ئاسایی ئەو زوڵم لێکراوانەن.

ئەو هۆکارانەی سەرەوە بارێکی دەروونی و نائاسای ئاڵۆزیان بۆ ژنانی ئەنفال کراوەکان دروست کردووە ، کە بە هیچ شێوەیەك دەرەنجامی باشی نابێت و ئەگەر هەوڵی بەپەلە نەدرێت و چارەی گونجاویان بۆ نەدۆزرێتەوە ، ئەوا دوورنیە زۆربەی ئەو قوربانیانە تووشی چەندەها گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی و ئابووری و یاسایی بن و (هەرچەندە تووشیش بوون) و سەرئێشەی زۆر بۆ خۆیان و کەس و کار و کۆمەڵەکەیان بخولقێنن . چونکە مەحاڵە هیچ کەس بتوانێت بۆماوەیەکی زۆر لەوبارە دەروونیە ترسناکەدا بمێنێتەوە ، ئێمەش لەلای خۆمانەوە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە وەك کۆمەڵێك پێشنیار دەخەینە بەردەم دیدە و دەستی دڵسۆزان و بەرپرسان و





هەموو ئەو دەستە و تاقم و کۆمەڵە و لایەنانەی ، کە لە توانایاندا هەیە چارەسەری ئەو گرفتانەی سەرەوە بکەن.

١. چارەسەری ڕادیکاڵی و بنەڕەتی ئەو ژنانە بەوە دەکرێت کە چارەسەرێکی یاسایی بۆ گرفتەکەیان بدۆزریتەوە . ئەم کارە بەو شێوەیە بەردەوام بوونی تاوانە و هەتا کەی ئەو ژنانە چارەنووسیان بدرێتە دەست ڕێکەوت و مەرحەمەتی ڕۆژگار و هەر لە چاوەڕوانی بێهوودەدا بژین. زەمەن بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە و ڕەوڕەوەی مێژوو بەردەوام بۆ پێشەوە دەڕوات و وەك شمشێرێکی تیژ کاری خۆی دەکات و ئەگەر مرۆڤ نەیبڕێت ئەوا ئەو مرۆڤ لەت دەکات ، کەواتە دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە بە یاسایەکی تایبەتی کە سەرچاوەی لە شەرع و بارودۆخی تایبەتی کوردستانەوە وەرگرتبێ چارەسەری گرفتەکەیان بکرێت و هەریەکەیان دووبارە هەوڵی ئەوە بدات کە پاشەڕۆژی خۆی دیاری بکات و بیرێك لە حاڵی خۆیان بکەنەوە . ئەوەی تەمەن و بارودۆخی گونجاوە دووبارە شوو بکاتەوە و لەوە زیاتر لە چاوەڕوانی گۆدۆدا نەژین و ڕزگاریان بێت لە تیروتوانجی و قسەوقسەلۆکی نابەجێ ی هەندێ لەکەسانی چواردەور . ڕاستیەکیش هەیە نابێت نەعامە ئاسا خۆمانی لێ گێل بکەین، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ کۆمەڵێك پێداویستی هەیە (وەك لە پێشەوە ئاماژەمان کرد) پێویستە تێربکرێن بۆ ئەوەی هاوسەنگی خۆی لەدەست نەدات، یەکێك لەو پێداویستیە گرنگانەش سێکسە کە نابێت بەچەند داب و نەریت و بەربەستێکی دروست کراو لغاو بکرێت . چونکە دەبێتە هۆی پەنگ خواردنەوەی لە ناوەوە و بچوکترین وورووژێنەریش دەبێتە هۆی تەقینەوەی . لەبەر ئەوەی ئەو پێداویستیانە فسیۆلۆژیە و هەموو کات لەژێر دەسەلات و ڕکێفی خودی مرۆڤدا نیە، بە تایبەتی کاتێك کەسانی شەیتان ئاسا و دەروون نزم بۆی لەبۆسەدا بن . لەبەرئەوە دووبارە شووکردنەوەیان ئەو کەلێنە پڕدەکاتەوە و دەبێت بە شورایەك (وەك خۆیان دەڵێن) بۆ پارێزگاری کردنی ئەو ژنە زوڵم لێکراوانە.

٢. هەوڵ دان و سوور بوون لەسەر دیاری کردنی چارەنووسی ئەو ئەنفال کراوانە، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر کەس و کاریان بەدەم خەفەت و چاوەڕوانیەوە نەتلێنەوە و بتوانن پرسەی خۆیان دابنێن و ئەگەر مشتە خۆڵ و دووچڵ ئێسقانیشیان دەست بکەوێت ، بیکەن بە گڵکۆ و شوێنەوارێکی

قوربانیەکان و لە ڕێگەیەوە لە بۆنە و ڕۆژە تایبەتیەکاندا هەڵچوونەکانیان بەبا بدەن و تووشی پاک کردنەوەیەکی ویژدانی ببن.

٣. پاداشت کردن و ڕێزلێنانی منداڵ و کەس و کاری ئەنفال کراوەکان لە بۆنە و جەژنە نەتەوایەتی و ئاینیەکاندا . دەشتوانرێت پوول یان نیشانەیەکی تایبەت بە ئەنفالەکان دروست بکرێت و لەیادی ئەنفالەکاندا بدرێت لە سنگی منداڵ و ژنی ئەنفال کراوەکان ، هەتا هەست بە بوونی خۆیان و ڕێز و خۆشەویستی کۆمەڵەکەیان بکەن و ئەم ڕێزگرتن و پاداشت کردنەش زۆر لە خەم و خەفەت و ئازارەکانیان کەم دەکاتەوە و دەبێت بە هۆکارێکی کاریگەر بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی کەسایەتی ئەندامەکانی خێزانی ئەنفال کراوەکان . هەروەها دەشتوانرێت ئەو پول و نیشانە تایبەتیانە بە نرخێکی کەم بدرێت بە هاووڵاتیان و داهاتەکەشی بخرێتە سندوقێکی تایبەتیەوە بۆ خەرج کردنی لە کەس و کاری ئەنفال کراوەکاندا.

٤. جێگەی خۆیەتی چەند جێگایەك لە ئامۆژگا و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ منداڵ و کەس و کاری ئەنفال کراوەکان دیاری بکرێت ، یان چەند نمرەیەك بخرێتە سەر کۆی نمرەکانیان . هەروەها پێویستە هەوڵ بدرێت کە لەکاتی فرۆشتن و دابەشکردنی زەوی و زار یان دامەزراندن ، ئەوا کەس و کاری ئەنفال کراوەکان ، مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵ بکرێت و کەمێك لە کەسانی تر جیا بکرێتەوە.

٥. سەرژمار کردنی پاشماوەی ئەنفال کراوەکان ، بۆ ئەوەی بتوانرێت کاروباریان بۆ ئاسان بکرێت و ئەوانەی وازیان لە خوێندن هێناوە هەوڵی گەڕانەوەیان بدرێت و ئەوانەی بێ لانە و جێگان لانە و شوێنی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە و ئەوانەی نوقسان و لێ قەوماون ، ڕێکخراوە تایبەتیەکانی منداڵان هەوڵی لە خۆ گرتنیان بدات . لەبەر ئەوەی ئەو منداڵانە چارەنووسیان لە مەترسیدایە و دوورن لە چاودێری کەسانی دڵسۆز و بێ بەش بوون لە سۆز و خۆشەویستی دایك و باوك و شیرازەی خێزانیان تێك چووە.

چاك کردنی باری ئابووری خێزانی ئەنفال کراوەکان کارێکی زۆر پێویستە و گومانی تێدا نیە زۆربەی گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاکاریەکان سەرچاوەکەی هەژاری و باری ئابووری





نالەبارە . ئەگەر هەوڵی پیادەڕەو کردنی هەندێك لەو پێشنیارانەی سەرەوەماندا ، ئەوا بێگومان زۆر لە گرفتی ژنانی ئەنفال کراوەکان چارەسەر دەکرێت و کارکردنیش سەنگی مەحەکە.

*پرۆفیسۆری یاریدەدەر- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی



هەولێنامەی کتێب

رسالةوتوصية (نويّبوون)

المشاركة السياسية للمرأة......التحديات و استراتيجيات دعم

ريبوار كريم

الاشتراكية المثالية

احسان عبدالهادي





## رسالةوتوصية (نويّبوون)

إن مجلة (نويّبوون) تود أن تكون مجلة فصلية ثقافية سياسية وحداثية ، وتريد ايضا حاملة إسمها ، بمعنى آخر أن تكون حاملة الرسالة والهوية الكردستانية وتحاول من هذا المنطلق المشاركة في التساؤل والقضايا المصيرية الخاصة بمجتمعها والمحاولة لإيجاد الحلول والتغييرات المناسبة من اجل انتشار الحداثة من بين أبناءها.

وبعد إجتماع لهيئة تحرير مجلة (نويّبوون) و مستشاريها وصلنا الى اتفاق بأن نكون صاحب الرسالة و الهوية الحقيقية ونسلك الطريقة الحديثة لحل المشاكل ، لذا قررنا أن ندرس التساؤلات المهمة للبلاد والمجتمع عن طريق العقلانية و الثقافة الحداثية والحقوق والحريات الاساسية . نحن نعتقد _كما جاء في أراء كبار المثقفين العالميين أن الابعاد والمستويات المهمة لمجتمع حديث تنقسم على ثلاثة أبعاد و مستويات ، وتطالب الحلول والتغييرات ضمن هذه الابعاد والمستويات ، وان النظام الديمقراطي و الحديث الذي تظهر بدايته في جنوب كردستان صاحب ثلاثة أبعاد و خصوصية مهمة مصيرية والتي هي ( العقلانية ، الهوية ، الثقافة و آمال الحرية ) .

**أولا : العقلاينة أو سلطة العقل:**

هي ثمرة واحدة من ثمرات و الابعاد المهمة للنظام الديمقراطى والحديث ، والتي استطاعت ان تجعل طريقة انتخاب الممثلين معيارا عاما لإختيار النظام التمثيلي والسلطة السياسية ، هذا بدلا عن السلطة الطائفية و العوائل القوية و



هەواڵنامەی کێتی

ذوي النزعة الدينية والمذهبيةوالفنوية ، هذا يعني ان من قبل تشكيل السلطة الديمقراطية كان العنصر الاساسي لإحتواء السطة والاستمرار هو العوائل التي كانت ذا نفوذ كبير من القوة أو النزعة الدينية أو المذهبية ، و كان في النهاية يتوحدان هذان العنصران عن طريق القوة و فرض أنفسهم و يحتويان السلطة المطلقة ، وكانت يستمر هذا عدة قرون في جميع أنحاء العالم . ولكن المثقفين والمفكرين والمناضلين من اجل انتشارالثقافة هم أول من انتقدوا هذه السلطة و طالبوا بأن تكون سلطة الشعب بديلا عن هذه السلطة المطلقة .

تجعل آراء و رسائل هؤلاء المفكرين والمثقفين الذين يعدون بداية عصر انتشار الثقافة ، رسالة و فكر عقلاني بحيث يجب ان تكون السلطة للشعب و ممثليه ، ثم أصبحت مصطلحات "الشعب و القوم و الوطن و المواطن" ثمرة هذه المرحلة الحساسة من تأريخ البشرية . ومن ثم تصبح السلطة العامة مصدرا حقيقيا لوجود و استمرار السلطة والنظم السياسية عن طريق انتخاب الممثلين ، و لهذا السبب يصبح النظام التمثيلي الخطوة الاولى للديمقراطية والعقلانية عن طريق العقد ووضع الانسان في مستهل الاهداف ، هذا يعني يجب أن يتغير الانسان من السبب الى الهدف (كانت) ، من هنا تصبح العقلانية والنظام التمثيلي الثمرة الاولى والاهم للعقل والحداثة .

إن السلطة العقلانية و النظام التمثيلي يتمكنان من الحصول على المصدر الحقيقي للقانون والحب الحقيقي للانسان عن طريق الدستور والقانون والذي يجب على الجميع ان يصوتوا لهما . و تصبح سيادة القانون احدى النتائج المهمة و الابعاد المؤثرة للعقلانية . و ينبغي على سيادة واستقلالية القانون والدستور تحقيق كافة الحقوق والحريات عن طريق القوانين العامة و المعايير العالمية للحقوق والواجبات وأن تجعلا سلطة الثقافة و الفكر الواسع و المؤسسات المدنية





المعاصرة أسبابا و وسائل لها لغرض إدراة الدولة والمجتمع ، ونحن نريد أن نجدد خطابنا و رسالتنا العقلانية للسلطة والمجتمع الكردي عن طريق هذه المجلة .

## ثانيا/

إن النظام العقلاني والديمقراطي له هوية و مباديء خاصة به ، وأن هذه الهوية والمباديء تكون نقطة مشتركة بين السلطة و النظام السياسي العقلاني والبعد الثالث للديمقراطية التي هي سلطة الحرية أو هي الحقوق والحريات حسب المعايير العامة، اصبحت الآن الهوية و الكلتور الديمقراطي هوية عامة (للمواطنة) والتي تمر بطرق الهوية القومية الوطنية و صار هذا المصطلح أي المواطنة هدفا أوسعه و نقطة أكثر حرية و سفافيه للهوية والمباديء العامة للديمقراطية . ولكن بسبب عدم وجود أو دولة خاصة بالشعب الكردي ، اي حتى الآن لم يحض الشعب الكردي بدولة حرة مستقلة ، يصبح اهتمامنا بمباديء القومية والوطنية وسيلة للحصول على وطن مستقل و دولة مستقرة وصاحب السيادة للشعب الكردي في العراق والدول الاخرى التي تنقسم عليها الامة الكردية . لو استطاعت الهوية والمباديء الوطنية والقومية للشعب الكردي ، والتي نحن نؤيدها ، ان تكون صاحب بُعد أو مفهوم عقلاني ، لا تصبح عائقا أمام التقدم والتطور و التجديد و الحداثة ، بل تصبح البلاد في هذه الحالة وطنا لسلطة العقل و هوية الحداثة بحيث يحفظ فيه كافة الحقوق والحريات . وان بعدا آخر من ابعاد مجلة (نوێبوون) هو تجديد هذا الواجب والرسالة من أجل تحقيق و قيام دولة خاصة مستقرة للانسان الكردي و سكان كردستان .

## ثالثا/

إن البعد الثالث للديمقراطية مع العقلانية و الكلتور ، هو بعد الحقوق والحريات للاناس الذين يعيشون في ظل نظام عقلاني و وطني . و ان المعيار العام

للحقوق والحريات هو الثمرة المهة التي يحققها النظام الجديد و الفكر الثقافي كما يقول كانت: "يجب ان يكون الانسان هدفا لا سببا في هذا النظام والعصر" ، وعندما يتحقق هذا ان يكون الانسان يتمتع بعيش حر لائق في البلاد والوطن .

إن قضية الكرد في العراق والدول الاخرى تشكل سؤالين مهمين مترابطين ، الاول هو التساؤل عن وجود وطن رسمي حر لكردستان في هذه الدول أو وجود دولة ديمقراطية في كردستان ويكون حدودها حسب رغبات مواطني كردستان، والثاني هو حقوق وحريات مواطني وأهالي هذا البلد الذي يسمى ب (كردستان).

إن وجود الحرية و وطن لكردستان لايمكننان أن يكونا ذا شعار ديمقراطي و تحرري بدون وجود الحقوق والحريات الاساسية ، وأن جميع الثورات والنضالات في كردستان لم تكن تهدف الى احتواء السلطة فقط ، وانما كانت تهدف الى المباديء الديمقراطية الثلاثة و التي هي ( العقلانية ، الهوية ، الحرية ) .

تحاول مجلة ( نوێبوون )و تفكر وتناضل أيضا من أجل تحقيق جميع الحريات لشعب كردستان ، وسنصبح بعدا من هذه الأبعاد التي تريد إيصال المجتمع الكردي والسلطة الكردية إلى هذه الحقوق والحريات ، ونحن من هذا المنطلق نكتب ونطالب وننتقد في سبيل الحصول على الحقوق البدائية لأي فرد من أفراد البلد و تمتعهم بكافة الحريات السياسية والمحاولة لعدم وجود الفروق في الهوية والكلتورية والاستمرار على هذه الطريقة للدفاع عن جميع حقوق وحريات الرجال والنساء والمساواة بينهما ، وكذلك للمحافظة عن حقوق الشباب والأطفال و كافة الحقوق المدنية . بهذا الأسلوب سيصبح شعار و رسالة مجلة ( نوێبوون ) العقلانية و الكلتور و الحرية . وتناضل وفق نتاج الديمقراطية والحداثة في المجتمع الكردي ، وتحاول أيضا من أجل استرجاع العدالة الاجتماعية وتقليل الفروق الاقتصادية والدفاع عن الطبقات الفقيرة وتحريرها من كل العقبات والمشاكل المالية وهذا لا





يتحقق إلا عن طريق القانون والنضال الجماعي والنقابي و مقاومة العنف بشتى الوسائل .

**رابعا :**

استطاع النظام الديمقراطي و الحداثة مع الأبعاد الثلاثة التي هي( العقلانية و الحرية و الكلتور) تحقيق وسيلة خاصة والتي تمكنت من تقدم وتطور السلطة الديمقراطية والمجتمع الديمقراطي بحيث يتمكنان من المشاركة السياسية والاستشارة ما بين الأطراف المختلفة . هذا يعني أن الديمقراطية التي تعني (سلطة الشعب) تستطيع الاستمرار و تمديد مسيرتها فقط عن طريق المشاركة و الاستشارة و حب الحرية. ونحن أيضا في مجلة (نوێبوون) نحاول عن طريق المشاركة والاستشارة مع الجميع أن نجدد ونقدم المجتمع والبلاد والسلطة .

**خامسا:**

إن نمط عملنا في مجلة (نوێبوون) هو الاستفادة من آراء المفكرين والمثقفين و سميناه ب (العلاقة والتأثير) ، هذا يعني أننا على علاقة بجميع الاتجاهات المختلفة، و يجب علينا أن نتأثر على هذه الاتجاهات عن طريق فكرنا و كتاباتنا و نضالنا بمثل ما تتأثر علينا . رغم أن هذه المجلة التي تصدر من قبل المركز الأول التابع للاتحاد الوطني الكردستاني في السليمانية لا تكون مؤيدة مع أية جهة خاصة كما لا تكون مختلفة من أية جهة أخرى ، بل تكون على علاقة وتأثير مع جميع الجهات حتى مع حزب الاتحاد الوطني الكردستاني . ولا تشترط لأية مجلة ثقافية أو فكرية أن تكون مع السلطة أو مخالفة لها ، أو مع المجتمع أو مخالفة معها ، ولكن تصبح أفكار و آراء المثقفين و المفكرين (العلاقة والتأثير) عن طريق المشاركة ، ونحن نريد من هذا المنطلق أن نصل خطاب (نويَبوون) و خطابنا الى المجتمع .

ويكون في النهاية شعار و خطاب هذه المجلة : (العقلانية الهوية الكلتور الحرية المشاركة الاستشارة العلاقة والتأثير) من أجل تجديد كل الاتجاهات والأبعاد والجوانب الكردية .





# المشاركة السياسية للمرأة.......
# التحديات و استراتيجيات دعم

ريبوار كريم

يعتبر موضوع المشاركة السياسية من أهم المواضيع التي تهتم به الانظمة المتقدمة ، باعتباره احد المفاهيم الحديثة للنظام العالمي الجديد ، فقد برزت هذا المفهوم بعد انتهاء الحرب الباردة و بالتحديد مع سقوط الاتحاد السوفيتي و أبراز عالم أحادي القطبية ، فقد أعلن الرئيس الامريكي (جورج بوش) في احدى خطبه عن نظام عالمي جديد تتكون من مفاهيم حديثة في مقدمتها المشاركة السياسية الى جانب مفاهيم أخرى مثل حقوق لانسان و حق المرأة و الشباب و بناء المجتمع المدني...الخ، تحاول هذا النظام الجديد أن تطبق هذه المفاهيم القديمة الحديثة.

تسعى هذه الورقة الربط بين مفهوم المشاركة السياسية و ضرورة عمل المرأة في هذا المجال ، بالاضافة الى ضرورة معرفة التحديات التي تعرقل عمل المرأة سياسيا و كذلك عرض أهم النقاط الاساسية في أستراتيجيات دعم المرأة.

## مفهوم المشاركة السياسية للمرأة:

يعرض لوسيان باي مفهوما مبسطا للمشاركة السياسية وهو يشير إلى أنها تعني " مشاركة أعداد كبيرة من الأفراد والجماعات في الحياة السياسية". وتعني حسب صموئيل هنتنغتون ذلك النشاط الذي يقوم به المواطنون العاديون بقصد التأثير في عملية صنع القرار الحكومي.

وبالتالي فالمشاركة السياسية للمرأة تعني تعزيز دورها في إطار النظام السياسي بضمان مساهمتها في عملية صنع السياسات العامة والقرارات السياسية أو التأثير فيها واختيار

هەوالنامەی کتێب

القادة السياسيين, إنها تعني أوسع مشاركة هادفة من جانب المرأة سواء بصورة مباشرة أو غير مباشرة في عملية صنع القرارات السياسية وتسيير الشأن العام.

